## زنجيرەی هاوەڵانی پێغەمبەر

## (٣٠)

# موعاويەی كوڕی ئەبوسوفيان

حبيب محمد سعيد

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب: موعاويەی کوڕی ئەبوسوفيان

نووسەر: حبيب محمد سعيد

چاپـــــــــی: يەکـــــــەم

ساڵی چاپ: 1420 ك ـ 1999ز

مافـــــــی چاپ هی نووسەره

پيت چنين : مەڵبەندی کۆمپيوتەری ســـۆز

DO NOT COPY-ئەبوسوفیان

# پێشکەش

## پێشکەش بێت:

% بەو مەرد و قارەمانانەی کە هەرچی توانا و لێ هاتنیان هەیە دەی خەنە کار بۆ خزمەتی ئیسلام و موسڵمانان .

% بەو خواناسانەی کە بۆ رەزامەندیی خوا کار دەکەن و ، پاگەندە و بوختانی ناحەزان لە خزمەت ساردیان ناکاتەوە .

# پێشەکیی

الحمدلله رب العالمين. والصلاه والسلام على سيد المرسلين محمد وعلى ئلە وصحبە أجمعين.

سوپاسی بێپایان بۆ خوای پەروەردگار کە قورئانی پیرۆزی کردە خەڵاتی پێغەمبەری نازدار ρ هەتا خۆی ئاسا هیدایەتی مرۆڤایەتیی پێ بدا و، مرۆڤە مەرد و قارەمانەکان لە کۆت و زنجیری بەزم و باوی نەفامیی رزگار بکات و، ئەوانیش مەردانە هەموو توانا و لێهاتنێکیان بۆ خزمەت بخەنە کار و، بە درێژایی تەمەنیان وەك مۆم ، بۆ رووناككردنەوەی دەوروبەریان، بسووتێن و، تامی حەسانەوە نەزانن چییە..

ئای کە بەخششێکی گەورە بوو ئەم ئیسلامە مەزنە کە موحەممەدی ئازیزمان ρ بە دیاریی بۆمانی هێنا!!

ئای کە مایەی سەربەرزیی و بەختەوەریی بوو کاتێك کە مرۆڤایەتیی بە ناسینی پەروەردگار ئاشنا کرد..

لە ئەڵقەی ئەم جارەماندا پێمان خۆشە بچینە خزمەتی هاوەڵێکی زۆر پایەداری پێغەمبەری خوا ρ کە ئەویش سەردارمان موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیانە ـ خوا لێیان رازیی بێ ـ .

ئەوەی کە جێی داخە و هەمیشە مایەی ئێش و ژانی دڵە، ئەوەیە لە سەر زەویدا هیچ کۆمەڵێك وەك موسڵمانان خاوەنی ئایینی پاك و، بیروباوەڕی بێ گەردو، پێشەوای تاقانە و، مامۆستا و فەرماندەی دڵسۆز و، کۆمەڵێکی پاك و خاوێن و، مێژوویەکی پرشنگ دار نیە، کەچیموسڵمانان لە دەستەپاچەیی خۆیاندا رادەی بیرکردنەوە و تێگەیشتنیان ئەوەندە نزم بۆتەوە کە لە قورئان و فەرموودە و پێغەمبەر و هاوەڵان و پیاوچاکانی ئوممەتی ئیسلام و دەوڵەتی ئیسلام و مێژووی ئیسلام کەوتوونەتە گومان و، بە نەزانیی گوێ یان هەڵۆڵ کردووە تا دوژمنان پێناسەیان بۆ بکەن و تێیان بگەیەنن..

ئەوەش کە لە هەمووی زیاتر دالإ بە دڵدا دەبات ئەوەیە زۆر جار زانایان، یان ئەوانەی کە خەڵك بە پێشەنگیان لە قەڵەم دەدات دەکەونە هەڵەوە و راستییەکان بە پێچەوانە و هەڵ گەڕاوەیی تێ دەگەن ..

جا سەردارمان موعاویە ـ خوا لێی رازیی بێ ـ لە ناو هاوەڵانا، کە لە ژێر چاودێریی پێغەمبەری خۆشەویستدا ρ پێ گەیشتن، یەکەم کەسێکە سومعەی شێوابێ و، ژیانی پڕ مەرد و قارەمانانەی تێك درا بێ و، بە بوختان و ناهەقیی لە بەر چاوی ئیمانداران ناشیرین کرابێ.. بە رادەیەك کە وەك موونافیقێك ناوی ببرێت..

ئەوەندە شتی نەشیاوی نەگونجاوی بۆ هەڵ بەستراوە و، مێشکی موسڵمانانی پێ پڕ کراوە، کە

DO NOT COPY-ئەبوسوفیان

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

هەرگیز لەگەڵ رادەی ئیمانیی موسڵمانێکی ئاساییدا ناگونجێت، چ جای هاوەڵێکی وەها پاك کە پێغەمبەری خوا ρ بیکاتە نووسەری وەحیی لە بەر دەستیدا و، عومەری کوڕی خەگگابیش ـ خوا لێی رازیی بێ ـ بیکاتە ئەمیر و کاری موسڵمانانی پێ بسپێرێ.. ئیتر مەپرسە لە حاڵی نووسەرەکانی ئەم چەرخانەی دواوە چۆن سەرگەردان بوون و ئەو پیاوە پاکەیان تاوان بار کرد!!

زۆرم بە لاوە حەیفە موسڵمانان موعاویە بە چاکیی نەناسن و وای لێ‌بێ بگەن کە پیاوێکی دنیایی و کورسیی‌پەرست و سیاسی‌یەکی هەڵپەرست بێت، بە رادەیەك کە دەیان هەزار کەس بە کوشت بدات بۆ گەیشتنی بە کورسیی.. کەچیی موسڵمانە پێشینەکان کە پێشەوای موسڵمانان بوون و، جێی متمانەیان بوون بەوپەڕی رێزەوە ناوی موعاویە دەبەن.

بۆ نموونە:

کە خەڵکیی زۆر باسی عەدالەت و پیاوچاکیی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزیان دەکرد، ئەوە بوو مامۆستای پایەبەرز عەبدوڵلای کوڕی موبارەك ـ رەحمەتی خوای لێ‌بێ ـ ویستی ترازووی بۆچوونی خەڵکەکە راست بکاتەوە کە موعاویەی هاوەڵ زۆر پایەدارترە لە عومەری تابیعیی، بۆیە دای بە گوێی خەڵکەکەدا کە تۆز و خۆڵی ناو لووتی موعاویە لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز چاکترە کە دەیوت: (تراب في أنف معاويه خير من عمر بن عبدالعزيز).[1]

عومەری کوڕی عەبدولعەزیزیش ئەو قەدر و پایەدارییەی موعاویەی لەبەر چاو بوو بۆیە ئیبراهیمی کوڕی مەیسەرە ئەگێڕێتەوە کە جگە لە تاقە جارێك چاوی لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز نەبووە لە کەس بدات، ئەویش ئەوە بوو چەند قامچی‌یەکی لە پیاوێك دا لەسەر ئەوەی کە جنێوی بە موعاویە دابوو.[2]

ئەمەش لەوەوە وەردەگرن کە پێغەمبەری خوا ρ لە چەند فەرموودەیەکیدا ستایشی موعاویەی کردووە و دوعای خێری بۆ کردووە و، لە ماوەی تەمەنێکی دوور و درێژدا بەردەوام خەریکی خزمەتی ئیسلام بوو و، لەسەردەمی ئەودا ئاسایش باڵی بەسەر موسڵماناندا کێشا، بە رادەیەك کە موسڵمانان دەستیان دایەوە جیهاد و لە هەموو قوڵێکەوە سوپای موسڵمانان سەرکەوتنی بە دەست دەهێنا و وڵاتان بە نووری قورئان رۆشن دەبوونەوە..

داوا کارین خوای گەورە لەسەر خزمەتی ئایینە پاکەکەی کومەکییمان بکات و، ئێمە و گرۆی موسڵمانان لە ئیمان بێبەش نەکات و، گیانی پاکی پێغەمبەری ئازیزیشمان و هاوەڵان و شوێنکەوتوانی دڵسۆز و بەوەفای هەتا قیامەت رەحمەت باران بکات . ئامین

سلێمانیی

**یەك شەممە 1419/5/1 ك**

**1998/8/23ز**

---

[1] معاوية بن أبي سفيان لمنير محمد الغضبان ص410

[2] هەمان سەرچاوە.

# سەرۆکی قورەیش

پێش هاتنی ئیسلام دانیشتوانی دوورگەی عەرەبیی، بە تایبەت ناوچەی حیجاز و هۆزی قورەیش، خۆیان بە هەڵگری ئایینی پاکی ئیبراهیم پێغەمبەر ـ سەلامی خوای لەسەر بێ ـ دەزانی، هەرچەندە تێکەڵ بە بتپەرستییان کرد بوو و هەموو رەوشتێکی نەفامانەیان تێدا بلاو بوو بوویەوە، لەگەڵ ئەوەشدا حیکمەت و ژیریی و پایەی خێزان و بنەماڵە و پارێزگاریی لە ناوو ناوبانگ لە ناو خێزانە ناودارەکاندا هەرما بوو..

عوتبەی کوڕی رەبیعەش [3] یەکێك بوو لەو پیاوە ناودارانەی قورەیش کە خاوەنی وتەی بیستراو بوو.. هیندی کچیشی کە بێوەژن بوو و، ئافرەتێکی زیرەك و وریا و خاوەن پایە و رێز بوو، لە یەك کاتدا دوو پیاو ناردیانە خوازبێنیی تا شوویان پێ بکات..

لە پێشەوە باوکی ئاگادار کرا.. ئەویش نەی ویست راستەوخۆ پێی بڵێ فلان و فیسار داوات دەکەن. بەڵکو بە شێوەیەکی رەوانبێژیی کەموێنە ناونیشان و سیفەتی هەردوو پیاوەکەی بۆ هەڵ دا تا بزانێ کامیان هەڵ دەبژێرێ..

کە سیفەتی پیاوی یەکەمی بیست سەرنجی دا خاوەنی دەسەڵات و غیرەت نیە، بۆیە وتی: با باسی ئەمە ببڕێتەوە و ناویم پێ مەڵێ.

بەڵام پیاوی دووهەم سیفەتەکانی بە شێوەیەك بوون کە هیند بە هاوشانی خۆی بزانێت، چونکە خاوەنی غیرەت و جوامێریی بوو و، هیوای هەبوو منداڵێك لەو پیاوە بکەوێتەوە ئەویش خاوەنی غیرەت بێت و، لەکاتی بەلاو لیقەوماندا دەستەپاچە و لاواز و ترسنۆك نەبێت. بۆیە داوای کرد باوکی پێی بڵێ کێیە. ئەویش پێی وت کە ئەبوسوفیانی کوڕی حەربە.

هیند وەك ئافرەتێکی بەجورئەت و بەغیرەت بە باوکی راگەیاند بوو، کە نەیدا بە هیچ پیاوێك تا رای وەرنەگرێ و پرسی پێ نەکات.. ئەمەش لە ناو کۆمەڵێکدا کە ئافرەتان هیچ مافێکیان

---

[3] یەکێک بووە لەو پیاوە ناودارانەی مەککە کە لەگەڵ چەند پیاوێکی تردا دەچنە لای ئەبوطالیب تا بەشکوم محمدی برازای واز لە بانگەوازەکەی بهێنێ(حیاة الصحابة/1/56-57)، هەروەها دەچێتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ρ تاچی داوا دەکات بۆی جێ بە جێ بکەن، بەومەرجەی وازیان لێ بهێنێ(حیاة الصحابة/1/59-61). هەروەها یەکێک بوو لەو حەوت کەسەی کە فەرمانیان دا ورگ و ریخۆڵەی وشترێک بخرێتە سەرشان و ملی پێغەمبەری خوا ρ کاتێک کە سەجدە دەبات .. (حیاة الصحابة/1/270) عوتبەش کەوتە بەر نزاکەی پێغەمبەر ρ و لە بەدردا بەکوژراویی سەری نایەوە.( حیاة الصحابة/1/514 - 515) . ئەوە بوو ئەبو حوذەیفەی کوڕی موسڵمان بوو بوو و لەگەڵ موسڵمانەکاندا بەشداریی جەنگی بەدری کردبوو. کە باوکی بە کوژراویی بینی پێی ناخۆش بوو بە کافریی سەری نایەوە، هەرچەندە لەو جەنگەدا داوای کرد با باوکی بێتە بەرەوە زۆران بازیی بکەن. (حیاة الصحابة/2/314).

DO NOT COPY - ئەبوسوفیان

نەبوو و، بگرە بە بێتاوان زیندەبەچاڵ دەکران.

کە پیاوی دووهەمی بە سیفەتەکانی پەسەند کرد و باوکیشی پێی ڕاگەیاند کە ئەو داواکارەی ئەبو سوفیانە ، ئەمجار هیند داوای لە باوکی کرد کە نە ئەوەندە بە ئاسانیی بە دەستەوەی بدات کە ئەبوسوفیان وا بزانێ ئافرەتێکی ئاسایی دەست کەوتووە و، نەئەوەندەش بیانوو بگرێت تا ئەبوسوفیان بێزار ببێ و بکشێتە دواوە، چونکە سیفەت و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی ئەوی بە دڵە و، بەمە پارێزگاریی لە نرخی خۆی دەکات و ئاواتەکەشی دێتە دیی..

دوای ئەوەش داوای لە باوکی کرد تا داوای خێر (إستخارە) لە خوای پەروەردگار لە ئاسمان بکات تا بە قەزا و بڕیاری خۆی خێر و چاکەیان بۆ هەڵ ببژێرێ..[4]

عوتبە لە وەسفکردنەکەیدا ئەبوسوفیانی زۆر چاك دەناسیی، هەتا ئاماژەی بۆ سیفەتی چرووکیی و ڕەزیلیی کرد، کە ئەوە بوو هیند دوای موسڵمانبوونی هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ρ و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەبوسوفیان پیاوێکی چرووکە و، منیش ناچار دەبم لە سامانەکەی بەینا و بەین شتێ وەربگرم. ئایا ئەمە بە دزیی دەژمێرری؟

فەرمووی: (خذي من مالە ما یکفیك وولدك بالمعروف).[5]

بەمە ماوەی دا بە پێی پێویست بەشی خۆی و منداڵەکانی لە سامانەکەی وەربگرێت..

وەنەبێ ئەبوسوفیانیش بەگۆترە و کوێرانە چووبێتە خوازبێنی هیندی کچی عوتبە، بەڵکو بە نەخشەیەکی تایبەتیی لە ناو هەموو کچانی قوڕەیشدا هیندی هەڵ بژاردووە، هەرچەندە هیند ئافرەتێکی پایەدار بوو، بەڵام هۆی سەرەکیی ئەم هەڵ بژاردنە پایە و پلەی باوکی بوو، کە لە بۆچوونی ئەبوسوفیاندا یەکەم سەرداری قوڕەیش بوو.. جا هەروەك خۆی لە باوکیەوە پایەداریی بۆ هاتبۆوە پێیشی خۆش بوو لە ڕێگای هیندەوە پایەداریی عوتبەش بەدەست بهێنێ..

بەمە دەردەکەوێ کە ئەبوسوفیان و هیند ژن و مێردێکی ناوازە بوون لە مەککەدا و چاك یەکیشیان دەناسیی. چونکە پیاوی بەغیرەت و توند و تۆڵ هەموو ژنێك حەزی لێ‌ئەکات، بەڵکو زۆر ژن هەیە حەزی لە پیاوی سەر ژنانیی و ژن ئاغا هەیە تا بە ئارەزووی خۆی بی‌خاتە ژێر بار و بۆ گوزەرانی خۆی ڕامی بکات.

بەڵام هیند بە پێچەوانەوە پیاوی قورس و سەنگینی دەوێ کە خاوەنی پایە و سەرداریی و مەزنیی بێت، ئەگەرچیی جڵەو بۆ خۆی شل نەکات و نەهێڵێ بە ویستی خۆی پێ ڕابکێشێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە کەسایەتیی ئەبوسوفیان ئەوەندە بەهێز بوو، هێشتا هیند کاری دەکردە سەری و ئەوە بوو بۆ جەنگی موسڵمانان هەڵی دەنا و پێی ناخۆش بوو ئەبوسوفیان بۆ فەتحی مەککە نەرمیی دەنواند.

هیند وەك ئافرەتێکی ئەو سەردەمە و بە حیسابی خۆی شوێنکەوتەی ئایینی ئیبراهیم ـ

---

[4] الطبقات الکبرىلابن سعد 8/235-236 نشر دار صادر و دار بیروت..

[5] الإصابة في تمییز الصحابة في ترجمة هند بنت عتبة وهو مخرج في الصحیحین...

موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان

سەلامی لێ‌بێ ـ ئەگەرچیی بتپەرستیی تێکەڵ کرابوو، کاری شووکرنەکەی ئەوەندە بە گرنگ دەگرت، ئەوە بوو داوای لە باوکی کرد تا ئیستیخارە بکات بۆ ئەوەی ڕەزامەندیی خوای گەورەیان دەستگیر ببێ و خێریان تووش بکات، ئەگەرچیی داواکردنی خێری ئەو ڕۆژەی ئەوان بە شێوەیەکی نەفامیيانە بوو. ئەمەش ئەوە دەر دەخات کە هیند ئافرەتێك بووە زۆر بایەخی بە ئایین و نەریتی قوڕەیش داوە.

لەمە هەموویەوە هیند بە ئافرەتێکی دنیادیدەی خاوەن تاقی‌کاریی دێتە بەر چاومان.. هەروا ئافرەتێکی سادە و ساکار نیە. ئەمە ڕاستە چونکە لەوەو پێش مێردی بە فاکیهی کوڕی موغیرەی مەخزوومیی، واتە مامەی خالیدی کوڕی وەلید، کردبوو ، کە ئەوە بوو بە کاری شەرەف تاوانباری کردبوو و، ناچار چوونە لای کاهینێك لە یەمەن هەتا وەڵامی ڕاستیان بە دەستەوە بدات و، ئەویش سەلماندی کە هیند بێ‌تاوانە و لەو کارە دوورە و، یەکجار پاك و خاوێنە.

کە هیند بە پاك دەرچوو  مێردەکەی بەوپەڕی تاسەوە هات بە دەمیەوە تا بی‌باتەوە لای خۆی، کەچیی بڕیاری دا جارێکی تر هاوسەریی نەکات و لێی  جیا بوویەوە ، ئەوە بوو دوای هەشت ساڵ لەو جیابوونەوەیە ئەوسا مێردی بە ئەبوسوفیان کرد..

هیند مێردی بە ئەبوسوفیان کرد و گواستیەوە، بەو هیوایەی مێردێکی پایەدار و ناوازە بێت. هەر لەو ڕۆژانەدا کە تازە گواستبوویەوە ڕووداوێکی سەیر لە مەککەدا ڕووی دا کە بە ڕاستیی تاقانەیی ئەبوسوفیانی لە نێو گەنجەکانی ئەو ڕۆژەی مەککەدا سەلماند و، سەرنجی دانیشتوانی مەککەشی ڕاکێشا.

ئەوە بوو لە لایەن پادشای یەمەنەوە (دە) وشتر بە دیاریی نێررا بوون بۆ شاری مەککە تا ئازاترین و بەدەسەلاتترین پیاوی مەککە سەریان ببڕێت.. مەککەش شارێکە پڕیەتی لە پیاوی پاڵەوان و، هەموو خۆیان بە مەردی مەیدان دەزانن و، بەرابەرکێی شەرەف و سەرکردایەتییش لە دڵ و مێشکی هەموویاندا هەیە. جا داخۆ چ پیاوێك لە خۆی ڕاببینێ و بایەخ بە کەس نەدات و بوێری ئەو دە وشترە سەر ببڕێت؟

کە هیند ئەمەی بەر گوێ کەوت خێرا ئەبوسوفیانی هەڵ نا تا بچێت بە دەم ئەو کارە پاڵەوانانەوە و، خۆی بە ژنەوە نەپەشۆکێنێ . ئەبوسوفیانیش بەبێ پەلەکردن وەڵامی دایەوە با واز لە مێردەکەی بهێنێ خۆی نەخشەی ئەو کارە بکێشێ. سوێندیشی بۆ خوارد هەر کەس سەریان ببڕێت ئەم ئەو کەسە سەر دەبڕێتەوە!!

دە وشترەکە هەروا لە مەککەدا بەسترابوونەوە بێ ئەوەی کەسێك بوێری لێیان نزیك بێتەوە، تا ئەوە بوو حەوت ڕۆژ بەسەر زاوایەتیی ئەبوسوفیاندا تێپەڕیی. دوای ئەوە لە ماڵ دەرچوو و ڕووی لە وشترەکان نا و هەمووی سەر بڕین و سەلماندی کە بەدەسەلاتترین گەنجی قوڕەیشە. هیندیش بەمە زۆر شادمان بوو و، فەخر و شانازیی بەم هەڵوێستەی ئەبوسوفیانەوە دەکرد و، خوی بەسەر ژناندا هەڵ دەکێشا کە مێردی وەها پاڵەوانی هەیە.

DO NOT COPY-ئەبوسوفیان

## موعــاویەی کوڕی ئەبوســوفیــان (30)

کاتێکیش کە موعاویە گاو گۆلکێی دەکرد، ئەبوسوفیانی باوکی سەیری کرد و و بە هیندی وت: ئەم کوڕەم سەری گەورەیە، ئەڵێی هەر بۆ ئەوە کراوە سەرداریی خزمەکانی بکات!!

هیندیش وەڵامی دایەوە: تەنها خزمەکانی؟ رۆڵەڕۆی بۆ بکەم ئەگەر نەبێتە سەرداری هەموو عەرەب!![6]

کاتێك کە پێغەمبەری ئازیز دەستی بە گەیاندنی ئیسلام کرد، ویستی خوا وەها بوو ئەم ماڵە ئومەوییە، بۆ چەند ساڵێکی دوور و درێژ دژی بانگی خوا بوەستێت، بگرە سەرکردایەتیی لەشکری نەیاری ئیسلام بکات. موعاویەش لەم ماڵەدا چاوی هەڵ هێناو، کە فامی پەیدا کرد دەیبینی وا باوکی و دایکی یەکجار لەسەر دژایەتیی ئیسلام سوورن و، نازانن چ رێگایەك بگرنە بەر تا بە زووترین کات و ئاسانترین رێ ئیسلام لەناو بەرن. بۆیە نەیتوانی وەك هاوەڵانی زوو بە زوویی لە ئیسلام تێ بگات..

لە دوای جەنگی بەدر ماڵ و خێزانی ئەبوسوفیان زیاتر رقیان لە ئیسلام و پێغەمبەرەکەی دەبۆوە، چونکە بە راستیی لە بەدردا کۆستی گەورەیان کەوت.. بەڵێ ئەبوسوفیان بە خۆی و کاروانەکەوە دەرباز بوون، بەڵام ئەو جەنگە پشتی ئەویش و هیندیشی شکاند.. ئەوە بوو حەنظەلەی کوڕی ئەبوسوفیان و عوتبەی کوڕی وەلید و شەیبەی برای و وەلیدی کوڕی کوژران کە کوڕ و باوك و مامەو برای هیند بوون، بەمە فرمێسکی هیند وشك نەدەبوونەوە و هەمیشە خەریکی شیوەنی پاڵەوانەکانی بوو و، ئەمەش کاری کردبووە سەر دڵ و دەروونی موعاویە، وێنە و دیمەنی جۆراو جۆر لە ئەندێشەیدا جەم بوو بوون. بەڵام دیمەنێك زۆر بە توندیی کاری تێ کرد و هەموو گیانی هەژاند، کە ئەویش دیمەنی شەهیدکردنی هاوەڵی پایەدار خوبەیبی کوڕی عەدیی بوو ـ خوا لێی رازیی بێ ـ کە لە مەککەدا بە دەستی بت پەرستەکانی قوڕەیش، دواي بە دیلگیرانی، شەهید کرا..

ئەوە بوو لە کاتی دیلکردنیدا هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردبوونەوە و دەی وت: خوایە! ئێمە پەیامی پێغەمبەرەکەتمان گەیاند، دە تۆش ئەمڕۆ ئاگاداری بکە چیمان پێ دەکرێت.

گەورە و بچووکی شاری مەککە ئامادەی شەهید کردنی سەربازی ئیمان بوون.. هەموویان بە چاوەوە بوون کە خوبەیبی خواناس بەوپەڕی مەردیی و قارەمانیەوە لەبەر دەم سێدارەکەدا وەستا بوو و لە خوای پەروەردگار دەپاڕایەوە تا قوڕەیش لەناو ببات و تاقیان بېڕێتەوە.

ئەبوسوفیان لە پێشی پێشەوە بوو و لە هەموان زیاتر لە خوبەیبەوە نزیك بوو و، چاکیش دەیزانی خوبەیب بێتاوانە و، خوای گەورەش نزاو پاڕانەوەکەی گیرا دەکات. بۆیە لە ترساندا موعاویەی کوڕی دا بە زەوییداو پاڵی خست تا بەر نزاکەی خوبەیب نەکەوێت..

موعاویە ئەڵێ:

ئەو رۆژە، وەك ئەوانەی لەگەڵ ئەبوسوفیاندا ئامادەی شەهید کردنی (خوبەیب) بوون ، منیش

---

[6] رواه محمد بن سعد في الطبقات. كما أورده ابن كثير في البداية 118/8.

ئامادە بووم، ئەوە بوو باوكم لە ترسی نزاكەی خوبەیب منی دا بە زەویی‌دا، چونكە دەیان وت: كەسێك نزای لی‌بكرێت ئەگەر بە لادا پاڵ بكەوێت ئەوا پاڕانەوەكە كاری تیٚ ناكات:[7]

ئەم هەڵوێستە بیر و بۆچوونی بۆ موعاویە دروست كرد: باشە ئەگەر خوبەیب و هاوەڵانی گومڕا و سەرلی‌شێواو بن، دەبیٚ بۆچ باوكی لە پاڕانەوەكەی بترسێتو ئەو پاڵ بخات؟! دەی ئەگەر راستیشن بۆچی قورەیش لەسەر یەك را یەك دەنگ نابێت و كۆتایی بە جەنگ ناهێنێت لەگەڵ موحەممەدو هاوەڵانی‌دا ؟

ئەمە موعاویەی خستە گومانەوە و، راستیی و پاكیی ئایینی قورەیشی بە لاوە نەدەسەلما. زیاد لەوەی كە دامەزراویی خوبەیب و هەڵوێستی مەردانەی چوو بووە دڵیەوە و، لە هەڵوێستی خوار و خێچی قورەیش كەوتبووە گومان..

دوای ماوەیەك جەنگی چاڵ هاتە بەرەوە و، ئەو كاتەش تەمەنی موعاویە لە بیست و دوو ساڵی‌دا بوو. ئەوە بوو قورەیش و غەگهفان، بە دەست‌كیسەی جوولەكە ترسنۆكەكانی خەیبەر، لەشكرێكی دە هەزارییان هێنایە سەر مەدینە.. لەم هەڵمەتەدا سەركردەی گشتیی سوپای بتپەرستان ئەبوسوفیانی كوری حەرب بوو..

جا هەرچەندە موسڵمانەكان یەكجار كەم و كەم تفاق بوون و سەرما و گرانیی لە گۆی خستبون، بەلاٚم شێرانە دانیان بە خۆیان‌دا گرت تا خوای گەورە رەشەبایەكی زۆر توندی بۆ كافران گەیاند و بە سەری شۆڕەوە مەدینەیان بەجیٚ هێشت..

لە سەرەتاوە كە موعاویە ئەو لەشكرە بیٚشومارەی دیی وا هەڵمەتی دەدایە سەر شاری كەم دەسەلاٚتی هاوەلاٚن، زۆر بە لایەوە ئاسایی بوو كە موسڵمانەكان چاری ئەم هێرشەیان پیٚ ناكریٚ و، هەزار گیانیان هەبێت گیانێك دەرناكەن و، ئەمجارە بە مسۆگەریی ئیسلام دەكوژێتەوە..

بەلاٚم ماوەیەكی زۆر چاوەڕوانیی كرد هیچ ئەنجامێك نەبوو.. بەڵكو بە پێچەوانەوە لە شەوی كشانەوەی لەشكری ئەحزابدا چاوی لە باوكی بوو وتاری دەدا و قورەیشی تیٚ دەگەیاند كە توانای مانەوەیان نەماوە، ئەوەتا هەرچی ولاٚغ بوو تیا چوو و، نەوەی قورەیزەش پەیمانیان شكاند و، رەشەبای توندیش بەگیری هێناون، بە شێوەیەك كە ئاگریان دەكوژێتەوە و، قابلەمەیان قلٚپ دەبێتەوە و، چادریان دەپێچرێتەوە . دوای ئەوە فەرمانی دا بگەڕێنەوەتی

موعاویە هەموو ئاواتێكی ئەم لەشكرە زۆرە بوو، كەچیی وا بە چاوی خۆی شكستی ئەمیشی دیی و، ناچار ملی شۆڕ كردو بە دوای باوكی دا گەڕایەوە و، داخی ئەو هەمووە خەرج و مەسرەف و ماندوو بوون و عەرەقڕێژانەشی لی‌ءەهات، زیاد لەوەی سەرشۆڕی بەردەم هۆزەكانی سەرانسەری دوورگەی عەرەبیی بوون..

---

[7] السيرة النبوية لإبن هشام ، سرية الرجيع.

[8] السيرة النبوية لإبن هشام، غزوة الأحزاب.

DO NOT COPY

ئیتر بە یەکجاریی دەستی لەوە شۆرد کە قوڕەیش بتوانێ بەگژ موحەممەددا بڕوات، یان ئایینەکەی لە ناو بەرێت..

لە ساڵی ئایینددا قوڕەیش هەواڵی ئەوەیان بیست کە پێغەمبەر ρ و موسڵمانەکان نیازیانە سەر لە کەعبەی پیرۆز بدەن. بە لای قوڕەیشەوە کارێکی نەگونجاو بوو موسڵمانەکان پێ بخەنە ماڵی خواوە و، بڕیاریان دا هەرگیز ڕێ نەدەن بە زۆرەملێ ئەو کارە ئەنجام بدرێت.. کە موسڵمانەکان نزیك کەوتنەوە نێرراوان دەستیان بە هات وچۆ کرد تا ئەوە بوو بە ڕیکەوتن نامەی حودەیبییە کۆتایی هات.

ئەم رێكکەوتنە دڵەکانی لە ئاستی بانگی پیرۆز کردەوە و، هەندێ گەنجی خوێنگەرم بە خۆیانا چوونەوە و، سەرنجیان دا دژایەتیی بانگی ئیسلام بێئەنجامە و، سەرەنجامیش سەرشۆڕیی بە دواوەیە..

ئەوە بوو خالیدی کوڕی وەلید کە سەرکردەی ئەسپ سواران بوو، بە پەیمانی حودەیبییە ورەی نەما و، هاتە سەر ئەو رایە کە رۆژ بە رۆژ کاری پێغەمبەر ρ لە پەرەسەندنایەو، وای دەبینی کە خوا پشتگیریی لە موحەممەد و هاوەڵانی دەکات و بە هیچ شێوەیەك دەستبەرداریان نابێت..

هەروەها عەمری کوڕی عاصیش هەڵوێستی گۆڕا.

هەروەها موعاویەی کوڕی سەرۆکی مەککەش، کە تەمەنی بیست و چوار ساڵ دەبوو، دەرگای دڵی بۆ نوور و رووناکیی ئیسلام والاّ بوو..

بەڵام چی بکاو دەسەڵاتی چییە ؟ چۆن دەتوانێ لەبەر دەم باوکێك دا، کە سەرۆکی بتپەرستییەوە، ئاڵای جەنگ و دژایەتیی ئیسلامی بە ئاشکرا بەرزکردۆتەوە، موسڵمان بوونی خۆی ئاشکرا بکات؟!

ئەم تازە دڵی پڕ لە نووری ئیمان بووە، بەڵام تا نەوێرێ ئاشکرای بکا و بەرگەی هەموو ستەم و سزایەکی نەگرێت دەبێت ئیمانی وەها کەڵکی چی بێت؟!

بیری کردەوە کەوا چاکە ئەم بڕیارەی دڵی بۆ دایکی ئاشکرا بکات..

لە هەمان کات دا ئەوەشی بە بیردا هات کە دایکی چەند داڵا لە دڵی موسڵمانەکانە. چونکە کوژرانی باوك و مامە و برا و کوڕەکەی هێشتا لە یاد نەکردبوو و، دەستی لە شیوەنیشیان هەڵ نەگرتبوو..

بەڵام لەگەڵ ئەوەدا موعاویە پەیوەندییەکی وەها پتەوی لەگەڵ دایکیدا هەبوو کە بە پێویستی نەدەزانی هیچی لیعشارێتەوە و، ئەوەندەش خۆشەویستیی نێوانیان زۆرە کام شتە کە زۆری پێ ناخۆش بێ موعاویە ئەنجامی بدا زۆر بە ئاسانیی چاوی لیدەپۆشیء.

رۆژێکیان پێی بە جەرگی خۆیدا نا و، قەناعەت کردنی بە ئیسلامی بۆ دایکی باس کرد و، ئەوەشی بە گوێیدا دا کە نیازی وەهایە کۆچ بۆ مەدینە بکات.

خێرا هیند خۆی لە موعاویە توورە کرد و هەڕەشەی ئەوەی لیکرد کە ئەگەر کۆچ بۆ مەدینە

بكات هەموو يارمەتیيەكی ژيان و گوزەرانی لیءەبڕن.[9]

لەو ڕۆژە بە دواوە هيند زۆر دەترسا كە بەيانیيەك لە خەو هەستێت و موعاويە لە تەنيشتی نەمابێت و خەڵكيش هەواڵی بدەنێ كە كۆچی بۆ يەثرِب كردووە.

هيند دارێكی بە دەستەوە بوو كە هەردوو سەری پيس بوون. ئەگەر لای ئەبوسوفيانی مێردی باسەكە دەدركێنێ دەترسێ ئازاری موعاويەی ئازيزی بدات و، گەر دەشی شارێتەوە دەترسێ ڕۆژێك كوڕە بە سەريا بێت و لە دەستيان دەرباز ببێ و، خۆی بگەيەنێتە پايتەختی ئيسلام..

بەم هەڵوێستە ئازاری زۆری چەشت، تا سەرەنجام ناچار بوو باسەكە لای ئەبوسوفيان باس بكات و لە نيازی دڵی موعاويە ئاگاداری بكات. جا هەر چەندە ئەبوسوفيان خۆيشی گەيشتبووە ئەو قەناعەتە كە دژايەتيی موحەممەد ستەمكارييەو، خوای گەورە پشتيوانيەتی و بە كەسيش تێك ناشكێنرێ، ئەوا بە موعاويەی وت : ڕۆڵە! ئەوە يەزيدی براتە و لە تۆ پياوتريشە و لەسەر دينی كەس و كارەكەی ماوەتەوە..

دوای موسڵمان بوون موعاويە ـ خوا لێی ڕازيی بێ ـ باسی چۆنێتيی موسڵمان بوونی خۆی دەكات و ئەڵێت: پێش عومرەی قەزا موسڵمان بووم، واتە ساڵی دوای حودەيبييە، بەڵام نەمدەوێرا خۆم بگەيەنمە مەدينە، چونكە دايكم پێمی دەوت : ئەگەر بچيت بۆ مەدينە ژيان و گوزەرانت لیءدەگرينەوە.

دەشی وت: كە پێغەمبەریخوا ρ لە عومرەی قەزادا هاتە مەككەوە من ئيمانم پێ هێنا بوو. پاشان كە ساڵی فەتحی مەككە گەڕايەوە مەككە موسڵمان بوونی خۆمم ئاشكرا كرد و هاتمە خزمەتی و ئەويش بەخێرهاتنی لیءكردم.

بەڵێ ، لە ساڵی هەشتەمی كۆچيیدا سوپای دەست و دەم پاكی ئيسلام ڕژايە مەككەی پيرۆزەوە و بەبێ جەنگ و خوێنڕێژان فەتح كرا.. ئەو ڕۆژە ئێش و ئازارێكی زۆر بە دڵی ئەبوسوفيان و هيند گەيشت.. چونكە هەرگيز بە تەمای ڕۆژی وەها نەبوون بێتە ڕێی خۆيان و بتەكانيان.. هەرگيز بە تەما نەبوون سوپای موحەممەد وەها پەرە بسێنێ و بەو ئاسانیيە مەككە داگير بكات..

هەرچەندە پێش ئەوەی سوپای ئيسلام بڕژێتە ناو مەككەوە ئەبوسوفيان موسڵمانی بوونی خۆی دەربڕیی، بەڵام موسڵمان بوونێكی ڕواڵەتيی بوو.. ئيمان تێكەڵ بە ئەندامانی نەبوو بوو . بۆيە هەرچی بيری لە سەركەوتنی ئيسلام دەكردەوە ئێش و ئازار بە دڵی دەگەيشت ، بەتايبەت كە دەی دی وا ئەم هەموو خەڵكەی كە جاران لە ژێر بەيداخی ئەودا دەجەنگان وا ئێستە دەورەيان لە پێغەمبەری خوا ρ داوە و، فەرمانەكانی جێ بە جێ دەكەن..

لە كاتێكدا لە ئێش و ئازاردا دەتلايەوە شتێك بە دڵیدا هات و ماوەيەكيش بۆی شل بوو.. ئەوە بە دڵیدا هات كە سوپا بۆ موحەممەد كۆ بكاتەوە.. هەرچەندە سەركەوتن شتێكی وەها ئاسان

9 الإصابة في تمييز الصحابة ج3 ص14.

DO NOT COPY

و مسۆگەر نیە، بەڵام خەڵكێكی زۆر چاوەڕوانی فەرمانی ئەون و ئامادەی گوێڕایەڵیین..
بیری دەکردەوە ئەو جارەی دوێنیێ: (من دخل دار أبی سفیان فهو ئمن) چ کەڵكێكی هەیە وا ئەو ئەمڕۆ پیاوێكی سادەیە و کەسێك ئاوڕی لی ناداتەوە؟
جا لە کوێ سوپا کۆ بکاتەوە؟
ئایا بچێت بۆ لای خزمەکانی هۆزی (ڕقیف) ی و بۆ جەنگی موحەممەد هەڵیان بنێت؟!
ئەی چی بکات؟
لە کاتێكدا کە ئەم وتەیە بە دڵیدا دەهات(ئەگەر سوپایەکم بۆ موحەممەد کۆ بکردایەتەوە)، هەستی کرد وا دەستێك لە دواوە بەرشانی کەوت.. وەك مار بیگەزێت راچڵەکیی.. بە پەشۆکاوییەوە ئاوڕی دایەوە دەبینێ وا مــوحەممەدی پێغەمبەری خوایەρ. بە زۆر زەردەخەنەیەکی خستە سەر لێوی، بەڵام خەریك بوو فەرمایشتەکەی پێغەمبەر ρ.(إذاً يخزيك الله) کەواتە خوا سەرشۆڕت دەکات، لە هۆش خۆی بەرێت دوای ئەوەی کە هەستی کرد ئەمە وەڵامی ئەو وتەیەیە کە بە دڵیدا هات: ئەگەر سوپایەکم بۆ موحەممەد کۆ بکردایەتەوە..
بە راستیی ئەمە وەڵامی ئەو بیرەیە، بەڵام لە کەسێکەوە کە خوای لەگەڵدا بێ و لە نهێنیی دڵەکان ئاگاداری بکات..
هەستی کرد لە بەردەم پێغەمبەرێکی راستگۆدایە و، ناتوانێ هیچی لی بشارێتەوە ـ چونکە وەحیی ئاسمان پشتگیریەتی، بۆیە خێرا سەری بەرز کردەوە و وتی: تا ئەم ساتە بەلامەوە یەقین نەبوو کە پێغەمبەری خوایت.. داوای بەخشیین لە خوا دەکەم و تۆبە دەکەم.
بە خوا بە دەممدا نەهاتووە و، تەنها شتێك بوو لە دڵی خۆمدا باسم کرد..
ئەمجار ئەبوسوفیان بە راستیی و پاکیی یەقینی پەیدا کرد کە وا لە خزمەت کەسێكدا کە بە راستیی خوا کۆمەکیەتی، هەروەك لەوە و پێش قەناعەتی کرد بوو کە وا لەبەردەم سەرکردە و سوپایەكدا کە بەو چار ناکرێت..
لای ئێوارەشەوە کە خەڵکە خەریکی وتنی (الله أكبر) و (لاإله إلا الله) بوون، ئەبوسوفیان ویستی هیندی خێزانی تاقیی بکاتەوە تا بۆی دەربکەوێ تا چ رادەیەك ئیمانی دامەزراوە، ئەوە بوو پێی وت: ئایا ئەمە لە خواوە دەزانیت؟
هیند وتی: بەڵێ، ئەمە لە خواوەیە..
کە رۆژ بوویەوە ئەبوسوفیان چوو بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا ρ و ئەویش پێی فەرموو: ((قلت لهند: أترين هذا من الله؟ قالت : نعم ، هذا من الله )). فەرمووی: بە هیندت وت: ئایا ئەمە لەخواوە دەزانیت؟ ئەویش وتی: بەڵێ، ئەمە لەخواوەیە.
ئەبوسوفیان وتی: شاهێدیی دەدەم تۆ بەندە و پێغەمبەری خوایت. بەو خوایەی کە ئەبوسوفیان

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

سوێندی پێ دەخوا جگە لە هیند تاقە کەسێك ئەم وتەیەی منی نەبیستووە.[10]

ماوەیەکیش لەوەو پێش ئەبوسوفیان بە چاوی خۆی موعجیزەیەکی تری دی بوو.. ئەوە بوو ڕۆژێکیان ئەبوسوفیان و صەفوانی کوڕی ئومەییە چاویان لە گورگێك دەبێت کە ئاسکێك ڕاو دەنێت، کە ئاسکەکە خۆی بە حەرەمدا دەکات گورگەکە وازی لێ دەهێنێ.. هەردووکیان سەریان لەم کارە سوڕدەمێنێ. خوا گورگەکە دێتە زمان و دەڵێت: لەمەش سەیرتر ئەوەیە کە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا لە مەدینە بانگتان دەکات بۆ بەهەشت و ئێوەش ئەو بۆ دۆزەخ.

ئەبوسوفیان ئەڵێت: بە لات و عوززا ئەگەر ئەمە لە مەککەدا باس بکەیت دانیشتوانی چۆڵی دەکەن.[11]

بەرە بەرە ڕق و قین دەرهەق بە پێغەمبەر و موسڵمانان لە دڵی ئەو خێوانە نەو موسڵمانەدا ڕەوییەوە و، ئەو هیندەی کە بڕیاری دابوو بە سەر و ماڵەوە تا مردن دژایەتیی موسڵمانان بکات، وا بە چاوی خۆی دەیان بینێ شەوتا بەیانیی چاو بە یەکدا نانێن و هەر خەریکی تەکبیر و تەهلیلن ، بەمە ئەوپەڕی سەرسوڕمان دەی گرێ و بەمێردەکەی ئەڵێت: هەتا ئەمڕۆ نەمدیوە خوای گەورە بە ڕێك و پێکیی بپەرسترێت، واتە: تەنها ئەمانە زانیویانە بیپەرستن..

دوای ماوەیەك بەرگوێی هیند کەوت کە خەڵکەکە بۆ موسڵمان بوون بەیعەت بە پێغەمبەری خوا ρ دەدەن، ئەمیش بە سەرکردایەتیی کۆمەڵە ئافرەتێکی مەککەوە هات بۆ صەفا تا لەوێ بە خزمەتی پێغەمبەری خوا ρ بگات. کە گەیشتن عومەری کوڕی خەگگاب ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ بەیعەتی لێ وەردەگرتن.. کە هاتن هیند نیقابی پۆشیی بوو و دەترسا ئەگەر پێغەمبەر ρ پێی بزانێت فەرمان بە کوشتنی بدات. چونکە ئەوە بوو لە ئوحوددا حەمزەی بە کوشت داو، هەوڵیشی دا دوای سك دڕینی جگەری بە کاڵیی بخوا.. ئەمەش کارێکی جەرگ بڕ و ئێشێکی سەخت بوو بە لای پێغەمبەرەوە ρ .. هیند کە بیری لەو هەڵوێستانەی دەکردەوە تەپەی دڵی دەهات و، نەیدەزانی داخۆ چاوپۆشیی لێ بکرێت، یان سزایەکی سەخت بدرێت ..

پێغەمبەری خوا ρ فەرمانی بە ئافرەتەکان دا تا بەیعەتی لەسەر ئەوە بدەنێ کە شەریك بۆ خوا بڕیار نەدەن کە فەرمووی:

(بایعننی علی أن لاتشرکن باللە شیئاً).

هیند وتی: بە خوا ئەمەی لە ئێمەی داوا دەکەی لە پیاوەکانی داوا ناکەی . بەیعەتیشی دا..

فەرمووی: (ولا تسرقن).

هیند وتی: بە خوا من بەینا و بەین شتێکم لە سامانی ئەبوسوفیان وەردەگرت، جا نەمدەزانی ئایا بۆمان حەڵاڵ بوو یان نەو..

---

[10] حیاة الصحابة ج ا ص 484 باب الجهاد.

[11] حیاة الصحابة ج 3 ص602 باب التأییدات الغیبیة للصحابة..

DO NOT COPY

ئەبوسوفيان: لەمەوپێش هەرچیت وەرگرتووە گەردنت ئازاد بێت لێی.
پێغەمبەری خوا ρ پرسیاری كرد:( وإنك لهند بنت عتبە؟ ).
وتی: بەڵێ، چاوپۆشیی لە رابوردوو بكە، خوا چاوپۆشییت لیءبكات.
فەرمووی: ( ولا تزنين ).
هیند وتی: ئەی پێغەمبەری خوا! جا ئایا ئافرەتی ئازاد زینا دەكات؟!
فەرمووی: ( و لا تقتلن أولادكن ).
هیند وتی: بە منداڵیی پەروەردەمان كردن و، تا كە گەورە بوون تۆ و هاوەڵانت لە بەدردا كوشتنتان.
عومەر ـ خوا لێی رازیی بێ ـ بە قسەكەی هیند دایە قاقای پێكەنین.
فەرمووی: ( ولا يأتين ببهتان يفترينه بين أيديهن و أرجلهن ).
هیند وتی: بە خوا بوهتان شتێكی ناشیرینە.
فەرمووی: ( با يعهن واستغفر لهن الله. إن الله غفور رحيم ).
دوای ئەوە هیند رووی لە پێغەمبەری خوا ρ كرد و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا! لەسەر زەوییدا بنەماڵەیەكی تر نەبوو ئەوەندەی بنەماڵەكەی تۆ پێم خۆش بێ سووك و زەلیل بێت، پاشان وەهای لیءهات كە لە سەر زەوییدا بنەماڵەیەك نەبێت ئەوەندەی بنەماڵكەی تۆ پێم خۆش بێت بە دەستەڵات وپایەدار بێت..
پێغەمبەریش ρ وەڵامی دەداتەوە: ( وأيچاً والڑی نفس محمد بيدە ).[12]
فەرمووی: دڵاو دڵە، بەو خوایەی كە گیانی موحەممەدی بە دەستە.
بەم شێوە كۆتایی بەو زۆرانبازییە هێنرا كە بیست ساڵێك بەردەوام بوو و، ئەبوسوفیان و هیندی خێزانیشی بوونە دوو سەربازی دڵسۆزی ئیسلام و، پێغەمبەری ئازیزیش ρ ، خۆی ئاسا، هەر بەوەی كە فەرمووی: دڵاو دڵە، بەو خوایەی كە گیانی موحەممەدی بەدەستە، دەستە پیرۆزەكانی بەسەر هەموو زامێكدا هێنا و سارێژی كردن و، چاوپۆشییشی لە خراپكارییە گەورە گەورەكانیان كرد و، هەرچی كینە و رقێكیش كە لە دڵی ئەبوسوفیان و هیندا بوون هەمووی دان بە دەمی باوە.
هیند بە ئیمانێكی تەواوەوە گەڕایەوە ماڵەوە..
بەڵێ، نەك هیند ، بەڵكو هەركەسێك چەند ساتێك سەیری نووری پێغەمبەرایەتیی ناوچاوانی ( محمد المصگفی )ی كردبێت، ئەوا بێگومان بۆتە خاوەنی ئیمانی كامڵ..
گەڕایەوە ماڵەوە و دەبینێ وا لە گۆشەیەكی ماڵەكەدا بتێك ملی قوت كردۆتەوە.. هیند هەڵمەتێكی دایە و ورد وخاشی كرد و وتی: ( كنا منك فی غرور )..
ئەوە بوو شاری مەككە بە تەواویی خۆی دا بە دەست سوپای ئیمانەوە، تا ببێتە قەڵای ئیمان

---

[12] البداية والنهاية لإبن كثير 319/4 ، وقد أخرجه مسلم و البيهقي عن عائشة.

تا ئاخر زەمان.. کە کاتی بانگ هات بیلال بە فەرمانی پێغەمبەری خوا ρ سەرکەوتە سەر بانی کەعبە، تا بانگی تەوحید بە سەریەوە بدات. لەو کاتەدا ئەبوسوفیان و عەتتابی کوڕی ئوسەید و حاریپی کوڕی هیشام لە پەنای کەعبەدا پێکەوە وەستا بوون. کە گوێیان لە بانگی بیلال بوو، عەتتاب وتی: خوا ئوسەیدی خۆشویست وا نەی هێشت بە گوێی ئەمەوە بێت و داڵا بچێتە دڵیەوە.

حاریپیش وەڵامی دایەوە: بەخوا من بمزانیبایە راستە شوێنی دەکەوتم.

بەڵام ئەبوسوفیان وتی: بەخوا من هیچ ناڵێم. چونکە ئەگەر قسە بکەم ئەم چەو ولە هەواڵی دەدەنێ!!

لە ناکاودا پێغەمبەر ρ تەشریفی هێناو پێی فەرموون : ( قد علمتُ الڈی قُلتُم ). فەرمووی: هەرچییتان وت ئاگاداری بووم. هەموو وتەکانی بۆ باس کردن..

حاریپ و عەتتاب بە جووتە قیڕاندیان : شاهێدیی دەدەین کە پێغەمبەری خوایت.. بە خوا هیچ کەس ئاگاداری ئەمە نەبووە تابڵێین ئەو هەواڵی پێ داوی..[13]

ئەوانیش بە چاکیی هاتنە ریزی ئیمانەوە..

موسڵمان بوونی لەوەوپێشیان ، موسڵمان بوونێکی رواڵەتیی و دنیایی بوو، بەڵام ئێستە ئیمانیان هێنا و بە دڵ بەوپەڕی یەقینەوە قەناعەتیان کرد..

دوای فەتحی مەککە جەنگی هەوازین هاتە بەرەوە، ئەوە بوو ئەبوسوفیان و چەند ریش سپییەکی قورەیشیی کەوتنە گەل سوپای ئیسلام و لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ρ ئامادەی جەنگ بوون، بەڵام بەشدارییان تێدا نەکرد..

ئەوە بوو بە چاوی خۆی دیی کە چۆن خوای گەورە بەڵێنی بۆ پێغەمبەرەکەی بردە سەر و، بەسەر هەوازیندا سەری خست. بۆیە کە جەنگ کۆتایی هات و ئەو بەشداریی تێدا نەکرد، ئێشی پێگەیی و، زۆریش پەشیمان بوو. بۆیە دڵی لەبەر ئەمە جیهاد گڕی گرتبوو و بە ئاوات بوو ئەو مەردایەتییە بە دەست بێنێ.

جا کە سوپای ئیسلام بەرەو هۆزی پەقیف کەوتە رێ، ئەبوسوفیانیش کەوتە گەل سوپاو پیاوانە بەشداریی کرد. نییەتی هێنا سەر و ماڵی بکاتە قوربانی ئیسلام.. خوای گەورە وەهای رێك خست کە زۆری پێ نەچێ و تیرێك بێت و لە چاوی ئەبوسوفیان بدات و بە سەر دەم و چاویا بێتە خوارەوە..

ئەبوسوفیان بەم ریز لێنانەی پەروەردگار شادمان بوو و، چووە خزمەتی پێغەمبەری خواρ و ئاگاداری کرد وا چاوێکی لە پێناوی خوادا پێکرا.

ئەویش وەڵامی دایەوە و فەرمووی: ( إن شئتَ دَعوتُ فَرُدَّت عليكَ، وإن شئت فالجنه).[14]

فەرمووی : گەر دەتەوێ با لە خوا بپارێمەوە چاوەکەت بۆ بگێڕێتەوە و، گەر دەشتەوێ با

---

[13] السيرة النبوية لإبن هشام 27/4 (فتح مكة).

[14] الإصابة في تمييز الصحابة 173/3. رواه الزبير عن طريق سعيد ابن عبيد الثقفي.

DO NOT COPY-ئەبوسوفیان

پاداشتەکەی بەهەشت بێت.

ئەبوسوفیان هاواری کرد: بەهەشت.

لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ئەبوسوفیان مێژووی نەفامیی و دژایەتیی ئیسلامی پێچایەوە و بەم خەڵاتە خواییە سەری بەرز بوویەوە و، خۆیشی گەیشتە ئەو قەناعەتە کە إن شاو الله ڕێی دۆزیوەتەوە و، خوای گەورە بە لی عەندنی ئەو چاوەی موسڵمان بوونی لیءوەرگرتووە و، بۆتە شیاوی بە بەهەشت گەیشتن!!

سوپای ئیسلام بە دەستکەوتێکی زۆرەوە گەڕایەوە..

لە جەنگی حونەیندا سەرکەوتنێکی کەم وێنەی بە دەست هێنا.. پێغەمبەری خوا ρ لە (جیعیرانە) لای داو ویستی ئەو هەمووە دەستکەوتە زۆرانە بەسەر جەنگاوەراندا دابەش بکات.. ئەبوسوفیان سەری لەو هەمووە مەڕ و ماڵاتە سووڕ دەما کە دەر و دەشتی پۆشیی بوو و، نەشی دەزانی ئایا هیچێ بەشی ئەوی پێوەیە یان نا .. بۆیە بە شەرمەوە لە پێغەمبەری خوا ρ هاتە پێشەوە و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەمڕۆ تۆ دەوڵەمەندترین کەسی قورەیشی.

پێغەمبەری خوا ρ زەردەخەنەیەکی کردو، خێرا تێگەیشت چی بە دڵی ئەبوسوفیاندا دێ..

ئەبوسوفیان داوای بەشی کرد و پێغەمبەریش ρ فەرمانی دا تا بیلال صەد وشتر و چل ئۆقیە زیوی بداتێ..

وتی: ئەی بەشی یەزیدی کوڕم؟

صەد وشتر و چل ئۆقیە زیوی بەویش دا..

وتی: ئەی بەشی موعاویەی کوڕم کوا؟

دیسان فەرمانی دا تا صەد وشتر و چل ئۆقیە بەویش بدرێت.

ئەبوسوفیان چی دەبینێ؟

سەخاوەت!! بەڵام چ سەخاوەتێك؟!

ئەبوسوفیان زۆر وڵاتان گەڕاوە.. پاشا و میری زۆری بە چاوی خۆی دیون و لەگەڵیان ژیاوە.. بەڵام هیچ کامیان ئەوەندەی نینۆکی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا ρ سەخاوەتیان لیء نەوەشاوەتەوە. دیارە ئەم دەروونە پاك و پڕ لە سەخاوەتە دەبێت گەورەترین دەروونی نەوەی ئادەم بێت..

کە سەرنجی بەشە دەستکەوتەکەی خۆیانیشی دەگرت سەری سوڕ دەما .. دیارە پێغەمبەری خواρ زیاد لە پێویست ڕێزی لیءگرتووە و، دیاریشە هەرگیز ئەبوسوفیان و نەوەی ئەبوسوفیان لە سایەی ئەم ئایینەدا بێناز نابن و، لە سەر دژایەتیی ساڵانی ڕابوردوو کەس بۆی نیە بە سووکیی تەماشایان بکات.. کەواتە تا چاکتر دەست بدەنە خزمەتی ئیسلام هێشتا کەمە. ئەوە بوو ڕووی کردە پێغەمبەر و وتی:

دایك و باوکم بە قوربانت بن، ئەی پێغەمبەری خوا! بە ڕاستیی لە جەنگیش و لە ئاشتییشدا

## موعــاویەی کوڕی ئەبوســوفیــان (30)

هەر سەخیی تەبیعەت بوویت و، ئەمەش ئەوپەڕی سەخاوەتە، خوا بە چاکە پاداشتت بداتەوە.[15]

ئەوەبوو عوروەی کوڕی مەسعوود کە سەرداری هۆزی پەقیف و زاوای ئەبوسوفیان بوو، کە راستیی بانگی ئیسلامی بۆ دەرکەوت، خۆی موسڵمان بوو و، داواشی لە پەقیف کرد تا ئەوانیش موسڵمان بن، کەچیی پەقیف نامەردانە لێی هەڵ گەڕانەوە و شەهیدیان کرد..

کە پێغەمبەری خوا ρ ئەو هەواڵەی بیست زۆری پێناخۆش بوو و، لە بارەیەوە فەرمووی:
( مَثَلُهُ فی قومِهِ کَمَثَلِ صاحِبِ (یس) فی قومِهِ ) .

فەرمووی : ئەمیش لە پلە و پاداشتدا وەك ئەو ئیماندارەی سوورەتی (یس) وەهایە کە لەوپەڕی شارەوە بە پەلە هات و ئامۆژگاریی قەومەکەی کرد تا شوێن پێغەمبەرەکان بکەون و، وەك خۆی ئیمان بهێنن، کەچیی لە پاداشتی ئەم چاکەیەدا بە بەردباران شەهیدیان کرد.

لە سەر ئەو هەڵوێستە ناشیرینەی پەقیف ئەوە بوو ( أبو ملیح )ی کوڕی عوروە و قاریب ی کوڕی مەسعوود کە برازای عوروە بوو شەو بە نهێنیی پەقیف یان بەجێ هێشت و روویان لە مەدینە نا بۆ خزمەتی پێغەمبەر ρ بەو نیازەی کە هەرگیز تێکەڵیی پەقیف نەکەن..

گەیشتنە مەدینە و سەلامیان لە پێغەمبەری خوا ρ کرد و پێی فەرموون: ( تولَّیا من شئتُما).

فەرمووی: هەرکەستان پێ خۆشە بچنە پەنایەوە.

وتیان: پەنای خوا و پێغەمبەرمان دەوێت.

فەرمووی: ئەی ئەبوسوفیانی خاڵۆتان.

وتیان: چاکە.. دەچینە پاڵی ئەبوسوفیانی خاڵۆمان.

پاشان نوێنەرانی هۆزی پەقیف هاتن و ئەوەیان گەیاند کە هۆزەکە هەر هەمووی موسڵمان بووە.

جا پێغەمبەر ρ پێی خۆش بوو زیاتر رێز لە ئەبوسوفیان بگرێت، تا تواناو لێهاتنەکانی لە پێناوی خوادا بخاتە کار ، بۆ ئەمە فەرمانی بەسەر ئەو و موغیرەیکوڕی شوعبەدا دا تا بچن (لات)ی بتە هەرە گەورەکەی عەرەب کە لە ناوچەی هۆزی پەقیفدا بوو تێك بشکێنن.. ئەوە بوو ئەبوسوفیان وای بە چاك زانیی ئەو بەشداریی موغیرە نەکات نەوەکو پەقیف لە دژی هەستن، بەڵام موغیرە چونکە لە خۆیان بوو، بە پاڵ پشت و پارێزگاریی خزمەکانی توانیی بتەکە بشکێنێ و کەسیش لە دژی نەوەستێ..

ئەبوسوفیان جاران کە سوێندی دەخوارد ناوی (لات)ی پێش (عوززا)ش دەهێنا، کەچیی وا بە چاوی خۆی دیتی کە بتێکی بێ دەسەڵاتە و وا بە دەستی موغیرە ورد و خاش کرا، وەك (عوززا) بە دەستی خالیدی کوڕی وەلید ورد وخاش کرا.. بۆیە بەوپەڕی گاڵتەوە بە بتەکەش و بە خۆشی سەیری دەکرد و سەری سوڕ دەما کە چ ژیرییەك بوو وا ئەو دار و بەردەیان دەپەرست..

[15] مختصر السیرة / عبدالله بن محمد بن عبدالوهاب ص 318.

DO NOT COPY

## موعــاویەی کوڕی ئەبوســوفیــان (30)

بڕیار وابوو کە هەرچی زێڕ و گەوهەرێك بە بتەکەوە هەڵ واسراوە بۆ ئەبوسوفیان و موغیرە بێت، بەڵام پێغەمبەری خوا ρ کە زانی عوروە و براکەی قەرزیان لەسەر بووە، نامەی بۆ ئەبوسوفیان نارد تا قەرزی (أبو مليح)ی خوشکەزای و قاریبی برازای عوروە لەو زێڕ و گەوهەرانە بدرێتەوە، ئەوسا هەرچی لی‌مایەوە بۆ ئەو و موغیرە.. ئەبوسوفیانیش زۆر بە چاکیی فەرمانەکەی ئەنجام دا و قەرزەکانی بژاردنەوە..[16]

ئەبوسوفیان بە راستیی و پاکیی ئیمانی هێنا و بووە جێ‌متمانەی پێغەمبەری خوا ρ کەچیی هێشتا دڵی ئارامی نەدەگرت، چونکە ساڵانی دژایەتیی ئیسلام، هێشتا لە مێشکی موسڵمانان‌دا نەشۆرابوونەوە و، هێشتا بە دیتن و تێکەڵیی ئەبوسوفیان باریان گران دەبوو.. ئەبوسوفیانیش کە هەستی بەمە دەکرد و، ناوچاوی دەخوێندنەوە زۆری پێ گران بوو.. لەبەر خۆیەوە بە یەکجاریی و بە چاکیی رووی لە خوا کردووە.. رۆژانی رابوردوو رۆیشتن و بڕانەوە.. زۆر بیری لەمە دەکردەوە .. دوای ماوەیەکی زۆر لە بیرکردنەوە چارەی دۆزییەوە.. بۆیە بە پەلە خۆی گەیاندە خزمەتی پێغەمبەری خوا ρ و، ئەویش پێشوازیی و بەخێر هاتنێکی گەرمی لی‌کرد و نزیکی خستەوە.

ئەبوسوفیان وتی: ئەی پێغەمبەری خوا! داوای سێ شتت لی‌دەکەم.

فەرمووی: بەڵێ.

وتی: (عزە)ی کچم کە چاك ترین و جوان ترین کچی عەرەبە لێت مارە بکەم.

فەرمووی: ( إنَّ ذلكَ لا يحلُّ لي ).

فەرمووی: ئەوە شەرع رێگەم نادات، چونکە ئوم حەبیبە: رەملەی کچی ئەبوسوفیان خێزانی بوو و نابێت لە یەك کاتدا دوو خوشك لە نیکاحی پیاوێکدا بن.

وتی: موعاویە بکەیتە نووسەر لە بەر دەستتدا.

فەرمووی: بەڵێ.

وتی: فەرمانیشم پێ بدەیت بۆ کوشتاری کافران وەك کوشتاری موسڵمانانم دەکرد.. فەرمووی: بەڵێ[17]

ئەبوسوفیان بەمە دڵخۆش بوو و تێگەیشت کە ئیسلام ئایینی هەموانە و هەموو کەسێك بۆی هەیە خزمەت بکا و پاداشت بەدەست بهێنێ و کەسێك نیە قەدەغەی بکات، بەڵکو مەرجی سەرەکیی راستیی و پاکیی دڵە لەگەڵ خوادا..

ئەوە بوو لە خزمەتی پێغەمبەری خوا ρ هەستا و، بەوپەڕی دڵ گوشادییەوە مژدەکەی بردەوە بۆ موعاویەی کوڕی کە بۆتە نووسەری وەحیی لەبەر دەستی پێغەمبەری خوادا ρ..

---

[16] مختصر السيرة ص 325.

[17] رواه مسلم.

✍✍✍✍✍✍✍✍✍

DO NOT COPY--ئەبوسوفیان

# موعـاویه و قوتابخانەی ئیسلام

موعاویه بووه نووسەری وەحیی و لە مەدینە نیشتەجێ بوو هەتا هەموو ساتێك لە بەردەستی پێغەمبەری خوادا ρ ئامادە بێت و هەر فەرمانێکی هەبوو بەوپەڕی ئیخلاصەوە بۆی ئەنجام بدات.. تا وەحی پیرۆز کە جیبریلی ئەمین ـ سەلامی لێبێـ دەی هێنێ خێرا ئەم بە تەڕ و پاراویی بی‌نووسێت.. تا دڵەکەی پڕ لە نوور و یەقینی ئیمان بێت.

ئەوەی کە زۆر بە لایەوە خۆش بوو ئەوە بوو زۆربەی ساتەکانی ژیانی لە لای دایکی ئیمانداران ئوم حەبیبەی خوشکی بەسەر بەرێت، تا ژیان لە سایەی سێبەری ماڵەکەی پێغەمبەری ئازیزیدا ρ بەسەر بەرێت.. دیسان پێی خۆش بوو لە مزگەوتدا لە نزیك پێغەمبەرەوە ρ دابنیشێت تا لە سەرچاوەی پێغەمبەرایەتییەوە دڵ و دەروون و ڕۆح و هەموو لەگیفهیەکی فێنك بکاتەوە و زانست و ئیمانی کامڵ بە دەست بهێنێ!

موعاویه کەوتە ژیانێکی تازەوە.. کەوتە ژیانێکەوە کە نایەوێ یەك ساتی لە کیس بچێت.. هەموو ئاواتێکی ئەوە بوو لە مزگەوتدا لە نزیك پێغەمبەری خۆشەویستەوە بێت تا لە زانست و ڕەوشتە بەرزەکانی، بە پێی توانی خۆی، وەربگرێت.. چونکە تەمەنێکی زۆری لە کیس چوو بوو و، زۆر بە حەیفی دەزانی ژیر و بەسەلیقەی وەك ئەو توانا و زیرەکیی خۆی لە دژایەتیی قورئاندا سەرف کردووە. ئیتر هەرچیی دەهاتە خزمەتی ئازیزی قەڵەمیشی پێ بوو و، بە دڵ و بە گیان چاوەڕوانی فەرمان بوو بۆ نووسینی وەحی..

ڕۆژێکیان موعاویه ئاگادار بوو کە پێغەمبەری خوا ρ دەچێتە ماڵی ئوم حەبیبەی خوشکی، ئەویش وای بە چاك زانیی کە بچێت بۆ ئەوێ و بە خزمەتی بگات.. لەو کاتەشدا عائیشەی دایکی ئیمانداران ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ ئاگادار بوو و چاوی لە موعاویه بوو کە بۆ ماڵی خوشکی ماوەی دەخواست و قەڵەمەکەشی بە پشتی گوێیەوە بوو.

کە تەقەی لە دەرگا دەدا ، دڵیشی ـ لە ترسی ئەوەی نەوەکو ماوەی نەدرێت ـ لێی دەدا ..

پێغەمبەر ρ فەرمووی : ( انقروا من هڏا ؟ ).

فەرمووی: بزانن کێیە؟ وتیان: موعاویه یە.

فەرمووی: ( إئذنوا لهُ )..

هاتە ژوورەوە و قەڵەمەکەشی بە پشتی گوێیەوە بوو . پێغەمبەر ρ فەرمووی: ( ما هڏا القلمُ علی أڏنك ، یا معاویه ؟ ).

وتی : ئەوە قەڵەمە بۆ خواو پێغەمبەرەکەیم ئامادە کردووە.

فەرمووی: (جَزاكَ اللهُ عَنْ نَبِيِّكَ خَيراً، واللهِ ما استكتبتُكَ إلا بِوَحيٍ مِنَ اللهِ). فەرمووی: خوا

## موعـاویەی كوڕی ئەبوســوفیـان ( 30 )

لە بری ئەو چاكەیەی كە بەرامبەر پێغەمبەرەكەت كردووتە پاداشتت بداتەوە. بەخوا بە وەحیی خوا كردوومی بە نووسەری خۆم..

كە پێغەمبەری خواρ ستایشی موعاویەی دەكرد، ئوم حەبیبەی خوشكی خەریك بوو لە خۆشیاندا باڵی دەگرتەوە. ئەمە ئەو ڕۆژەیە كە ئەو ئاواتی بۆ دەخواست. ئەمڕۆ لە كوێ، كە خێزانەكەی هەر هەموویان موسڵمان بوون و بوونەتە قوتابیی قوتابخانەی ئیسلام، لە چاو ئەو ڕۆژەدا كە ئەبوسوفیانی باوكی بە پەلە و هەڵەداوان خۆی گەیاندبووە مەدینە و كەسێ نەبوو پەنای بدات، هەتا ئوم حەبیبەی كچیشی نەیهێشت لەسەر فەرشەكەی پێغەمبەری خواρ دابنیشێت؟

بۆیە بە جوانیی گوێی بۆ پێغەمبەری ئازیز گرت كە فەرمووی: ( وما أفعل من صَغيرٍ ولا كبيرٍ إلا بوَحي مِنَ الله). فەرمووی: هەر كارێك ئەنجام بدەم چ گەورە و چ بچووك هەمووی بە فەرمانی خوایە. دیسان فەرمووی:

(كيفَ بِكَ لو قَمَّصَكَ الله قَميصاً ؟)) . فەرمووی: چۆنە ئەگەر خوا كارێكت پێ بسپێرێت؟

هەر كە ئەم وتەیە بەر گوێی ئوم حەبیبە كەوت، خێرا پرسیاری كرد: ئەی پێغەمبەری خوا! خوا كاری پێ دەسپێرێت؟.

فەرمووی: ( نَعَم ، ولكِن فيهِ هنات و هنّات ).

دای بەگوێیاندا كە لەوكارەیدا هەندێ كەم و كورتیی ڕوو دەدات. ئوم حەبیبە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ! لە خوای گەورە بۆی بپاڕێرەوە. پێغەمبەری خوا ρ هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز كردەوە و بۆ موعاویە پاڕایەوە كە فەرمووی:

( اللهمّ اهدهِ با لهدى ، وجنبه الردى، وأغفرله فى الآخرة والّولى ).[18] فەرمووی: خوایە! هیدایەتی بدە و، لە لادان و گومڕایی بیپارێزە و، لە دنیاش و لە قیامەتیشدا لێی خۆش ببە.

موعاویە كە ئەمەی بیست وای دەزانی بۆتە خاوەنی هەموو دنیا.. جا چی هەیە لە پاڕانەوەی پێغەمبەری ئازیز ρ بۆ موسڵمان چاكتر بێ؟

هەرچی كە پێغەمبەر ρ بانگی لە موعاویە بكردایە ئەوا خێرا لەبەر دەستیدا ئامادە دەبوو، جگە لە تاقە جارێك كە عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ دەیگێڕێتەوە و ئەڵێت: لەگەڵ منداڵاندا یاریم دەكرد و پێغەمبەری خوا ρ تەشریفی هێنا . وتم: بۆ من هاتووە، لەبەر ئەوە لەپشتی دەرگایەكەوە خۆم شاردەوە. هات و یەك دوو پێی نا بە ملم دا، پاشان فەرمووی: ( إذهبْ فادعُ لى مُعاويه ). فەرمووی : بڕۆ موعاویەم بۆ بانگ بكە..

ئەڵێت: منیش چووم و بانگم كرد بۆی و، وتیان: نان دەخوات. هاتمەوە خزمەتی پێغەمبەری خوا ρ و وتم: نان دەخوات. فەرمووی: ( إذهبْ فادعُهُ ).

فەرمووی: بڕۆ بانگی بكە..

---

[18] رواه الطبراني في الأوسط. انظر المجمع 356/9.

DO NOT COPY

بۆ دووهەم جار گەڕامەوە و وتیان: نان دەخوات. منیش هەواڵەکەم دایێ. لە سێهەم جاردا فەرمووی: ( لا أشبع الله بگنه ).[19] فەرمووی: خوا تێری نەکات.

موعاویە ئاگای لە بانگکردنەکە نەبوو، چونکە عەبدوڵڵا داوای دەکرد، دەیان وت نان دەخوا و ئاگاداریان نەدەکرد، تا واز لە نانەکەی بهێنێ و بە پەلە خۆی بگەیەنێتە خزمەتی ئازیزی. ئای کە پێی ناخۆش بوو کە بیستی بانگ کراوە و نەیزانیوە تا بە پەلە بڕوات!

ئەوەی ئەو لێی دەترسا دڵڕەنجان و تووڕەبوونی پێغەمبەری خوا بوو. بۆیە زۆر حەزی دەکرد کە لێی جوێ نەبێتەوە و، سەیری دەم و چاویشی دەکرد تا بزانێ گلەیی پێ نیە؟ بە شەو و بە ڕۆژ ئارامی نەبوو. هەتا بە ئومحەبیبەی خوشکی دەوت کە لە لای پێغەمبەردا ρ ناوی ببات، تا بزانێ ئایا لە دڵیدا هیچێك بەرامبەری هەیە؟! زۆر دەترسا لێی برەنجێ..

هەروا لەم دڵە تەپەیدا مایەوە هەتا ئەوە بوو شەوێکیان مژدەی ئەوەی بۆ هات کە پێغەمبەری خوا ρ دوعای خێری بۆ کردووە.

ئەوە بوو لەکاتی فەجردا عیرباچی کوڕی ساریە چووە ناو مزگەوتی پێغەمبەرەوە. کە پێغەمبەر ρ چاوی پێ کەوت فەرمووی: ( هَلُمَّ إلى الغداءِ المبارك ).

فەرمانی بەسەردا دا تا نان بخوات.

عیر باچ ـ خوا لێی رازیی بێ ـ ئەڵێت: پاشان گوێم لێی بوو فەرمووی: ( أللهُمَّ علِّم مُعاويةَ الكتابَ و الحِسابَ ، وَقِهِ العَذابَ ).[20]

فەرمووی : خوایە! موعاویە فێری قورئان و ژمێریاریی بکە و، لە سزای قیامەت بیپارێزە..

بۆ موعاویە روون بوویەوە کە پێغەمبەری خوا ρ لێی زیز نیە و داوای سەرفرازیی قیامەتیشی بۆ کردووە.. بەڵام هەموو جارێك فەرمایشتەکەی ئازیزی ρ دەهاتەوە یاد کە پێی فەرموو: ( كيفَ بِكَ لَوْ قَمَّصَكَ اللهُ قَمِيصاً؟ ) و لە خۆی دەپرسیی: ئایا ڕۆژێك دێت کاروباری موسڵمانانی پێ بسپێررێ؟

جا چۆن؟ ئەم گەنجێکە و، خەڵکی زۆریش بە خزمەت پێشی کەوتوون. بەڵام هەر چۆنێك بێت

---

[19] أخرجه مسلم عن ابن عباس. دوای فەرموودەی (( لاأشبع الله بطنه )) ئیمامی موسلیم فەرموودەیەکی تری هێناوە کە ئیمامی بوخارییش و هی تریش بە چەند ڕێگایەکێ لە کۆمەڵێکێ هاوەڵەوە ریوایەتیان کردووە کە پێغەمبەری خوا ρ فەرموویە: (( أللهم إنما أنا بشر فأيَّما عبد سببته أوجلدته أو دعوت عليه، وليس لذلك أهلاً، فاجعل ذلك كفارة وقربة تقربه بها عندك يوم القيامة)) .

دەفەرموێ: خوایە: من مرۆڤم، جا هەر بەندەیەکت من قسەم پێ وتبێ، یان جەلدم کردبێ، یان دوعام لێ کردبێ و ئەویش شایانی ئەوە نەبێت، ئەوا ئەوەی بۆ بکە بە کەفارەتی گوناهەکانی و مایەی نزیکێ کەوتنەوە لێت لە ڕۆژی قیامەت دا.

بەم شێوەیە ئیمامی موسلیم بە تێگەیشتنە فراوانەکەی خۆی ئەم فەرموودەیەی بە دوای فەرموودەی پێشوودا گێڕاوەتەوە تا بەرزیی و پایەداریی حەزرەتی موعاویە ـ خوا لێی رازیی بێ ـ دەربخات و زانایانیش پەسەندیان کردووە!!.

[20] أخرجه الإمام أحمد عن العرباض بن سارية ψ و البزار. انظر المجمع 356/9.

ئەوە بەڵێنی پێغەمبەرە ρ و، هەرچیش ئەو بیڵێت ڕاستە.. ئیتر چی لە پرسیار و سەرسوڕمان داوە؟ بەڵام داخۆ ئەو کەم و کورتییانە چی بن کە فەرمووی:

( نعم، ولكن فيه هنات و هنات )؟

حەزی دەکرد بیتوانیایە پرسیاری لەوە بکردایە، بەڵام ئەو شەرم دەکات چاو بەرز بکاتەوە و، ناتوانێ تێر سەیری دەم و چاوی بکات، ئیتر دەبێ چۆن بوێرێ ئەو پرسیارەی لیبکات؟

مەگەر لە کاتێکدا کە لە شوێنێك بە تەنیا بە خزمەتی بگات، بەڵام هێشتا ئایا دەوێرێ ئەو باسە لەبەر دەمیدا باس بکات؟

ئەم هەموو حەیاو شەرمە.. ئەم هەموو سام و هەیبەتە لە پێغەمبەری دڵ نەرم و پڕ لە شەفەقەت هەر هەمووی بەڵگەی ئیمانە و، بەڵگەی خۆشویستنی ئیسلامی بێگەردە!

خوای گەورە وای هێنایە پێش کە بە ئاسانیی ئەم گرفتەی موعاویە چارەسەر بکرێت..

ئەوە بوو هەموو ڕۆژێك ئەبوهورەیرە ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ ئاوی دەست نوێژی بۆ پێغەمبەری خواρ ئامادە دەکرد، کەچیی ڕۆژێکیان نەخۆش بوو و نەیتوانی کارەکەی ئەنجام بدات. کە موعاویە هەستی کرد ئەبوهورەیرە دیار نیە، بە پەلە ئاوی دەست نوێژی بۆ پێغەمبەری خوا ρ ئامادە کرد و، لەبەر سام و هەیبەتیش دڵی ترپ ترپ لێی دەدا..

ئاوی بە دەستی پیرۆزدا دەکرد و، باسەکەش بە دڵیدا دەهات و، لە هەمان کاتدا نەیدەزانی چۆن پرسیار بکات و چی بڵێت؟

دڵە نوورانییەکەی پێغەمبەری ئازیز ρ ئاگاداری ناو سنگی موعاویە بوو.. خوای پەروەردگار لە نیازی دڵی گەنجی خوێنگەرم و دڵ پڕ لە ئیخلاص ئاگاداری کرد، بۆیە بە وردیی سەرنجێکی باشی موعاویەی دا و، موعاویەش لە شەرم و هەیبەتدا سەری داخست و چاوی کلا کرد..

ئەم جار پێغەمبەری خوا ρ سەرنجی گرتەوە و، بە سزەردەخەنەوە پێی فەرموو:

( يا معاويه! إن وليت أمراً فاتق الله وأعدل )[21].

فەرمووی: موعاویە! ئەگەر کارێکت پێ سپێررا شەرمی خوا بکە و، بە عەدالەتیش بەڕێوەی بەرە.

شادمانیی ڕووی کردە دڵ و دەروونی موعاویە و، هەروا خەریکیش بوو ئاوی دەستنوێژی بە دەستی ئازیزدا دەکرد..

دیسان سەرنجێکی تری گرتەوە تا بۆ کاری گران و پڕ مەترسیی ئامۆژگارییەکی تری بکات، کە فەرمووی:

[21] أورده ابن كثير عن أبي يعلى في مسنده ، و إبن أبي الدنيا وإبن منده، و رواه الإمام أحمد عن روح عن عمرو بن يحيى عن جده. ورجاله ثقات..

DO NOT COPY-ئەبو یوسف

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان ( 30 )

( أمّا إنَّكَ ستلي أمرَ أُمَّتي بعدي، فإذا كانَ ذلكَ فاقبل عن مُحسنهم، وَ تجاوز عن مُسيئهم)[22].

فەرمووی: دوای من کاروباری ئوممەتەکەم دەکەوێتە دەستت. جا ئەگەر ئەوە بوو ئەوا چاوت لە موسڵمانان بێت: چاکەی چاکەکاریان وەربگرە و، لە خراپەی خراپکاریشیان چاوپۆشیی بکە.

کە موعاویە ئەم فەرمایشتەی بیست لەلای یەقین بوو کە بە کاروباری موسڵمانان تووشی تاقیکاریی دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا فەرمایشتی: «فیه هنات وهنات»ی هەر لەیاد بوو و، نەی دەزانی چۆن دوعایەکی لە ئازیزەوە بۆ بکرێت تا لەوەش رزگاری ببیَ و، دڵی بحەسێتەوە؟

ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانیی کرد.. تا ئەوە بوو دواتر دەستگیری بوو.. ئەوە بوو ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا ρ ، کە عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبوعومەیرەی بە لاوە بوو، بە موعاویەی فەرموو:

( أللهم اجعلهُ هادياً واهدِ به )[23].

فەرمووی: خوایە! بە هیدایەتدەری بگێڕە و ئادەمیانی پیَ هیدایەت بدە.

پێغەمبەری خوا ρ بە نووری پێغەمبەرایەتیی و بە سەلیقە و تێگەیشتنی ناوازەی موعاویەی وەها دەهاتە پێش چاو کە بۆ کاربەدەستیی خاوەنی لێهاتنێکی چاك بێت و، بۆ دوا ڕۆژ بتوانیَ خزمەتی موسڵمانان بکات و بیانحەسێنێتەوە، بۆیە ئامۆژگاریی دەکرد و لە هەمان کاتیشدا بۆی دەپاڕایەوە کە مایەی خێر و خۆشیی بێت بۆ ئیسلام و موسڵمانان. دیارە دوعای پێغەمبەری خواش ρ گیرابوونی مسۆگەرە و ئەمەش بەڵگەیە لەسەر هیدایەت و کاردروستیی موعاویە ـ خوا لێی ڕازیی بێت ـ .

کەچیی هاوەڵی خواناس و دونیانەویست و دڵسۆزی وەك ئەبوزەرری غیفاریی، کە ڕۆژێکیان داوای ئەمیریی دەکات، پێغەمبەری خوا ρ بۆ ئەو ڕازیی نابێت و بە سپاردەیەکی گرانی لە قەڵەم دەدات کە مایەی خەجاڵەتیی و پەشیمانیی ڕۆژی قیامەتە کە دەفەرمویَ:

( يا أباذر، إنك ضعيف، وإنها أمانه، وإنها يوم القيامه خزي وندامه إلا لمن أداها في حقها ).

دیارە ئەبوزەرریش بۆ کارێك هەڵ دەنیَ کە تیایدا سەرکەوتووە کە ئەویش بریتییە لە جیهاد و زوهد و دونیانەویستیی .. بەڵام بۆ موعاویە ئەو لایەنەی دەخاتە بەرچاو کە بۆی دەست دەدات، کە ئەویش بریتییە لە کاربەدەستیی، بەڵام با وریا بێت و تەقوا و عەداڵەتی لەیاد نەچن. دیارە کە دوعایشی بۆ دەکات ئەوە مسۆگەرکردنی تەقواش و عەداڵەتیشە!!

ئیتر بەلای موعاویەوە یەقین بوو کە ڕۆژێك لە ڕۆژان دەکەوێتە بەر تاقیکاریی هەڵسووڕاندنی کاروباری موسڵمانانەوە و، پێغەمبەری خواش ρ ئەوەی تیا بەدیی دەکات. بەمە توانا و لێهاتن و بەهێزیی و زیرەکیی موعاویە دەبێتە خێرێکی مەزن و بەسەر موسڵماناندا دەڕژێت..

[22] ابن كثير عن غالب القطان صدوق عن الحسن، ورواه الحسن.

[23] رواه الترمذي.

## موعــاویەی کوڕی ئەبوســوفیــان ( 30 )

زوهدی ئەبوزەڕ ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ لە زوهدی عیسای کوڕی مەریەم ـ سەلامی لێ بێت ـ دەچێت و، لێهاتنی موعاویەش ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ لە لێهاتنی سولەیمان ـ سەلامی لێ بێت ـ دەچێت.

بەڵێ، قوتابخانەکەی پێغەمبەری خوا ρ ئەو جۆرە پیاوانە پێ دەگەیەنێ کە ڕەفتاریان لە ڕەفتاری پێغەمبەران بچێت..

لێهاتنی سولەیمان پێغەمبەر ـ سەلامی لێ بێ ـ بە شێوەیەکە کە دوای داوای لێخۆشبوون داوای موڵك و دەسەڵاتێك دەکات کە دوای ئەو بە کەسی تری نەبەخشێت، تا ئەوە بوو خوای گەورە بای بۆ ڕام کرد تا بە فەرمانی ئەو هاتوچۆ بکات. هەروەها شەیاتینیشی بۆ ڕام تا بە فەرمانی ئەو کار بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە شاهێدیی بۆ دەدا کە لە تاقیکردنەوەی ئەم موڵك و دەسەڵاتەیدا بە چاکیی دەرچوو. لە هەمان کاتدا لێهاتنی ئەییوب پێغەمبەر ـ سەلامی لێ بێ ـ بەو جۆرە بوو کە لەسەر بەڵاو تاقیکاریی ئارام بگرێت و دڵەکەی هەردەم خەریکی ژیکری خوا بێت و، بەڵاو لێقەومان کار نەکاتە سەر ورەی بەرزی.

قوتابییەکانی پێغەمبەریش ρ لە هەموو نموونەیەکیان تێدا بوو و، لە هەموو بوارێکدا خەریکی خزمەت بوون ..

موعاویە ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ بە چاکیی شانی شل کرد بۆ پەروەردەی قورئانو، ڕەوشت و سیفەتە بەرزەکانی پێغەمبەری ρ وەردەگرتن، بە تایبەت دوای ئەوەی کە بیستی وا پێغەمبەری خوا ρ ستایشی ئەوانە دەکات کە خوا چاکی بۆ کردوون و لە زانستی شەریعەت شارەزای کردوون، کە دەی فەرموو:

( من یرد الله به خیراً یفقهه فی الدین، وإنما أنا قاسم ، والله عزوجل یعگی. ولن تزال هذه الآمه قائمة علی أمر الله لایچرهم من خالفهم حتی یأتی أمر الله )[24].

لە هەمان کاتیشدا ئەوەندە دنیای دەست کەوتووە ئیتر پێویست بەوە نەکات کە هەڵپەی بۆ بکات، چونکە ئەوە بوو لە دەستکەوتەکانی حونەین پێغەمبەری خوا ρ صەد وشتر و چل ئۆقیە زیوی بەش دا. دەی کەواتە وا چاکە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ρ خەریکی خزمەت بێت و لە هەموو بەزم و باوێکی نەفامییش خۆی ڕزگار بکات . لە هەمان کاتدا ئەوەی لە دڵدا سەلما کە نرخی ڕاستەقینەی مرۆڤ بریتیی نیە لە ستایشی خەڵکیی، بەڵکو بریتیە لەو پایەو پلەیە کە بە خواپەرستیی لای خوا دەستی دەکەوێت.

ئەوە بوو ڕۆژ بە ڕۆژ پەروەردەی نایابی سوننەت کاری لە دڵ و دەروونی دەکرد و، بەرەو کەماڵات دەکەوتە ڕێ.. جاران حەزی لە مەدح و ستایش بوو، بەڵام بە بیستنی فەرمایشتی ئازیزی

---

[24] رواه البخاري .

DO NOT COPY

: (إياكم و التمادح ، فإنه الذبح)[25]، بۆی دەركەوت كە ستايشی بێ جێ ئەوكەسە تووشی غروور و لەخۆبایی بوونێك دەكات وەك سەربڕینی وەهایە بۆی.

جاران زۆری پێخۆش بوو لە بەر ڕێزلێگرتنی خەڵك بە پێوە بۆی بووەستن.. كەچیی دوای شارەزابوون نەیدەهێشت هیچ كەس بە پێوە بۆی بوەستێت، كە ئەوانیش بە سەر سوورمانەوە لە هۆی ئەمە پرسیاریان لیءەكرد پێی دەوتن: لە پێغەمبەری خوا ρ بیستووە كە دەیفەرموو: ((مَن سَرَّهُ أن يَتمثَّلَ لهُ الرجالُ قياماً فَلْيَتبوَّأ مَقعَدهُ مِنَ النار))[26].

موعاویە بە كۆمەكیی و پشتیوانیی خوای گەورە وازی لە هەموو كارێكی نەگونجاو هێنا و بە پێی توانا دەستی دایە جێ بەجێكردنی فەرمانەكانی ئیسلام، ئەمەش بە گوێڕایەڵیی كردن بۆ ئەم فەرموودە پیرۆزە كە دەفەرموێ:( ما نَهَيْتُكم عنهُ فاجتنِبوهُ، وما أمَرْتُكم بِهِ فأتوا مِنهُ ما استطعْتُم ).بەمە خۆی لە هەموو ڕەفتارێكی نەفامیی لادا و، خۆی لێیان پاك كردەوە و، پاشان دەستی دایە كردەوەی چاك و خواپەرستیی تا تەزكیەی دەروونی بكات، چونكە خوای گەورە كاری پاكی دەوێ و، هەرچییش پاك نەبێت وەری ناگرێت.. بە تایبەت كە بیستبووی وا پێغەمبەری خواρ كردەوەی ئادەمیزادی شوبهاندووە بە دەفرێك كە ئەگەر ژێرەوەی پاك و بەكەڵك بێت ئەوا سەرەوەشی پاك و بەكەڵكە ، ئەگینا بە پێچەوانەوە كە فەرموویە: ( إنما الأعمال كالوعاءِ. إذا گاب أسفلهُ گاب أعلاهُ ، وإذا فسد أسفلهُ فسد أعلاهُ)[27].

ڕۆژێكیان موعاویە لە ماڵ هاتە دەرەوە و ڕووی لە مزگەوت نا، تا بە دڵ و دەروونێكی هێمن و ئاسوودەوە لەگەڵ براكانیدا ژیكری خوا بكەن و پەروەردەی خۆیان بكەن. لەو كاتەدا پێغەمبەری خوا ρ هاتە دەرەوە ناویان و لێی پرسیین: « ما يُجلِسُكم؟». فەرمووی: بۆچیی دانیشتوون؟

وتیان: بۆ ژیكر و سوپاسی ئەو خوایە دانیشتووین كە بۆ سەر ئیسلام هیدایەتی داین و، بەو منەتباری كردین.

فەرمووی: « آللهِ ما أجلَسَكُم إلا ذاكَ؟ ». فەرمووی : سوێند بە خوا تەنها بۆ ئەوە دانیشتوون؟

وتیان : سوێند بە خوا تەنها بۆ ئەوە دانیشتووین. فەرمووی « أما إني لم أستحلِفكُم تُهمةً لَكُم، إنه أتاني جبريلُ وأخبَرني أنَّ اللهَ يُباهي بِكُم مَلائكتَهُ »[28].

فەرمووی : لەبەر ئەوە سوێندم نەدان كە بڕواتان پێ نەكەم . بەڵكو ئەوە بوو جیبریل هاتە لام و هەواڵی دامێ كە خوا بە ئێوەوە شانازیی بەسەر مەلائیكەتەكانیدا دەكات.

---

[25] سنن ابن ماجه، أخرجه عن معاوية بن أبي سفيان ص 1232 . رقم الحديث 3743، وهو حديث حسن..

[26] حديث حسن . سنن الترمذي عن معاوية رقم 2903.

[27] سنن الترمذي أخرجه عن معاوية بن أبي سفيان، أبواب الدعوات. و قال: حديث حسن غريب.

[28] سنن الترمذي أخرجه عن معاوية بن أبي سفيان، أبواب الدعوات. و قال : حديث حسن غريب.

موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان

# ڕۆژی پاڵەوانێتیی

پێغەمبەری خوا ρ كاری سەرشانی بە چاكترین شێوە ئەنجام دا و، تەشریفی بۆ خزمەتی پەروەردگار بردەوە و، ئەوپەڕی ڕەزامەندیی لە هاوەڵان دەربڕیی كە یەكێ لەوانە موعاویە بوو.. دوای كۆچی دوایی ئازیز ρ ئەبوبەكری صددیق ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ بووە خەلیفەی موسڵمانان و، دوای تێك شكاندنی هێزو لەشكری پاشگەزبووەكان، لەشكری موسڵمانانی بەرەو سنووری دەوڵەتی ئیسلامیی خستە ڕێ، تا كەتیبە خواناسەكان بە پێی فەرمانی قورئان ئیسلام بڵاو بكەنەوە و، ئادەمىیەكان لە سزای دۆزەخ لا پێ بدەن.

دانیشتوانی مەككەش كە ساڵەهای ساڵ بوو دژایەتیی بانگی قورئانیان دەكرد و ، كە دوای فەتحی مەككە موسڵمان بوو بوون، بە ئاواتەوە بوون بچنە مەیدانی كافرانەوە و بەوپەڕی غیرەتەوە بەرگریی لە ئیسلام بكەن و لە ڕماندنی قەڵای فەساد و بێڕەوشتییدا بەشداریی بكەن.. دیارە ئەو ڕۆژە ئەبوسوفیان چوو بوو بە ساڵدا و ئەگەرچیی توانای بەشداریی جیهادی هەبوو، بەڵام توانای سەركردایەتیی و فەرماندایەتیی نەمابوو، بۆیە صددیقی ئەكبەر ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ یەزیدی كوڕی ئەبوسوفیانی هەڵبژارد و كردییە فەرماندەی بەشێك لە سوپای ئیسلام و فەتح كردنی دیمەشقی پایتەختی شامی خستە ئەستۆی.

سوپا كەوتە ڕێ و، خەلیفەش بە پێی خۆی كەوتە گەل یەزیدی ئەمیری سوپا كە سواری وڵاغەكەی بوو بوو و، تا دەرەوەی مەدینە بەڕێی كرد.. یەزید شەرمەزار دەبوو خەلیفە بەپێ ڕێی دەبڕیی، بۆیە وتی:

یا تۆش سوار دەبی، یان منیش دادەبەزم.

وەڵامی دایەوە: نە من سوار دەبم و نە تۆش دادەبەزیی. من لەبری ئەم هەنگاوانەم لە پێناوی خوادا پاداشتم لە خوا دەوێت. پاشان بە ئامۆژگارییەكی كاریگەر ئاگاداری كردەوە و، تێی گەیاند كە بەم كاربەدەستییەی تاقیی كردۆتەوە و، دەیەوێ بیناسێت، جا ئەگەر چاكی كرد ئەوا بۆی زیاد دەكات و گەر خراپەشی ئەنجام دا ئەوا لە كاری دەخات.[29]

هەروەها فەرمانی بەسەردا دا تا تەقواو شەرمی خوای بەلاوە بێت و دیوی ناوەوەشی وەك دیوی دەرەوەی بێت و، واز لە بەزم و باوی نەفامیی بهێنێ و، لەگەڵ سەربازەكانیدا نەرم و نیان و ڕووخۆش بێت. كاتێكیش كە دوژمن نوێنەری ناردنە لای با زۆر نەمێننەوە و جگە لە خۆی كەس وت و وێژیان لەگەڵ نەكات، تا لە نهێنیی سەربازخانەكەی شارەزا نەبن.. هەروەها با

[29] حياة الصحابة ج2 ص118.

DO NOT COPY

پاسەوانی زۆر بۆ سوپای ئیسلام دابنێت. لەکاتی هێرشکردنیشدا کە تووشی کەسانێك دەبن لە پەرستگاکانیاندا خەریکی خواپەرستیین با لێیان بگەڕێن و لێیان تێك نەدەن.[30]

ئەبوسوفیان شانازیی پێوە دەکرد کە ببێتە سەربازێکی لەشکری خواناسیی و بەرەو جیهاد بکەوێتە ڕێ، چونکە مادام ئاڵا بە دەست یەزیدەوە بێت، ئەوا وا دەزانێ وا بە دەستی خۆیەوە و، لەسەر ئەم کارچاکیەیەش سوپاسی صددیقی کردو دوعای خێریشی بۆ کرد کە ئەمە بەجێ هێنانی سیلەی ڕەحم بوو ئەو ئەنجامی دا..

ئەبوسوفیان گەشەکردن وپەرەسەندنی دەوڵەتی ئیسلامی بە چاوی خۆی دەدیی کە ئەبوبەکر سەرکردەی باڵای بوو و، لە کاتێكدا کە گەورە پیاوانی قورەیشیش بوو بوونە سەربازی دڵسۆزی ئیسلام و لە ژێر بەیداخی یەزیدی کوڕیدا ڕیزیان بەستبوو و چاوەڕوانی فەرمان بوون تا لە بڵاوکردنەوە و گەیاندی ئیسلامدا خزمەتیان هەبێت.. ئەمڕۆ ڕۆژی کردەوەی چاکە تا بۆ قیامەتی پاشەکەوت بکەن.. کافرانیش وە نەبێ دەستەپاچە دانیشتبن و هیچیان پێ نەکرابێ.. ئەوان چونکە خاوەنی ئیمپراتۆریەتی تەمەن درێژ و، وڵاتی بەربلاو و، پارە و سامانی یەکجار زۆر بوون، بە ئاسانیی دەیان توانی خەڵکێکی زۆر فریو بدەن و، سوپایەکی یەکجار گەورەیان لێ‌ئێك بهێنن و، هەر وڵاتێکیان بوێ بە ئاسانیی بێشێلن و بیکەن بە ژێر پێوە.. بۆیە کە ڕۆمەکان لەشکری خواناسیان دیت وا گەشە دەکات و ، بەرەو باکوور هەڵمەت دەبات و، وەك بیروباوەڕێکی بێگەرد گەشەدەکات، وایان بە چاك زانی لەشکرێکی یەکجار گەورەی بۆ ئامادە بکەن تا بە یەکجاریی لەشکری بچووکی کەم تفاق و کەم چەك بهاڕێت..

لەشکری ملهوڕ بەرەو لەشکری ئیسلام بەرەو خوار دەهات.. خێرا سەرکردەکانی ئیسلامیش : یەزید و شورەحبیل و عەمر و خالید و ئەبوعوبەیدە کۆبوونەوە تا تەگبیری ئەو هەڵوێستە پڕمەترسییە بکەن..

ئەم هەواڵە بە ئەبوسوفیانیش گەیشت.. ئەویش دڵسۆزانە بەغیرەتی ئیمانداریکی دامەزراوەوە بەرەو سەرکردەکان کەوتە ڕێ، تا بە هەموویانەوە نەخشەیەکی بەهێز بۆ ئەم هێرشە دڕندانەی ڕۆم دابنێن، کە گەورەترین مەترسییە لەسەر دەوڵەتی نەونەمامی ئیسلام..

سەرکردەکان بەخێرهاتنێکی گەرمیان لێ‌کرد و ئەمیش ئەم ڕاجوانەی دەربڕیی کە: سوپای ئیسلام بکرێت بە سێ بەشەوە. بەشی یەکەمی لەبەر دەم ڕۆمدا بوەستێ و، بەشی دووهەمیش بارو کەل و پەل و ژن و منداڵی لەگەڵدا بێت و، بەشی سێهەمیش لەژێر فەرماندەیەتیی خالددا لە دواوە بوەستێ..

هەردوو سوپا لە یەك نزیك کەوتنەوە.. دەستیان لە یەك گیر بوو.. بەڵام سوپای ڕۆم چەند قاتی چەند قاتی سوپای موسڵمانان بوو.. بۆیە پێویست بوو سۆزی موسڵمانەکان بجوولێنرێت تا ورەیان بەرز تر بێتەوە.. پێویست بوو دڵیان گەرم بکرێت بە شێوەیەك کە هەرچی هێز و توانایەکیان هەیە

---

30 الكامل في التأريخ لإبن الأثير.

بخرێتە کار. بۆ ئەمە هەندێ لە سەرکردەکان دەستیان بە وتاردان کرد و، ئەبوسوفیانیش وەك پیاوماقوڵێکی دنیا دیدە و خاوەن تاقیکاریی وتارێکی بۆ سوپای هاوەڵان دا.. سەیری کرد وا چل هەزار کەس لەژێر بەیداخی قورئاندا بە دڵسۆزانە و بە یەك ریز وەستاون... ڕووی تێ کردن و پێی وتن:

*ئەی کۆمەڵی موسڵمانان! ئێوەی عەرەب وا گەیشتوونەتە خاکی عەجەم و، لە کەس‌وکار بڕاون و، لە ئەمیری ئیمانداران و کۆمەکیی موسڵمانانیش دوور کەوتوونەتەوە..*

*بەخوا ئەمڕۆ ئێوە ڕوو بە ڕووی دوژمنێك بوونەتەوە کە ژمارەی زۆرە و، ڕقیشی لێتان یەکجار زۆرە..*

دوای ئەوە تێی گەیاندن کە دوژمن وا لە وڵاتی خۆی دا و لە ناو ژن و منداڵ و کەس وکاریدا و، ڕزگاربوون لە دەست ئەمانە و، ڕازیی کردنی خواش لە قیامەتدا تەنها بە ڕاستکردن و ئارام گرتن لە کات و شوێنی ناهەمواردا دەبێت.. چونکە بیابان و چۆڵەوانییەك وا لە دوای موسڵمانانەوە کە بە ئارام‌گرتن نەبێت بەکەس نابڕێت. بۆیە پێویستە شمشێرەکانیان بکەنە سەنگەر و قەڵا بۆ خۆیان.

دوای ئەوەی سەرێکی لە کۆمەڵی ئافرەتان دا و ئامۆژگاریی ئەوانیشی بۆ دامەزراویی کرد و، پاشان گەڕایەوە و، ڕووی لە موسڵمانەکان کرد و بە دەنگی بەرز وتی:

*ئەی ئەهلی ئیسلام! ئەوەی کە دەیبینن وا هاتۆتە پێش .. جا وا پێغەمبەری خوا ρ و بەهەشت وان لە پێشتانەوە و، شەیتان و دۆزەخیش بە دواتانەوە.*[31]

ئەو ڕۆژە موعاویەش سەربازێك بوو لە سەربازە بەغیرەتەکانی سوپای ئیسلام و، یەکەم جاری بووخۆی ئامادەی جەنگی ڕۆم دەکرد.. دڵیشی بەوە خۆش بوو کە یەزیدی برای سەرکردەی بەشێکی سوپای ئیمان بوو .. هەستی دەکرد دڵی زۆر ئاسوودەیە.. تاسە و شەوقێکی زۆری پێ بوو، هەرچەندە جەنگێکی یەکجار خوێناویی و، پڕمەترسیی بوو.. ئەمڕۆ هەستی بە بوونی ڕاستەقینەی خۆی دەکرد و، دەشیزانی لە پێناوی چیدا دەجەنگێ و، بەمە ئاواتی دڵی دەهاتە دیی.. لەوە ڕزگاریی بوو کە جاران لە قووڵایی دڵیدا ئیمانی هێنا بوو، کەچیی لە ترسی دایك و باوکی نەی دەوێرا ئیمانەکەی ئاشکرا بکات. ئەو ڕۆژە دایکی هەڕەشەی مەسرەف نەکێشانی لێ‌دەکرد و باوکیشی بە سووکیی تەماشای دەکرد لەبەر ئەوەی وەك یەزیدی برای لەسەر ئایینی باوباپیری نەماوەتەوە.. ئەو ڕۆژە ڕۆیشت و، ئێستە سوپاس بۆ خوا ڕۆژێکی نوێی لێ‌ئەوەتەوە کە دەبینێ وا باوکی و دایکی و هەموو براکانی سەربازی ڕێبازی خوان..

ئەوەی کە زیاتر دڵی موعاویەی خۆش دەکرد وتارەکەی باوکی بوو کە بە تەواوەتیی لە تێگەیشتنێکی ئیسلامیی ڕەسەنەوە هەڵقوڵا بوو و، بە یەکجارییش دەستی لە بتەکانی قوڕەیش

---

[31] البداية و النهاية لابن كثير ج 7 ص 9.

DO NOT COPY-ئێبوسوفیان

شۆڕدبوو. جاران کە بەرامبەر بە موسڵمانەکان دەوەستا شانازیی بە (هوبەل) و(عوززا) وە دەکرد.. کەچیی ئەمڕۆ لەبەردەم ڕۆمدا پاڵەوانانە وەستاوە و بەرچاوی موسڵمانان بەم وتە جوانەی ڕۆشن دەکاتەوە کە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ρ و بەهەشت وان لە پێشتانەوە و، شەیتان دۆزەخیش بە دواتانەوە.

ئەبوسوفیان هێشتا دڵی بەمەش ئاوی نەدەخواردەوە، بەڵکو هەرچی بیری لە هەڵوێستی خۆی دەکردەوە چۆن دژی پێغەمبەری خوا ρ دەوەستاو لەگەڵ موسڵماناندا دەجەنگی، ئەوا زیاتر باوەشی بە ئیسلامدا دەکرد و، پێی خۆش بوو لە پێناوی ئیسلامدا شەهیدیی پێ ببەخشرێ، تا بەشکوم بەمە گوناهەکانی لەسەر لاچن و پاك ببێتەوە.. بۆ ئەمە سەری لە یەك بە یەکی بەشەکانی سوپای ئیسلام دەدا و وتاری بۆ دەدان و ئامۆژگاریی دەکردن و دەی وت: ((اللە، اللە ، إنکُم ژادە العرِبِ وأنصارُ الإسلام، وإنهم ژادُه الرومِ وأنصارُ الشرك. اللهم إنَّ هژا یومٌ مِن أیَّامِكَ اللهم أنزِل نصرِكَ علی عبادك ))[32] .

جەنگ دەستی پێ کرد، بەڵام چۆن جەنگێك .. هێز ودەسەڵاتی سوپای ڕۆمیش گاڵتەی پێ نەدەکرا.. جەنگێکی یەکجار خوێناویی ڕووی دا.. ئەبوسوفیانیش لە تاو هێزی کەمی موسڵمانان و سوپای ملهوڕی ڕۆمدا ئۆقرەی نەدەگرت، بە هەموو لایەکدا هەڵمەتی دەدا و غیرەتی دەخستە بەر جەنگاوەران تا هەموو هێز و وزەیەکیان بخەنە کار و جێ بە دوژمن لێژ بکەن.. کەچیی ئەمەش کاری نەدەکردە هێزی لەشکری بێ شوماری ڕۆم .. بۆیە جەنگی ناهەموار عەمری کوڕی عاصی ناچار کرد ئەوەندە بەرەو دواوە پاشەکشێ بکات هەتا گەیشتەوە لای ژن و منداڵەکان، هەروەها شورەحبیلی کوڕی حوسنە و هاوەڵانیشی تەنگیان پێ هەڵ چنرا..

موسڵمانان لە هەڵوێستێکی پڕمەترسییدا بوون. ڕۆم تەنگی پێ هەڵ چنی بوون.. لە ناکاو دەنگێکی خۆش ئاواز بەرگوێیان کەوت.. دەنگێکی پڕ سۆز و شەفەقەت قورئانی پیرۆزی بۆ دەخوێندن.. بە دەنگی بەرز ئەو دەشت و دەرە بە دەنگی قورئان پاراو بوو بوو.. دڵەکان فێنك بوونەوە.. کە چاك گوێیان گرت، بۆیان دەرکەوت باسی جیهادە.. باسی موعامەلەیەکی نێوان خوای پەروەردگار و بەندەکانیەتی کە سەر وماڵیان بە پەروەردگار فرۆشتووە و، ئەویش بەڵێنی بەهەشتی پێداون:

 إن اللە اشتری من المؤمنین أنفسهم وأموالهم بأن لهم الجنه یقاتلون فی سبیل اللە فیقتلون و یقتلون وعداً علیه حقاً فی التوراه وا لإنجیل والقرئن ، ومن أوفی بعهدە من اللە، فاستبشروا ببیعکم الژی بایعتم بە، و ژلك هو الفوز العقیم .

کە ئەبوسوفیان پاشەکشێی موسڵمانانی دیی ترسی لیءنیشت.. ترسا یەزیدی کوڕیشی پاشەکشێ بکات و دوژمنی کافر بنیشێتە سەری، بەمە سەرشۆڕی دنیا و قیامەت ببێ.. بۆیە

---

[32] البدایة و النهایة لإبن کثیر ج7 ص9.

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

بەرەو یەزید کەوتە ڕێ.. خۆی کرد بە ناو ڕیزی موسڵمانەکاندا هەتا گەیشتە لای و دەستی بە ئامۆژگاریی کرد:

*کوڕەکەم! لەسەرت پێویستە دەست بە تەقوا و صەبرەوە بگریت.. چونکە هەرچی موسڵمان لەم شێوەدا هەیە جەنگ و کوشتار دەوریان داوە. ئیتر دەبێ تۆ و هاوڕێنەت کە کاروباری موسڵمانانیان پێ سپێرراوە چۆن بن؟ ئێوە لە هەموو کەس زیاتر شایانی ئارام و ئامۆژگاریی کردنن. جا کوڕەکەم! تەقوای خوات لە دڵدا بێت و، نەهێڵی هیچ هاوەڵێکت لە تۆ زیاتر حەزی لە ئەجرو پاداشت و ئارام لە جەنگدا بێت و، لە تۆ بە جەرگتر و ئازاتر بێت بەرامبەر بە دوژمنانی ئیسلام.*[33]

بەمە یەزید ئەوپەڕی بەختەوەریی ڕووی تێ دەکرد کە دەیبینی وا باوکی خوای بیردەخاتەوە و پێی خۆشە بەغیرەت و دەمەزراو بێت.. ئیتر دوای دامەزران و ورە بەرزبوونەوەی دڵی باوکی خۆش دەکرد و وەڵامی دەدایەوە: إن شاء الله وا دەکەم ..

یەزید خوا کۆمەکیی کرد و بەو شێوەی کە باوکی دەیویست بە دامەزراویی مایەوە و، لە شوێنی خۆیەوە ، کە لە ناو جەرگەدا بوو، کوشتارێکی چاکی کرد..

خەڵکەکە بەکافر و موسڵمانەوە هەر هەموو سەرگەرمی جەنگ و کوشتار بوون.. هەمووی بێ دەنگ خەریکی هەڵمەت بوو.. تەنها دەنگی شمشێرەکان و کەوتن و هەڵسانەوەی خەڵکەکە دەهات..

موسەییەبی باوکی سەعید ئەڵێت: ڕۆژی جەنگی یەرمووك دنیا کش و مات بوو، لە ناکاو دەنگێکمان بەرگوێ کەوت کە خەریك بوو بگاتە ئەم سەرو ئەوسەری سەربازگەکە و دەیوت: ئەی سەرکەوتنی خوا نزیك بەرەوە.. دامەزراویی ، دامەزراویی ئەی کۆمەڵی موسڵمانان.. ئەڵێت: کە سەیرمان کرد دەبینین ئەبوسوفیانی کوڕی حەربە ـ هەزاران جار خوا لێی ڕازیی بێ ـ لە ژێر بەیداخەکەی یەزیدی کوڕیدا وەستاوە.[34]

کاتێك کە ئەبوسوفیان ویستی مەدینە بەجێ بهێڵێ و بکەوێتە گەڵ سوپای ڕزگاریخوازی ئیسلامەو، خوا حافیزیی لە خەلیفەی مەزن ئەبوبەکری صدديق کرد، خەلیفە وەعدی پێ دا کە ئەگەر خوای گەورە ئاسانی بکات و شاری دیمەشق بە دەستی موسڵمانان فەتح بکرێت ئەوا فەرماندەیەتیی ئەو شارە بە یەزیدی کوڕی دەسپێررێت.

ئەوە بوو سوپای سەرکەوتووی موسڵمانان گەیشتە شاری دیمەشق و لە هەموو قوژێکەوە دەوری گیرا.. بەشی یەزید و سوپاکەشی گەمارۆی دەرگای (الجابیه الصغیر) بوو. لە ئەنجامدا شار فەتح کرا و یەزیدیش کرایە یەکەم ئەمیری موسڵمان بەسەر دیمەشقەوە..

---

[33] البداية و النهاية ج7 ص9.

[34] هەمان سەرچاوە ل14.

DO NOT COPY-ئەبوسوفیان

سەزید ـ خوا لێی رازیی بێ ـ زۆر ژیر و وریا بوو، بۆیە بێخەم پاڵی لێ‌عندادایەوە، چونکە دەیزانی هێشتا دەور و بەرەکەی فتووحاتی ئیسلامی پێ نەگەیشتووە و لەوانەیە هێرش بکەنە سەری. بۆ ئەم مەبەستە بە سریەیەکەوە (دحیەی کوڕی خەلیفەی کەلبیی) بەرەو تەدمور نارد تا کاروباری ئامادە بکەن.. هەروەها ( أبوالزهراو القشیری) بۆ (البپنیە) و (حوران) نارد و لەگەڵ دانیشتواندا رێك کەوت. ئیتر ئەوە بوو دوای شاری دیمەشق ، کە بە دەستی خالید بە رێك کەوتن فەتح کرا، هەموو شارەکانی تری شام بە رێككەوتن بە دەستی یەزید و شورەحبیل و ئەبوعوبەیدە فەتح کران. [35]

سەرکردەو گەورە پیاوانی رۆم کە ماوا و مەنزڵیان دیمەشق بوو، داڵإ و خەفەت بە جەرگیان دەگەیشت کە بیریان لە فەتح کردنی دیمەشق لەلایەن موسڵمانانەوە دەکردەوە.. هەموو بە جارێك پەنجەی پەشیمانیان دەگەست..

چۆن ئەو هەمووە شارانەی شامیان لەکیس چوو؟! ئەوە بوو دوای فەتحی دیمەشق خالید بە خۆی و سوپاکەیەوە بەرەو حیمص کەوتە رێ تا فەتحی بکات و دیمەشقی بە سوپایەکی کەمەوە بە دەستی یەزید سپارد..

( توزرا )ی سەرکردەی سوپای رۆم لە هەموو کەس زیاتر داڵإ لە دڵی لەدەست چوونی دیمەشق بوو.. بۆیە بە وردیی بیری دەکردەوە و نەخشەی دەکێشا کە چۆن دیمەشقی دەست بکەوێتەوە.. کە سەرنجی دا وا خالید بە بەشێکی زۆر لە سوپاکەیەوە دیمەشقی بەجێ هێشت و یەزیدیش سوپایەکی کەمی لە لاماوە و لەوانەیە بەرگریی لە دیمەشقی پێ نەکرێت. بۆیە (توزرا) وای بە چاك زانیی هێرش بکاتە سەر دیمەشق و داگیری بکات و سەربازگەکەی تێك بشکێنێ.. بەڵام وەنەبیعەزیدی خواناس خەوتبێ و، حیسابی بۆ کاری وەها ناخلۆفیی نەکردبێ.. هەر ئەوە بوو هەواڵی نیازخراپی (توزرا)ی بیست خێرا خالیدی ئاگادار کرد کەوا رۆم نیازی دیمەشقیان هەیە..

هەلێکی چاك بۆ سوپای موسڵمانان هەڵ کەوت تا بۆ هەموو دنیای بسەلمێنن هیچ هێز و کومەڵێك توانای نیە لەبەردەم سوپای رزگاریخوازی ئیسلامدا بووەستێ و، هەموو نیازێکی خراپیش بە ئەنجامی خۆی دەگات..

خالید کە ئەمەی بیست گەڕایەوە و یەزیدیش پاڵەوانانە لە شار دەرچوو و رووی لە سوپای رۆم نا.. یەزید لە پێشەوە و خالید لە دواوە سوپای هیچ و پووچی شەیتانیان تەفر و توونا کرد و، مەگەر هەڵاتوویەك ئەگینا تاقیان دەر نەچوو. و خالیدیش ( توزرا )ی کوشت و سامانێکی زۆری رۆم کەوتە دەست خالید و یەزید و، هەردووکیان بەشیان کردو، یەزید گەڕایەوە بۆ دیمەشق و، خالیدیش رووی لە ئەبوعویەیدە نا . [36]

هێشتا موعاویە سەربازێکی دڵسۆز و بەوەفای قورئانە و، هیچ کاروبارێکی پێ نەسپێراوە و،

---

[35] هەمان سەرچاوە لـ24.

[36] البدایة و النهایة ج7 ص52.

موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان

## موعــاویەی کوڕی ئەبوســوفیــان (30)

سەردەمیش سەردەمی خەلافەتی فاررووقی ئەعقەمە ـ خوا لێی رازیی بێ ـ کە هەمیشە گوێقوڵاڵ بوو تا دەنگ وباسی ئیخلاص و ئازایەتیی و تەقوای گەنجێکی لێهاتووی بەرگوێ بکەوێ و، خێرا کارێکی گرنگی موسڵمانانی پێ بسپێرێ و، ئەو لێهاتن و جوامێریی و پیاوچاکێیەی بۆ ئیسلام بەکاربهێنرێت..

جا موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان ـ خوا لێیان رازیی بێت ـ یەکێك بوو لەو گەنجە خوێن گەرمانەی کە هیوای خزمەت و چاکەیان پێدەکرا.. دیارە خەلیفە عومەریش ـ خوا لێی رازیی بێـ کەسێکی وەها خاوەن تەقواو ژیر و بلیمەتی لێ‌ون نابێت، دوای ئەوەی کە بە چاوی خۆی دیی وا پێغەمبەری خواρ ئەوەندە متمانەی پێ دەکرد تا کردیيە نووسەری وەحیی لەبەر دەستیدا..

ئەوە بوو بە شێوەی تاقییکردنەوە بۆ کارێکی گرنگ هەڵی بژارد و ئەم نامەیەشی بۆ نووسیی:

((أما بعد: وا کاروباری قیسارییەم سپارد پێت و، تۆش بەرەو ئەوێ رێك بکەوە، داوای سەرکەوتن بەسەریاندا لە خوا بکەو، ئەم ویردەش زۆر دووبارە بڵێرەوە: ( لاحول ولاقوە إلا بالله العلی العظيم . الله ربنا وثقتنا ورجاؤنا و مولانا فنعم المولی ونعم النصير ).[37]

نووسینی ئەم نامەیە بۆ گەنجێکی وەك موعاویە شتێکی زۆر پێویست بوو، تا ئاگاداری خۆی بێت و پشت و پەنای هەر بە خوا بێت و لە یادی نەچێت کە سەرکەوتن تەنها بە دەستی خوایە ، چونکە ئەگەر فەرماندەی ئیماندار ئەمە لە دڵیدا جێگیر نەبێت ئەوا مەترسیی ئەوەی لێ‌دەکرێت کە لە کاتی سەرکەوتندا لە خۆی بایی ببێ و، لە کاتی ژێرکەوتن و شکانیشدا ورەی بڕووخێ و دەست لە خۆی بشوات. بە تایبەت بۆ کەسێك کە یەکەم جاری بێت فەرماندەیەتیی پێ بسپێرێت.

موعاویە فەرمانەکەی خەلیفەی مەزنی وەرگرت .. پێویستە بەرەو قیسارییە بکەوێتە رێ.. دەبێ لە یادی نەچێت کە داوای سەرکەوتن لە خوا بکات، چونکە سەرکەوتن بە دەستی پەروەردگارە.. دەبێ ویردە مەزنەکەشی لە یاد نەچێت.. بەڵێ زۆری وتەوە.. ئەوەندەی دووبارە کردەوە تا کاری لەسەر هەموو ئەندامانی کردو هێرشێکی پاڵەوانانەی کردە سەر قیسارییەو بە توندیی گەمارۆی دا. بەڵام چونکە دانیشتوانی ورەیان بەرز بوو چەند جارێك هێرشیان کردە سەر موسڵمانەکان و جەنگی خوێناوییش روویان دا. کە ئەوە بوو دوا هێرشیان کە زۆر سەخت بوو و، زەویی هاتبووە لەرزە، خەریك بوو موسڵمانەکان تێك بشکێن، ئەگەر دامەزراویی و ورە بەرزیی و نەخشە رەنگینیی موعاویەی سەرکردە نەبوایە و، مەردانە نەچوایەتە بەردەم پاڵەوانە جەنگاوەرەکانیان و تێکی نەشکاندبانایە.

ئەم دان بە خۆدا گرتنەی سەرکردە بووە مایەی ورە رووخانی دوژمن و، بەرەبەرە دەستیان بە پاشە کشێ کردو، موسڵمانەکانیش بە شمشێر کەوتنە سەریان و کوشتارێکی چاکیان لێ‌کردن و، بە یەکجاریی سەری شەیتانیان شۆڕ کردو، ئەهلی ئیمان دڵیان نەخۆش بوو و ورەیان بەرز بوویەوە

[37] البداية و النهاية ج7 ص53-54.

DO NOT COPY-ژیان بۆ تیۆسۆفی

و، دەستیان بەسەر دڵیاندا هێنا. كافرانیش نزیكەی هەشتا هەزاریان لی‌كوژرا.. ئەوە بوو بەوانەوە كە لە جەنگ هەڵاتن ژمارەكە گەیشتە صەد هەزار . لە كۆتاییدا هەواڵی سەركەوتن و پێنج یەكی دەستكەوتەكان بۆ ئەمیری ئیمانداران نێررا.[38]

ئەم ڕووداوە مەزنە لە ساڵی پانزەهەمینی كۆچیی دابوو و، ئەو كاتە موعاویەش لە تەمەنی سیی ساڵییدا بوو..

بەڵێ، ئازیزان! موعاویەش بەش بەحاڵی خۆی لە ڕزگاركردنیفەلەستیندا بەشداریی كرد، خۆ دیارە ئەگەر سەرانسەری تەمەنی تەنها سەركردایەتیی سوپای ڕزگار كردنی قیسارییەی بكردایە ئەوا ئەوەندەی بەس بوو كە هەموو موسڵمانێك شانازیی بە گەنجی وەهاوە بكات كە ڕەزامەندیی خواو پێغەمبەری خوای ρ بەدەست هێنابێ و، لەشكرێكی یەكجار ملهوڕی كافرانی تێك شكاندبێ، تا جارێكی تر نەیەنە بەردەم سوپای ئازادیی ئیسلام و، نەبنە كۆسپی ڕێگای بەختەوەریی مرۆڤ..

---

[38] البداية والنهاية ج7 ص54.

# موعاویە و ئەمیریی

ساڵی حەڤدەهەمی کۆچیی بە بەڵاو موسیبەتەوە رووی لە موسڵمانان نا:

ئەوە بوو رۆمەکان خۆیان کۆکردەوە و، ویستیان بە وێنەی یەزید گەمارۆی ئەبوعوبەیدەش بدەن.. ئەمینی ئوممەتیش خۆی بۆ ئەم کارە ئامادە کردبوو.. خێرا داوای کۆمەکیی لە پایتەخت کرد.. کە خەلیفە عومەر ـ خوا لێی رازیی بێ ـ ئەم هەواڵەی زانیی ویستی خۆی بچێت بە هانای موسڵمانەکانەوە و ئیمامی عەلیی ـ خوا لێی رازیی بێ ـ کردە کاربەدەستی مەدینە، کەچیی موسڵمانەکان نەیان هێشت خەلیفە خۆی دەرچێت.. لەولاوە ئەبوعوبەیدە کە ماوەیەك چاوەڕوانیی کۆمەکیی مەدینە و عیراقی کردو هیچ فریای نەکەوت، ناچار دەستی بە جەنگ کردو، بە کۆمەکیی و پشتیوانیی خوا سەرکەوتنی بە دەست هێنا..

ئەوە بوو لە عیراقەوە دوو هێزی گەورە بە سەرکردایەتی قەعقاعی کوڕی عاصیم و عیاچی کوڕی غونم کەوتبوونە رێ و کۆمەکیی ئەمیری ئیماندارانیش گەیشتە جابیە، واتە هیچ کامیان فریای حیمص نەکەوتن، بەڵام موسڵمانەکان توانییان گەمارۆی گاوران بشکێنن و خۆیان رزگار بکەن.

مەینەت و موسیبەتی دووهەم کە لە و ساڵەدا هاتە بەردەم موسڵمانان بریتیی بوو لەو نەخۆشییەی کە بە ناوی تاعوونی عەمەواس بەناوبانگە و لەناو موسڵمانەکاندا بڵاو بوویەوە.

ئەوە بوو خەڵکێکی زۆر لە موسڵمانەکان بەم نەخۆشییە گیانیان لەدەست دا.. کە ئەبوعوبەیدەی سەرکردە ئەمەی دیی وتاری بۆ خەڵکەکەدا و وتی:

خەڵکینە! ئەم نەخۆشییە رەحمەتێکە بۆتان هاتووەو، پاڕانەوەی پێغەمبەرەکەتانەو، مایەی مەرگی پیاوچاکانی پێشتانە.. ئەبوعوبەیدەش لە خوا داوا دەکات کە بەشی خۆیی لیٚ‌دەست بکەوێت..

ئەوە بوو ئەویش نەخۆشییەکەی گرت و کۆچی دوایی کردو موعاژی کوڕی جەبەلی کردە کاربەدەستی سوپا.. ئەویش هەستاو دەستی بە وتار کرد و وتی:

خەڵکینە! ئەم نەخۆشییە رەحمەتێکە بۆتان هاتووە و، پاڕانەوەی پێغەمبەرەکەتانەو، مایەی مەرگی پیاوچاکانی پێشتانە.. موعاژیشلە خوا داوا دەکات کە ئالی موعاژ بەشی خۆیانیان لیٚ دەست بکەوێت..

ئەوە بوو عەبدوڕڕەحمانی کوڕی نەخۆشییەکەی گرت و ئەویش کۆچی دوایی کرد. پاشان موعاژ هەستاو دوعای بۆ خۆشی کردو ئەوە بوو لەپی دەستیتووشی نەخۆشییەکە بوو و ئەویش دەستی ئەم دیو و ئەو دیو پیٚ دەکردو پیٚخۆش بوونی خۆی بەو نەخۆشییە دەردەبڕیی..[39]

---

[39] البداية والنهاية ج7 ص78-79.

بە هەمان شێوە دیمەشقیش کە یەزیدی کوڕی ئەبوسوفانیان ئەمیری بوو هەمان مەینەت یەخەی پێ گرتبوو..

خەلیفە عومەریش ـ خوا لێی رازیی بێ ـ هەوڵی دا ئەمینی ئوممەت لەو نەخۆشییە کوشندەیە دەرباز بکات، بەوەی کە بانگی کردەوە بۆ مەدینە، بەڵام ئەبوعوبەیدە لە مەبەستی خەلیفە گەیشت و دڵی نەهات برا سەربازەکانی لەناو نەخۆشییدا بەجێ بهێڵێ و خۆی بگەڕێتەوە مەدینە. زۆری پێ نەچوو دوای چەند رۆژێك هەواڵی کۆچی دوایی سێ فەرماندەی خۆشەویست بەلای خەلیفەوە: ئەبوعوبەیدە و موعاذ و یەزید گەیشتە مەدینە و خەلیفە خەفەتێکی زۆری بۆ خواردن.. بەمە دیمەشق و ئوردون بێ ئەمیر کەوتن..

ئەوە بوو خەلیفە فەرمانی دا شورەحبیلی کوڕی حوسنە، کە ئەویش فەرماندەیەکی فەتحی شام بوو ، ببێتە ئەمیری ئوردون.. ئەی داخۆ خەلیفە کێ بکاتە ئەمیری دیمەشق؟

خەلیفە سەرنجێکی وردی دا.. پاڵەوانێتیی موعاویەی هاتەوە یاد کە چۆن مەردانە فەتحی قیسارییەی کردو ، چۆن لە فەتحی شامدا غیرەتی دەنواند و، دەشی زانی موعاویە خاوەنی لێهاتن و قابلیەتی ناوازەیە، بۆیە فەرمانی دا ببێتە ئەمیری دیمەشق..

موعاویە جێ متمانەی ئەمیری ئیمانداران و، هیندی دایکی و، ئەبوسوفیانی باوکی بوو..

کاتێك کە بەرید هەواڵی مەرگی یەزیدی هێنا، خێرا عومەر بەریدی بۆ شام گەڕاندەوە و، فەرمانی والێتیی موعاویەی لەسەر دیمەشق پێدا ناردەوە.. پاشان خەلیفە چوو بۆ لای ئەبوسوفیان و سەرەخۆشیی کۆچی دوایی یەزیدی لێکرد..

ئەویش پرسیی: کێت لە جێی داناوە، ئەی ئەمیری ئیمانداران؟

فەرمووی: موعاویەی برای.

وتی: سیلەی رەحمت بەجێ هێناوە، ئەی ئەمیری ئیمانداران.[40]

کە هیندیش هەواڵی ئەمیریی موعاویەی بیست، دڵی لە متمانەو یەقین پڕ بوو کە موعاویە دەبێتە سەرداری هەموو عەرەب ، هەروەك لەکاتی گاگۆڵکێدا دایکی هەواڵی دابوو.. ئەوە بوو خێرا ئامۆژگارییەکی جوانی بۆ نارد تا ئەمیری ئیمانداران هەمیشە زەننی چاکی پێ بەرێت، ئەمەش هەندێك لەو ئامۆژگاری یەیەتی:

((.. بەخوا ، کوڕەکەم! کەم دایك رۆڵەی وەك تۆی دیوە.. ئەم پیاوەش ـ واتە ئەمیری ئیمانداران ـ لەم کارەدا پلەی بە تۆ داوە، جا لە هەموو کارێکدا کە پێت خۆشە یا پێت ناخۆشە گوێڕایەڵیی بۆ بکە)).[41]

هەروەها ئەبوسوفیانیش ئامۆژگاریی بۆ موعاویەی کوڕی نووسیی و تیایدا تێیگەیاند کە خزمەکانیان زوو کەوتنە شوێن ئیسلام و، خزمەتیان کرد، بەمە بوونە خاوەنی پلەو بەلای خواو

[40] البداية والنهاية ج8 ص118.

[41] البداية والنهاية ج8 ص118.

## موعـاویەی کوڕی ئەبوســوفیــان (30)

پێغەمبەرەکەیەوە پایەیان بەرز بوویەوە. بەڵام ئەمان بە دەستی خۆیان خۆیان دواخست و درەنگ موسڵمان بوون، بەمە بوونە شوێن کەوتوو و بەجێ مان. جا وا ئێستا کارێکی گرنگیان پێ سپاردووە، دەبێ ئەمیش بە پێچەوانەیان نەجوڵێتەوە.[42]

موعاویە ئەو هەموو هەلە چاکانەی لە بیر نەدەچوو کە لەپێش موسڵمان بوونیدا لەکیسی چوو بوون و، لە خزمەتی ئیسلام دوا کەتبوو، بۆیە بەوپەڕی تاسەمەندییەوە چاوەڕوانیی دەکرد جیهاد بێتە بەرەوە و مەردانە دەوری خۆیی تێدا ببینێ..

ئەوە بوو گرانیی لە حیجازدا سەری هەڵ دابوو و خەڵکەکە یەکجار بێ دەست کەوتبوون و، خەلیفە عومەریش بەزەیی بە موسڵمانانەدا دەهاتەوە کە برسێتیی شپرزەی کردبوون، بۆیە هانای بۆ عەمر لە میصر وموعاویە لە شام برد تا دەستی کۆمەکیی بۆ موسڵمانانی حیجاز درێژ بکەن.. هەردووکیان مەردانە وەڵامی هانای خەلیفەیان دایەوە و، ئەوەندەیان خۆراك و پێویستیی نارد تا باری موسڵمانان سووك بوو و، خوای گەورەش رەحمەتی بۆ باراندن..

ساڵان تێپەڕین و موعاویە تاسەمەندی جیهاد بوو.. تا ئەوە بوو ساڵی بیست ویەکەم هاتە بەرەوە و، کەتیبە موسڵمانەکان  بە سەرکردایەتی موعاویە بۆ غەزای هاوینە بەرەوە وڵاتی رۆم کەوتنە رێ.. لەم هەڵمەتەدا موسڵمانەکان ـ کە زۆرێك لە هاوەڵە دێرینەکانی پێغەمبەری ئازیزیان ρ لەگەڵدا بوو و، هەرگیز وەستان و حەسانەوەیان نەدەزانی  ـ ماوەیەکی زۆر چوونە ناو خاکی رۆمەوە.

موعاویە ئەو رۆژە لە تەمەنی سیی و هەشت ساڵیدا بوو.. بە سەرکەوتوویی و دەست کەوتەوە و بە سەلامەتیی گەڕایەوە ماڵەوە دەبینیءوا کۆرپەیەکیان بووە، ئەویش لە خۆشیی یەزیدی برایەوە ناوی نا یەزید.

لە هاوینی ساڵی بیست و دووهەم و بیست و سێهەمیشدا موعاویە خۆی سوپای خستە رێ بۆ جیهاد و کۆمەڵێك هاوەڵی ناوداریش، وەك عوبادەی کوڕی صامیت و، ئەبوزەرری غیفاریی و، شەددادی کوڕی ئەوس ، لەگەڵ سوپادا بوون تا بەشداریی کاری پیرۆز بکەن و، ئایینی خوا بڵاو بکەنەوە..

هەروا بەرەو پێش دەڕۆیشتن هەتا گەیشتنە دەرگاکانی شاری عەمووریيە، رزگاریان کردو بەخێر و بەرەکەتێکی زۆرەوە گەڕانەوە دوا.. موسڵمانانی شام هەستیان کرد وا بەرەکەتی خوا، لە سەرکەوتن و سامان ، بە سەریاندا دەڕژێن و، دیارە موعاویەی ئەمیریان لە ئازایەتیی و سەلیقەو سەخاوەت و نەرم ونیانییدا ئەمیری چاکە.. سوپاس بۆخوا..

یەك لە دوای یەك دەنگ و باسی سەرکەوتنەکانی موعاویە دەگەیشتنەوە مەدینە و، خەلیفەش پێی خۆش بوو سەرێك لە شام بدات و، کۆمەڵێك لە هاوەڵە ناودارەکانیشی لەگەڵ خۆی هێنا..

---

[42] البداية و النهاية ج8 ص118.

DO NOT COPY

## موعـاويەی کوڕی ئەبوسـوفيـان (30)

دەنگ و باسی گەشتی خەلیفە بۆ شام گەیشتە لای موعاویە .. ئەویش بۆ پێشوازیی لە خەلیفە بە خۆی و مەوکیبێکی گەورەوە لە شار دەرچوو و بەخۆی نەزانی لە خەلیفە تێپەڕی کرد، تا ئەوە بوو بانگیان لێکرد تا بگەڕێتە دواوە.. کە گەڕایە دواوە سەیری کرد وا خەلیفە و عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف هەریەکەیان سواری گوێ درێژێك بوون.. هەرکە چاوی پێکەوتن لەسەر ئەسپەکەی دابەزیی و، بە پەلە روو بەرووی خەلیفە رۆیشت..

دەم و چاوی خەلیفە عومەر تووڕەیی پێوە دیار بوو..

بە موعاویەی وت: تۆ خاوەنی ئەم مەوکیبەیت؟!

موعاویە وتی: بەڵێ، ئەی ئەمیری ئیمانداران.. خەلیفە وتی: ئەمە حاڵتەو، لەولاشەوە پێم گەیشتووە کە خاوەن پێویستییەکان لەبەر دەرگاکەدا زۆر دەوەستن؟

وتی: بەوشێوەیە کە پێت گەیشتووە..

عومەر وتی: جا بۆچ وا دەکەیت؟ ئەوە هاتووە بە دڵمدا کە فەرمانت بەسەردا بدەم بە پێخاوسی هەتا حیجاز بڕۆیت.

موعاویە بەبێ تێك چوون و بە دامەزراوییەوە وتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران! ئێمە واین لە وڵاتێكدا کە جاسووسی دوژمنی تێدا زۆرن، لەبەر ئەوە پێویستە دەسەڵاتی کاربەدەست ئەوەندە دیار بێت، تا ببێتە مایەی سام و هەیبەتی ئیسلام و موسڵمانان و، دوژمنانی پێ بترسن.

پاش کەمێك بێدەنگیی وتی: ئەگەر فەرمانم بەسەردا بدەیت وا دەکەم و ، ئەگەر قەدەغەشم بکەیت دەست کۆتا دەم..

خەلیفە داردەستەکەی لە زەویی دەداو دوای کەمێك بێ دەنگیی دای بەگوێیدا کە وەڵامەکانی گەر رەوا بن و گەر نارەوا ئەوا قەناعەتیان پێی کرد.

موعاویە وتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران! چیت پێ خۆشە فەرمانم بەسەردا بدە.. عومەر وتی: نەفەرمان و نە قەدەغە.. عەبدوڕڕەحمان بە دەم و چاوی گەشاوەوە ئاوڕی بۆ لای عومەر دایەوە و وتی: چاك خۆی لە داوەکەت دەرباز کرد! عومەریش وتی: بەبۆنەی ئەم چاك دەربازبوونانەیەوە ملیمان لەم پەتە ئاڵاندووە..[43]

دەنگ و باسی موعاویە بە وردیی گەیشتە لای رۆم و، لایان سەلما کە بەو ئاسانییە موعاویە دەست بەرداریان نابێت.. ئەوە دوو ساڵە لەشکر دێنێتە سەریان و زەویی و زاریان لێدەستێنێ..

کەواتە پێویستە خەمێکی بخۆن و سوپایەکی گەورە بۆ هێرش ئامادە بکەن..

دوای تەواوکردنی هەڵمەتە سەرکەوتووەکانی خاکی رۆم، موعاویە رووی سوپای کردەوە فەلەستین، چونکە شاری عەسقەلان وەك قەڵایەکی سەخت لەو ناوەدا مابوویەوە.. دانیشتوانی هەر ئەوەندەیان زانی سوپایەکی گەورەی موسڵمانان تەپی کوتاوەتە سەریان.. کە لە فەرمانداەی سوپا پرسیاریان کرد، هەواڵیان دانێ موعاویەیە.. چاك لە یادیان بوو چۆن صەد هەزار سەربازی رۆم لە

[43] البداية والنهاية ج 8 ص124.

## موعــاویەی کوڕی ئەبوســوفیــان (30)

قیساریە تا کوژران و تا زامدار بوون و تا دیل کران.. بەمە گەیشتنە ئەو رایەی کە وا چاکە دەرگای جەنگ لە رووی خۆیاندا واز نەکەن و، لەگەڵ موعاویە رێك بکەون، دوای ئەوەی کە دەیان زانی چاری موعاویەیان پێ ناکرێت.. بۆیە داوای رێك کەوتنیان کردو، موعاویەش موسڵمان ئاسا ـ زۆری پێ خۆش بوو و لە گەڵیان رێككەوت تا کەتیبەکانی ئیمان بەریان بۆ چۆڵ بکرێت و بانگی تەوحید بە گوێی ئادەمیەکاندا بدەن و، هەر کەسێك ویستی لەسەر بێ بە سەربەستیی خۆی موسڵمان ببێ و، لە هەڵمەتی رزگاریی ئادەمیزاددا بەشدار ببێت و، قیامەتی خۆیشی مسۆگەر بکات.. بە راستیی هیچ کات موسڵمانان حەزیان لە کوشتار نەبووە، بەڵکو حەزیان لە ئاشتیی بووە، چونکە بە ئاشتیی ئاینی پیرۆز بڵاو دەبێتەوە و گەشە دەکات.. بۆیە هەرکە دوژمن ئامادەیی بۆ گوێڕایەڵیی دەربڕیی خێرا موسڵمانەکان ئامادەییان بۆ ئاشتیی دەربڕیی و، پێیان خۆش بوو لەبەردەم بانگی پیرۆزدا کۆسپ نەمێنێ و، ئادەمیەکان بەبێ ترس بیر لە ئیمانهێنان بکەنەوە.. تا هەر کەسە بە ویستی خۆی بیروباوەڕی خۆی هەڵ بژێرێ و، کەس ئەو سەربەستییەی لێ زەوت نەکات..

ئەوە بوو دوای ماوەیك مانەوە لەشام ، موعاویە بێ تاقەتی مەدینە و کەعبەی پیرۆز و تەپۆڵکەکانی مەککە بوو و، پێی خۆش بوو سەرێکیان لێبدات.. بۆیە بڕیاری دا لە وەرزی حەجدا لەگەڵ کۆمەڵێك موسڵمانی ناوداردا بەرەو مەدینە بکەوێتە رێ.. هەموو مەدینە سەرسامی مەوکیبی ئەمیری شام بوو.. کە دەگاتە بەرەوە دەچێتە خزمەتی خەلیفە عومەر و دەستە جلێکی سەوزی لەبەردا دەبێت.. ئەوەندە جوانی لێدەهات سەرنجی هەموو هاوەڵانی راکێشا.. بەڵام خەلیفە عومەر نا.. بە قامچییەکەیەوە هەڵمەتی دایە سەر موعاویە و دای گرتەوە.. لەبەرچاوی ئەو هەموو خەڵکەدا .. بێ ئەوەی موعاویە هەڵەیەکی کردبێ.. خەلیفە موعاویەی داگرتەوە، کەچیی موعاویە خۆی تێك نەدا.. بە جوانیی دانی بە خۆیدا گرت و قامچیی خەلیفەش بەسەریدا دەبارین.. هەر ئەوەندە دەی وت: لەبەر خاتری خوا ، ئەی ئەمیری ئیمانداران!!

عومەر دەستی لە لێدان هەڵگرت و لە شوێنی خۆی دانیشتەوە و خەڵکەکە پرسیاریان لێکرد: ئەی ئەمیری ئیمانداران بۆچ لێت دا؟ خۆ لە ناو قەومەکەتدا کەس وێنەی ئەو نیە؟

خەلیفە وەڵامی دانەوە: بەخوا جگە لە چاکە هیچم پێوە نەدیووە و، جگە لە چاکەش هیچ هەواڵێکم پێ نەگەیشتووە.. خۆ ئەگەر وا نەبوایە، بەوەی کە ئێوە دیتان وازم نەدەهێنا..

پاشان هۆی لێدانەکەی روون کردەوە کە وتی : بەڵام کە چاوم پێی کەوت ـ بە دەستیشی ئاماژەی بۆ سەری موعاویە کرد ـ ئەوا پێم خۆش بوو لووت بەرزییەی بنەوێنم...[44]

تێی گەیاندن کە لە فیز و تەکەبووری داوە.. پێی ناخۆشە گەنجێکی بە خزمەتی وەك موعاویە فیز و دەماری دەسەڵات و ئەمیریی سەری لێبشێوێنێ.. بۆیە دەبێ دەماری فیز و تەکەببوری لەبەر چاوی خەڵکیدا ـ بەتایبەت ئەوانەی کە لە شامەوە لەگەڵی هاتبوون بشکێنێ، تا خۆی

[44] البداية والنهاية ج8 ص125.

DO NOT COPY

## موعـاويەی كوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

بەسەر موسڵمانانـدا فەرز نەكات و، غروور و لەخۆڕازیی بوون لە ناوی نەدەن!!

موعاویە لەگەڵ خەلیفە عومەردا حەجی كرد و پاشان گەڕایەوە بۆ شام.. لەو كاتەدا ڕۆم هەلیان بە دەست هێناو، بە پێی توانا سوپایەكی زۆریان خڕ كردەوە و، بەرەو خاكی ئیسلام هێرشیان هێنا.. موعاویەی ئەمیری شام هەرچەندە هێشتا گەنج بوو، بەڵام بەوپەڕی وریاییەوە نەخشەی دەكێشا.. ساتێك لەكاری خۆی بێ ئاگا نەدەبوو.. بۆیە هەركە هەواڵی سوپای كۆكراوەی ڕۆمی زانی خێرا خەلیفە عومەری ئاگادار كرد و، داوای لێكرد كۆمەكیی بۆ شام بنێرێ..

بەڵام كە نامەكە گەیشت، موسڵمانان كۆستیان كەوتبوو.. خەلیفەی ئازیز شەهیدكرابوو و، گەیشتبووەوە خزمەتی پێغەمبەری خوا ρ و ئەبوبەكری صدديق ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ . موسڵمانانیش عوسمانیان ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ بە خەلیفە هەڵ بژارد بوو.. ئەوە بوو یەكەم كارێك هاتە بەردەم خەلیفە تا ئەنجامی بدا ناردنی كۆمەكیی بۆ شام بوو..

موعاویە زۆر بە ژیرانە، بەر لەوەی كار لەكار بترازێت ، مەدینەی پایتەختی ئاگادار كرد.. خەلیفە عوسمانیش وای بە چاك زانیی نامەیەك بۆ عیراق بنێرێ تا لەوێوە كۆمەكیی بۆ موعاویە بنێرن.. ئەوە بوو لە نامەكەدا نووسرابوو:

ئەگەر ئەم نامەیەمت بە دەست گەیشت ئەوا پیاوێكی ئەمینی بەرێزی ئازا لەگەڵ هەشت هەزار ، یان نۆ هەزار ، یان دە هەزار كەس بنێرە بۆ یارمەتیی براكانی شامتان..

والیی ئەو كاتەی عیراق وەلیدی كوڕی عوقبە بوو.. كە نامەكەی خەلیفە عوسمانی بە دەست گەیشت لە ناو خەڵكەكەدا هەستاو دەستی بە وتاردان كردو، هەواڵی فەرمانەكەی خەلیفەی دانێ .. بۆ ئەمە خەڵكەكەی بۆ جیهاد و بۆ یارمەتیی موعاویە و دانیشتوانی شام هەڵنا.. لە هەمان كاتدا بۆ فەرماندەیەتیی ئەو سوپایەی كە دەچێت بۆ شام سەلمانی كوڕی ڕەبیعەی دانا.. ئەوە بوو لە ماوەی سێ ڕۆژدا هەشت هەزار كەس كۆ بوونەوە و ناردنی بۆ شام و، حەبیبی كوڕی مەسلەمەی فیهرییش كرایە سەركردەی گشتی ئەو لەشكرەی كە بە گژ ڕۆمدا دەچێت..[45]

بەڵێ، حەبیبی كوڕی مەسلەمە بووە سەركردەی سوپاو ، موعاویەش متمانەیەكی چاكی پێی هەبوو و، بە ڕاستییش شیاوی هەموو متمانەیەك بوو..

سوپای خوانەناسان كە لە ڕۆم و تورك پێك هاتبوو نزیكەی هەشتا هەزار دەبوو.. بەڵام زۆریی لەشكر بە هیچ شێوەیەك كاری نەدەكردە سەر وورەی حەبیب. ئەوە بوو ـ وەك ژنەكەی بە گوێوە بوو بوو ـ بە فەرماندەیەكی ڕاگەیاند بوو كە دەبێت شەو داوێك بۆ ڕۆم بنێتەوە..

ئەو شەوە ژنەكەی خەوی لێ‌ئەزڕا و بیری لە چارەنووسی مێردەكەی دەكردەوە..

كاتێك كە حەبیب ویستی بە شەو هەڵمەت بەرێتە سەر ڕۆم ژنەكەی لەبەردەمیدا وەستاو، لە مێردەكەی پرسیی: ئەی من و تۆ لە كوێ یەك ببینینەوە؟

---

[45] البداية والنهاية ج 8 ص105.

## موعـاويەی كوڕی ئەبوسـوفيـان (30)

وەك بڵێ: گوایە من بەجێ دێڵیی؟!!
وەك بڵێ: چۆن دڵت دێ من بەجێ بهێڵی؟!!

مێردەكەی دڵی بۆ جیهاد گەرم بوو بوو .. بە ئاوات بوو یان سەركەوتن یان شەهیدیی بەدەست بهێنێ.. ئەم هەر دەبێت بە دەم بانگی جیهادەوە بڕوات .. جا یا سەر دەكەوێت ، یان بە شەهیدیی سەر دەنێتەوە.. بۆیە بە بیركردنەوەیەكی قووڵەوە سەیری سەركەلی هیوای كردو، وەلآمی ژنەكەی لە دوو توێی وتەیەكی نەمردا كە هەتا ئاخر زەمان دەنگ دەداتەوە، دایەوە و وتی:

بە یەكگەیشتنەوەمان لە كۆشك و تەلارەكەی مۆریاندا یان لە بەهەشتدا دەبێت.. واتە یان سەردەكەوین و كۆشك و تەلارەكەی مۆریانی سەركردەی ڕۆمان دەست دەكەوێت و لەوێ یەك دەبینینەوە، یان بە شەهیدیی سەر دەنێمەوە و إن شاو الله لە بەهەشتدا بە یەك دەگەینەوە..

ڕۆم زۆر بە خۆیاندا دەنازین.. چونكە خاوەنی سوپایەكی یەكجار مەزن بوون، بۆیە بێخەم لێی خەوتن، تا بەشكوم سەركەوتن بێتە خەویان.. لەولاوە سەربازە بەجەرگەكانی (لا إله إلا الله،محمد رسول الله) شەویان دەخستە سەر ڕۆژ و ڕۆژیان دەخستە سەر شەو تا بستێك زیاتر لە زەویی پەروەردگار فەتح بكەن و ئادەمیزادێك زیاتر ڕزگار بكەن.. ئەو شەوە حەبیب و سەربازەكانی هێرشیان كرد.. حەبیب ژنەكەی بەجێ هێشت.. ڕۆم لە خەودا بوون و سەربازانی ئیسلام دەوریان لێگرتن.. بە یەك جار دەنگی (الله أكبر) یان لێ‌بەرز بوویەوە و لەرزە بە ڕۆم كەوت.. بەو شەوە تاریكە سوپای خەواڵووی ترسنۆك چی پێ دەكرێت.. پاڵەوانانی ئیسلام كفنیان بۆ ڕۆم دووریی و لەگەڵ مۆریانی فەرماندەیاندا گۆڕیان كردن.. حەبیبیش بیری بەلای بەڵێنەكەیەوە بوو كە بەژنەكەی دابوو.. بۆیە بەرەوكۆشك و تەلاری مۆریان كەوتە ڕێ.. كە گەیشتە بەرەوە، تارمایی مرۆڤێكی كەوتە بەرچاو.. سامی لێ‌نیشت .. دەی زانی مۆریان زوو كوژراوە .. ئەی ئەم كەسە كێ بێت؟ كە بە جوانیی ورد بوویەوە ترس و سەرسامیەكەی نەما.. سەرنجی دا دەبینێ ژنەكەی خۆیەتی پێش ئەو گەیشتۆتە شوێنی بەیەك گەیشتنیان.. بەڵی‌دوای مێردەكەی غیرەتی قبووڵی نەكردبوو دابنیشێ.. ئەویش شان بەشانی سوپای ئیسلام بەرەو ڕۆم كەوتبووە ڕێ و، بە وێنەی پاڵەوانە كۆڵنەدەرەكانی ئیسلام هەڵمەتی بردبوو و بەر لەوەی حەبیبی مێردی بگات ئەو گەیشتبوو..

شپرزەیی ڕووی كردە سوپای ڕۆم.. قوڕ پێوان و باوكە ڕۆ دادی نەدان.. بە هەموو لایەك دا بڵاوەیان كردو هەركەسە خۆی بەكونێكدا دەكرد.. ئەو ترسەی كە چووە دڵی ڕۆمەوە دەرسێكی وەها بوو كە هەتا هەتایە كۆتایی بە دەسەلاتیان بێت..

ئەو ترسەی لە دڵی موعاویەدا بوو نەما.. هێزی ڕۆم تێك شكێنراو تازە جارێكی تر توانای نیە پێ بخاتەوە خاكی شام.. ئەوە بوو دەستی دایە نەرم و نیانیی و خزمەت كردنی موسڵمانان بەو شێوەی كە ئیسلامی بێگەرد فەرمان دەدات..

چوار ساڵ تێپەڕین و لە ناوچەكەی موعاویەدا هیچ شتێك ڕووی نەدا.. بەلآم موسڵمانان لە

DO NOT COPY

گەشەکردندا بوون و، ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخی ژیانیان چاکتر دەبوو..

ڕۆژێکیان موعاویە کەوتە بیرکردنەوە کە چۆن دنیا ڕووی تێ کردووە.. پاشان بیری لە ڕابردوو کردەوە هەتا گەیشتەوە سەردەمی خەلیفە عومەر.. ئەو ڕۆژەی کە بە سواریی گوێدرێژێك هات بۆ سەردانی شام .. بیری لە ژیانە سادەکەی صددیقیش دەکردەوە.. سەیری دەوروبەری خۆیشی کرد و چاوێکی بە ناز و نیعمەتەکانیدا گێڕا.. هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: (( أما أبوبکر فلم یرد الدنیا ولم تردە، وأما عمر فأرادتە ولم یردها ، وأما نحن فتمرغنا فیها ظهراً لبگن ))[46].

نە ئەبوبەکر دنیای ویست و نە دنیاش ئەوی ویست.. کەچیی دنیا عومەری دەویست بەڵام عومەر دنیای نەویست.. بەڵام ئێمە لە ناویا چەقیوین..

ئەو چوار ساڵە تێ پەڕین ، بەڵام موعاویە دڵی ئۆقرەی نەدەگرت پاڵی لێدەداتەوە.. هەمیشە خەم و خەفەتی موسڵمانان لە دڵیدا بوو.. لە پێش هەموو خەفەتێکیشەوە بیری لەو دوورگە گەورەیە دەکردەوە کە لەناو دەریای سپیی ناوەڕاستدا بوو بووە قەڵایەکی سەخت بۆ سوپای ڕۆم. ئەمیش پێی خۆش بوو دەریای سپیی دەریایەکی ئیسلامیی بێت و ئاڵای تەوحیدی بەسەرەوە بشۆکێتەوە.. جا تا ئەو دوورگەیە بە دەستی سوپای ڕۆمەوە بێت، ئەم حەسانەوەی بۆ نیە.. بۆیە داوای مۆڵەتی لە خەلیفە عومەر کرد تا فەتحی بکات کەچیی ماوەی نەداو، ڕازییش نەبوو موسڵمانان بخاتە مەترسیی دەریاوە.. دوای ئەویش داوای لە خەلیفە عوسمان کرد ئەویش ماوەی نەدا.. بەڵام موعاویە هەر بیری لەو ئاواتەی دەکردەوە و جار لە دوای جاریش داواکەی دووبارە دەکردەوە هتا خەلیفە ڕازیی بوو..

پێش چەند ساڵێك لەوەو بەر کە دەگونجێ لە بیست ساڵ زیاتر بوو بێت پێغەمبەری خوا ρ تەشریفی برد بۆ ماڵی ئوم حەرامی کچی مەلحان و لەوێ خەوت..ئەویش کە ئافرەتێکی خزمی بوو، لە دنیادا هیچی ئەوەندەی خەوتنی چێشتەنگاوی پێغەمبەری ρ بەلاوە خۆشتر نەبوو.. پاشان کە پێغەمبەری خوا ρ لەخەو هەستا دەستی بە پێکەنین کرد، ئەویش پرسیی: ئەی پێغەمبەری خوا! بەچیی پێ کەنیت؟!فەرمووی:

(( أناس من أمتی عرچوا علی یرکبون پبج هڤا البحر مپل الملوك علی الّسره )).

هەواڵی دایێ کە هەندێك لە ئوممەتی ئیسلام بە وێنەی پادشای سەر تەخت سواری دەریا دەبن..

دیارە ئەمانە بۆ جیهاد دەڕۆن.. ئیسلام بە دانیشتوانی دەریا دەگەیەنن.. قورئانی پیرۆز پێشکەش بە تێکڕای مرۆڤایەتیی دەکەن..

دڵی ئوم حەرام بە پەلە لێی دەدا.. بە ئاوات بوو ئەویش یەکێك بوایە لەو بەڕێزانە کە بۆ جیهاد قۆڵی مەردایەتیان لێهەڵ ماڵیوە.. بۆیە وتی: ئەی پێغەمبەری خواّ! لە خوا بپاڕێرەوە

---

[46] البدایة والنهایة ج7 ص134.

کە منیش بە یەکێ لەوانە بگێڕێ..
فەرمووی: (أنت منهم).
کە ئەمەی بیست وای دەزانی بۆتە خاوەنی هەموو دنیا.. پاشان پێغەمبەری خوا ρ نووستەوە وکە لە خەو هەستا پێ دەکەنی و هەمان فەرموودەی فەرموویەوە و، ئوم حەرامیش داوای لێکرد کە لە خوا بپارێتەوە ئەویش بەیەکێ لەوانە بگێڕێ.
فەرمووی: (أنت من الّولين).[47]
ساڵان رادەبوردن و ئوم حەرامیش چاوەڕوانی هاتنەدیی ئاواتەکەی بوو، تا ئەوە بوو بەڵێنەکەی ئازیز هاتە دیی و سواری دەریا بوو و بۆ فەتحی دوورگەی قوبروس لەگەڵ یەکەم دەستەدا کەوتە رێ..
کە خەلیفە عوپمان مۆڵەتی موعاویەی دا. هەروا بێمەرج نەبوو، چونکە لە یادی بوو چۆن خەلیفە عومەر داواکەی دایە دواوە و سوێندی خوارد کە هەرگیز تاقە موسڵمانێك سواری دەریایەك ناکات، کە دەگونجێ لەشەو و رۆژێکدا هەموو دنیا نوقم بکات و، تاقە موسڵمانێکیشی لە هەموو رۆم بەلاوە خۆشەویستترە.[48]
بۆیە خەلیفە عوپمان ناچار بوو هەندێ وریایی و ئاگاداریی بەرچاو بگرێ، چونکە ئەمە گەشتێکە ئەوپەڕی مەترسیی تێدایەو، یەکەم جاریشە موسڵمانان سواری دەریا بێن، بۆیە ئەمەی بۆ موعاویە نووسیی: خەڵك هەڵ نەبژێریّ و، قورعەشیان بۆ نەکەیت، خۆیان بکە بە سەرپشك.. هەرکەس بەگوێڕایەڵیی و ویستی خۆی حەزی لە غەزا بوو هەڵی بگرە و یارمەتیی بدە..[49]
کە نامەی خەلیفە عوپمان بە دەست موعاویە گەیشت، خێرا خەڵکەکەی کۆ کردەوە و بۆ جیهادی دەریا هەڵی نان.. پێش هەموو کەسێك گەورە هاوەڵان، وێنەی ئەبوزەرری غیفاریی و، عوبادەی کوڕی صامیت و، ئوم حەرامی کچی مەلحانی هاوسەری و، میقدادی کوڕی عەمر و، ئەبوددەرداو و، شەددادی کوڕی ئەوس ، هەڵمەتیان داو هاتنە بەردەمی ئەمیرو رەزامەندیيان نواند بۆ بەشداریی جیهادی دەریا..
بە ناوی خواوە.. بۆ بەرزیی فەرمایشتی خوا.. بۆ یەکەم جار سوپای موسڵمانان سواری کەشتیی بوو و، بەو شێوەیەی کە پێغەمبەری ئازیز ρ وەسفی کردبوون دەت وت پادشای سەر تەختن..
بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئیسلامدا موسڵمانان، بە فەرماندەیەتیی موعاویەی ئەمیریان سواری پشتی دەریا بوون هەتا گەیشتنە دوورگەی قوبروسو گەمارۆیان دا..
لە لایەکی ترەوە عەبدوڵلای کوڕی سەعدیش لە میصرەوە سوپای موسڵمانانی سواری کەشتیی کردبوو و بەرەو قوبروس کەوتبووە رێ.. ئەوە بوو لە دەوری قەڵاکانی قوبروسدا هەردوو لەشکر

[47] البداية و النهاية ج7 ص153.
[48] الكامل في التأريخ لابن الأثير ج3 ص40.
[49] الكامل في التأريخ 48/3.

DO NOT COPY

یەکیان گرت..

دانیشتوان دامەزراوییەکی کەم وێنەیان نواند لە بەردەم سوپای ئیسلامدا.. بەڵام دوای ماوەیەك ورەیان نەماو بەرە بەرە خەریك بوو زەخیرەیان لی‌دەبڕاو، ئەوانیش لەو دوورگە چۆڵەدا دەستیان بە هیچ کوێ نەدەگەیشت.. بۆیە سەرەنجام ناچاری رێك کەوتن و خۆ بە دەستەوەدان بوون..

لەسەر ئەوە رێك کەوتن  کە ئەو حەوت هەزار دینارەی کە هەموو ساڵێك دەیاندا بە رۆم بدرێت بە موسڵمانەکان.. پاشان دوو مەرجی تریش خرایە سەر رێك کەوتنەکە: یەکەم: هەرکاتێك رۆمەکان ویستیان هێرش بکەن ئەوا دانیشتوانی قوبروس موسڵمانەکان لەوە ئاگادار بکەن.. دووهەم: کە موسڵمانەکان ویستیان هێرش بکەنە سەر دوژمن ئەوان رێگە بدەن بەسەر خاکیاندا تێ بپەڕن.[50]

دوای سەرکەوتن موسڵمانەکان بە دەست کەوت و دیلەوە گەڕانەوە دوا، کەچیی جوبەیری کوڕی نوفەیر چاوی لە ئەبوددەرداو بوو کە دەگریا.. سەری سوڕ ما.. لێی چووە پێشەوە و پێی وت: لە رۆژێکدا کە خوا دەسەڵاتی بە ئیسلام و موسڵمانان داوە و کوفر و کافرانی زەلیل کردووە ، بۆچ دەگریت؟

ئەبوددەرداو ـ خوا لێی رازیی بێ ـ سەری بەرز کردەوە.. هەردووچاوی لە فرمێسك پڕ بوو بوون.. لە جوبەیر هاتە پێشەوە و بە دەستی لە ناوشانی داو پێی وت:

دایکت رۆڵەڕۆت بۆ بکات، جوبەیر... ئادەمییەکان چەند سووك و بی‌عەرخن بەلای خواوە کاتێك کە فەرمانی خوا پشت گوێ‌دەخەن و ئەمەیان بەسەر دێت کە بە چاوی خۆت دەی‌بینیی ، کە خوا دیلیی و زەلیلیی یان بەسەردا دێنی‌جا  ئەگەر کۆمەڵێك دیلیی یەخەی پی‌گرتن، ئەوا ئەوەندە بی‌بایەخن خوا پێویستی پی‌یان نیە[51].

ئەبوددەرداو کە ئەو زەلیلی‌یەی بە کافرانەوە بینی ، بە فەراسەتی ئیماندار و کەراماتی هاوەڵێك، دوارۆژی موسڵمانانی هاتە بەرچاو.. رۆژێك دێت موسڵمانەکان ئەم نەگبەتی‌یە یەخەیان پی‌دەگرێت.. پشت لە قورئان هەڵ دەکەن و خواش بە  پێی یاسای رەنگینی خۆی سزایان دەدات.. سووکیان دەکات.. دەیان کاتە زەلیل و دیلی بەردەستی هەموو دوژم و قەرەجێك!!

ئەبوددەرداو   بۆ حاڵی ئێمە دەگریا.. ئێمە خۆمان هەست بەو نەگبەتی‌یە ناکەین کە ئەبوددەرداو ـ خوا لێی رازیی بی‌ـ بە فەراسەت دەی بینی.. بۆیە هاوار دەکەینە موسڵمانان ئیتر دین فرۆشتن بەسیەتی !! خۆ دەوڵەمەند کردن لەسەر حیسابی موسڵمانان بەسیەتی!!.

سوپای موسڵمانان ویستی بەرەو شام بگەڕێتەوە.. ئوم حەرامی کچی مەلحانیش ، کە لەوپەڕی بەختەوەریی‌دا دەژیا کەوا بە چاوی خۆی موعجیزەیەکی پێغەمبەری ئازیزی ρ دیی و بەڵێنەکەی

50 الكامل في التأريخ ج3 ص40.

51 الكامل /40/3، البداية و النهاية  153/7.

موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان--

## موعــاویەی کوڕی ئەبوســوفیــان (30)

هاتە دیی کە جیهادی ناو دەریا بکات، ویستی سواری ئیسترەکەی ببێت و، لەگەڵ سوپای فەرَو بەرەکەتدا بگەڕێتەوە.. هەر ئەوەندە بوو سواری بوو، ئێسترەکەی هەڵی داو خستیە خوارەوە و بەسەر ملیا کەوت و یەکسەر گیانی دەرچوو.. کە هەواڵی بە عوبادەی مێردی گەیشت دڵی بۆی پڕ بوو کە لە غەریبیی و لە ناو دەریادا کۆچی دوایی کردو، موسڵمانەکانیش هەموو بۆی خەمبار بوون.. پاشان هەموویان لە جەنازەکەی کۆ بوونەوە و نوێژیان لەسەر کردو لە دوورگەی قوبروسدا ناشتیان.. تا ئەمە لە شێوەی بیرەوەرییەکی نەمردا هەر بمێنێتەوە و هێمای سەربەرزیی و غیرەت بێ بۆ ئافرەتی موسڵمان.. هەتا ئێستاش خەڵکیی سەر لە قەبرەکەی دەدەن و ناویشیان ناوە: قەبری ئافرەتە خواناسەکە.. خوا لێی رازیی بێ ..

DO NOT COPY--ئەبوسوفیان

# هەورە تاڵەکان

لەسەردەمی خەلیفە عوسماندا ـ خوا لێی رازیی بێ ـ موسڵمانەکان لەوپەڕی ئەمن و ئاسایشدا ژیانیان بەسەر دەبرد.. لەوپەڕی ناز و نیعمەتدا بوون.. خاوەنی وڵات و هێز و دەسەڵات بوون.. کافرێك نەی دەتوانیی چاویان لی‌بڕیت بکاتەوە، یان هەڕەشەیان لی‌بکات، یان خێر و بێری وڵاتیان بە تاڵان ببات، یان رۆڵەیەکیان فریو بدات..

ئای کە ژیانێکی ئاسوودە و هێمن باڵی بەسەر رۆڵەکانی ئیسلامدا کێشا بوو!! هەموان لە سایەی قورئاندا حەسابوونەوە.. هێزو سوپای موسڵمانان بەبێ وەستان خەریکی رزگارکردنی شارو دێهات بوو، تا مرۆڤەکان ئازاد بن.. کۆت و زنجیری نەفامیی و بەدڕەوشتیی گەلە چەوساوەکانی دەپساندو، رێز و ماف و بەهای ئادەمی‌یانەی پێشکەش دەکردن..

سوپای ئیسلامیی هێمایە بۆ سوپای رزگاریی‌خوازیی ئادەمیی.. هێمایە بۆ ژیانی ئاسوودە.. هێمایە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان.. هێمایە بۆ ژیانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی پڕ بەختەوەریی..

موسڵمانان ئاوەها لە گەشەکردن و سەرکەوتن و پەرەسەندن دا بوون.. هێزی خراپ ویستی شەیتانیش لە هەموو هەڵوێستێکدا دۆڕان بەشی بوو... بۆیە لە هەموو لایەکەوە ئەندامانی ئۆقرەو حەسانەوەیان نەبوو.. زۆریان پێ ناخۆش بوو باوی نەفامیی و بەدڕەوشتیی و زوڵم و ستەم نەمێنێت و ئادەمی‌یەکان بحەسێنەوە..

بۆ ئەمە کەوتنە پیلان.. جاری پێشوو پیلانی شەهیدکردنی خەلیفەی دووهەمیان کێشا، کەچیی دەوڵەت و سوپای ئیسلام کەچیی نەهاتە رێیان.. کەواتە دەبێت ئەمجارە نەخشەی خراپتر بکێشن.. دەبێ موسڵمانەکان پارچە پارچە و پەرتەوازە بکەن.. بیان دەن بەگژ یەکتردا.. تا توانای هێرش بۆ سەر کافر و بەرگریی بەردەم کافریان نەمێنێ..

لە پێش هەموو خراپویستێکەوە جوولەکەی بەدفەڕ دژی ئیسلام وەستان.. ئەوەندە گزیی و فێڵ و ئاژاوەیان گێڕا تا ئەوە بوو بە دەستی موسڵمانەکان تێك شکێنران... بە تایبەت دوای شکستیان لە خەیبەر، کە گەورە ترین مەڵبەندی هێز و توانایان بوو..

جوولەکەی خراپ ویست کەوتنە نەخشەکێشان دژی دەوڵەتی قورئان..

لە پێشەوە زانیمان کە خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب ـ خوا لێی رازیی بێ ـ دوای مردنی یەزیدی کوڕی ئەبوسوفیان موعاویەی کردە والیی دیمەشق و، دوای ماوەیەکیش ویلایەتی ئوردونی خستە ژێر دەسەڵاتی موعاویەوە..

کاتێکیش کە عومەیری کوڕی سەعد داوای لە خەلیفە کرد کە والێتیی حیمصی لیٔ وەربگرێتەوە، موسڵمانان سەرنجیان دەدا داخۆ خەلیفە کێ لە جێی عومەیر دابنێ.. عومەریش

## موعـاویەی كوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

سەرنجی هەموو دیوێكی كارەكەی دەداو، لە ئەنجامدا بڕیاری هاتە سەر ئەوە كە ویلایەتی حیمصیش بخاتە ژێر دەسەڵاتی موعاویەوە..

موعاویە گەنجێكی زیرەك و وریا و لێهاتوو بوو.. بەڵام هەندێ لە هاوەڵە دێرینەكان ئەو هەڵبژاردنەیان بە چاك نەدەزانیی، چونكە موعاویە تەمەنی كەم بوو و، لە ناو موسڵمانانداُ لەو چاكتر و، دێرین و، خاوەن جیهادیان شك دەبرد.. كە خەلیفەش ئەمەی بیستەوە تووڕە بوو و بەدەنگێكی شێرانەوە وتی:

ئێوە بۆ والێتیی ئەو لۆمەم دەكەن و، منیش گوێم لە پێغەمبەری خوا ρ بووە كە دەی فەرموو: ((أللهم اجعله هادياً مهدياً واهدِ به)).[52] دەی فەرموو: خوایە! بەهیدایەت دەرو هیدایەت دراوی بگێرەو ئادەمیەکانی پێ هیدایەت بدە.

كە خەلیفە عومەر بە گوێی خۆی ستایشی موعاویەی لە دەمی پێغەمبەری ئازیزی ρ بیستبێ، چۆن دەتوانێ موعاویە پشت گوێ بخات و كاروباری سەرانسەری شامی پێ نەسپێرێ؟

چۆن دەتوانێ بایەلإ بە موعاویە نەدات و كەڵك لە لێهاتنەكانی، بۆ خزمەتی موسڵمانان، وەرنەگرێت دوای ئەوەی بە چاوی خۆی و بە ئامادەیی ئەبوبەكر و هاوەڵە دێرینەكان دیتی وا پێغەمبەری خوا ρ بانگ دەكاتە موعاویە و شان بە شانی هاوەڵە خاوەن قەدرەكان دەی كاتە شاهێد و لە كاروباری موسڵماناندا ڕاوێژی پێ دەكات و، لە وەسێتە نەمرەكەیدا دەربارەی موعاویە دەی فەرموو: ((أحضِرُوهُ أمرَكُم وأشهِدُوهُ أمرَكم فإنَّهُ قَويٌّ أمينٌ)).[53]

فەرمان بەسەر هاوەڵاندا دەدا تا موعاویە ئامادەی كاروباریان بكەن و بۆ شاهێدییش بەكاری بهێنن، چونكە دوو سیفەتی بەرزی تێدان كە تیشكێكی دوو سیفەتی مووسا پێغەمبەرن ـ سەلامی لێبێ ـ كە ئەوانەش سیفەتی بەهێزیی و ئەمینداریین..

ئەمە شاهێدیی پێغەمبەری خوایە ρ بۆ موعاویە.. بەهێزیی و ئەمینداریی و دەست پاكیی..

جا ئەوە بوو خەلیفە عومەر هەوڵی لەگەڵ عومەیردا دا تا بچێتەوە بۆ حیمص و والیی بێت لەسەری، كەچیی عومەیر بڕیاری دا والێتیی نەكات.. جا كە خەڵكیی باسی عومەریان دەكرد وا عومەیری لە كار لاداو موعاویەی خستە شوێنی، عومەیر نارەزایی دەردەبڕیی و بە موسڵمانانی دەوت : بە چاكە نەبێت ناوی موعاویە مەهێنن، چونكە گوێم لە پێغەمبەری خوا ρ بووە بە موعاویەی دەفەرموو: ((أللهم اهدِ به)).[54]

موعاویە دڵسۆزانە كاری دەكردو ، كاروباری موسڵمانانی بەوپەڕی سەلیقەوە هەڵ دەسووڕاند و، هەتا ڕۆژگاریش تێپەڕی دەكرد، ئەمن و ئاسایش زیاتر و چاكتر باڵی بەسەر موسڵماناندا دەكێشاو ، خۆشیی و كامەرانیی و هەرزانیی و حەسانەوە لە ناوچەكەی ژێر دەستی موعاویەدا

[52] البداية و النهاية ج8 ص121.
[53] أخرجه الطبراني ، البداية و النهاية ج8 ص122.
[54] رواه الترمذي عن أبي إدريس الخولاني.

DO NOT COPY - تێبوسیفیان

# موعـاويەی كوڕی ئەبوسـوفيـان (30)

زیاتر پەرەیان دەسەند..
ویستی خوا وا بوو عەبدوڕڕەحمانی كوڕی عەلقەمەی والیی فەلەسگین كۆچی دوایی بكات و، خەلیفە عوسمانیش ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ ئەویشی خستە ژێر دەسەڵاتی موعاویەوە.. بەم شێوەیە موعاویە بووە كاربەدەستیسەرانسەری وڵاتی شام..
جا لەبەر ئەوەی كە شام هاوسنووری ڕۆمەكان بوو، ڕۆم بایەخیان بە هەواڵی موعاویە دەداو، موعاویەیان بە دركێك دەزانی لەبەر دەمیاندا، بۆیە ناچار بوون دواگوڕزیان بووەشێنن.. یان دەبێت ئیسلام لە شام دەركەن ، یان دەبێ خۆیان سەری تێدا بنێنەوە.. تا ئەوە بوو جەنگی ((ژات الصواری)) ڕووی دا، كە سەركردایەتیی سوپای موسڵمانان لەم غەزایەدا بە عەبدوڵڵای كوڕی سەعدی كوڕی ئەبو سەرح سپێررا.. هەردوو لەشكر بەرامبەر بە یەك وەستان..
لەشكری خواناسیی ڕزگاریی مرۆڤی لەچنگ خوێنمژان دەوێ، ئەمەش، بە هیوای بەختەوەریی قیامەت، كەچیی لەشكری شەیتان بەرگریی لە قەڵای زوڵم و ستەم دەكات..
خواناسان لە پەروەردگار دەپاڕانەوە شەهیدییان بە نسیب بێت و، گومڕایانیش نەیان دەزانی لە چ كونێكدا خۆیان بشارنەوە.. مەلائیكەتەكانی ئاسمانیش لە خوا دەپاڕانەوە تا پشت گیریی سوپای خێر و چاكە بكات ..
گاوران خەریكی بەزم و ڕەزمی شێركی خۆیان بوون و صەلیب یان هەڵ دەدا، خواناسانیش خەریكی نوێژو قورئان خوێندن بوون..
كە ڕۆژ لە موسڵمانان بوویەوە عەبدوڵڵای سەركردەیان بەسەر پشتی كەشتیەكانەوە كردنی بە چەند ڕیزێكەوە و فەرمانی بەسەردا دان ژیكری خوا بكەن و قورئان بخوێنن..
بەرەكەتی قورئان وژیكر بە وێنەی نوور و بۆنخۆشیی بە هەموو لایەكدا بڵاوەی دەكرد.. هەموو بوونەوەر نزا و لاڵەی بوو بۆ سەركەوتنی خێرخوازان.. بۆ سەرفرازیی خزمەتگوزاران.. لە هەمان كاتدا نەفرەتیان لە ستەم و ستەمكاران دەكرد..
ئەوە بوو ڕۆمەكان بە سوپایەكی زۆر و، كەشتییەگەلێكی زۆرەوە، كە چارۆكەكانیشیان هەڵ دابوون، ڕوو بەڕووی موسڵمانەكان كەوتنەڕێ.. باكەش كە هەڵی كردبوو دژی موسڵمانەكان بوو..
بۆیە موسڵمانەكان لەنگەریان گرت، تا دوای ماوەیەك بای نەماو موسڵمانەكان پێیان وتن: ئەگەر ڕازیی بن با هەردوو لامان دابەزینە وشكایی.. گاورەكان ئەمەیان بە دڵ نەبوو، چونكە لە لە وشكاییدا لە هەڵمەتی موسڵمانەكان دەترسان و، واشیان لێكدەدایەوە كە موسڵمانەكان لە ئاودا لاوازن، بۆیە بە یەك دەنگ قرخەیەكیان كردو وتیان: ئاوەكە، ئاوەكە..
موسڵمانەكان نزیك كەوتنەوە، بە ڕادەیەك كە كەشتییەكانیان بەست بە كەشتییەكانی ئەوانەوە و دەستیان دایە شمشێربازیی.. دەستە و یەخە بە شمشێر و خەنجەر هەڵمەتیان دەدایە سەر یەكتر.. لە هەمان كاتدا شەپۆلی دەریا ئەوەندە توند و بەگوژم بوون كەشتییەكانیان ناچاری لەنگەر گرتن كرد و، بە شەپۆلیش لاشەی كوژراوەكان هاتنەوە كەنارو وەك كێوێكی گەورە

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

بارستاییان هەبوو و، ئەوەندەش خوێن ڕژابووە دەریاکەوە ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو..

ئەو ڕۆژە موسڵمانەکان بە شێوەیەکی بێوێنە دانیان بە خۆیاندا گرت و خەڵکێکی زۆریان لێ کوژرا، بەڵام چەند جارەی کوژراوانی ئەوان ڕۆمەکان لێیان کوژرا، تا سەرەنجام خوای خاوەن سۆز و شەفەقەت سەرکەوتنی بۆ موسڵمانەکان ناردو قوسگەنگین بە خۆی و لەشکریەوە، هەڵات ، کە زامێکی زۆری پێوە بوون و ماوەیەکی زۆرخەریکی دەرمان کردنیان بوو..

عەبدوڵڵاش بە خۆی و سوپای ئیمانەوە لەو ناوچەیەدا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك مایەوە، پاشان بە سەری بەرزەوە گەڕایەوە دوا..[55]

بەڵێ، قوسگەنگینی کوڕێ هیرەقل کە خاوەنی پێنج صەد کەشتیی بوو بە دەستی موسڵمانەکان تێك شکا، لە هەمان ساڵدا یەزدی گوردی کوڕێ شەهریار لە خاکی خۆراساندا بەسەر بڕاوِیی سەری نایەوە و، ناوچەیەکی زۆری خاکی فارسیش ئاڵای ئیسلامی تێدا بەرز کرایەوە، کە ئەمەش نیشانەی ڕووخان و تیاچوونی هەر دوو ئیمپراتۆرییەتە مەزنەکە بوو، تا هێزی ڕزگاریخوازی ئیسلامیی ببێتە میراتگری دەسەڵاتی هەردووکیان و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ خواناسیی پێشکەش بە دانیشتوانی ناوچەکە بکات..

ئەو ساڵەی سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدین کە جەنگی(ذات الصواری) تیێدا ڕوویدا، ساڵی چلەپۆپەی سەرکەوتن بوو.. چونکە وەك کیسرا یەزدیگورد لە خاکی خۆراساندا سەربڕا، هەروەها قەیصەر قوسگەنگینیش بەدەستی ڕۆمەکان کوژرا..

ئەوە بوو دوای تێك شکانی ڕۆم لە (ذات الصواری)دا قوسگەنگین بە خۆی و سوپاکەیەوە کشایەوە و بەرەو دوورگەی (صقلیە) کەوتە ڕێ.. کە گەیشتە ئەوێ دانیشتوان هەواڵی جەنگیان پرسیی. ئەویش هەواڵی تێك شکانی ڕۆمی پێدان.. بەمە خەڵکەکە نارەزاییان دەربڕیی و وتیان: نەسرانیەتت لە ناوبرد و، تاقی پیاوەکانیت بڕیییەوە. خۆ ئەگەر عەرەب بێتە سەرمان کەسمان نیە بیان گێڕێتەوە دوا .. دوای ئەوە بردیانە گەرماو و لەوێ کوشتیان، بەڵام ئەوانەی لە کەشتییەکەدا لەگەڵیان بوون ڕەوانەی ئەستەنبوڵیان کردنەوە.[56]

تیاچوونی پادشای هەردوو دەوڵەتە ستەمکارەکە نیشانەی ڕووخانی دەوڵەتەکانیان بوو.. چونکە پێغەمبەری خوا ρ لەوە و پێش هەواڵی دابوو کە کیسرا تیاچوو کیسرایەکی تری لە دوا نایەت و، کە قەیصەریش تیاچوو قەیصەرێکی تری لە دوا نایەت..

[55] البداية والنهاية ج ص 157.

[56] الكامل في التأريخ ج3 ص59.

DO NOT COPY

# هەوڵی لەناوبردنی ئاژاوە

کاتێك کە عەبدوڵڵای کوڕی سەبەئی جوولەکە سەرکەوتنی موسڵمانان و گەشەکردنی ئیسلامی بینی ، زۆر داخی لی‌دەهات، چاری نەبوو بۆ دژایەتیی موسڵمانان جگە لە موسڵمان بوون، تا لە ناوەوەی کۆمەڵگای ئیسلامییدا نەخشەی رووخاندنی ئیسلام بکێشێت.. وای بە چاك زانیی خۆی بە موسڵمان پیشان بدات، تا بتوانێ خەنجەری ژەهراویی لە لاشەی ئیسلام بدات و داخی دڵی خۆی برێژێ..

سەرەتا ویستی لە وڵاتی شامدا ئاژاوە بەرپا بکات، بە تەمای ئەوەی کە زیان بە موعاویەی خاوەنی غیرەت و خزمەت بگەیەنێت و ئاسایشی ئەو ناوچەیە تێك بدات..

موعاویە وای بە چاك زانی خەلیفەی خاوەن شەرم وحەیا ئاگادار بکات. خەلیفەش بە وێنەی یەکەم لێپرسراوی ئوممەتی ئیسلام، بە وردیی و ژیرانە چاودێریی دەکرد و لە کاری ئاژاوەچییان ئاگادار دەبوو، بۆیە موعاویەی ئاگادار کرد کە دەبێت بە ژیرانە کار بکات، چونکە خەریکە وا ئاژاوە سەر دەردەهێنێ و ئەوەندەی نەماوە هەڵمەت بەرێت.

موعاویەش بە وێنەی موسڵمانێکی خاوەنی سەلیقە و وردەکاریی پشتی بە خوا بەست و، لەسەر خۆ گرێکوێرەکەی کردەوە و، عەبدوڵڵای کوڕی سەبەو چی خوریی رێسا بوو هەمووی کردەوە بە خوریی. بۆیە کوڕی سەبەو وای بە چاك زانیی دەست بەرداری شام ببێت، چونکە ئەو لەگەڵ موعاویەدا هیچی پێ ناکرێ، ئیتر رووی لە ناوچەکانی تری وڵاتی ئیسلام نا، تا لەوێ دژی خەلیفە عوثمان ـ خوا لێی رازیی بێ ـ پیلان بگێرێت.

لە ساڵی سیی و دووهەمی کۆچییدا و لەو کاتەدا کە جوولەکەی بێوێژدان خەریکی وەشاندنی تۆوی ئاژاوە بوو، سوپای موسڵمانان لە خۆرئاواوە بە سەرکردایەتیی عەبدوڵڵای کوڕی سەعد جەنگی لەگەڵ رۆمدا دەکرد تا لە ناو دەریای سپییدا سوپای کافران تێك بشکێنێ و جارێکی تر رۆم نەتوانن پێ بخەنەوە ناو خاکی شام و، سوپای موسڵمانانیش لە خۆرهەڵاتەوە بە سەرکردایەتیی عەبدوڵڵای کوڕی عامیر بەرەو وڵاتی فارس و خۆراسان دەکشان تا ئەو ناوچانە بە نووری قورئان رۆشن بکاتەوە . ئەوە بوو سوپای ئیسلام لەو ساڵەدا شاری مەرۆ و گاڵەقان و فاریان و جۆزجان و گەخارستانی فەتح کردن و موسڵمانان زۆر دڵخۆش بوون، بە رادەیەك کە بە عەبدوڵڵای کوڕی عامیریان وت: ئەمەی کە بۆ تۆ فەتح کراوە بە کەس فەتح نەکراوە : وڵاتی فارس و کرمان و سەجستان و مەرۆ و خۆراسان.

ئەویش وەڵامی دایەوە: پێویستە بۆ سوپاس کردنی خوا لە سەر ئەمە لەم شوێنەمەوە بۆ عەمرە ئیحرام بپۆشم و بە خۆ هەڵکردنەوە بکەومە رێ.

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

ئەوە بوو بۆ ئەنجامدانی عەمرە لە نەیساپوورەوە ئیحرامی پۆشیی..[57]
لە هەمان کاتدا موعاویەش سوپای ئیسلامی گەیاند بووە دەرگاکانی شاری ئەستەنبووڵ و، ئەوەندەی نەمابوو لە باکووری خاکی ئیسلامەوە چۆك بە دەوڵەتی ڕۆم بدات و، پایتەختی چەندین ص ەدەیان فەتح بکات و بیخاتە سەر خاکی ڕزگار کراو..
خەلیفە عوثمان ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ ئاگاداری بارودۆخی وڵات بوو.. ئەوە بوو کۆمەڵێك لە ئاژاوەچییانی کووفە ئاشکرا بوو بوون و، وا چاك بوو لە ناوچەی خۆیان دوور بخرێنەوە بۆ ئەمەش ڕەوانەی شام کران تا لەوێ موعاویە چاودێرییان بکات و بە سەلیقەی خۆی لە ڕێی چەوت لایان بدات.. خەلیفە بە نامەیەکیش موعاویەی ئاگادار کرد.
کە گەیشتە شام موعاویە ڕێزی لێگرتن و بە فەرمانی خەلیفە وەك مووچەی عیراقیان مووچەی بۆ بڕینەوە و، هەتا خۆی دەچوو لە گەڵیان دەمایەوە و نیوەڕۆ و ئێوارە نانی لەگەڵ دەخواردن..
موعاویە ئەرکی سەرشانی خۆی بە جوانیی ئەنجامدا.. ڕێزی لێگرتن و، تێکەڵیی کردن و، بە چاکیی لێیان شارەزابوو و، تێگەیشت کە ئەمانە بە بۆچوونێکی خێڵەکییەوە بیر دەکەنەوە و، هەوای حوکم و دەسەڵاتیش لە کەللەی داون..
بۆ ئەمە وای بە چاك زانیی ڕۆڵی گرنگی ئیسلامیان بۆ باس بکات کە چۆن گەیشتە فریای عەرەب و یەکی پێ گرتن و کردنیە خاوەنی دەوڵەوت و سۆپاو ئاڵا و دەسەڵات. ئەمەش بۆ ئەوەی بیر لە خێڵ و هۆز پەرستیی نەکەنەوە.. هەروەها باسی ڕۆڵی گرنگی قورەیشی بۆ کردن تاتێ بگەن کە هیچ مافی ئەوەی نیە لەگەڵ قورەیشدا ململانێ بکات و داوای دەسەڵات بکات، چونکە بە ڕاستیی قورەیش لە سەردەمی نەفامییدا خاوەنی پایە بووە و، لە سەردەمی ئیسلامیشدا چاك ماندوو بووە و خزمەتی زۆرە لە گەیاندنی ئیسلامدا..
کاتێك کە موعاویە ئەم باسانەی بۆ دەکردن، لە وەڵامی ئەوانیش گوێی دەگرت کە جگە لە دواکەوتوویی و بێ مێشکیی هیچی لێبەدی نەدەکرد، بۆیە وای بە چاك زانیی باسەکەیان بە درێژە بۆ شیی بکاتەوە.. کەچیی بێ هوودە بوو، تا ئەوە بوو لە دوا دانیشتندا موعاویە داوای لێ کردن ڕێی ڕاست بگرنە بەر و، تەقوا و شەرمیان هەبێت و، گوێڕایەڵیی بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی ρ بکەن و، بکەونە گەل کۆمەڵی موسڵمانان و، واز لە دووبەرەکیی بهێنن. کەچیی کە ویستی ئەم ئامۆژگاریانەیان یاد بخاتەوە، وتیان: تۆ فەرمانت بە دووبەرەکیی و پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر ρ داوە.
جارێکی تریش ئامۆژگارییەکەی کردنەوە و، دەریشی بڕیی کە ئەگەر هەڵەی کردبێ وا ئێستە لێی دەگەڕێتەوە.
کە دییان وا موعاویە نەرمە، صەعصەعەی سەرۆکیان داوای لێکرد تا دەست لەکار هەڵ

---

[57] البداية و النهاية ج7 ص 159 -160.

DO NOT COPY

بگرێت چونکە موسڵمانی تر هەیە کە لەو شیاوتر بێت.

موعاویە پرسیی: ئەوە کێیە؟

ناوی کەسیان نەدا، بەڵام دەریان بڕیی کە ئەو کەسە خۆیشی و باوکیشی لە خۆیشی و لە باوکیشی خزمەتی زیاترە.

موعاویەش دای بەگوێیاندا کە ئەم خەلیفە عومەر هەڵی بژاردووە و دیارە کەسیش ناتوانێ کار بکاتە سەر عومەر و واز لە راستیی بهێنێ. ئێستاش کارێکی وەهای لێ‌ئەوەشاوەتەوە کە شیاوی لابردن بێت. خۆ ئەگەر خەلیفەی سێهەم بە دەستی خۆی رای خۆی و کۆمەڵی موسڵمانانی دەربڕیی و بۆی نووسیی تا دەست لە کار هەڵ بگرێت، ئەوا بە چاوان واز دەهێنێت..

هەروا لەسەر لاریی و نەزانگۆیی بەردەوام بوون هەتا ئەوە بوو لە دواجاردا هەڵمەتیان دایە موعاویە و ریشیان راکێشا.

ئەویش خێرا تێی گەیاندن کە ئەمە کووفە نیە، خۆ ئەگەر دانیشتوانی شام بەم کارەیان بزانن ئەوا هەڵمەتدێننە سەریان و دەیان کوژن و ئەمیش فریا ناکەوێ‌لەوە قەدەغەیان بکات..

ئیتر لەلایان هەستاو سوێندی خوارد هەتا ماوە لەگەڵیان کۆ نەبێتەوە،[58] چونکە بە هیچ شێوەیەك گوێ ناگرن و ئەوپەڕی مەترسییشیان بۆ کۆمەڵی موسڵمانان هەیە. بۆ ئەمە خەلیفە عوسمانی بە نامەیەك ئاگادار کرد و تیایا تێی گەیاند کە ئەمانە دوژمنی ئیسلامن و، بە زمانی شەیتان دەدوێن و، خەڵکی سادە هەڵ دەخەڵەتێنن.. جا تا خەڵکی وڵاتی شامیشیان وەك خەڵکی کووفە لێ‌نەکردووە، بەشکوم خەلیفە رەوانەی وڵاتی خۆیانیان بکاتەوە..[59]

ئەوە بوو خەلیفە ماوەی دا تا رەوانەی عیراقیان بکاتەوە. بەڵام ئاژاوەچییەکان زانیان تازە لە عیراقدا جێیان نابێتەوە، چونکە لای خەڵکیی ئاشکرا بوون، بۆیە وایان بە چاك زانیی ناوچەی جەزیرەی نێوان عێراق و شام هەڵبژێرن و بچن بۆ ئەوێ..

کاربەدەستی ئەو ناوەش عەبدورڕەحمانی کوڕی خالیدی کوڕی وەلید بوو ـ خوا لێیان رازیی بێ ـ و موعاویەش ئاگاداری کرد تا بیانناسێت و ماوەیان نەدات پێ رابکێشن .. عەبدوڵلای کوڕی سەبەئیش هەستی کرد کە لە شامدا جێی نابێتەوە و، لە ترسی عەبدورڕەحمانی کوڕی خالیدیش نەی وێرا بچێت بۆ جەزیرە بۆ لای هاوەڵانی، بۆیە وای بە چاك زانی خۆی بگەیەنێتە شاری فوستات و لەوێوە شوێنکەوتوانی بجوولێنێت، بەوەی کە هەر دەستەیەکیان بە درۆ و بوختان والیی و کاربەدەستەکانی خەلیفە عوسمان تاوانبار بکەن و ئەمە بۆ ناوچەکانی تر بنووسن.. دەنگ و باسێکی زۆری زوڵم و زۆر و ستەمی کاربەدەستان بڵاوبوویەوە و دانیشتوانی هەر ناوچەیەك کە سەرنجی کاربەدەستانی ناوچەکەی خۆیانیان دەدا ئەو ستەم و زوڵمەیان بەرچاو نەدەکەوت، بۆیە بەزەییان بە دانیشتوانی ناوچەکانی تردا دەهاتەوە کەوا گیرۆدەی دەستی زاڵمان بوون .. هەتا

[58] السري عن سعيب عن سيف. الطبري ج3 ص366 - 367.

[59] الطبري ج3 ص366-367 . سنة 32.

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

ئەوە بوو ئەو دەنگ و باسانەش هەر هەموو گەیشتنە مەدینە و دانیشتوانی مەدینەش وایان زانی تەنها پایتەخت لە ستەم دوورە و هەموو ناوچەکانی تر وێرانن.[60]

کاتێك کە موحەممەدی کوڕی مەسلەمە و گهلحەی کوڕی عوبەیدوڵلا ـ خوا لێیان رازیی بێت ـ ئەم دەنگ وباسە سامناکانەیان ی بیست راچڵەکین و بە پەلە خۆیان گەیاندە لای خەلیفە عوپمان.. کە پرسیاریان لیءکرد تێ گەیشتن هیچ هەواڵێکی خراپ بە خەلیفە نەگەیشتووە. ئیتر ئەوە بوو ئەوان ئاگاداریان کرد کە هەڵمەتێکی درندانەی دوور لە ویژدان دەکرێتە سەر کاربەدەستانی دەوڵەت.[61]

خێرا خەلیفەش بە تێگەیشتنێکی ئیسلامیی رەسەنەوە پێی وتن : ئێوە هاوبەشی کارمن و شاهێدی ئیماندارانیشن، دەی رام بۆ دابنێن. وتیان: ئێمە رامان وەهایە پیاوانێك کە متمانەیان پێ دەکەیت بنێریت بۆ ناوچەکان هەتا هەواڵت لە بارەیانەوە بۆ بهێننەوە.[62]

ئەوە بوو خەلیفەعوپمان موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی بۆ کووفە و، ئوسامەی کوڕی زەیدی بۆ بەصرە و، عەمماری کوڕی یاسیری بۆ میصر و، عەبدوڵلای کوڕی عومەری بۆ شام ناردن. کە گەڕانەوە هەواڵی راستەقینەی ئەو ناوچانەیان بۆ پایتەخت هێناوە، بە شێوەیەك کە ئۆخەی بە دڵی ئیمانداران بگەیەنێت!

دوای ئەوەش خەلیفە دوو هەنگاوی تری مەردانەی نا کە زۆر پێویست بوون:

__یەکەمیان:__ نامەی بۆ والیی و ئەمیری ناوچەکان نووسیی بە شێوەی بەیانێکی گشتیی بۆ موسڵمانانی ناوچەکانیان بیخوێننەوە و ئاگاداریان بکەن کە لە هەموو وەرزێکی حەجدا والیی و کاربەدەستان بانگ دەکاتەوە بۆ مەدینە و، لەو رۆژەشەوە کە کاروباری موسڵمانانی بە دەستەوە گرتووە ئومەتی ئیسلامی کردۆتە خاوەنی ماف و دەسەڵات بۆ فەرمان دان بە چاکە و دوورەپەرێزیی لە خراپە. بۆیە هەر شکاتێك بگاتە لای لێی دەپرسێتەوە. ئەوەتا بەر گوێشی کەوتووە کە کاربەدەستان جنێو و لیءدانیان بۆ هەندێك بەکار هێناوە. جا داوای خەلیفە وەهایە کێ بە نهێنیی جنێوی پێ دراوە و لێی دراوە با لە وەرزی حەجدا خۆی بگەیەنێتە مەدینە، تا بزانرێت مافی بە لای خەلیفەوەیە یان بە لای والیەکانیەوەیە، ئەوسا یان مافەکەی وەردەگرێتەوە، یان دەیکاتە خێر و صەدەقە..

بەڵێ خەلیفەی شوێنکەوتەی قورئان خۆی و والیەکانی خستە قەفەزی تاوانبارییەوە و، جاڕی دا با هەموو موسڵمانێك سەربەست بێت و بێتە پایتەخت و داوای مافی خۆی بکات..[63]

ئەوپەڕی سەربەستیی بۆ موسڵمانان.. ئەوپەڕی مافیش بۆ ئەوانەی وان لەسایەی ئاڵای

---

60 الطبري ج3 ص379 سنة35.

61 هەمان سەرچاوە.

62 هەمان سەرچاوە.

63 الطبري ج3 ص379. السري عن شعيب عن سيف عن محمد و طلحة..

DO NOT COPY

قورئاندا.. ئەم نامەیەی خەلیفە دڵ و دەروونی موسڵمانانی هێنایە جۆش و بۆشیان دەرکەوت کە بوختان بۆ والیی و کاربەدەستانی هەموو ناوچەیەك کراوە. بە جارێكدا موسڵمانان دەستیان دایە گریان بۆ ئەو دڵ نەوایی و ڕێزەی کە خەلیفەی ئازیز بۆیانی دانا بوو و، دۆعای خێریشیان بۆ کرد و بۆیان دەرکەوت کە شەڕ و خراپەیەك وا بەڕێوە بۆ موسڵمانان..

***دووهەمیان:*** ئەوە بوو خەلیفە بە پەلە والییەکانی بانگ کردنەوە: عەبدوڵلای کوڕی عامیر و، موعاویە و، عەبدوڵلای کوڕی سەعد و، لەبەر ئەوەی کە سەعیدی کوڕی عاص و عەمری کوڕی عاص یش لەوەو پێش والیی بوو بوون ئەوانیشی بانگ کرد بۆ تەگبیر و راوێژ .. هەموویان لە دانیشتنێکی داخراودا لەگەڵ خەلیفەدا کەوتنە وتو وێژ بۆ چارەسەریی ئەم گیرو گرفتە کە جوولەکەیەکی نیازپیس دروستی کردووە..

خەلیفە پرسیاری لیکردن کە ئەم دەنگ و باسانە چین و، ئەو زۆر دەترسێ کە راست بن و، هەر هەمووشی بەسەر ئەودا دەشکێتەوە. ئەوانیش وەڵامیان دایەوە کە خۆی پیاوی راسپاردوون تا هەواڵی راستەقینەی بۆ بهێننەوە خەلیفە داوای راو تەگبیری لەوانیش کرد..

هەر یەکە بۆ خۆی رای دەربڕیی و، رای موعاویەش ئەوە بوو کە ئەو کراوەتە کاربەدەست ئەوا جگە لە چاکە هیچ هەواڵێکی پێ ناگات.

خەلیفە پرسیی: ئەی چار چییە؟

موعاویە وەڵامی دایەوە: حُسن الّدب!

عەمری کوڕی عاص یش بۆی روون کردەوە کە زیاد لە پێویست خەلیفە نەرمیی نواندووە، بۆیە پێویستە لەکاتی نەرمییدا نەرمیی و لەکاتی توندییشدا توندیی بەکار بهێنێ.

خەلیفە تێی گەیاندن کەوا خەریکە دەرگای فیتنە و ئاژاوە دەخرێتە سەر پشت. جا خۆزگە بە عوپمان ئەگەر بمرێت و دەست لەو ئاژاوانە نەدات.. بۆیە فەرمانی بەسەر والییەکاندا دا تا دەست لە خەڵكیی بگرنەوە و، مافی تەواویان بدەنێ و، چاوپۆشییان لیبکەن، بەڵام لە شێلانی مافی خوادا شل و شۆڵیی نەنوێنن.[64]

بەڵێ، موعاویەش بۆ خەلیفەی روون کردەوە کە با لە وڵاتی شام بێ خەم بێت، چونکە ئەو رای وەهایە کە ئەمیر(حسن الّدب) لەگەڵ موسڵماناندا بەکاربهێنێ و ئەمەش بۆ ئەو بەرهەمی چاکی داوە.

خەلیفە فەرمانی دا موعاویە لە مەدینە بمێنێتەوە هەتا خۆی بچێت بۆ مەککە و حەج بە موسڵمانان بکات.

ئەوە بوو خەلیفە لە وەرزی حەجدا چاوەڕوانیی کرد تا ئەوانەی ستەمیان لیکراوە بێن و شکاتی کاربەدەستان بکەن، کەچیی تاقە کەسێك نەهات شکات بکات، سوپاس بۆ خوا..

---

[64] الطبري ج3 ص380 -381 سنة 35 ، السري عن شعيب عن سيف.

موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان

## موعـاويەی کوڕی ئەبوسـوفيـان (30)

بەر لەوەی موعاویە مەدینەی پیرۆز بەجێ بهێڵێ و، هەرچەندە خراپە و ئاژاوە دیار نەبوون، کەچیی ئەمیری شام ئاژاوەی لە دوورەوە هەست پێ دەکرد، کە هاکا سەری دەرهێنا و تەقییەوە و ببووە مایەی لە ناوبردنی ئەمیری ئیمانداران.. بەم بۆنەوە چووە خزمەتی خەلیفە و کاتێك پێکەوە دوو بە دوو بوون هەرچی لە دڵیدا هەبوو پێی وت و سێ ڕێگەشی بۆ دانا:

داوای لە خەلیفە کرد تا بچێت لەگەڵیا بۆ شام بەر لەوەی ئەوەندە ناحەزو ئاژاوەچیی بێنە سەری و چاری پێ نەکرێن، چونکە دانیشتوانی شام وەك خۆیان دامەزراون.

بەڵام خەلیفە وەڵامی وەها دایەوە کە بۆ هیچ شتێك دەست لە دراوسێیەتیی پێغەمبەری خوا ρ هەڵ ناگرێت و بە هیچی ناگۆڕێتەوە ، ئەگەرچیی دەماری ملیشی ببڕێت..

کە خەلیفە بەمە ڕازیی نەبوو داوای لیکرد با کۆمەڵە سەربازێکی بۆ بنێرێت تا پاسەوانیی مەدینە بکەن.

خەلیفە ئەوەشی دایە دواوە چونکە ئەو هەنگاوە کار دەکاتە سەر رزق و رۆزیی دانیشتوانی مەدینەی دراوسێیانی پێغەمبەری خوا ρ.

موعاویە وتی: دەی بەخوا ، ئەی ئەمیری ئیمانداران ! یا دەکوژرێیت یان پایتەخت داگیر دەکرێت..

خەلیفەش وەڵامی دایەوە: (حسبی الله ونعم الوکیل). ئەوەی موعاویەی ئەمیر هەستی پێ دەکرد، عوسمانی خەلیفەش هەستی پێ دەکردو دەیزانیی، بەڵام نەیدەویست گومان بەکار بهێنێ و دەست بداتە کوشت و بڕیی خەڵك ، چونکە ئەو کە سێهەم قوتابیی قورئانە لە خزمەتی پێغەمبەری ئازیزداρ ، پێی خۆش نیە یەکەم کەس دەرگای فیتنە و ئاژاوە بخاتە سەر پشت.. ئەو ئاژاوەیەی کە دەبێتە مایەی خوێنڕێژان و وشك نەبوونەوەی، وەك لە فەرموودەی ئازیزدا هاتووە کە ئەگەر شمشێر بۆ خوێنڕشتنی موسڵمانان بەکار هێنرا ئەوا تا ڕۆژی قیامەت بەردەوام خوێنیان دەڕژێت، کە دەفەرموێ:

(( إڎا وُقِع السـيـفُ فی أُمَّتی لم يرتفع عنها إلى يوم القيامه )) . رواه الترمذی.

بەڵێ، خەلیفە عوسمان هەتا توانای هەبێت دەرگای ئاژاوە و خوێن ڕشتن دادەخات، بەڵام هەڵاتن بۆ شام بۆ ئەو ناشێت کە یەکەم کەس یاسای بەڕێوەبردنی کاروباری موسڵمانان بگۆڕێت و، هەرگیز ناتوانێ داوای سوپاش بکات بۆ پارێزگاریی مەدینە چونکە بەوە تەنگ بە دانیشتوانی مەدینە هەڵ دەچنێت..

موعاویە بەخەم و خەفەتێکی زۆرەوە بۆ خەلیفەی خاوەن شەرم و حەیا مەدینەی بەجێ هێشت، ئەوە بوو لە ڕێگادا تووشی کۆمەڵێك لە هاوەڵان هات و خۆی پێ نەگیرا ئەوەی لە دڵیا بوو بۆی باس کردن، بە تایبەت کە ئیمامی عەلیی و گەلحە و زوبەیریان لەگەڵ دا بوون ، کە هەرسێکیان لەو شەش کەسە بوون کە خەلیفە عومەر ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ بۆ خەلیفەی دوای خۆی دەست نیشانی کردبوون . جا چونکە دەی زانیی ئەمانە بە شێوەیەکی مەعنەویی کاریگەری یان لەسەر

DO NOT COPY-ئەبوسوفیان

موسڵمانان هەیە، خۆی دا بەسەر کەوانەکەیداو، شمشێرەکەی کردە شانی و، سەلامی لێ‌کردن و پاشان ئەوەی بۆ باس کردن کە لە سەردەمی نەفامییدا هەرکەسە سەردارێکی هەبوو پرس ورای پێ دەکرد، تا کە خوای گەورە پێغەمبەری ρ رەوانەکرد، رێزی لەوانە نا کە شوێنی کەوتن، تا ببنە سەرداری ئەوانەی دوای خۆیان و، کاروباریان بە شوورا بەرێوە بەرن.. جا ئەم پێشەنگانە بەوەی کە زوو موسڵمان بوون و خزمەتیان بە ئیسلام کردووە ئەوا وان لە پێشەوە و، هەتا بە پاکیی و رێك و پێکیی بەرێوەی بەرن ئەوا کاریان بە دەستەو خەڵکیش وا بە دوایانەوە. خۆ ئەگەر گوێ هەڵۆڵ کەن بۆ دنیا و لە روانگەی دنیا گەرییەوە بیر لە کاروباری موسڵمانان بکەنەوە ئەوا خوای گەورە لێیان وەردەگرێتەوە، چونکە خوا دەسەڵاتی گۆڕینی هەیە و، لە موڵکی خۆیدا هەموو کاروبارێك هەر بە دەستی خۆیەتی.

ئەوەشی دا بە گوێیاندا کە ئەگەر چاودێریی ئەو ریش سپییە (واتە خەلیفە) بکەن و، شان بە شانی بووەستن ئەوا پێی بەختەوەر دەبن. پاشان خوا حافیزیی لێ‌کردن و رۆیشت..[65]

ئیمامی عەلیی ـ خوا لێی رازیی بێ ـ بە وتەکانی موعاویە کە دڵسۆزیی و ئیخلاصیان لێ‌ دەباریی سەرسام بوو، بۆیە فەرمووی: وام نەدەزانی ئەمەندە خێری تیابێت. (واتە موعاویە).

زوبەیریش وتی: نا بەخوا هەرگیز لە بەر چاوی تۆیش و ئێمەش ئەوەندەی ئەمڕۆ گەورە نەبووە..

بەم شێوەیە موعاویە ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام داو ئامۆژگاریی پێویستی بۆ گەورە پیاوانی ئیسلام بەجێ هێشت..

ئەم بۆچوونەی موعاویە کە دەری دەبڕێی لە ئیسلامدا کەسێك جێی دەبێتەوە کە بە ئیخلاصەوە کار بکات، ئەگینا خوا ئەو کارە تەسلیمی دڵسۆزی راستەقینە دەکات ، رای خەلیفەی دووهەمیشە کاتێك کە ئامۆژگاریی سەعدی کوڕی ئەبو وەققاصی دەکرد با بەوە مەغروور نەبێت کە دەوترێ خاڵۆ و هاوەڵی پێغەمبەری خوایە ρ ، چونکە خوای گەورە خراپە بە خراپە ناکوژێنێتەوە بەڵکو خراپە بە چاکە دەکوژێنێتەوە، چونکە هیچ پەیوەندیی و نزیکییەك لە نێوان خواو هیچ بەندەیەکیدا نیە جگە لە گوێڕایەڵیی و پەرستنی.

بەڵێ ، دوای ئەنجامدانی حەج موعاویە گەڕایەوە شام و، ئەوەندەی پێ نەچوو ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی بەصرە و کووفە هێرشیان هێنایە سەر مەدینە، ئەوانەی کە نەهاتن بۆ حەج تا خەلیفە ببینن، چونکە والییەکان هەموویان لەوێ ئامادەبوون و، دواتر بە ناوی عومرەوە هاتن..

خەلیفەی خواناس ـ خوا لێی رازیی بێ ـ بە ژیریی و سەلیقەی یەکەم خواناسی ئەو رۆژەی سەرزەویی بە کۆمەکیی خوای گەورە توانیی نەخشەکانیان ئاشکرا بکات.

ئەوە بوو دوو موسڵمانی قورەیشیی هەڵ بژاردن کە یەکێکیان لە نەوەی زوهرە و ئەوی تریان لە نەوەی مەخزووم بوون و ناردنی بۆ ناویان .. بۆیە ئەم دوانەشی هەڵ بژاردن تا ئەو تاوان بارانە

---

[65] الطبري ج3 ص 381 سنة خمس وثلاثين. السري عن شعيب عن سيف..

ڕاستەوخۆ بڕوایان پێ بکەن، چونکە کاتی خۆی خەلیفە عوسمان سزای دابوون.

کە ئەو دوانەیان بینی و ناسینیان هەموو نیازێکی دڵیان لە لایان ئاشکرا کردو، ئەوانیش پرسییان: لە دانیشتوانی مەدینە لەسەر ئەمە کێتان لەگەڵە. وتیان: سێ کەس . وتیان: ئیتر جگە لەمانە کەسی تر نیە؟ وتیان: نەخێر.

پرسییان: دەی دەتانەوێ چۆن بکەن؟

وتیان: دەمانەوێ چەند شتێکی بۆ باس بکەین کە بردوومانەتە دڵی خەڵکییەوە. پاشان دەگەڕێینەوە بۆ لای خەڵکەکە و وای رادەگەیەنین ئێمە ئەومان ناچار کردووە کە دانیان پیا بنێ، بەڵام وازی لێ‌نەهێنان و تۆبەشی نەکرد. پاشان دەکەوینە رێ و وا دەردەخەین کە حاجیین، هەتا دێینە پێشەوە و گەمارووی دەدەین و، دای دەماڵین. خۆ ئەگەر خۆی بە دەستەوە نەدا ئەوا دەی کوژین و دەبڕێتەوە.[66]

کە ئاژاوەچییان دەوری مەدینەیان دا، خەلیفەعوسمان ـ خوا لێی رازیی بێ ـ وای بە چاك زانیی بنێرێ بەدوای کووفەیی و بەصرەییەکاندا و جارێش‌درا (الصلاە جامعە) بەمە هاوەڵانی پێغەمبەر ρ کۆ بوونەوە و چوار دەوری خەڵکەکەیان گرت.

خەلیفە دوای سوپاس و ستایشی خوای گەورە هەواڵ و نیازی ئاژاوەچییانی بۆ گێڕانەوە و ئەو دوو پیاوەش کە پیلانەکەیان ئاشکرا کرد هەستان و دانیان بەوەدا نا.

موسڵمانان بە تێکڕا بڕیاریان دا کە خەلیفە کوشتاریان بکات چونکە فەرمانی پێغەمبەری خوایە ρ کە فەرموویە: « من دعا إلى نفسه أو إلى أحد وعلى الناس إمام فعليه لعنە اللە فاقتلوه ». ڕای خەلیفە عومەریش ـ خوا لێی رازیی بێ ـ بەو جۆرە بووە. کەچیی خەلیفەی سۆز و بەزەیی بڕیاری چاوپۆشیی بۆ دان هەتا بە جوانیی کاریان بۆ روون ببێتەوە و، هەرکەسیش کوفر و لادانی لێ‌دەرنەکەوێت هیچ دژایەتییەکی ناکرێت.

تاوان باران چەند بوختانێکیان بۆ خەلیفەی زاهید و خواناس هەڵ بەستبوو، خەلیفەش بە ژیرانە هەموو ئەو وتانەی خستنە روو و وەڵامی شەرعیی خۆیشی دەرخست تا موسڵمانان بزانن خەلیفە لە شەرع لای نەداوە و، قوتابییەکی دڵسۆز و بەوەفای قورئانەو، بە هیچ شێوەیەك لە فەرمانی پێغەمبەری فەرماندەی ρ دەرنەچووە.

خەلیفەی زاهید چونکە بۆ خوا کاری دەکرد هەوڵی دەدا کارە چاکەکانی بە نهێنیی ئەنجام بدات. بەڵام ئاژاوەچییەکان ناچاریان کرد زۆر شت ئاشکرا بکات. ئەمەش بە قازانجی ئیسلام و موسڵمانان دەرچوو، تا ئەو راستییانە نەشاررێنەوە و دیوی راستەقینەی خەلیفە دەرکەوێت و، موسڵمانان بە درێژایی مێژوو ئاگاداری خۆیان بن و خراپ تێ نەگەن.

جا هەرچەندە خەلیفەی ئازیز هەموو راستییەکانی خستنە روو لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەتا

[66] الطبري ج3 ص272 - 273. السري عن شعيب عن سيف عن شيوخه.

DO NOT COPY

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان ( 30 )

ئێستاش بەشی زۆری موسڵمانان بە پێچەوانەوە لەو راستی‌یانە گەیشتوون.. هێشتا خەلیفەی شەرم و حەیا تاوان بار دەکەن!!

لە سەرەتاوە داوای داماڵینی خەلیفەیان دەکرد، کەچیی دوایی هاتنە سەر بڕیاری کوشتنی..

خەلیفەش نەی دەتوانی فەرمانی پێغەمبەری ئازیز ρ بشکێنێ و کاروباری موسڵمانان تەسلیمی ئەو موونافیقانە بکات. کە ئەوە بوو راستەوخۆ ئازیزمان یەکێ لە موعجیزەکانی دەرکەوتن ، کاتێك کە فەرمانی بەسەر عوپماندا دا کە بەگوێی موونافیقان نەکات و خەلیفایەتی‌یان بە دەستەوە نەدات هەتا بە خزمەتی خۆی دەگاتەوە، کە فەرمووی: ( یا عپمان! إن الله عسى أن یلبسك قمیصاً، فإڎا أرادك المنافقون على خلعه فلا تخلعه حتى تلقانی ـ پلاپاً ـ )[67].

لەهەمان کاتدا پێی خۆش بوو کە دەگەڕێتەوە بارەگای خوا خوێنی هیچ موسڵمانێکی لە ئەستۆدا نەبێت، بۆیە ماوەی نەدەدا موسڵمانەکان دەست لەو موونافیقانە و ـ بە پێی ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ρ ناوی نابوون ـ بوەشێنن.

بەڵام ئەوە بوو نامەی بۆ ناوچەکانی تر نووسیی تا سوپا رێك بخەن و بێن بە دەم پایتەختەوە و چوار دەوری موونافیقان بگرن و پایتەخت رزگار بکەن.

لە کووفە و بەصرە و شام و میصرەوە موسڵمانە دڵسۆزەکان کەوتنە خۆ کۆکردنەوەی سوپا تا فریای خەلیفە بکەون.

جا کە موونافیقان ئەو هەواڵەیان بەرگوێ‌کەوت کەوتنە پەلەی ئەوە زوو بە زوو خەلیفە شەهید بکەن و خۆیان قوتار بکەن، چونکە ئەوانە ئاژاوەچیی بوون و سوپای جەنگ و نەبەرد نەبوون.

کوڕانی هاوەڵە ناودارەکان ـ وەك ئیمامی عەلیی و گەلحە و زوبێر ـ خۆیان گەیاندە ماڵی خەلیفە و بوونە پاسەوانی ئەمیری ئیمانداران . خەلیفەش داوای لەوانیش و لە دانیشتوانی مەدینەش کرد و سوێندی دان تا بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان ، کەچیی کوڕە گەنجەکان دەرگاکەیان بەجێ نەهێشت و خەڵکێکی زۆریش هاتە پاڵیان. خەلیفەش چووە ژوورەوە و قورئانەکەی گرتە باوەشی و ئەو چەند رۆژە هەر خەریکی خوێندنی بوو، دەمی‌ئەدەی‌خوێند و دەمێکیش نوێژی دەکرد.

لەو کاتەدا کە گەماروو درابوو لێیان پرسیی: ئەی ئەمیری ئیمانداران ! ئەوە کوشتار ناکەیت؟

فەرمووی : نەخێر . پێغەمبەری خوا ρ پەیمانێکی لی‌وەرگرتووم و منیش ئارامی لەسەر دەگرم..

کەواتە کوشتار نەکردنی ئەو موونافیقانە فەرمانێکە لە پێغەمبەری ئازیزیەوە ρ بۆی دەرچووە.

ئەوە بوو لە شەوی ئەو رۆژەدا کە شەهید کرا لە خەوی‌دا بە خزمەتی پێغەمبەری خوا ρ گەیشت و پێی فەرموو: ( یا عپمان! أنت عندنا غداً، وأنت مقتول غداً )[68].

---

[67] رواه الإمام أحمد و الترمذي وابن ماجه، واللفظ لأحمد ـ وقال الترمذي : حدیث حسن غریب.

[68] کەعبی کوڕی عوجرە دەگێڕێتەوە وئەڵێت : پێغەمبەری خوا ρ باسی فیتنەو ئاژاوەیەکی نزیکێ و گەورەی کرد. ئەڵێت: پاشان پیاوێکی دەم

**فەرمووی: عوپــمان! تۆ سبەینێ لای خۆمانی و، تۆ سبەینێ دەکوژرێیت..**

**ئەو رۆژە بە رۆژوو بوو وکەمێك پێش خۆرئاوا بوون بە وێنەی پاڵەوانێکی بەغیرەت کە بەوپەڕی مەردایەتیەوە کاری سەرشانی ئەنجام بداو، پارێزگاریی لە سپاردەی بکات، خوێنە گەشەکەی لە پێناوی رەزامەندیی خوا و، پاراستنی موسڵمانان‌دا ، پێشکەش کردو، لەوپەڕی سەربەرزییدا، کە تەمەنی نزیکەی نەوەد ساڵ دەبوو، سەری نایەوە ..**

---

و چاو داپۆشراو تێپەڕی کرد ، جا فەرمووی: (هذا يومئذٍ على الحق)فەرمووی: ئەو رۆژە ئەمە لەسەر حەقە. ئەڵێت: بە پەلە رۆیشتم و وتم: ئەمە ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی: ئەمە . دەبینم عوثـمانیکوڕی عەففانە.. رواه الإمام أحمد 242/4 وابن ماجه.

DO NOT COPY--ئەبوسوفیان

# عەلیی دەبێتە ئەمیری ئیمانداران

مونافیقان خەلیفەی سێهەمیان شەهید کرد و بۆماوەی پێنج ڕۆژ مەدینەی پایتەخت بیء خەلیفە مایەوە.. کاروبار بە شێوەیەکی کاتیی بە دەست غافیقیی کوڕی حەربی سەرۆکی ئاژاوەوە بوو .. مونافیقان زۆر پەلەیان بوو کەسێك ببێتە خەلیفە و ئەوان لە لیءپرسراویی رزگاریان بێت..

بۆ ئەمە مونافیقە میصرییەکان بەدوای ئیمامی عەلییدا دەگەڕان تابیکەنە خەلیفە و، ئەویش خۆی لە دەستیان دادەمالّی و لە بالإ و باخاتەکانی مەدینەدا خۆی حەشار دەداو، کە تووشیان دەبوو لە خۆی دووری دەخستنەوە و زوبەیریش خۆی لە مونافیقانی کووفە دەشاردەوە، کە دەیان ویست بیکەنە خەلیفە و لە خۆی دووری دەخستنەوە.

مونافیقەکانی بەصرەش هەولّیان دەدا گهلحە رازیی بکەن و خەلیفایەتیی بگرێتە ئەستۆ. ئەویش خۆی دادەمالّی و خۆی حەشار دەدا..

کە مونافیقانی هەرسیءاوچەکە دەیان وا هیچ کەس بە دەنگیانەوە نایەت و کەس خەلافەت وەرناگریء بڕیاریان دا هەرکەسیان بۆ رازیی بکریءهەموویان لەسەری رازیی بن. بۆ ئەمە هەولّیان لەگەلّ سەعدی کوڕی ئەبووەققاص و عەبدوللّای کوڕی عومەردا دا، کەچیی ئەوانیش لەو کارە خۆیان داماڵیی..

ڕۆژی پێنج شەممەی پێنجەم ڕۆژی شەهیدکردنی خەلیفە عوپـمان هاتە بەرەوە ، جاڕیان دا با دانیشتوانی مەدینە کۆ ببنەوە. کە کۆبوونەوە دیءیان وا سەعد و زوبەیر لە شار دەرچوون و، گهلحەشیان لە ناو باخێکیا دۆزییەوە و، نەوەی ئومەییەش هەلّهاتبوون. کە دانیشتوان کۆ بوونەوە میصرییەکان داواویان لیءکردن با پیاوێك بە خەلیفە هەلّبژێرن..

بۆ ئەمە جومهووری دانیشتوان ڕایان هاتە سەر عەلیی کوڕی ئەبوگالیب. ئەوانیش دوو ڕۆژ مۆلّەتی شاریان دا تا خەلیفە هەلّ ببژێرن، ئەگەر نا عەلیی گهلحە و زوبەیر و زۆرێکی تریش دەکوژن. خەلّکەکە ناچار پەنایان بردە بەر ئیمامی عەلیی تا قبوولّی بەیعەت بکات، چونکە بارودۆخی موسلّمانان یەکجار ناسکە..

ئیمام داوای لیءکردن وازی لیءبهێنن و کەسێکی تر بدۆزنەوە، چونکە بارودۆلإ بەرەو ڕۆژێکی خراپ دەڕوات ..

ئەوانیش لێی پاڕانەوە کە با سەرنجی ئیسلام و موسلّمانان بگرێت، کە چۆن ئاژاوە ڕووبەڕوویان دێت.. ئایا لە خوا ناترسێت ئەم حالّەی موسلّمانان دەبینێت؟

بەمە ناچار بوو و ڕەزامەندیی نواند. چونکە بۆی دەرکەوت مەگەر ئەو بتوانیءاری سەرشانی موسلّمانان سووك بکات..

بە ڕاستیی ئەو هەلّوێستەی موسلّمانان هەلّوێستێکی سامناك و دلّ تەزێن بوو..

موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان

## موعـاويەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

دوای ئەوە موونافیقان چوون گهلحەو زوبەیریان هێناو بە زۆر بەیعەتیان لێوەرگرتن و دوای ئەوانیش تێکڕای موسڵمانان بەیعەتیان دا..[69]

بەم شێوەیە ئیمام بەهانا و پەنای خەڵکەکە ناچار بوو ئەولیپرسراوییە بگرێتە ئەستۆو ببێتە خەلیفەی موسڵمانان و، ماوەشی بۆدانان با تا سبەینیموسڵمانان راوێژی خۆیان بکەن . کە بۆ سبەینیهاتنەوە لای دەبینیوا لەسەر راکەی دوێنێیان هەر سوورن ..

ئەوانەی کە بەیعەتیان بە ئیمام دا موسڵمانانی مەدینە بوون، ئەهلی حەلل و عەقد. ئیتر بە بەیعەتی موونافیقان رازیی نەبوو و خۆی لێیان دەشاردەوە.

وەنەبیموونافیقان نەیان ویستبیخۆیان کار بگرنە دەست، بەڵام ئەوان ئەو پیاوە نەبوون کەس پێیان رازیی بیو بەڵێیان بۆ بکات.. لەولاوە دەشیان زانیی ئەگەر خێرا خەلیفە دیاریی نەکەن، ئەوا لە هەموو لایەکەوە لە خاکی ئیسلامدا موسڵمانان دژیان هەڵ دەستن و کوشتاریان دەکەن و تاقیان دەبڕنەوە. دەی کەواتە پێویستە خەلیفە دیاریی بکرێت.. بۆیە هەڕەشەیان کردە چەکی دەستیان کە گوایە هاوەڵە ناودارەکان دەکوژن، تا موسڵمانەکان ناچار بن و خەلیفە هەڵ بژێرن و، موونافیقانیش لە کوشتنەوە رزگار بن..

ئەو دەستەش کە ئەم نەخشانەی بەو موونافیقانە ئەنجام دەدا بە راستیی زۆر لێیان بوو.. ئەمەش وانەیەکە بۆ موسڵمانانی هەموو چەرخێك تا کافر و موونافیق یارییان پێنەکەن!

کە ئیمام بووە خەلیفە، گهلحە و زوبەیریش بوونە راوێژکاری و کە لەگەڵ چەند هاوەڵێکی تردا کۆ بوونەوە، بە گوێی خەلیفەیاندا دا کە بڕیاریان ئەوە بووە بکوژانی خەلیفە عوپـمان بە سزای خۆیان بگەن.

ئیمامیش بەجوانیی تێی گەیاندن کە رای لەگەڵ رای ئەوانە، ئەوەندە هەیە ئەو ئاژاوەچییانە ئێستە خاوەنی دەسەڵاتن و، خەڵکێکی نەزان بە کوێرانە پشتگیرییان لێدەکات. کەواتە وا چاکە دان بە خۆیاندا بگرن هەتا ئەو خەڵکە لە دەوریان بکشێتەوە، ئەو کاتە تاوانباران بە سزای خۆیان بگەن..[70]

بۆ ئەم مەبەستەش لە رۆژی سێهەمی خەلافەتیدا سەرکەوتە سەر مینبەر و دەستی بە وتاردان کرد کە تیایا داوای کرد ئەو خەڵکە بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆیان ، کەچیی سەبەئییەکان ئەو فەرمانەیان جێبەجێنەکردو عەرەبە دەشتەکییەکانیش دیانە پاڵیان.

کە موونافیقان دەستیان وەشاند و عوپـمانیان شەهید کرد، وایان دەزانی بە ئاوات دەگەن، کەچیی خوای گەورە کۆمەکیی موسڵمانانی کردو کاروباری خستە دەست شێری خوا ئیمامی عەلیی.. کە ئەمەیان دیی کەوتنە دژایەتیی ئیمامیش، بەوەی کە پاگاندەی نەگونجاویان لە وڵاتی شامدا دژی بڵاوکردەوە.

---

[69] الطربي ج3 ص454 -456.

[70] الطربي ج3 ص458...

DO NOT COPY - ئەبوسوفیان

بڵاویان كردەوە كە ئاژاوەچییان عوپـمانیان كوشت و، خۆیان دایە پاڵ عەلیی و، بەیعەتیان پێداو كردیانە خەلیفە كەواتە عەلیی لەگەڵیاندا دەستی تێكەڵ كردووە و پێی خۆش بووە ئەمە روو بدات..

هەروەها بڵاویان كردەوە كە بەیعەتی دانیشتوانی مەدینە بە زۆر بووە، چونكە ئاژاوەچییەكان خاوەنی دەسەڵاتن و دەتوانن دانیشتوان ناچار بكەن. خۆ ئەگەر دانیشتوان دەسەڵاتیان بوایە ئەوا بەرگرییان لە خەلیفەی ئازیزیان دەكرد..

نەوەی ئومەییە كە شاریان بەجێهێشت بەچاوەوە نەبوون چۆن دانیشتوانی مەدینە لە ئیمامی عەلیی دەپاڕانەوە تا كاروباریان بگرێتە دەست، تا موسڵمانان بێ‌شوان نەبن و، لە دەسەڵاتی ئاژاوەچییانیش رزگاریان بێت...

كە هەواڵی شەهید بوونی خەلیفە عوپـمان و پەنجە بڕانی نائیلەی خێزانی خەلیفە و، نەهێشتنی مونافیقان تا موسڵمانان خەلیفە لە قەبرستانی موسڵماناندا بنێژن گەیشتە شام لای موعاویە و، دایان بەگوێیدا كە گوایا عەلیی باكی لە كوژرانی عوپـمان نیە. ئیتر نەیاندەزانی كە عەلیی لە هەموویان زیاتر دڵسۆزی خەلیفەی شەهیدە و، لە هەموشیان زیاتر غیرەتی بۆ تۆڵەسەندنی دەجوولێ‌ء بەڵام ئەو كارە كاتی نەهاتووە و پێویستە ئارام بگرن..

ئەم دەنگ و باسانە كارێكی بەتینیان كردە سەر دڵ و دەروونی موعاویە و، بڕیاری دا لسەر تۆڵەسەندنی خوێنی عوپـمان سوور بێت.. ئەم تۆڵە سەندنەش لە جێی خۆیدا بوو، چونكە ئەگەر لە یادمان بێت بەرلەوەی خەلیە شەهید بكرێ‌ءەخشەی كێشا بۆ رزگار كردنە خەلیفە : یان ئەوەتا خەلیفە بچێت بۆ شام یان بچێتە پەنای كەعبەوە ، یان سوپا بنێرێتە مەدینە بۆ پارێزگاریی خەلیفە.. هەتا ئەو رۆژەش كە مەدینەی بەجێهێشت ئەوە بوو وەسێتی بۆ عەلیی و گەلحە و زوبەیر كرد تا چاویان لە ئەمیری ئیمانداران بێت. لە لایەكی ترەوە ئاژاوەچییەكانی چاك دەناسیی، بەوەی كە خەلیفە عوپـمان هەندێكیانی ناردبووە شام تا بەشكو لەوی‌ءامۆژگاریی بكرێن و رێگای راست بدۆزنەوە، بەڵام موعاویە بۆی دەركەوت ئەوانە بە دوای راستییدا ناگەڕێن ، بەڵكو ئاژاوە چیین و راست كردنەوەیان مەحاڵە..

دەی كەواتە هەڵوێستی موعاویە و سووربوونی لەسەر رزگاركردنی مەدینە و دەرهێنانی لەژێر چنگی ئاژاوەچییەكاندا ، كە دەیزانی هەر هەموو موسڵمانانی شامی لەگەڵدایە، دوای ئەوەش تۆڵەسەندن لەوانەی كە ئەو تاوانە گەورەیان ئەنجام داوە تا بكرێتە پەندی زەمانە، هەڵوێستێكی تەواو راست بوو و، كارێك نەبوو كە جێی سەر سووڕمان بێت، بەڵكو سەرسوڕمان لەوەدا بوو كە موعاویە ئەو هەڵوێستەی نەبێت.. چونكە كە خەلیفە و سەرداری موسڵمانان بە دەستی چەند ئاژاوەچییەك شەهید بكرێت، جێی خۆیەتی سەرانسەری جیهانی ئیسلامی هەڵ چێت و دامركانەوەی بۆ نەبێت هەتا تۆڵە لەو ستەم كارانە بسەنرێت..

دیارە هەركاتێكیش ئاژاوە كەوتە ناو موسڵمانانەوە، ئەوا ماوە نامێنێت هیچ لایەك لە لاكەی تر تیء

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

بگات، یان لێك نزیك ببنەوە و وتو ویژ بکەن و ، شتە هەڵ بەستراوەکان بۆ هەردوو لا روون ببنەوە و، مونافیقان نەبنە ئامۆژگاری هەردوولا.. ئەمەش سزایەکی خوایی بوو بۆ ئوممەتی ئیسلام کە ئەو کارە ناڕەوایە لەناویاندا ئەنجام درا، وەك عەبدوڵلای کوڕی سەلام پێی وتن: هەر میللەتێك خەلیفەکەیان بکوژن هەتا خوێنی چل هەزار کەسیان نەڕژێت ئەوا کاروباریان چاك نابێت..

بۆ ئەم هەڵوێستە موعاویە جاڕی جەنگی دا بۆ تۆڵەسەندنی خوێنی خەلیفە عوسمان..

دانیشتوانی مەدینەش پێیان خۆش بوو بزانن ئیمام نیازی چیی هەیە؟ ئایا دەست دەداتە کوشتاری کەسانێك کە ئەهلی قیبلە بن؟ ئەمەش دوای ئەوەی کە بیستبوویان ئیمام حەسەن چۆتە لای باوکی و داوای کردووە واز لە خەلافەت بهێنێ و بۆ خۆی دابنیشێ.. ئەوە بوو دانیشتوان زیادی کوڕی حەنظەلەی تەمیمییان ناردە لای ئیمام تا رای وەربگرێت..

زیاد چووە لای ئیمام و ماوەیەك لەلای دانیشت و ئەوە بوو ئیمام فەرمانی بەسەردا دا تا خۆی ئامادەی جەنگی شام بکات. کە هاتە دەرەوە هەواڵی دایە خەڵکەکە و، ئیمامیش ئاڵای دایە دەست موحەممەدی کوڕی حەنەفییە و عەبدوڵلای کوڕی عەبباسیشی کردە ئەمیری دەستەڕاست و عەمری کوڕی ئەبو سەلەمەی کردە ئەمیری دەستەچەپ و ئەبولەیلای کوڕی عومەری کوڕی جەڕڕاحی برازای ئەبوعوبەیدەی کردە ئەمیری پێشەنگی سوپا و، قوپەمی کوڕی عەبباسیشی کردە ئەمیری مەدینە و، کاروباری بە هیچ کەس لەوانەی کە لە خەلیفە عوسمان هەڵگەڕا بوونەوە نەسپارد.. فەرمانیشی بۆ قەیسی کوڕی سەعد والیی میصر و ، عوسمانی کوڕی حونەیفی والیی بصرە و، ئەبو مووسای والیی کووفە نووسیی تا موسڵمانان بەرەو شام بخەنە ڕێ.

ئەمانە هەر هەموویان موسڵمانی پاك و بێگەرد بوون و ئیمام هەڵی بژاردبوون و، پشتی بەهیچ مونافیق و ئاژاوەچییەك نەدەبەست..

ئیمام نێرراوی دەنارد بۆ شام و شامیش نێرراوی دەنارد بۆ لای ئیمام تا بەڵكو رێك بکەون و جەنگ هەڵنەگیرسێت.

ئیمام وای بە چاك زانی هێرش بکاتە سەر شام بەر لەوەی هێزی شام بە تەواویی کۆ بکرێتەوە، بەو هیوایەی رێك بکەون و خوێن نەڕژێت و دانیشتوان بگەڕێنەوە باوەشی عەداڵەت..

موعاویەش هەموو توانایەکی دەخستە کار تا گەورەترین سوپا بۆ کۆمەکیی حەق کۆ بکاتەوە، تا تۆڵەی خەلیفەی شەهید لەو خوێنڕێژە هەڵ گەڕاوانە بسەنرێت.. بەمە هەردوولا بەرەو جەنگ کەوتنە رێ. هەردوو بە نیازی رازیی کردنی خواو، بۆ سەرخستنی حەق و عەداڵەت.. هەرەیەکە بۆ خوا ئیجتهادێکی پاك و بێگەردی کرد، هەرچەندە ئیمام پێکای و موعاویە نەیپێکا.. گرنگ ئەوەیە ئیجتهاد بوو، لەبەرخوا بوو و، ئەوپەڕی ئیخلاص و نییەتی پاکی تێدا بەکارهات و، إن شاء الله هەموو لایەکیش خاوەنی ئەجرو پاداشتی زۆرن...

## کارەساتی دڵتەزێنی صیففین

DO NOT COPY

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

کە دەنگ وباسی کەوتنە ڕێی سوپای ئیمامی عەلیی گەیشتە موعاویە ئەویش بەرەو ڕووی کەوتەڕێ و، سوفیانی کوڕی عەمر، ئەبولئەعوەری سوللەمیی کردە فەرماندەی پێشەنگ و، بیسری کوڕی ئەبو ئەرگهئەشی کردە فەرماندەی بەشی دواوەی سوپاو لە صیففین بە یەك گەیشتن..

سەرانسەی مانگی ژولحەججەی ساڵی سیی و شەشەم هەموو ڕۆژێك جەنگ و کوشتار ڕووی دەداو هەندیءڕۆژیش ڕۆژانە دووجار.. بەڵام کە کەوتنە مانگی موحەڕڕەمەوە لێی وەستان و هیوایان هەبوو کە ئاشتیی و ڕێك کەوتن ڕوو بدات.[71] بۆیە دەستیان دایە نامە نووسین بۆ یەکتریی و، جار لە دوای جار قورعەشیان دەکێشا، کە ئەوە بوو لە ماوەی سیءمانگدا هەشتاو پێنج جار قورعەیان کێشا.. هەندیءجاریش هێرشیان دەکردە سەر یەکتریی ، بەڵام قورئان خوێنەکان دەکەوتنی بەین و جەنگ ڕووی نەدەدا..[72]

بۆ چارەسەریی ئەم ناکۆکیە ئەبوددەرداو و ئەبو ئومامە چوون بۆلای موعاویە و پیءیان وت: موعاویە! لەسەرچیی لەگەڵ ئەم پیاوەدا دەجەنگی؟ دەبەخوا لە خۆشت و لە باوکیشت زووتر موسڵمان بووە و، بۆ خزمایەتیی پێغەمبەری خواش ρ لەتۆ نزیکترە و، لە تۆ زیاتر مافیشی بەم کارەوە هەیە..

وەڵامی دایەوە: لەسەر خوێنی عوسمان لەگەڵیا دەجەنگم، ئەوەتا بکوژەکانی جیءکردۆتەوە.. دەی بڕۆن بۆ لای و پیی بڵێن با بکوژانی عوسمانمان بە دەستەوە بدات، ئەوکاتە لە ناو دانیشتوانی شامدا من یەکەم کەس بەیعەتی پیءدەدەم..

هەردووکیان ڕۆیشتن بۆلای ئیمام و وتەکەی موعاویەیان پیءگەیاند. ئیمامیش تێی گەیاندن کە لە موعاویە زیاتر خەمی خوێنی عوسمانی لە دڵ دایە، بەڵام دەبێت بە حەکیمانە ئەو کارە بکرێت ئەوە بوو پێی وتن:

ئا ئەوانە کە دەیان بینن..

خەڵکێکی زۆر هاتنە دەرەوە و جیا بوونەوە و وتیان: ئێمە عوسمانمانکوشتووە، جاکیءدەیەویء با لێمان بدات و بێت بە گژماندا..

ئەبو ددەرداو و ئەبو ئومامە لە هەڵوێستی ڕاستیی هەردووکیان گەیشتن .. موعاویە ڕاست دەکات مافی خۆیەتی تۆڵەی عوسمان بسێنیءو، ئیمامیش ڕاست دەکات و تۆڵەسەندن لەو تاوانبارانە کاتی نەهاتووە. چونکە کۆمەڵێکی زۆر بەهێز پشتگیریی لە بکوژان دەکەن و دەست بۆ بردنیان دەبێتە مایەی ئاژاوەیەکی وەها گەورە کە زۆرێك لە بیءتاوانان پێوە دەبن..

کە هەردووکیان لەمە گەیشتن گەڕانەوە و هیچ کامیان بەشداریی جەنگی هیچ لایەکیان نەکرد..[73]

چونکە دەیان زانی ئیمام لەسەر حەقەو بۆ چوونەکەی ئەم شەرعیی ترە، بەڵام کۆبوونەوەی ئەو

---

[71] البداية و النهاية لابن كثير 258/7.

[72] البداية والنهاية لابن كثير 260/7.س

[73] البداية و النهاية لابن كثير 260/7..

هەمووە بكوژەی خەلیفە عوپمان بەربەستێك بوو تا نەتوانن بەشداریی جەنگ بۆ یارمەتیی ئیمام بكەن..

لەلایەن ئیمامەوە بۆ لای موعاویە ـ خوا لێیان رازیی بێـ وەفدێك كەوتە ڕیء، لەو سەریشەوە وەفدێك بۆ لای ئیمام هات و، قورئان خوێنانیش بە نیازی صولْح و ڕێككەوتنەوە كەوتنە بەین..

لە ریوایەتێكی تردا هاتووە كە ئەبو موسلیمی خەولانیی لەگەڵ دەستەیەك موسڵماندا دەچنە لای موعاویەو پێی ئەڵێن:

تۆ دەتەویءكار لە دەستی عەلیی بسێنی یا تۆش وەك ئەویت؟

موعاویە نیازی پاكی خۆی بۆ دەرخستن و وەڵامی دانەوە: بەخوا دەزانم ئەو لە من چاكتر و لەپێشترە و، ئەو كارە بەو رەواترە لە من. بەڵام ئەی نازانن عوپمانیش بە ستەم لێكراویی كوژراوە و، منیش ئامۆزاییم و، داوای خوێنی دەكەم و ، كاریشی لە دەستی منایە؟! دەی پێی بڵێن با بكوژانی عوپمانم بەدەستەوە بدات و، منیش كارەكەی پیءدەسپێرمەوە.

كۆمەڵە موسڵمانەكە گەڕانەوە لای ئیمام و باسەكەیان بۆ گێڕایەوە، كەچیی هیچ كەسی بە دەستیانەوە نەدا، ئیتر دانیشتوانی شام بڕیاریان دا بۆ كۆمەكیی موعاویە بجەنگن.[74]

بەم شێوەیە هیچ لایەكیان قەناعەتی بە رای ئەوی تر نەكرد. خۆ ئەگەر ئەو ناكۆكییە لەسەر دنیا بوایە ئەوا هەر یەكە دەستی بە ناوچەی خۆیەوە دەگرت و حوكمڕانیی دەكرد..

هەردوولا ـ چ فەرماندە و چ سەرباز ـ زۆر لەوە پاكتر بوون كە بیر لە بەرژەوەندیی دنیایی بكەنەوە.. زۆر لەوە بەرزتر بوون كە بۆ دەستكەوت و دەسەڵات زۆرانبازیی بكەن .. بەڵكو هەردوولا لەوە قوڵتر بیریان دەكردەوە.. بیریان لەسەر خستنی بیروباوەڕ دەكردەوە.. یەكەم دیاردەی سەرخستنی عەقیدەش بریتییە لەوەی كە موسڵمانان لە یەك كاتدا یەك خەلیفەیان هەبێت و لە پارچە پارچە و دووبەرەكیی بەدوور بن..

بۆ ئەمە ئەمیری ئیمانداران عەلیی كوڕی ئەبوگالیب ـ خوا لێی رازیی بیءـ یەكەم بەیانی جەنگی دا بە گوێی لەشكری بەرامبەردا كەوا ماوەی بۆ زیاد كردوون تا بگەڕێنەوە سەر راستە شەقام و بەڵگەشی قورئانی پیرۆزە، كەچیی بەم بانگەوازە ئەوان كۆڵیان نەداو ملیان بۆ حەق كەچ نەكرد ، لەبەر ئەوە ناچارە بچێت بەگژیاندا ، كە ئەمە دەقەیەكەیەتی:

ألا إن أمیر المؤمنین یقول لكم: إني قد استدمتكم لتراجعوا الحق وتنيبوا إليه، وأحتججت عليكم بكتاب الله عزوجل، ودعوتكم فلم تناهوا عن كغيان، ولم تجيبوا إلى الحق، وإني قد نبذت إليكم على سواو إن الله لا يحب الخائنين.. .

ئامۆژگاریی ئەندامانی سوپاكەی خۆیشی كرد كە ئەمان دەست بە جەنگ نەكەن هەتا دەستیان لیءبوەشێنرێت. چونكە سوپاس بۆ خوا ئەمان بەڵگەیان بە دەستەوەیەو، كە دەست پێشیی

[74] البداية و النهاية 129/8، سير أعلام النبلاء للذهبي 140/3.

DO NOT COPY-ئەبوسوفیان

جەنگيش  نەكەن ئەوەش بەڵگەيەكی ترە بە دەستيانەوە..

هەروەها ئامۆژگاريی  كردن كە هەركەسی‌ءيشتی هەڵ كرد نەی‌كوژن و، هەڵمەت نەبەنە سەر زامدارو، عەورەت دەر نەخەن و، كوژراوان لووت و گوی‌ءنەكەن و، كە گەيشتنە شوێنەواريان پەردەيەك لا نەدەن و، بەبی‌ءماوەخواستن نەچنە هيچ ماڵێكەوە و، جگە لە دەستكەوتی سەربازگەكەيان دەست بۆ سامانيان نەبەن و، ئازاری ئافرەتان نەدەن، ئەگەر چيی جوێن بە شەرف و ئەميرو پياوچاكانيان بدەن. چونكە ئافرەتان كەم هێز و دەروون لاوازن.. [75]

ئەم هەڵوێستەی ئيمام دوای هەشت مانگ لە هەوڵ و كۆشش بۆ صوڵح و رێك كەوتن بوو. كەواتە پەلەپەل و هەڵە هەڵ دەوريان لە هەڵگيرسانی ئەو جەنگە ناهەموارەدا نەبووە، بەڵكو دوای هەوڵ و كۆششی تەواو و بەوپەڕی چاوساغيی و يەقينەوە رووی دا، كە بۆيان دەركەوت يان دەبی‌ء جەنگ روو بدات ، يان پارچە پارچەبوونی موسڵمانان و تياچوونی قەوارە و موڵك و دەسەڵات و ئايينيان!!

كورتەيەكی ئەم جەنگە ناهەموارە بەم شێوەيە:

1ـ سەرانسەری مانگی ژولحەجە جەنگ هەموو رۆژێك رووی دەدا، وەك لە پێشەوە باس كرا.

ئەمەش لەسەر ئاو رووی دەدا.. راست ترين ريوايەتيش لەم بارەوە ريوايەتی ئەبوصەلتی حەجرەمیيە كە ئەڵێت:

لە نێوان ئەهلی عيراق و ئاوەكەدا بارمان خست. ئەوە بوو سوارچاكێك هات بۆ لامان و پاشان سەری رووت كرد، دەبينين وا ئەشعەپی‌كوڕی قەيسەو وتی:

 الله الله يا معاويه فی أمه محمد ρ .

وا دابنێن ئێوە هەموو ئەهلی عيراقتان كوشت، ئەی كی‌ءچێت بە دەم جيهادەوە و كی‌ءماڵ و منداڵ بەخێو بكات؟!

يان وا دابنێن ئێمە تاقی ئێوەمان بڕیيەوە ئەی كی‌ءچێت بە دەم جيهادەوە و كی‌ءماڵ و منداڵ بەخێو بكات؟!

ئەوەتا خوای گەورە فەرمان دەدات كە ئەگەر دوو دەستە ئيماندار كوشتاريان كرد صوڵحيان بكەن و، هەركاميشيان پەيمانی شكاند بە هەمووتانەوە لێی بدەن  هەتا دێتەوە سەر رێبازی راست ، كە دەفەرموێت:

 وإن گائفتان من المؤمنين اقتتلوا فأصلحوا بينهما، فإن بغت إحداهما على الآخری فقاتلوا التی تبغی حتى تفیء إلى أمر الله. ( الحجرات: 9 )

موعاويە وتی: چيت دەوێت؟

وتی: واز لە ئاوەكە بهێنن بۆمان.

---

[75] الطبري 6/4.

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان ( 30 )

موعاویەش بە ئەبولئەعوەری فەرماندەی وت: واز لە ئاوەکە بهێنن بۆ براکانمان.[76]

2ـ بۆ دووهەم جار لەمانگی موحەڕڕەمی ساڵی (37)دا هودنە و نامە گۆڕینەوە دەستیان پێ کردەوە.

3ـ لە رۆژی چوارشەممەی یەکەم رۆژی مانگی صەفەری ساڵی (37)دا جەنگ هەڵ گیرسایەوە و تا رۆژی سێشەممە بەوپەڕی گەرمییەوە جەنگ کرا، بێئەوەی هیچ لایەکیان سەرکەوتن بە دەست بهێنێ چونکە هێزی هەردوولا هاوتا بوو..

4 ـ رۆژی چوارشەممەی هەشتەم رۆژی صەفەر جەنگ توندترین شێوەی وەرگرت، ئەمەش دوای ئەوەی کە هەردوولا هەموو هێزێکی خۆیان خستە کار و، هەموو سوپا کەوتە جەنگەوە ئەوە بوو دانیشتوانی عێراق سەرکەوتنیان بەسەر دانیشتوانی شامدا بە دەست هێنا.

5 ـ هەروەها جەنگ و کوشتاری سەخت بەردەوام بوو، تا ئەوە بوو دانیشتوانی شامیش هێرشێکی توندیان کردە سەر سوپای ئیمام و قۆڵی راستی سوپایان پاشەکشێ پێکرد، بەرادەیەك کە لەگەڵ ئیمامدا تەنها سێسەد جەنگاوەر و هۆزی رەبیعە بە دامەزراویی مانەوە. ئا لەم کاتەدا بوو کە عەمماری کوڕی یاسیر ـ خوا لێی رازیی بێـ شەهید کرا..

6ـ هەروا جەنگ بە ناهەمواریی بەردەوام بوو هەتا رۆژی جومعە کە ئەوە بوو سوپای ئیمامی عەلیی هێز و وورەی بۆ گەڕایەوە و، جیهادێکی سەروماڵیی دەست دایێ، ئەوەندەی نەمابوو سەرکەوتنی یەکجاریی بە دەست بهێنێ.

7 ـ هیچ لایەکیش ـ ئەگەرچی زۆری بۆ بهاتایەو زۆریشی لێبکوژرایە ، نەی دەتوانی پشت لە جەنگ هەڵبکاو هەڵ بێت، چونکە هەر یەکە خۆی بە تەواویی لەسەر حەقی شەرعیی دەژمارد و، پشت هەڵکردنیش یەکێکە لە حەوت بە هیلاك بەرەکە و ئیمانیان دەکەوێتە مەترسییەوە.

ئەمە لە لایەکەوە.. لە لایەکی تریشەوە بەردەوام بوونی جەنگ و کوشتار واتە یەکتر بڕینەوە و کوژرانی زۆربەی زۆری موسڵمانان، کە ئەمە پێچەوانەی مەبەستەتی شەرعە.. بۆ ئەمە موسڵمانان کەوتنە سەر بیری بەرزکردنەوەی قورئانی پیرۆز و کردنی بە حەکەمی نێوان هەردوولا..[77]

جا ئەوەتا ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ـ خوا لێی رازیی بێـ چیرۆکی (تەحکیم) مان بە پێی ریوایەتی حەبیبی کوڕی ئەبوپابیت بۆ دەگێڕێتەوە:

هاتە مزگەوتی کەسوکاری ئەبووائیل تا پرسیاری ئەوانەی لێبکەم کە عەلیی لە نەهرەوان چوو بە گژیان دا، لە بارەی ئەوەوە کە بە گوێیان کرد و، ئەوەوە کە لێی جیابوونەوە و، ئەوەشەوە کە لە کوشتاری کردن.. وتی:

لە جەنگی صیففیندا بووین، کە خەڵکێکی زۆر لە ئەهلی شام کوژران پاڵیان بەگردێکەوە دا.

[76] سير أعلام النبلاء للذهبي 27/2، وسند هذه الرواية أبو المغيرة الخولاني وهو ثقة، وصفوان بن عمرو وهو ثقة.

[77] البداية و النهاية 260/7 - 275 ، الطبري 6/4 ـ34.

DO NOT COPY

ئەوە بوو عەمری کوڕی عاص بە موعاویەی وت:

موصحەفێك بنێرە بۆ لای عەلیی و بانگی بۆ ئەوە بكە كە قورئان حەكەمان بێت، ئەویش بەگوێت دەكات.

ئەوە بوو پیاوێك موصحەفەكەی هێناو وتی: با قورئانی پیرۆز لە نێوانماندا بێت... ( ألَم تر إلى الڵين أوتوا نصيباً من الكتاب يدعون إلى كتاب الله ليحكم بينهم ثم يتولى فريق منهم وهم معرضون).

عەلیی وتی: بەڵێ من زیاتر بۆ ئەمە ئامادەم. با قورئانی پیرۆز لە نێوانماندا بێت.

جا ئەوەمان لە یاد نەچێت كە پیاو خراپان و دوژمنانی ئیسلام هەوڵی زۆریان داوە تا یان ئەم لا یان ئەولا تاوان بار بكەن و هاوەڵانی پێغەمبەر ρ بە دنیاویست ناو بەرن كە بۆ پایەو پلەو دەسەڵات جەنگیان بەرپا كردبیێ.

بۆ ئەوەی كە ئەم لایەنە گرنگەمان بۆ روون بێتەوە وا چاكە بچینە خزمەتی ئەو فەرمایشتانەی پێغەمبەر ρ كە باس لەم رووداوە دڵتەزێنە دەكەن و بە جوانیی روونی دەكەنەوە ، تا تێبگەین كە هەردوولا خاوەنی ئیجتهادی شەرعیی بوون و، بەوپەڕی ئیخلاص و نییەتی پاكەوە بەشداریی جەنگیان كردووە:

## یەكەم: ناوبردنی و دیاریی كردنی كاتی رووداني:

ئیمامی بوخاریی ـ خوا لێی رازیی بێت ـ لە ئەبو هورەیرەوە ـ خوا لێی رازیی بێ ـ لە پێغەمبەری خواوە ρ دەگێڕێتەوە كە فەرموویە:

( لاتقوم الساعه حتى تقتتل فئتان عظيمتان يكون بينهما مقتلة عظيمه، دعوتهما واحده..).[78]

فەرموودەكە ئەم بڕگانەمان بۆ دەردەخات :

- خەڵكێكی زۆر بەشداریی جەنگ دەكەن كە مێژوونووسان بە دووصەد هەزار جەنگاوەری شام و عیراق زیاتریان لە قەڵەم داوە.
- كوشتارێكی زۆر لە نێوانیاندا روودەدات:

بەیهەقیی لە صەفوانی كوڕی عەمرەوە دەگێڕێتەوە كە وتوویە: ئەهلی شام شەصت هەزار بوون و بیست هەزاریان لێ كوژران، ئەهلی عیراقیش صەد و بیست هەزار بوون و چل هەزاریان لێ كوژران..

- ئەم دوو دەستە گەورەیە لەبەر ئەوەی خاوەنی یەك عەقیدە و یەك ئایینن یەك دەعوایان هەیە..

جا ئیمامی بەیهەقیی ئەم رووداوەی بەو فەرموودەیە لێك دایەوە، وەك ئیبن كەپیر باسی

[78] مختصر صحيح البخاري /2103 ص 723/ كتاب الفتن. وأخرجه مسلم في الفتن وأشراط الساعة رقم:157.

موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان

کردووە.[79]

بەمە، ئەم فەرموودەیە پاکیی هەردوو لا دەسەلمێنێ و ئەوەی خۆی بە موسڵمان دەزانێ دەبێ ئاگای لە خۆی بێت، چونکە پێغەمبەری خوا ρ شاهێدیی بۆ داون.. ئیتر هەرکەس دژی هەر لایەکیان بدوێت ئەوە زیانێکی زۆر بە ئیمانی دەگات..

## دووهەم: دیاریی کردنی ئەو لایەنەی کە حەقی پێکاوە:

هەروەها پێغەمبەری نازدار ρ ئەو لایەنە دەردەخات کەلە ئیجتهادەکەیدا پێکاویەتی، ئەویش بەو فەرموودەیە کە ئیمامی ئەحمەد ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ دەیگێڕێتەوە کە لە پێغەمبەری خوای ρ بیستووە کە فەرموویە:

( لا تقوم الساعه حتى تقتتل فئتان عظيمتان دعواهما واحده، تمرق بينهما مارقه يقتلها أولاهما بالحق). وإسناده حسن.

لە ڕیواتێکی تردا کە لە (پوری)یەوە، لە ئیبن جەدعانەوە، لە ئەبونەچرەوە، لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویە: پێغەمبەری خوا ρ فەرموویە: (لا تقوم الساعه حتى تقتتل فئتان عظيمتان دعوتهما واحده فبينما هم كذلك مرق منهما مارقه تقتلهم أولى الطائفتين بالحق).

ئەم فەرموودەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو دوو کۆمەڵە گەورەیە سوپای عەلیی و سوپای موعاویەن ـ خوا لێیان ڕازیی بێ ـ چونکە دوای جەنگی نێوان ئەمان دەستەیەکی لە ئایین دەرچوو هەڵ دەگەڕێتەوە و، ئەو کۆمەڵەی کە ڕاستیی و حەقی بە لایەوە کوشتاریان دەکات.

ئەوە بوو دەستەی (خوارج) لە ئەمیری ئیمانداران و لە موعاویەش هەڵگەڕانەوە و ئیمام چوو بەگژیاندا. بەمە سەلما کە ئیمام لە ئیجتیهادەکەی پێکاویەتی و موعاویەی سەردارمان نەی پێکاوە، لە کاتێکدا کە هەردووکیان مەبەستیان سەلماندنی حەق بوو. هەروەها ڕیوایەتی ئیمام موسلیم ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ بەم شێوەیە:

( تكون فى أمتى فرقتان، فتخرج من بينهما مارقه تقتلها أولى الطائفين بالحق).

دەش گونجێ زۆربەی ئەوانەی کە بەشدارییان لە شەهید کردنی خەلیفە عوسـماندا کردبێ لە ناو خەواریجدا بووین و بە دەستی سوپای ئیمام کوژرابن و تۆڵەی شەهیدی بێ تاوانیان لێ سەنرابێ بەڵام بە شێوەیەکیش کە بەسەر ئەمیری ئیمانداراندا نەشکێتەوە.. لە هەمان کاتیشدا بسەلمێ کە ئەوانە دەستە (مارقە)کەن و ئیمامیش (أولى الطائفتين بالحق)ە..

## سێهەم: شەهیدکردنی عەممار دەبێتە شاهێد بۆ ئیمام:

لە کۆمەڵە فەرمایشتێکی صەحیحی پێغەمبەردا ρ کە گومانیان لێ ناکرێت هاتووە کە پێغەمبەری خوا ρ عەمماری کوڕی یاسیری ـ خوا لێیان ڕازیی بێ ـ ئاگادار کردووە کە کۆمەڵ

[79] البداية والنهاية 275/7.

DO NOT COPY-تیۆسیدیا

(باغی)یەکە شەهیدی دەکەن، کە دەفەرموێ:

(یاعمار! تقتلك الفئه الباغیه).[80]

ئەم فەرموودەیە دەری دەخات کە حەق لای ئیمامی عەلیە، چونکە عەممار لەگەڵ سوپاکەی ئەمدا بوو و، دەستەی موعاویەی سەردارمان شەهیدیان کرد..

جا پێویستە لە دوو لایەنەوە سەرنجی ئەم رووداوە بگرین:

<u>یەکەم:</u> هەڵوێستی عەممار ـ خوا لێی رازیی بێـ کاتێك کە دەچێتە ناو سوپای ئیمامی عەلیەوە.

<u>دووهەم:</u> هەستی موسڵمانانی ناو سوپای موعاویە چۆن بوو کاتێك کە دەبیستن  وا عەممار بە دەستی ئەوان کوژرا..

دەربارەی هەڵوێستی عەممار ـ خوا لێی رازیی بێـ قەیسی کوڕی عەبباد ئەڵێت: بە عەماری کوڕی یاسیرم وت:

ئایا کە ئێوە بۆ کۆمەکیی عەلیی جەنگتان دەکرد رای خۆتان بوو، کە دیارە را راستیش و هەڵەش دەردەچێت .. یان فەرمانێك بوو پێغەمبەری خوا ρ دای بەسەرتاندا؟

وتی: پێغەمبەری خوا ρ هیچ فەرمانێکی بەسەر ئێمەدا نەداوە تا نەیدابێ‌بەسەر هەموو خەڵکییدا.

بەمە دەردەکەوێ‌کە عەممار پاڵ بە ئیمامەوە دەدات ئیجتهادی خۆی بووە و، وەهای هاتۆتە بەرچاو کە عەلیی لەسەر حەقەو، ئەوەندەش متمانەی بەخۆی بووە کە حەقی دۆزیوەتەوە، وا ئەڵێت:

بەو خوایەی کە گیانمی بە دەستە سێ‌جار بەم ئاڵایەوە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ρ جەنگاوم و ئەمەش چوارەم جارە.. دیسان بەو خوایەی کە گیانمی بە دەستە ئەگەر بە شێوەیەك لێمان بدەن تا بمانگەیەننە (سعفات هجر) ئەوا چاك لام روونە کە پیاوچاکانمان لەسەر حەقن و، ئەوانیش لەسەر گومراپین.[81]

موسڵمانانیش چاك ئاگاداری ئەو فەرموودەیە بوون کە باسی شەهیدکردنی عەممار ـ خوا لێی رازیی بێـ دەکات. بەتایبەتیی ئەو موسڵمانانەی کە زوو ئیمانیان هێنابوو. بەڵام سەردارمان موعاویە چونکە دوای فەتحی مەککە موسڵمان بوو بوو و تەمەنی کەمی لەگەڵ بانگەوازی ئیسلامدا بەسەر بردبوو، ئەو ماوەش خەریکی جیهاد بوو، ئەوا زۆر ئاسایی بوو کە ئەو فەرموودەیەی نەبیستبێ‌

جا با بزانین هەڵوێستی موسڵمانانی ناو سوپای شام چۆن بوو کاتێك  کە شەهیدبوونی عەممار‌یان

---

80 روى الحديث البخاري و مسلم والإمام أحمد وأبوداود و الترمذي و النسائي و الطيالسي بروايات مختلفة...

81 رواه الإمام احمد و الطبراني. قال الهيثمي: و رجال أحمد رجال الصحيح . ورواه الحاكم في مستدركه وقال: صحيح على شرط الشيخين ولم يخرجاه.

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

بیست..

عەمری کوڕی عاص ـ خوا لێی رازیی بیء ، ئەو سەرکردە پاڵەوانەی کە فەلەسگین و میصر و لیبیای خستە ژێر رۆشنایی قورئانەوە، ئاگاداری فەرموودەی شەهیدکردنی عەممار بوو، بەڵام نەیدەزانی کیءشەهیدی دەکات، هەرچەندە عەممار وا لەگەڵ سوپای ئیمامدا، دەگونجی‌عیەکێك لەناو سوپاکەدا هەڵمەتی بداتیءو شەهیدی بکات، هەروەك زوبەیری کوڕی عەووام ـ خوا لێی رازیی بیء کە بە دەستی سوپای ئیمام شەهید نەکرا، بەڵکو پیاوێکی سوپای جەمەل شەهیدی کرد، ئەویش ئەوە بوو زوبەیر بۆی دەرکەوت عەلیی لەسەر حەقە کۆڵی دا، کەچیی ئاژاوە چییەکان پێیان ناخۆش بوو موسڵمانان واز لە خوێنرێژانی یەکتریی بهێنن، بۆ ئەمە یەکێکیان زوبەیری شەهید کرد!!

بەڵام هەرکە شەهیدبوونی عەممار بەرگوێی عەمر ـ خوا لێیان رازیی بیء کەوت ، ئیتر بە یەقینیی بۆی دەرکەوت ئیمام لەسەر حەقە و پێغەمبەری خوا ρ پشتگیری ئەوە . بۆیە نەخشەی بەرزکردنەوەی قورئان و ئامادەبوون بۆ رێککەوتنی کێشا، تا بەشکوم ئەمە ببێتە مایەی کەففارەتی ئەو تاوانە گەورەیە.

ئیبن جەریر لە ئەعمەشەوە، لە ئەبوعەبدوررەحمانی سوللەمییەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویە: لە جەنگی صیففیندا لەگەڵ عەلییدا بووین، جا دوو پیاومان تەرخان کرد بوو تا بە دەوری ئەسپەکەی ئیمامدا پاسەوانی بن و لەوە قەدەغەی بکەن کە هێرش بەرێت..

هەرکە لێی بیءئاگا بوونایە هێرشی دەکرد و تا شمشێرەکەی خوێناویی نەکردایە نەدەگەڕایەوە دوا.. ئەوە بوو رۆژێکیان هێرشی برد و نەگەڕایەوە هەتا شمشێرەکەی چەمییەوە و هاتەوە هەڵی دا بۆیان و وتی: ئەگەر نەچەمایەوە نەدەگەڕامەوە.... هەروەها ئەڵێت: چاویشم لە عەممار بوو کە هەر شیوێکی دەگرتە بەر، چی هاوەڵی موحەممەد ρ لەوی‌عبوونایە شوێنی دەکەوتن.

چونکە ئەو هاوەڵانە فەرموودەکەی پێغەمبەری خوایان ρ بیستبوو کە هەرکاتیءئاژاوەکییی و دووبەرەکیی کەوتە نێوان موسڵمانانەوە ئەوا عەممار لەگەڵ حەقدا دەبێت.

عەممار هەروا هێرشی دەکرد هەتا لەگەڵ هاشیمی کوڕی عوتبەدا کە هەڵگری ئاڵای سوپای ئیمامی عەلیی بوو چوونە پێشەوە.. عەممار دەی وت: بۆ پێشەوە هاشیم، بەهەشت لەژێر سێبەری شمشێرەکاندایە و، مردنیش وا بە پۆپەی رمەکانەوە و، دەرگاکانی ئاسمان کراونەتەوە و، حۆرییەکان خۆیان رازاندۆتەوە و، ئەمڕۆ دەگەمە خزمەتی خۆشەویستان: موحەممەد و حیزبەکەی!!

هەڵمەتیان برد و نەگەڕانەوە تا شەهید بوون؟

ئەبوعەبدوررەحمان ئەڵێت: کە شەو داهات وتم: دەبێت بچم بۆ ناویان و بزانم ئەو نارەحەتییەی ئێمە بە بۆنەی شەهید بوونی عەممارەوە بەوانیش گەیشتووە،چونکە هەرکاتێك جەنگ بوەستایە پێکەوە وت و وێژمان دەکرد. لە کاتێکدا کە خەڵك لە هاتووچۆ وەستابوون سواری ئەسپەکەم بووم و، پاشان چوومە ناویان. سەرنجم دا چوار کەسم بینین کە پێکەوە بەرێوە دەچوون: موعاویە و

DO NOT COPY

ئەبولئەعوەری سوللەمیی و عەمری کوڕی عاص و عەبدوڵڵای کوڕی عەمر، کە پیاوچاکی هەر چواریان بوو.

خێرا ئەسپەکەم کرد بە ناویاندا لە ترسی ئەوەی نەوەکو قسەی لایەکیانم لە دەست دەربچیء عەبدوڵڵا بە باوکی وت: بابە گیان! ئەمڕۆ ئەو پیاوەتان کوشت و، پێغەمبەری خواش ρ ئەوەی لەبارەوە فەرمووە؟!

ئەڵێت: چی فەرمووە؟

ئەڵێت : ئەی لەگەڵمانا نەبوو کاتێك کە مزگەوتمان دروست دەکرد و خەڵکیی بەرد و خشتیان یەك یەك دەگواستنەوە ، کەچیی عەممار بەرد و خشتی دوو دوو دەگواستنەوە، ئەوە بوو بیءهۆش کەوت و، پێغەمبەری خواش ρ تەشریفی هێنا و تۆز و خۆڵی لە دەم و چاوی سڕیی و، فەرمووی: ( ویحك یاابن سمیه، الناس ینقلون حجراً حجراً، و لبنه لبنه، وأنت تنقل حجرین حجرین و لبنتین لبنتین رغبه منك فی الآجر! وأنت ویحك مع ژلك تقتلك الفئه الباغیه)!!

بەم فەرموودەیە هەواڵی بە عەممار دا کە دەستەیەکی ستەمکار شەهیدی دەکەن.

کە عەمر ئەم فەرموودەیەی لە دەمی عەبدوڵڵی کوڕی بیست تەکانی بە وڵاغەکەی دا و موعاویەشی ڕاکێشا بە لای خۆیەوە و پێی وت:

موعاویە! نابیستی عەبدوڵڵا چی ئەڵێت ؟!

وتی: چی ئەڵێت؟. ئەویش هەواڵەکەی بۆ گێڕایەوە. موعاویە کە خۆی بە ڕاست دەزانێت پێی ناخۆش دەبێت شەهیدکردنی عەممار بدرێت بە کۆڵیاندا. چونکە ئەم داوای ماف دەکات.. داوای خوێنی عوسمانی ستەم لیءکراو دەکات ، لەبەر ئەوە پێی ناخۆش بوو ئەو تاوانە بکەوێت بە سەریانا بۆیە ڕای وەها بوو کە ئەوانە کوشتوویانە کە هێناویانەتە جەنگەوە. هەروەها سەربازانی سوپای شامیش هەمان ڕایان هەبوو ﷺ چونکە ئەوانیش و موعاویەش هەرگیز لە لایان نەدەسەلما کە بکوژانی عوسمان لەسەر حەق بن و ئەمان بە ناڕەوا داوای خوێنی بکەن، کە ئێستە ئەوانە وان لەناو سوپای عەلییدا و هێشتا تۆڵەیان لیءنەسەندراوە!

لە هەمان کاتدا جێی خۆی بوو کە دانیشتوانی شامیش پشتی ڕای موعاویەی ئەمیریان بگرن ، چونکە ئەوان لە دوورەوە دەنگ و باسی ئەو ناپاکییەیان بیستووە و وا بە چاوی خۆشیان کراسە خوێناوییەکەی خەلیفە عوسمان و پەنجە بڕراوەکانی نائیلەی خێزانی خەلیفە دەبینن..

ئیتر موعاویەش و دانیشتوانی شامیش هەرئەوەندە لە باسەکە دەگەیشتن و، قەناعەتی تەواویشیان بەهەڵوێستی ڕاستی خۆیان هەبوو.. ئەگینا هەموو کەسیءئەوە دەزانیءکە ئیمام پسپۆڕی تیءگەیشتنی ڕەسەنە و، عەممارش بەوپەڕی قەناعەتەوە بۆ ئەم جەنگە کەوتە ڕیء کە

---

[82] الطبري ج4 ص28-29. هەروەها ئیمام ئەحمەد بە سەندێکی صەحیحەوە لە عەبدوڵڵای کوڕی حاریثەوە و ریوایەتێکی تریش لە حەنظەلەی کوڕی خووەیلیدی عەنزییەوە ئەمەی گێڕاوەتەوە. هەروەها ئیبن ئەبو شەیبەو ئیبن عەساکیر و نەسسائییش گێڕاویانەتەوە، بێ ئەوەی وت و وێژی موعاویە و عەبدوڵڵای تێدا بێت.

## موعـاویەی كوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

ئەوە بوو دەی وت:
(... دیسان بەو خوایەی كە گیانمی بە دەستە ئەگەر بە شێوەیەك لێمان بدەن تا بمان گەیەننە (سعفات هجر) ئەوا چاك لام روونە كە پیاوچاكانمان لەسەر حەقن و، ئەوانیش لەسەر گومڕایین).
عەممار ـ خوا لێی رازیی بیٔـ وەك دەیزانیی خۆیان لەسەر حەقن و هەڵوێستی ئیمام راستە، بە هەمان شێوەش دەیزانیی كە ستەمكارە بیٔائیینەكانیش، كە خەلیفە عوپـمانیان شەهید كرد، تێكەڵ بە سوپای ئیمام بوون و ئەمڕۆ ناتوانیٔدەستیان لیٔعووەشێنیٔ بۆیە ئەڵێت: پیاوچاكانمان لەسەر حەقن..
لە هەمان كاتدا هەركەسێك بیەویٔسەردارمان موعاویە ـ خوا لێی رازیی بیٔـ تاوانبار بكات و بە خراپ ناوی بەرێت ، ئەگەر خواناس و خاوەن تەقوا بێت، ئەوا فەرمایشتە شیرینەكەی سەردارمان ئەبوبەكری صددیقی ـ خوا لێی رازیی بیٔـ دەخەینەوە یاد كاتێك كە عومەر خەریك بوو باسی خالیدی ـ خوا لێی رازیی بیٔـ دەكرد و داوای دەكرد كە لە كاری بخات، كە فەرمووی: ( تەئویلی كرد و هەڵەی كرد: زمانت لە خالید بگەرەوە، شمشێرێك خوا بۆ كافرانی هەڵ كێشابیٔ من نای كەمەوە بە كێلانّدا).
ئەمە هەڵوێستی ئەبوبەكرە بۆ عومەر.. بۆ دووەم پیاوی شوێنكەوتەی پێغەمبەری خوا ρ ..
جا كیٔدەتوانیٔخۆی لە عومەر بە شیاوتر بزانیٔبۆ رەخنەگرتن لە هاوەڵان یا دریغیی نەكات؟!
خۆ ئەگەر ئەو كەسە بۆ هەوا و ئارەزوو و سیاسەت و تاقمەگەریی رەخنە لە موعاویەی هاوەڵ دەگرێت، ئەوا دەیدەینە دەست خوا!
لە پێشەوە ئەوە باس كرا كە عەمری كوڕی عاص زۆر زۆر متمانەی بە هەڵوێستی خۆی بووە، بەڵام كە عەممار لە ریزی سوپای ئیمامدا شەهید كرا دڵی كەوتە لەرزە و بۆی ساغ بۆوە كە رای پێغەمبەری خوا ρ وا لەگەڵ سوپای ئەوبەردا. بۆ ئەمە كەوتە تەگبیری وەستانی جەنگ بە بەرزكردنەوەی موصحەف و داواكردنی صولح و رێككەوتن..
ئەوە بوو لە لایەن ئیمامەوە ئەبوموسا و لە لایەن موعاویەوە عەمری كوڕی عاص ـ خوا لە هەموویان رازیی بیٔـ هەڵ بژێران بۆ تەحكیم.. جا لەم بارەوە ریوایەتی زۆر هەن كە ئەو باسە روون دەكەنەوە و، ئەگەر سەرنجیان بدەین ئەم خاڵنەمان بۆ دەر دەكەون:
1ـ هەردوو حەكەمەكە ئەبوموسا و عەمری كوڕی عاص لە كاتی دیاریی كراودا ـ لە مانگی رەمەزانی ساڵی سیی و حەوتی كۆچیی ـ و لە (دومە الجندل) بە یەك گەیشتن..
2ـ هەوڵەكانی ئەبوموسا ـ خوا لێی رازیی بیٔـ بریتیی بوون لەوەی كە عەمر قەناعەت بكات تا عەبدوڵڵای كوڕی عومەری كوڕی خەگگاب ببێتە خەلیفە، كەچیی ئەو رازیی نەدەبوو.
3ـ هەوڵەكانی عەمری كوڕی عاصیش ـ خوا لێی رازیی بیٔـ بریتیی بوون لەوەی كە ئەبوموسا قەناعەت بكات تا موعاویە ببێتە خەلیفە، كەچیی ئەویش رازیی نەدەبوو.
بەم پیٔیە لەسەر هیچ رێك نەكەوتن و بڵاوەیان لیٔكرد و، دانیشتوانی شام لە مانگی ژولقەعیدەی ساڵی سیی و حەوتەم بەیعەتیان بۆ خەلافەتی موعاویە دا و، لە ساڵی سیی و هەشتەمیشدا سوپای

DO NOT COPY-ئەبوسوفیان

شام هێرشی کرد و وڵاتی میصری خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

لەولاشەوە خەواریجەکان بەو شێوەی کە پێغەمبەری ئازیز ρ هەواڵی دابوو لە سوپای ئیمام جیابوونەوە و ئیمامیش نەیکردە نامەردیی، دەیزانیی ئەوانە لادەرن و لەسەر ناڕەوان، بە توندیی لێی دان و تەفر و تووناى کردن و، موعاویەش ئەم هەلەی قۆستەوە و، بیری لەوە کردەوە کە پێویستە کۆتایی بە پارچە پارچەیی موسڵمانان بهێنرێت. بۆ ئەمە چەند هێرشێکی کردە سەر ئەو ناوچانەی کە بە دەستی ئیمامەوە بوون، کە یەکەمیان بۆ سەر بەصرە بوو، بەڵام ئیمام بە پەلە هەڵمەتی داو ناوچەکەی رزگار کرد. هەوڵی دووهەمی موعاویە ئەوە بوو کە نوعمانی کوڕی بەشیری ـ خوا لێی رازیی بێـ بە دوو هەزار کەسەوە نارد بۆ( عین التمر) کە ویلایەتێکی ژێر دەستی ئیمام بوو، کەچیی ئەو هەڵمەتەش بە هیچ دەرچوو..

# موعاویەی ئەمیری ئیمانداران

ساڵی سیی و نۆهەمی کۆچیی زیاتر باوەشی بۆ موعاویە کردەوە.. ئەوە بوو شەش هەزار سەربازی پڕچەك کرد و بە سەرکردایەتیی سوفیانی کوڕی عەوف بەرەو هیت لە عیراق، لەوێیشەوە بۆ ئەنبار و پاشان مەدائین خستە رێ. کە گەیشتنە ئەنبار جەنگ رووی دا و سیی کەس کوژران و هەڵمەتیش برایە سەر تەیماو و واقیصە و دیجلە .

بەڵام لە ساڵی چلدا هەر رۆژە لایەك دەسەڵاتی ناوچە دوورەکانی دەگرتە دەست.

موعاویە ـ خوا لێی رازیی بێـ سیهەزار جەنگاوەری بە سەرکردایەتیی بیسری کوڕی ئەبو ئەرگەئە ناردە سەر حیجاز، بەڵام سوپای ئیمام لەسەر سنوورەکانی شام و فارس بوو، بۆیە سوپایەکی ئەوتۆ لەناو شارەکاندا نەبوو، ئیتر کە ئەبو ئەییووبی ئەنصاریی هەواڵی سوپای شامی بیست، شاری مەدینەی بەجیهێشت و، بیسر بە ئاسانیی و بەبێبەرگریی چووە ناو مەدینەوە.

لەو رۆژەوە کە هێرش کرابووە سەر خەلیفە عوسمان، ئەوە یەکەم رۆژ بوو کە مەدینە لە ژێر دەسەڵاتی ئاژاوەچییەکان بێتە دەرەوە و، یەکەم جاریش بوو دەنگی تێدا بەرز بکرێتەوە بۆ تۆڵەسەندنی خوێنی عوسمانی شەهید ـ خوا لێی رازیی بێـ.

ئەوە بوو بیسری فەرماندە سەرکەوتە سەر مینبەری مەدینە و بانگی کردە هۆزە ناودارەکانی مەدینە:

(یا دینار، و یا نجار، و یا زریق، شیخی شیخی، عهدی به بالأمس، فأین هو ـ یعنی عوسمان؟!).

ئەم بانگکردنەی لۆمە و گلەیی بوو لە دانیشتوانی مەدینە و، تاوانباری دەکردن کە چۆن پشتگیرییان لە خەلیفەی ستەم لێکراویان نەکرد و موناڧیقان توانییان شەهیدی بکەن؟.

خۆ ئەگەر لغاوی موعاویە لە دەمیدا نەبوایە ئەوا دنیای کاول دەکرد، بۆیە دەی وت:

## موعـاویەی كوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

ئەی دانیشتوانی مەدینە! بەخوا ئەگەر لەبەر فەرمانی موعاویە نەبوایە هەرچی یەكێ لە مەدینەدا باڵغ بوایە دەم كوشت!

مەدینەی شاری خزمەت و قوربانییدان... شاری خۆنەویست و پەروەردەكەری ئەنصار.. ئەمە دووجارە هێرشی دالإ لە دڵنەی دەكرێتە سەر.

بیسر زۆر بێئاگا بوو لە خزمەتی مەدینە.. هەر ئەڵێی قورئانی پیرۆزی نەدیوە كە لە بارەی خزمەت و جوامێریی و سەخاوەت و خۆنەویستیی ئەنصارەوە دەفەرمویٔ

﴿وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ...﴾. (الحشر:9).

یان ئەڵێی ئەو نزا و پاڕانەوە شیرینەی پێغەمبەری خوای ρ نەبیستووە كە بۆ ئەنصار و رۆڵەكانیان و رۆڵەی رۆڵەكانیانی كردووە، كە فەرموویە:

( أللهم ارحم الٔنصار، وأبناو الٔنصار، وأبناؤ أبناو الٔنصار).

یان چۆن پێغەمبەری خوا ρ حەزی كردووە هاوڕێی ئەنصارییەكان بێت و ئەگەر لەبەر ئەجری هیجرەت نەبوایە خۆی بە ئەنصاریی لە قەڵەم دەدا، كە دەفەرمویٔ

( و الله لوسلك الناس شعباً وسلك الٔنصار شعباً لسلكت شعب الٔنصار، و الله لولا الهجره لكنت امروأ من الٔنصار)!!

بەڵێ ئەمە دووجار مەدینە بە پێچەوانەی خزمەتیەوە پاداشت درایەوە..

تا دوێنێ ئەو موناڤیقان هاتنە سەری و خەلیفەی ئازیزیان بە ناڕەوا خەڵتانی خوێن كرد و، وا ئەمڕۆش گرمە گرمی بیسر دنیای هەراسان كردووە!

جا ئەگەر دوێنێ موعاویە فریا نەكەوتبێ ئە سوپای شام خەلیفە بپارێزیٔ چونكە ئاژاوەچییان بە پەلە شەهیدیان كرد؛ ئەوا لغاوی ئەمڕۆی لە مشتدایە و ئامۆژگاریی بیسری كردووە كە ئاگادار بێت لە مەدینەی خزمەت گوزاری قورئاندا خوێن نەرێژێت! ئەوە بوو بیسر بەهەڕەشەو گوڕەشەوە بەیعەتی لە دانیشتوانی مەدینە وەرگرت بۆ موعاویە و ‌ ‌ ‌، دوای ئەوە بەرەو مەككەش كەوتە ریٔ كە ئەبومووسای ئەشعەریی ـ خوا لێی رازیی بیٔ ـ لەوێ ئەبوو.. لەوە ترسا كە بیكوژن، بەڵام بیسر دڵ خۆشیی دایەوە كە بەرامبەر بە هاوەڵی پێغەمبەر ρ هیچ خراپەیەك ناكات.

بیسر لە مەككەوە بەرەو یەمەن كەوتە ریٔ و ئەوێیش خرایە ژێر دەسەڵاتی موعاویەوە . ئەوە بوو خێرا عوبەیدوڵڵای كوڕی عەبباس ـ خوا لێیان رازیی بیٔ ـ بەرەو كووفە كەوتە ریٔ تا هەواڵی حیجاز و یەمەن بە ئیمام بگەیەنیٔ ئیمامیش خێرا دوو سوپای خستنە ریٔ كە هەریەكەیان لە دووهەزار جەنگاوەر پێك هاتبوو و سەركردەوی سوپای یەكەمیان جاریەی كوڕی قودامە و دووهەمیشیان وەهبی كوڕی مەسعوود بوون..

---

[83] الطبري ج5 ص139 عن زیاد بن عبدالله البكائي عن عوانة..

DO NOT COPY

لە کاتی گرتنی یەمەندا لە هەردوو لا خەڵکیی زۆر کوژرا بوون، کەچیی کە سوپای ئیمام گەیشتە ئەویءئەژنۆی بیسر وشك بوون و، بۆی دەرکەوت توانای بەرگریی نیە، بۆیە بە خۆی و ئەوسەربازانەوە کە لەگەڵی مابوونەوە بەرەو شام کشایەوە و، یەمەن جارێکی تر کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی ئیمام ـ خوا لێی رازیی بیءـ . هەروەها بەبیءرزانی دلۆپە خوێنێك توانرا مەککەی پیرۆزیش ژێر دەست بخرێتەوە و، دوای ئەوەش سوپا هێرشی بەرەو مەدینە کرد و ئەویش هێنرایەوە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیمام..

هەردوو لا هەموو رێگایەکیان گرتە بەر تا بتوانیءبەرامبەرەکەی ببەزێنیء. کەچی بیءهوودە بوو.. ناوچەیەك دەکەوتە ژێر رکێفی لایەنێکەوە و، دوای ماوەیەك لایەنەکەی تر دەستی بەسەردا دەگرتەوە..

بەڵیء هەردوو هێزەکە هاوتا بوون.. هەردوو لا موسڵمان و ئیماندار بوون.. هەردوولا خۆیان بە خاوەن ماف دەزانی.. بەڵام کە بە جەنگ و کوشتار نەگەیشتنە ئەنجام جارێکی تر رێگای وت و وێژیان گرتەوە بەر..

دیسان هیچ لایەکیان نەهاتە سەر ئەوە گوێڕایەڵیی بۆ بەرامبەرەکەی بنوێنێت، بۆیە موعاویە هاتە سەر ئەو رایە کە نامە بۆ ئیمام بنووسێت: عێراق بۆ ئەو وشامیش بۆ ئەم . ئیتر با لەوە زیاتر خوێنی موسڵمانان نەرژێت..

لە ئەنجامدا لەسەر ئەمە رێك کەوتن..[84]

بەم رێككەوتنە ناوچەی شام و دەوروبەری بە دەست سوپای موعاویەوە بوو و، عیراق و دەوروبەریشی بە دەست ئیمامەوە..

لەوانەیە یەکێك بڵێت: ئەی بۆچ لە یەکەم رۆژدا ئەم کارەیان نەکرد.

پێویستە لە یادمان بێت کە ئیمامیش و موعاویەش هاوەڵی پێغەمبەری ئازیزن ρ و چاکیش لە ئیسلام گەیشتوون و دەزانن نابێت دوو خەلیفە لە یەك کاتدا هەبن. پێویستە یەکێکیان بە جەنگ لەناو ببرێت و رای موسڵمانان یەك بگرێتەوە جا  ئەوە بوو ئەو جەنگانە روویان داو، دەیان هەزار کوژراو لە مەیداندا کەوتن، بیءئەوەی هیچ لایەکیان شکست بێنیء هۆیشی ئەوە بوو کە یەك بە یەکی سەربازانی هەردوولا خۆیان لەسەر حەق دەزانی و ئەوپەڕی جەنگی سەروماڵیان دەکرد.. بەڵام خۆ ناش بیءهەروا جەنگ بەردەوام بێت هەتا هەردوولا یەکتریی ببڕنەوە، بەڵکو پێویستە جەنگ بوەستێت تا هەڵوێست بە جوانیی روون بێتەوە و لایەکیان هێز لەوی تر بسەنێت.

ئەوە بوو سەر لە بەیانیەك موعاویە ـ خوا لێی رازیی بیءـ بە نیازی نوێژی بەیانییەوە بۆ مزگەوت دەرچوو و، بەرکی کوڕی عەبدوڵلا بە شمشێرەکەیەوە تەپی کوتایە سەری و شمشێرەکەی

---

[84] الطبري ج5 ص140 . عن زياد بن عبدالله عن إبن إسحاق..

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

بەر کۆتایی پشتی کەوت، بەڵام کابرا دەست گیر کرا. جا بە موعاویەی وت: هەواڵێکم بە لاوەیە و بە نهێنیی بە خۆتی ئەڵێم. جا ئەگەر پێت بڵێم بە کەڵکم دێت؟!

وتی: بەڵێ،

وتی: برایەکم ئەمشەو عەلیی کوشتووە.

موعاویە وتی: لەوانەیە نەیتوانی بێ بیکوژێ،

وتی: با، عەلیی کە دەردەچێت کەسی لە گەڵا نیە پاسەوانیی بکات.

موعاویە فەرمانیدا بیکوژن.[85]

موعاویە ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ هەستی بە مەترسیی کرد، بۆیە پزیشکە تایبەتیەکەی بانگ کرد، کاتێك سەیری کرد وتی: یەکێ لەم دوو ڕێیە هەڵ بژێرە: یا ئاسنێك سوور دەکەمەوە و ئەیخەمە سەر زامی شمشێرەکە، یان دەرمانێکت دەرخوارد دەدەم کە چاکت بکاتەوە، بەڵام ئیتر منداڵت لێ نابێت، چونکە ئەو شمشێرەی بەرت کەوتووە ژەهراویی بووە..

موعاویە بیری لە خۆی کردەوە و بە دکتۆری وت: ئاگرەکە بەرگەی ناگرم، بەڵام منداڵ نەبوون ئەوا یەزید و عەبدوڵڵام بەسن. پزیشك کە ئەمەی بیست دەرمانەکەی دەرخوارد دا و چاك بوویەوە و، دوای ئەوە ئیتر منداڵی نەبوو.. ئیتر لەو ڕۆژە بە دواوە موعاویە فەرمانی دا پاسەوانی تایبەتیی هەبێت، هەتا لە کاتی سەجدە بردنیشدا..

کاتێك کە هەواڵی شەهیدبوونی ئیمام بە موعاویە گەیشت، موعاویە دەستی بە گریان کرد.

ژنەکەی پێی وت : لەگەڵ ئەوەدا کە لە گەڵیدا جەنگاوی بۆیشی دەگریت؟

وتی: ماڵ کاول، تۆ نازانی خەڵکیی چ فەزڵ و فیقه و زانستێکیان لە دەست دەرچووە[86]!!

بە گەیشتنی هەواڵی شەهیدبوونی ئیمام، ئەو هەواڵەش گەیشت کە بەیعەت بە ئیمام حەسەنی کچەزای پێغەمبەری خوا ρ دراوە. ئەمەش هاتنی قۆناغێکی نوێی دەگەیاند کە لەوانەیە جەنگ و کوشتار هەڵ بداتەوە، بە تایبەت کە هەندێ لە سەرۆکی ناوداری بکوژانی خەلیفە عوپمان هێشتا دیار بوون و دەسەڵاتیان هەبوو..

بۆ ئەمە موعاویە دەستی بە جەمکردنی سوپاکەی کرد، بە نیازی جەنگێکی سەرومالیی ئەگەر ئیمام حەسەن جگە لە کوشتار هیچی تری بەلاوە نەبێت..

لە هەمان کاتدا ئیمام حەسەنیش ـ خوا لێیان ڕازیی بێ ـ سوپای جەم کردو، خۆی ئامادەی ڕۆژی نەبەرد کرد و، وا دەردەکەوت کە جەنگێکی تری وەك ( صفین) بەرێوەیە..

موعاویە ترسی لێ نیشتەوە.. ترسی خوێن ڕژانی موسڵمانان .. ترسی یەکتر برینەوەی موسڵمانان..

موعاویە بیری کردەوە کە لەگەڵ عەلیی ئەمیری ئیمانداراندا هەنگاوی چاکیان نا تا ڕووباری

---

[85] الطبري ج5 ص149.

[86] ابن كثير عن جرير عن عبدالحميد عن مغيرة.

DO NOT COPY - ئەبوسوفیان

خوێنی موسڵمانان وشك بكەن و، نەهێڵێن لەوە زیاتر موسڵمانان كوشتاریان لێ‌بكرێت. ئەو رۆژە ئەو بە شام رازیی بوو و وازی لە عێراق هێنا.. بەڵام ئەم پارچە پارچەیی‌یەی موسڵمانان تاكەی؟ دەبێت هێزی موسڵمانان ببێتەوە بە یەك هێز تا زرمە لە ناو جەرگی كافران هەڵسێنن و قەڵای زوڵم و ستەمیان لە بن بهێنن.. جا بەشكوم ئیمام حەسەن ئامادەیی خۆی بۆ رێك كەوتن دەربڕێت و جەنگ و كوشتار یەخە بە موسڵمانان نەگرنەوە!!

دەی كەواتە پێویستە وت و وێژ دەست پێ‌بكاتەوە. موعاویە لەم بۆچوونەیدا پێكای و چاكیش..

ئەم بارودۆخە بووە رەحمەتێكی خوایی بەلێشاو، دوای كۆستكەوتن و كوژران و لێ‌قەومان..

موعاویە ترسی جەنگ و كوشتارێكی خوێناویی لە دڵدا بوو، بۆیە لەگەڵ عەمری كوڕی عاص‌دا ـ خوا لێی رازیی بێ‌ـ كەوتە گفت و گۆ، وەك ئیمام حەسەنی بەصریی ـ رەحمەتی خوای لێ‌بێ‌بۆمان دەگێڕێتەوە، كە ئەڵێت:

﴿ بەخوا حەسەنی كوڕی عەلیی كۆمەڵە كەتیبەیەكی بە وێنەی چیاكان بەرامبەر بە موعاویە وەستاندبوو.. ئەوە بوو عەمری كوڕی عاص وتی:

بەخوا كۆمەڵە كەتیبەیەك بەدیی دەكەم كە هەتا ئەوەندەی خۆیان نەكوژن پشت هەڵناكەن و نابەزرێن!!

موعاویە پێی وت ـ كە بە خوا لە عەمر چاكتر بوو ـ: ئێی عەمر! ئەگەر ئەمانە و ئەوانەش كوژران ئیتر كێ‌ كاروباری خەڵكم بۆ بەڕێوە ببات؟!! كێ‌سەروكاریی ژنەكانیان بكات؟! كێ‌ سەروكاریی زەویی و زارەكەیان بكات؟!

بۆ ئەمە موعاویە دوو پیاوی قورەیشیی لە نەوەی عەبد شەمس، كە عەبدوڕڕەحمانی كوڕی سەمورە و عەبدوڵڵای كوڕی عامیری كوڕی كورەیز بوون، ناردە لای ئیمام حەسەن و وتی:

بڕۆن بۆ لای ئەو پیاوە و پێشنیاری بۆ بكەن و پێی بڵێن و داوای لێ‌بكەن.

جووتە پیاوەكە هاتن و چوونە ژوورەوە و دەستیان بە قسەكرد و پێیان وت و داوایان لێ‌كرد﴾.

هەروا وت و وێژیان لەگەڵدا كرد هەتا قەناعەتیان پێ‌كرد كە ئەوان دەبنە زامنی هەموو شتێك .. بەمە رێككەوتن.

جا ئیمام حەسەنی بەصریی ئەڵێت: ﴿ گوێم لە ئەبوبەكرە بوو ـ خوا لێی رازیی بێ‌ـ كە دەیوت: چاوم لە پێغەمبەری خوا بوو لەسەر مینبەر و، حەسەنی كوڕی عەلییش ـ خوا لێیان رازیی بێ‌ـ لە تەنیشتیا بوو، جاری‌ڕووی لە خەڵكەكە و جارێكیش ڕووی لە حەسەن دەكرد و دەشی فەرموو:

( إن إبني هذا سيد، ولعل الله أن يصلح به فئتين عظيمتين من المسلمين). وهذا الحديث رواه البخاري و رواه الإمام أحمد﴾.

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەری ئازیزمان بە نووری پێغەمبەرایەتیی هەواڵێكی دوا رۆژ

موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان ( 30 )

دەربارەی کارێکی گەورە و پیرۆزی ئیمام حەسەن بە موسڵمانان دەگەیەنیءو، دەری دەبڕێ کە ئیمام حەسەن سەییدە. واتە سەردارە و، هیواداریشە خوا بە دەستی ئەم صولْح و ڕێككەوتن بخاتە نێوان دوو کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە..

خەڵگاییش دەری دەبڕێت کە راستیی ئەم فەرموودەیە بەو صولْح و ڕێکەوتنە هاتۆتە دیی کە ئیمام حەسەن نەیهێشت کوشتار بکەوێتە نێوان ئەهلی عیراق و شام و، لە ترسی فیتنە و ئاژاوە و، پیءناخۆش بوونی بە خوێنڕژان وازی لە کاروباری موسڵمانان هێناو، ئەو ساڵەش ناو نرا بە ساڵی (جەماعەت ـ کۆمەڵ ).

لە فەرموودەکەی سەرەوەدا پێغەمبەری نازدارمان ρ ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو دوو کۆمەڵە هەرچییان وت و هەرچی یان کرد لەو فیتنە و ئاژاوەدا هیچ لایەکیان لە ڕیزی موسڵمانان دەرنەچوون.. خۆ دیاریشە کە دوو لایەن جیاواز و ناکۆك بن ناکریءهەردوو لایان کارەکە بپێکن..

دیارە یەکێکیان پێکاویەتی و یەکێکیشیان هەڵەیە . لەگەڵ ئەوەشدا هەردوولا موسڵمانن..

ئیبن کەپیریش ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئازیزمان ρ شاهێدیی موسڵمانێتیی بۆ هەردوو لا داوە و، هەرکەسیءهەردووکیان یان لایەکیان بەو بۆنەوە تەکفیر بکات ئەوە پێچەوانەی فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ρ جووڵاوەتەوە کە هەموو فەرمان و بڕیارێکی وەحیی خوایە و ڕاست دەکات..

عەبدوڕڕەحمانی کوڕی جوبەیری کوڕی نوفەیر لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویە: بە حەسەنی کوڕی عەلییم ـ خوا لە هەردووکیان رازیی بێت ـ وت: خەڵك ئەڵێت تۆ خەلافەتت دەویء ئەویش وتی:

کەللەسەری هەموو عەرەب لە مشتمدا بوون و لەگەڵ هەرکەسێکدا من بجەنگامایە ئەوانیش دەجەنگێن و لەگەڵ هەرکەسێکیشدا ئاشتییم بکردایە ئاشتیءیان دەکرد، کەچیی من لە بەر خوای گەورە و، پاراستنی خوێنی ئوممەتی موحەممەد ρ وازم لیءهێنا، ئێستە جارێکی تر بە ئەهلی حیجاز بەرپای بکەمەوە؟!

رواه ابن سعد و الحاكم فی مستدركه، وقال : صحیح علی شرگ الشیخین ولم یخرجاه، ووافقه الزهبی فی تلخیصه.

بە ڕەوشتی جوان و ئیخلاصی بیءگەردی ئیمام حەسەن بۆ خوا و ، بە حیکمەت و دوورە بینیی موعاویە ـ خوا لێیان رازیی بیءـ ئەو فیتنە و ئاژاوە گەورەیە ریشەکەن کرا، کە بە ڕاستیی ڕیزی موسڵمانانی تێك دابوو..

کەواتە جێی خۆیەتی پێغەمبەری ئازیز ρ لەقەبی ( سیّد) بە ئیمام حەسەن ببەخشێت و، ئەوپەڕی پلەش شیاوی بوو..

بەمە خەڵکەکە چوونە ژێر فەرمان و گویءایەڵیی موعاویەوە .. موعاویە سەرێکی لە کووفە دا و خەڵکەکە بەیعەتیان پیءکرد.. ئەوەشمان لە یاد بێت کە ئیمامی عەلیی ـ خوا لێی رازیی بیء ـ لە عێراقدا بە ئەمیری ئیمانداران ناو دەبرا، بەڵام موعاویە لە شامدا بە ئەمیر ناو دەبرا . واتە خەڵکی شام کە گویءایەڵیی موعاویەیان دەکرد، دەستیان لە ئیمامی عەلیی نەشۆردبوو.. جا کە

DO NOT COPY

ئیمام شەهید کرا ئەو کاتە موعاویە بە ئەمیری ئیمانداران ناو دەبرا..

جا بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بە جوانیی لە ڕێككەوتنەكە تێبگات و پیاوخراپان دەست نەخەنە كاری موسڵمانانەوە، موعاویە داوای لە ئیمام حەسەن كرد ـ خوا لێیان ڕازیی بێ ـ تا وتارێك بۆ موسڵمانان بدات و خۆی تێیان بگەیەنێت. ئیمام حەسەنیش چووە سەر مینبەر و دەستی بە وتاردان كرد:

﴿سوپاس بۆ ئەو خوایەی كە بە دەستی ئێمە هیدایەتی پێشینەكانتانی دا و، هەر بە دەستی ئێمەش خوێنی دواییینەكانتانی وەستاندەوە.

بەڵێ، لە هەموو ژیرییەك ژیریی‌تر تەقوایە و، لە هەموو دەسەوسانییەكیش دەسەوسانتر بەدڕەوشتییە.

ئەم كارەش كە من و موعاویە لە سەری ناكۆك بووین، یان ئەوەتا مافی ئەو بێت، یان مافی من بێت، جا وا ئێمەش لە پێناوی خوادا و، بۆ چاككردنی بارودۆخی ئوممەتی موحەممەد ρ و نەڕژانی خوێنیان وازمان لێ‌هێنا﴾.

پاشان ئاوڕی بۆ لای موعاویە دایەوە و ئەم ئایەتەی خوێند:

﴿وإن أدري لعله فتنة لكم و متاع إلى حين﴾.

دوای ئەوە دابەزی و عەمر بە موعاویەی وت: منیش تەنها ئەمەم دەویست.[87]

بەم ڕەوشتە جوانەی ئیمام حەسەن موسڵمانان لە خوێنڕژان ڕزگاریان بوو و، صوڵح و خۆشیی كەوتە نێوانەوە و، لەوپەڕی هێز و دەسەڵاتدا، كە خەڵكێكی زۆر لە ژێر فەرمانیدا بوون ڕێك كەوت و موعجیزەیەكی گەورەی پێغەمبەری ئازیزیش ρ هاتە دیی .. هەرچەندە هەندێ موسڵمانی دڵسۆز بە كارەكەی ناڕەحەت بوون. ئەوە بوو یەكێ لەو موسڵمانانە تووشی ئیمام حەسەن بوو و، پێی وت: السلام عليك يا مذِل المؤمنين!!

ئەویش وەڵامی دایەوە: وا مەڵێ ئەی ئەبو عامیر. موسڵمانانم زەلیل نەكردوون، بەڵام پێم ناخۆش بوو لە پێناوی كورسیی‌دا بە كوشتیان بدەم.[88]

---

87 الإستعاب لمعرفة الأصحاب 374/1. وأخرجه الحاكم أيضاً: 175/3، و البيهقي 173/8، انظر حياة الصحابة ج2 ص699. طبعة دار القلم..

88 حياة الصحابة ج2 ص698، عن الحاكم في مستدركه 3: 175، وابن عبد البر في الإستيعاب 372/1.

موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان

# سی‌علیمەتی لی‌هاتوو

& كە ئیمام حەسەن و موعاویە ـ خوا لی‌یان رازیی بی‌ـ رێك كەوتن و موسڵمانان بوونەوە بە یەك، هەندی‌لە بەغیرەتان كە دۆستی راستەقینەی ئیمامی عەلیی بوون پی‌یان ناخۆش بوو و، وەها بە بیریاندا دەهات كە زیانێكی گەورە لە ئیسلام دەكەوێت ئەگەر كاروباری موسڵمانان بە موعاویە بسپێرری‌ ‌یەكی‌لەو موسڵمانە دڵسۆز و بەغیرەتانە قەیسی كوڕی سەعدی كوڕی عوبادە بوو، كە ئەوە بوو دوای وازهێنانی ئیمام حەسەن لە خەلافەت بۆ موعاویە، موسڵمانان كردیانە ئەمیر و پەیمانی ئەوەشیان دایە كە لەگەڵ موعاویەدا بجەنگن..

موعاویەش بە ژیرانە سەرنجی دا وا قەیس چل هەزار جەنگاوەر پشتگیریی لی‌دەكەن، بۆیە كەوتە بیری ئەوەی كە دڵی سەعد نەرم بكات و ناكۆكیی و كوشتار دروست نەبێتەوە.. ئەوە بوو نامەی بۆ نووسیی و ترسی خوای گەورەی یاد خستەوە كە بۆ جەنگ دەكات، دوای ئەوەی كە ئەو كەسەی ئەو گوی‌ڕایەڵیی بۆ دەكرد، خۆی بەیعەتی پی‌داوە؟.[89]

ئەم جارەش قەیس، وەك جاری پێشوو، كاتێك كە ئەمیری میصر بوو، بۆ موعاویە نەرم نەبوو.. بەڵام ئەم جارەیان جیاوازە لە جاری پێشوو.. یەكەمجار پشتیوانیی لە عەلیی كوڕی ئەبوگالیب دەكرد و ئەوی بە ئەمیر دەزانی. بەڵام ئێستا ئەمیری نیە.. قەیسیش هاوەڵێكی زۆر بەرێز و دامەزراوی پێغەمبەری خوا بوو ρ كە نموونەی سەربازی گوی‌ڕایەڵ و بەوەفا بوو.. هەڵس‌وكەوتی تەنها لەبەر رەزامەندیی خوا بوو.. قازانجی ئیسلام و موسڵمانانی لێك دەدایەوە.. هیچ بەرژەوەندی‌یەكی بە دڵدا نەدەهات.. هەر ئەو رەوشتە بەرزەی بوو كە لە رۆژی كۆچیی دوایی پێغەمبەری خوادا ρ هەوڵی دا موسڵمانان یەك بگرن و لە هەڵ بژاردنی خەلیفەدا ناكۆكی‌یان تی‌ نەكەوێت.. ئەوە بوو وازی لە باوكی هێنا و بەیعەتی بە خەلیفە ئەبوبەكر كرد.. بەڵی‌قەیس خاوەنی ئەو رەوشتە بەرزانە بوو، بۆیە لە رۆژی فەتحی مەككەدا پێغەمبەری خوا ρ ئاڵای خزمەكانی دایە دەستی، دوای ئەوەی كە لە سەعدی باوكی وەرگرتەوە..

موعاویە قەیسی چاك دەناسیی، كە خواناسێكی قیامەتی‌یە و بەرژەوەندیی دنیا هەڵس و كەوتی پی‌ناكەن، بۆیە بە هەموو شێوەیەك متمانەی پی‌دەكرد و، بڕیاری دا قەیس هەرچی داوا بكات لە گەڵیا بكات. بۆیە تۆمارێكی بۆ نارد و هەر بە سپێتیی لە خوارییەوە مۆری كرد و داوای لە قەیس كرد كە هەرچی پی‌خۆشە بە مەرج بی نووسی‌و وا ئەم مۆری كردووە و لە سەری رازی‌یە.[90]

عەمری كوڕی عاص ـ خوا لێی رازیی بی‌ـ كە ئەمەی بە موعاویەوە دی سەری سوڕ دەما،

---

89 الطبري ج5 ص125 و الرواية عن عبدالله بن أحمد، و الزهري في مغازيه ص157.

90 الطبري ج5 ص125. الرواية السابقة.

DO NOT COPY

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

چونکە پێویست بەو هەموو نەرمیی و بچووکیی نواندنە ناکات بۆ قەیس، دوای ئەوەی کە کاروباری موسڵمانانی بۆ یەکلایی بۆتەوە.. بەڵام موعاویەی پەروەردەی سوننەتی ئازیز دەی زانیی ئەو نەرمیی‌یەی چەندە بە قازانجی موسڵمانان دەردەچێت و، چۆن دەبێتە مایەی سارێژکردنی زامەکان و، یەکگرتنی هێزی موسڵمانان..

زیاد لەم نەرمیی‌یەش موعاویە بڕیاری دا هەتا ناچار نەکرێت پەنا بۆ شمشێر نەبات.[91]

بەم هەنگاوە حەکیمانەیە موعاویە قەیسی ناچاری ئاشتیی و تەبایی کرد و، قەیسیش مەرجی ئەوەی لەسەر موعاویە دانا کە چاودێریی خۆیشی و دەستەی ئیمامی عەلیی بکا و دەستیان بۆ نەبات. بەڵام لەو تۆمارەدا داوای پارە و سامانی نەکرد و، موعاویەش مەردانە بەڵێنەکەی بردە سەر.[92]

بەمە موعاویە بە ئارام و حیکمەتەوە توانیی دڵی قەیس بداتەوە و بیهێنێتە ریزی خۆیەوە تا جەنگ و ئاژاوە نەمێنیء. لە هەمان کاتدا قەیس لە بەر چاوی موعاویەدا ، بەبۆنەی ژیریی و بلیمەت و ئارام و ئازایەتیی‌یەوە، هاوتای صەد هەزار پیاوی دەکرد!! کووفەش پاش چوار ساڵ هەڵوێستی دژایەتیی باوەشی گوێڕایەڵیی بۆ خەلیفە موعاویە کردەوە..

ئەوەندەی پیءنەچوو ( خەواریج ـ حەروورییە) لە خەلیفە موعاویە هەڵگەڕانەوە. ئەوە بوو پێنج صەدچەکداریان لە ناوچەی شارەزوور، بە سەرکردایەتیی فەروەی کوڕی نەوفەلی ئەشجەعیی، لە موسڵمانان جیا بوونەوە و وتیان : ئەمەی ئێستا هاتۆتە بەرەوە گومانی تێدا نیە، دەی بڕۆن بۆ موعاویە و لە گەڵیا بجەنگێن.

لە یەکەم هەنگاویاندا دەستیان بەسەر کووفەدا گرت.. موعاویە لە سەرەتاوە پێی خۆش بوو دانیشتوانی کووفە تووشی جەنگ و کوشتار نەبن، بۆیە چەند سەربازێکی لە شامەوە ناردە سەر خەواریج. هەرکە بە یەك گەیشتن، زۆری پیءنەچوو سوپای شام پشتی هەڵ کرد و بە تێكشکاویی گەڕانەوە دوا..

موعاویە سەرنجی کارەکەی گرت، دەبینیءبە گژاچوونی خەواریج هەروا ئاسان نیە، چونکە بە ناوی عەقیدەوە دەجەنگان. بۆیە رای هاتە سەر ئەوە کە تەنها کەس‌وکاری خۆیان واتە ئەهلی کووفە دەتوانن پشتیان لە زەویی بدەن.. چونکە ئەگەر خەواریج دەم‌سووری ئەوە بن کە توانیویانە سوپای شام تێك بشکێنن، لەوانەیە بکەونە تەماعی داگیرکردنی شامیش. بۆ ئەمە خێرا بڕیارێکی توند و تۆڵی دا و فەرمانی بەسەر جارچی‌یەکەیدا دا تا دانیشتوانی کووفە ئاگادار بکات کە سوێند بەخوا ئەمانیان پیءغادریءهەتا کەس‌وکارە خراپ وی‌ستەکانیان لە کۆڵی ئیسلام نەکەنەوە. خەڵکی کووفە هەڵمەتیان دایە شمشێرەکانیان و بە پەلە بەرەو کوشتاری خەواریج کەوتنە ریء.

---

91 الطبري ج5 ص125، الرواية السابقة.

92 الطبري ج5 ص125، الرواية السابقة.

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

کە خەواریج چاویان پێکەوتن پرسییان: تیاچن! چیتان لێمان دەوێ؟ ئەی گوایا موعاویە دوژمنی ئێمەش و ئێوەش نیە؟ وازمان لێبێنن تا بچین بە گژیا. ئەگەر تێکمان شکاند ئەوا دوژمنەکەتانمان لە کۆڵ کردوونەتەوە. ئەگەر ئەویش ئێمەی تێك شکاند ئەوا لە کۆڵتان کراوینەتەوە.

وتیان: نا بەخوا، کوشتارتان هەر دەکەین.

وتیان: ڕەحمەتی خوا لە براکانمان بێت لە ئەهلی ڕووبارەکە کە لە ئێمە چاکتر ئێوەیان ناسیی، ئەی ئەهلی کووفە.[93]

سەرەنجام جەنگ ڕووی دا و ئەهلی کووفە هەڵمەتیان بۆ خەوارج برد و کووفەیان گێڕایەوە ژێر دەسەڵاتی خەلافەت.

شاری دووهەمی عیراق بەصرە بوو، با بزانین چۆن کەوتە ژێر دەسەڵاتی موعاویەوە؟.

لە ناوچەی بەصرەشدا حەمرانی کوڕی ئەبان دەسەڵاتی گرتە دەست و کاروباری ناوچەکەی بەڕێوە دەبرد.. بۆ ئەمە ئەمیری ئیمانداران بە پەلە یەکێك لە نەوەی (قەین)ی نارد بۆ ئەوێ.

بەڵام شارەزا و تاقیکاری عیراق نەخشەیەکی تری بۆ کێشا.. جا با بزانین ئەو شارەزایە کێیە؟

ئەو شارەزا دڵسۆزێکی ڕاستەقینەی ئیسلامە کە بە چاکیی و پاکیی بڕوانامەی قوتابخانە مەزنەکەی ئازیزی ρ وەرگرتووە و، تا کەمێك لەوەو پێش دوژمنێکی سەرسەختی موعاویە بوو و ئەوپەڕی دژایەتیی لەگەڵ دەکرد.. بەڵام ئیسلامی پیرۆز فێری ئیخلاص و وەفا و برایەتیی و ڕاستگۆیەکی وەهای کردبوو کە هەمیشە بەرژەوەندیی ئیسلام و موسڵمانان بەرچاو بگرێت.. فێری کردبوو بە پاکیی بۆ خوا کار بکات.. خەمی موسڵمانان خەمی هەمیشەی ناو کرۆکی دڵی بێت..

بەڵێ، ئەم ئازیزە یەکەم قوڵی بەهێز و لێهاتووی ئیمامی عەلیی و بڕبڕەی پشتی بوو.. یەکێك لە موسڵمانە سەرکردە و ژیر و بەسەلیقەکان بوو.. تەرجمانی قورئانی پیرۆز بوو کە پێغەمبەری خوا ρ لە خوا داوای زانستی فیقهی شەریعەتی بۆ کردووە.. کەڵە زانای مەزنی ئوممەتی ئیسلام بوو.. عەبدوڵلای کوڕی عەبباس ـ خوا لێیان ڕازیی بێ ـ .

لەو ڕۆژەوە کە ئیمام حەسەن و خەلیفە موعاویە صوڵحیان کرد، ئیبن عەبباس بووە ڕاوێژکارێکی ئەمین و دەستپاك و دڵسۆزی موعاویەی ئەمیری ئیمانداران..

ئیبن عەبباس ئاماژەی بۆ موعاویە کرد تا بیسری کوڕی ئەبو ئەرگەئە بکاتە والیی بەصرە.

لە ڕاستییدا ئیبن عەبباس لە هەموو کەسێك زیاتر شارەزای بەصرە و دانیشتوانی بوو، چونکە سەرانسەری سەردەمی خەلافەتی ئیمام عەلیی هەر خۆی والیی بەصرە بوو.

جا چونکە ئیبن عەبباس جێی متمانەی خەلیفە موعاویە بوو، بە گوێی کردو بیسری کردە والیی و ئەویش مەردانە هێمنیی بۆ ناوچەکە گێڕایەوە..

---

[93] الطبري ج5 ص126 سنة 41. وهي رواية زياد عن عوانه.

DO NOT COPY

# موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

& ئەی دا خۆ بلیمەت و لی‌ھاتووی دووھەم کی‌ئەبی؟

لە ھەموو ناوچەیەك زیاتر مەترسیی لە کووفە دەکرا، چونکە پایەتەختی خەلافەتی پێشوو و، مەڵبەندی دەستە و تاقمەی ئیمامی عەلیی بوو و، یەکەم شوێنی گلێربوونەوەی نەیارانی موعاویە و دەوڵەتەکەی بوو.. بۆیە موعاویە بیری لەوە دەکردەوە کە کی‌بکاتە کاربەدەستی کووفە؟

ماوەیەکی زۆر بیری لی‌ئەکردەوە ، تا لە ئەنجامدا وای بە چاك زانی عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عاص ـ خوا لێی رازیی بی‌ـ ، کە نموونەی ھاوەڵی خواناس بوو، بکاتە والیی کووفە. بەڵام زۆری پی‌نەچوو موغیرەی کوڕی شوعبە ـ خوا لێی رازیی بی‌ـ مۆڵەتی لە خەلیفە خواست و چووە ژوورەوە لای. کە موعاویە موغیرەی ژیر و بەسەلیقە و خاوەن تاقی‌کاریی لەبەر دەمی‌دا بینیی وای بە چاك زانی بی‌کاتە والیی کووفە تا گیروگرفتیان چارەسەر بکات.

دیسان مێژوو دووبارە بوویەوە..

موغیرە و کووفە جارێکی تر وەھا بە یەك گەیشتبوون. ئەوە بوو لەسەردەمی خەلافەتی عومەری کوڕی خەگگابدا ـ خوا لێی رازیی بی‌ـ دانیشتوانی کووفە بوو بوونە کۆسپ لەبەردەم خەلیفە و والیەکانی‌دا .. خەلیفە بە دەستیانەوە گیری خوارد بوو.. بۆیە خەم و خەفەتی بۆ موغیرە باس کرد کە بە ھیچ والی‌یەك رازیی نابن. موغیرەش ناوونیشانی ئەو والی‌یەی بۆ خەلیفە ھەڵ دا کە دەتوانی‌دانیشتوانی کووفە بی‌دەنگ بکات.. خەلیفە عومەریش بیری کردەوە کە ھیچ کەس بە وێنەی موغیرە خۆی خاوەنی ئەو سیفەتانە نیە کە بتوانی‌دانیشتوانی کووفە بی‌دەنگ بکا و بی‌گیروگرفت کاروباریان بەڕێوە بچێت، بۆیە پێی وت:

بڕۆ بۆ ئەوی‌، چونکە ھیچ کەس وەك تۆ بە کەڵکی کووفە نایەت!

بە ھەمان شێوە موعاویەش بۆ پیاوێك دەگەڕا کە گیروگرفتی کووفەی لە کۆڵ بکاتەوە.. ئەویش موغیرەی دەست کەوت و، کووفەی پی‌ئارامکاندەوە! بەمە ئەم پیاوە بلیمەتە لی‌ھاتووەش بە خۆی و توانا و لی‌ھاتنیەوە ھاتە دەست باری خەلیفە موعاویە..

& بلیمەتی سی‌ھەمیش شێرێکی ئازاو چاونەترس و بەھەڵمەت بوو لەوسەری خاکی وڵاتی ئیسلامەوە، کە موعاویە حیسابێکی چاکی بۆ ئەویش دەکرد و ، دەی زانی لە زیرەکیی و وریایی و لی‌ھاتندا لە قەیسی کوڕی سەعد و لە عەبدوڵلای کوڕی عەبباس ـ کە ھەردووکیان بەیعەتیان پی‌داو بەوپەڕی دڵسۆزیی و غیرەتەوە بوونە سەربازی دەوڵەتەکەی ـ کەمتر نیە.

ئەو شێرە بەھەڵمەتەش زیادی کوڕی باوکی ـ زیاد بن أبیه ـ بوو، کە لە ناوچەی فارس‌دا بوو و خەلیفە دەترسا لەوی‌ئاژاوەیەك بەرپا بکات.. لە بەر ئەوە بە ژیرانە ھەنگاوی دەنا ھەتا دڵی رابکێشی‌. جا ئەگەر سەرنجی ئەم ھەڵوێستەی بگرین بۆمان دەردەکەوی‌کە بە راستیی شیاوی ئیدارە و حوکم و کار ھەڵسووڕاندنە.. بە راستیی خوای گەورە لە ژیریی و سەلیقە و دانبەخۆداگرتن و ئارامگرتن‌دا بەشێکی چاکی پی‌بەخشیی بوو، تا ئەوە بوو توانیی دڵی ناحەزترین کەس نەرم بکات..

موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان

# موعـاويەی كوڕی ئەبوسـوفيـان (30)

له يەكەم هەنگاودا موعاويەی ئەميری ئيمانداران نامەيەكی بۆ زياد نووسيی كه دەی وت:

(هەندیءمالٌ و سامانی خوات له دەستدايەو، تۆش واليێتييت پیءسپێرراوە، بۆيه چی سامانت لەلايه بیگێڕەرەوە)..[94]

زياد نامەكەی خەليفەی خوێندەوە و، خێرا وەڵامەكەی بۆ خەليفه ناردەوە، كه ئەوە بوو دوای سوپاس و ستايشی خوای گەورە ئەمەی بۆ نووسيی:

( هيچ پارەو سامانێكم لەلا نەماوە. چونكه ئەوەی كه به لامەوە بوو هەندێكيم له پێويستيیدا خەرج كردو، هەندێكم به سپاردە لای كۆمەڵێك بۆ پێويستيی و لیءقەومانێك داناوە و، هەرچيش لەوە زياد بوو ناردوومەته خزمەتی ئەميری ئيمانداران رەحمەتی خوای لیءبێت)...[95]

موعاويه بۆی دەركەوت هيچ سامانێكی له لايەن زيادەوە دەستگير نابیء. پاشان هەوڵیدا هەموو خۆشەويستیيەكی بۆ دەرخات و هيچ كۆسپێكيش لەبەر دەمیدا نەهێڵێت، بۆيه داوای لیء كرد سەرێك له پايتەخت بدات.. بەڵام زياد له وڵاتی فارس مايەوە و، بەو ئاسانیيه دڵی بۆ خەليفه نەرم نەبوو.

مێشكی خەليفه سەرقاڵی گيروگرفتی زياد بوو بوو، چونكه به راستيی زياد لیهاتوو بوو چ بۆ گيروگرفت دروست كردن و، چ بۆ چارەسەركردنی گيروگرفت..

كاتێك كه هەواڵی گوێڕايەڵيی نەكردنی زياد كەوته بەرگوێی بيسری كوڕی ئەبو ئەرگهئەی واليی بەصرە، وای به چاك زانيی پەنا بۆ بەكارهێنانی هێز بەرێت تا زياد ناچاری خۆ بەدەستەوە دان ببیء. ئەوە بوو هەڵمەتی دا هەرهەموو مناڵەكانی زيادی گرتن و خستنيه بەندیخانەوە و، خێرا نامەيەكيشی بۆ زياد نووسيی تا خۆی به دەستی ئەميری ئيماندارانەوە بدات، ئەگەر نا كوڕەكانی دەكوژێت..

كه نامەكه گەيشته دەست زياد زۆری پیءناخۆش بوو.. بەڵام پياوەتيی و جوامێريی زياد لەوەدا نەبوو كه زەليليی قبووڵ بكات و، به وێنەی بەندە خۆی به دەستەوە بدات. ئەوە بوو به دڵێكی خەمبارەوە وەڵامی نامەكەی دايەوە و نووسيی :

لەم شوێنەی خۆمدا ناجووڵێم هەتا خوای گەورە حوكمی نێوان من و هاوەڵەكەت بكات. جا ئەگەر ئەو مناڵانەم كه وان له ژێر دەستتدا كوشتنت، ئەوا گەڕانەوەی هەمووومان هەر بۆ لای خوای گەورەيه و، رۆژێك دێت حيساب لەگەڵ هەمووماندا بكرێت .. وسيعلم الڑين ڤلموا أی منقلب ينقلبون..

دەبوا ئەم نامەيەی زياد كاری له بيسر بكردايه و لەبەر شەرم و ترسی خوا وازی له كوشتنی ئەو مندالانه بهێنايه، كەچيی له جاران زياتر بۆ كوشتنيان سوور بوو.. ئەم دەنگ و باسه له شاری بەصرەدا بڵاو بوويەوە و، له ئەنجامدا هەواڵ گەيشته ( ئەبوبەكرە)ی هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەری

---

94 الطبري ج5 سنة 41هـ ، عن أحمد بن زهير عن علي بن محمد عن سليمان بن بلال عن الجارود بن أبي سبرة.

95 الطبيري ج5 سنة 41هـ . عن أحمد بن زهير عن علي بن محمد عن سليمان بن بلال عن الجارود بن أبي سبرة.

DO NOT COPY

خوا ρ و برای دايكيی زياد..

ئەبوبەكرە ـ خوا لێی رازيی بیٴ ـ بيستی كە مناڵەكانی ئەويش لەگەڵ مناڵەكانی زيادی برایدا بەند كراون.. ئەو شەوەی بە چ حاڵێك بە رۆژ گەياند.. بيريشی كردەوە لەگەڵ ئەميردا بەينيان خۆش نيە، چونكە لەوەو بەر ئيهانەی كردبوو و، خەريك بوو بيشیكوژێت..

رۆژێكيان بيسر سەر دەكەوێتە سەر مينبەری بەصرە و قسەی ناشيرين بە ئيمامی عەليی ـ خوا لێی رازيی بیٴ وت و پاشان وتی:

لەبەر خاتری خوا، هەر پياوێكتان بە راستگۆم دەزانیٚ با بە راستگۆم دەركات و، گەر بە درۆزنيشم دەزانیعا بە درۆزنم دەركات.

ئەبو بەكرەش وەڵامی دەداتەوە: بە خوا بە درۆزنت دەزانين!!

بيسر فەرمانی دا بیخنكێنن . كە دەستيان خستە قورگی، خێرا ئەبولوئلوئەی چھببيی خۆی هەڵ دايە سەری و نەیهێشت بیخنكێنن. دوای ئەوە ئەبوبەكرە ئەوەندە زەويی و زاری پێشكەشی ئەبولوئلوئە كرد كە جێی صەد جەريب[96] تۆوی تێدا دەبۆوە.

وتيان بە ئەبوبەكرە: بەم كارەت چيت دەويست؟

وتی: ئەو ئەڵیغەبەر خاتری خوا، ئەی نابیعێمەش بە راستيی وەڵامی بدەينەوە؟!

كە ئەبوبەكرە ئەو رۆژە تاڵەی هاتەوە ياد و، بيريشی لەو منداڵە بیعاوانانە دەكردەوە كە بيسر هەڕەشەی كوشتنيانی دەكرد.. بۆيە لە جێی خۆی راچڵەكيی و برِيارِی دا، ئەگەر گيانيشی لە دەست دابیٴ دەبیعخۆی بگەيەنێتە لای واليی.

ئەو شەوە چاوی نەچووە خەو.. بە چ حاڵ بە رۆژ گەيشت.. كە رۆژ بوويەوە سواری ولاغەكەی بوو و خۆی گەياندە لای ئەمير و پێی وت: كوڕەكانی خۆم و براكەمت گرتوون كە منداڵی بیٴ تاوانن، لە هەمان كاتيشدا حەسەن و موعاويە لەسەر ئەوە رێك كەوتوون كە هاوەڵانی عەليی لە هەركویٴبن بە ئەمين و ئەمانيی بژين. بۆيە تۆش مافت نە بە سەر خۆيانەوە و نە بە سەر باوكيانەوە نيە.

بيسر وتی: براكەت پارە و سامانێكی زۆری لە دەستدايە و نایداتەوە..

ئەبوبەكرە وتی: هيچی لە لا نيە.

بيسر خەريك بوو قسە بكات ، بەڵام ئەبوبەكرە پێی برِیی و وتی: واز لە برازاكانم بهێنە هەتا لە لايەن موعاويەوە نامەی بەردانيانت بۆ دەهێنم.

بە پەلە بەرەو شام كەوتە ریٴ تا دادی خۆی بگەيەنێتە لای خەليفە.. بەر لەوەی ئەم بگاتە شام هەواڵی ئەو رۆيشتنەی گەيشتبووە ئەميری ئيمانداران. بۆيە ئەويش ـ خوا لێی رازيی بیٴ ـ رێزێكی چاكی لیعنا و لێيشی پرسيی:

---

[96] جەريب : كێشانەيەكێ بووە كە بەحيسابی ئەمڕۆ نزيكەی (162) كيلۆگرام دەردەچێت. (سەيری (مختار الصحاح) بكە).

## موعـاويەی کوڕی ئەبوسـوفيـان (30)

ئەبوبەکرە! ئایا بە سەردان هاتوویت، یان بۆ پێویستیی ؟!
وتی: درۆ ناکەم.. بۆ پێویستیی هاتووم.
خەلیفە وتی: داوا بکە، ئەی ئەبوبەکرە.. تۆ بە خاوەنی پلەی بەرز دەزانین و، شیاوی تکاکردنیشی پێویستییت چییە؟
وتی: ئەمانی زیادی برام بدەیت و، نامەش بۆ بیسر بنێری تا منداڵەکانی بەر بدات و، لاقەیان نەکات..
موعاویەی خەلیفە ـ خوا لێی رازیی بیٴ ـ زۆر سنگ فراوان بوو.. دەیزانی چۆن دەورویەری دا بمەزرێنیٴ. هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی پڕ لە ئەمن و ئاسایشی دەدا کە بە هیچ شێوەیەك خوێنی تێدا نەرژێت.. جا کە ئەبوبەکرەی هاوەڵی پایەداری بینی، خێرا دڵی پێی سووتا و ویژدانی بزوی هاتە جۆش و وتی: بۆ منالەکانی زیاد چیت پیٴخۆش بێت بۆت دەنووسین.. بەڵام زیاد خۆی سامانی موسڵمانانی لە دەستدایە. جا گەر گێڕایەوە ئەوا کارمان بە سەریەوە نیە.
وتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران! ئەگەر سامانێکی بە لاوە هەبێت، إن شاوا"، لێتی ناشارێتەوە.
موعاویە نامەی بۆ بیسر نووسیی کە دەست بۆ منداڵی زیاد نەبات.. دوای ئەوە بە هەلی زانی لە سەرچەمەی فێنك و زوڵاڵی پێغەمبەرایەتیی‌دا، کە ئەبوبەکرەش یەکێکە لە قوتابییەکانی، فەڕ و بەرەکەتێك هەڵ بگۆزێت.. بۆیە رووی کردە ئەبوبەکرەی هاوەڵ و پێی‌وت
ئایا ئامۆژگارییەکمان ناکەیت، ئەی ئەبوبەکرە؟!
وتی: بەڵیٴ ئامۆژگارییم ئەوەیە ئەی ئەمیری ئیمانداران، کە سەیری خۆشت و رەعیەتەکەشت بکەیت و کردەوەی چاك ئەنجام بدەیت.. چونکە بە راستیی کارێکی گەورەت گرتۆتە ئەستۆ: جیٴنشینێتیی خوا بەسەر بەدییهێنراوانیەوە. جا تەقوای خوات لە دڵدا بێت، چونکە ئەنجامێکت بۆ دیاریی کراوە و لێی تێپەڕ ناکەیت و، داواکارێکی وازنەهاوردووش دوات کەوتووە. جا هاکا گەیشتیتە مەنزڵ و داواکارەکەش گەیشتە لات و، گەڕایتەوە بۆ لای ئەوەی پرسیاری ژیانت لیٴ دەکا، کە لە خۆت زیاتر زانایە پێی ئیتر لەویٴموحاسەبە و وەستاندن روو دەدات.. جا نەکەی شتێکی تر پێش رەزامەندیی خوای گەورە بخەیت:[97]
لە حەوتەمین رۆژدا ـ کە دوا رۆژی مۆڵەت بوو بۆ گەڕانەوەی ئەبوبەکرە ـ خەم و خەفەت موسڵمانانی بەصرەی داگرتەوە و دەترسان بیسر هەڕەشەکەی ئەنجام بدات.
کە خۆری ئەو رۆژە دەرهات بیسر منداڵەکانی لە بەندیخانە هێنایە دەر و چاوەڕوان بوو لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا لە ملیان بدات.. موسڵمانانیش کۆ بوونەوە و چاوە و چاویان دەکرد تا بەشکوم ئەبوبەکرە پەیدا ببێتەوە و ئەو منداڵە بەستەزمانانە لە کوشتن دەرباز بکات..
لە ناکاو سەیریان کرد وا بە سواریی وشترێکی گورج و گۆڵ دەرکەوت و بە پەلە دابەزیی و بە جلەکانی ئاماژەی کرد و بە دەنگی بەرز (ألله أكبر) ی وت و خەڵکەکەش بە جـارێك‌دا (ألله

---

[97] الطبري ج5 ص129.

DO NOT COPY- ئەبوسوفیان

أكبر) یان دووباره كرده‌وه و، به‌په‌له خۆی گه‌یانده لای بیسر و به‌ر له‌وه‌ی بیان كوژێت نامه‌كه‌ی خه‌لیفه‌ی دایه ده‌ست و، ئه‌ویش ئازادی كردن!!

به‌ڵێ، بی‌ئه‌وه‌ی زیاد هیچ هه‌نگاوێك بۆ نزیكبوونه‌وه بنێت موعاویه‌ی ئه‌میری ئیمان‌داران فه‌رمانی دا منداڵه‌كانی به‌ر بدرێن.

چه‌ند مانگێك موعاویه چاوه‌ڕوانی كرد به‌شكوم ئه‌بوبه‌كره بتوانی‌قه‌ناعه‌ت به زیادی برای بكات، كه‌چیی بی‌سوود بوو و، هیچ هه‌واڵێكی نه‌بوو.. شه‌وێكیان خه‌وی لی‌زڕا و تا به‌یانیی ئه‌م‌دیو و ئه‌ودیوی ده‌كرد.. كه رۆژی لی‌بوویه‌وه، بۆ ئه‌وه‌ی ده‌وروبه‌ری قه‌ڵه‌باڵغ بێت و خه‌م و خه‌فه‌تی بڕه‌وێته‌وه، ماوه‌ی دا خه‌ڵك بێته ژووره‌وه لای .. ئه‌وه بوو بلیمه‌ت و زۆر ژیری عه‌ره‌ب، موغیره‌ی كوڕی شوعبه هاته ژووره‌وه.. موعاویه به‌خێرهاتنێكی گه‌رمی موغیره‌ی كرد.. به‌م هاتنه‌ی دڵی زۆر خۆش بوو ، چونكه به شیاوی ئه‌زانی كه دادی حاڵی خۆی به لایه‌وه بكات ، به‌شكوم به سه‌لیقه‌ی خۆی چاره‌یه‌كی بۆ دابنێ.

ئه‌وه‌مان له یاد نه‌چێت كه له سه‌ره‌تای ناكۆكیی نێوان ئیمامی عه‌لیی و موعاویه‌دا موغیره ـ خوا له هه‌موویان رازیی بێ ـ پاڵی به ئیمامه‌وه دابوو و، داواشی له ئیمام كرد كه موعاویه له‌سه‌ر كار لا نه‌بات. چونكه موعاویه لی‌هاتووه و له ناوچه‌ی شام‌دا ده‌سه‌ڵات و كاریگه‌ریی زۆره.. دوای ئه‌وه له فیتنه و ئاژاوه‌كه كه‌ناری گرت. به‌ڵام ئه‌مڕۆ كه كاروباری موسڵمانان یه‌ك لایی بۆته‌وه، هه‌موو تواناو لی‌هاتنێكی خستۆته كار بۆ خزمه‌تی ده‌وڵه‌تی ئیسلام . بگره ئاژاوه‌ی كووفه‌ی چاره‌سه‌ر كردووه به‌وه‌ی كه كاروباری والێتیی گرتۆته ده‌ست..

موغیره كه سه‌رنجی خه‌م‌و خه‌فه‌تی خه‌لیفه‌ی دا، داوای لی‌كرد رازیی دڵی به لای ئه‌م برا دڵسۆزه‌یه‌وه بڵێت تا به پێی توانا بۆی چاره‌سه‌ر بكات...

موعاویه باسی یاخیی بوونی زیادی بۆ كرد كه له ناوچه‌ی فارس‌دا كه‌ناری گرتووه و، پێیشی وت كه ئه‌و شه‌وه ساتێك خه‌وی نه‌بووه..

موغیره دڵی خه‌لیفه‌ی دایه‌وه كه زیاد ئه‌وه‌نده‌ش گرنگ نیه به‌ڵام خه‌لیفه تێی گه‌یاند كه پاره و سامانێكی زۆری له مشت دایه و ترسی ئه‌وه‌ی هه‌یه ئاژاوه‌یه‌ك به‌رپا بكات و به‌یعه‌ت به یه‌كی له ئه‌هل و به‌یت بدات و جه‌نگ هه‌ڵ بگیرسێنێته‌وه..

موغیره وتی: ئه‌ی ئه‌میری ئیمان‌داران! ماوه‌م ده‌ده‌ی بچمه لای؟ خه‌لیفه وه‌ڵامی دایه‌وه: به‌ڵێ به نه‌رم و نیانیی.

موغیره به غیره‌تێكی موسڵمانانه‌وه خۆی پێچایه‌وه و، ئه‌وه‌ی پێویستی سه‌فه‌ری دوور و درێژی وڵاتی فارس بوو له‌گه‌ڵ خۆی بردی و، دوای ماوه‌یه‌كی زۆر گه‌یشته لای زیاد و ته‌قه‌ی له ده‌رگا دا.. كه پرسیی كێیه؟ وتیان: موغیره‌ی كوڕی شوعبه‌یه..

زیاد به راكردن هاته پێشوازیی میوانی ئازیز و به‌خێرهاتنێكی گه‌رمی لی‌كرد، كه ماوه‌یه‌كی زۆر بوو نه‌ی دی بوو.. دوای رێزلی‌گرتن و حه‌سانه‌وه موغیره دای به گوێی زیاددا كه ئه‌م گه‌شته‌ی

بۆ هەواڵ زانینی ئەوە، چونکە خەلیفە موعاویە ترسی لیٚ نیشتووە.
موغیرە کەمیٚك بیٚدەنگ بوو و سەرنجی دەم و چاوی زیادی گرت و دی وا بە جوانیی گوێی گرتووە، بۆیە وتی:
بە بیریشی دا نەدەهات کە کەسیٚکی تر جگە لە حەسەن بیر لە خەلیفایەتیی بکاتەوە و، ئەویش وا بەیعەتی پیٚدا..
دیسان قنگ چاوێکی تری گرتە زیاد و تیٚگەیشت کە بە جوانیی گوێی گرتووە و بایەخی چاك بە باسەکە دەدات بۆیە وتی:
جا بەر لەوەی کاروباری بۆ دابمەزریٚ تۆش جیٚی خۆت بکەرەوە، ئەگینا موعاویە پیٚویستیی پیٚت نامیٚنیٚ..
زیاد وتی: ئاماژەم بۆ بکە و، چیت دەویٚ راستەوخۆ دەری ببڕە و، واز لە شتی زیادە بهیٚنە، چونکە راوێژ پیٚکراو جیٚی برِوایە..
موغیرە زیادی تیٚگەیاند کە پیٚویستە خۆی سەر لە خەلیفە بدات و پەیوەندیی پیٚوە بکات..
زیادیش وتی: وای دەبینم، خوا ریٚکی بخات..
موغیرە بە دوای خۆیدا گەرِایەوە، دوای ئەوەی کە زیادی بیٚخەم کرد..
زۆری پیٚنەچوو نامەیەك لە ئەمیری ئیمانداراناوە بە دەست زیاد گەیشت، کە کردیەوە دەبینیٚ وا ئەمەی تیٚدا نووسراوە:
بۆچی خۆت لە ناو دەبەیت؟ وەرەوە بۆ لام و ئاگادارم بکە بزانم چەند سامانت کۆ کردۆتەوە و، چەندت خەرج کردووە و، چەندیشت لە دەستا ماوە و، لە خۆت ئەمین بە.. دوای ئەوە گەر ویستت لە سەری بوو لە لامان بمیٚنەرەوە و، گەر ویستیشت بگەرِیٚیتەوە بۆ شویٚنی خۆت ئەوا دەگەرِیٚیتەوە.
ئەم نامەیەی دەست نووسی خەلیفە خۆی و ئامۆژگارییەکەی موغیرەش کە خەمی نەبیٚ و بگەرِیٚتەوە لای خەلیفە، ئەوە دەگەیەنن کە موعاویە بە دڵ حەزی لە دۆستایەتیی ئەو هەیە و سەلامەت و بیٚوەی دەبیٚت. بۆیە بەبیٚ دوودڵیی برِیاری گەرِانەوەی دا و، بە چەم و دۆڵ و بەرزیی و نزمیی وڵاتی فارسدا ریٚگای دەبرِیی هەتا گەیشتەوە وڵاتی شام و خۆی گەیاندە لای موعاویەی ئەمیری ئیمانداران..
ماوەیەکی زۆر بوو خەلیفە چاوەرِوانی ئەم بە یەکگەیشتنە بوو.. بەخیٚرهاتنەوەیەکی گەرمی زیادی کرد.. دوای حەسانەوە باسی هاتە سەر باسی ئەو سامان و پارەیەی کە لە لای زیادە. زیادیش هەواڵی دایێ کە هەندیٚکی رەوانەی لای ئیمامی عەلیی ـ خوا لیٚی رازیی بیٚ ـ کردووە و، هەندیٚکیشی لە ریٚی پیٚویستی خۆیەوە خەرج کردووە.. موعاویەش برِوای پیٚکرد و، ئەوەی کە لە لای مابوویەوە لیٚی وەرگرت و وتی: تۆ ئەمینداری خەلیفەکانمان بوویت..[98]
زیاد وتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران! پیٚش کاربەدەستییم هەندیٚ سامانم هەبوو، جا پیٚم خۆشە

[98] الطبري ج5 ص 178..

ئەوەم بۆ بێنێتەوە و هەرچییم لە کاتی والێتیی‌دا وەرگرتووە بی دەمەوە دوا..

زیاد و موعاویە بە جووتە لەگەڵ بلیمەت و لێهاتووە زۆر و زەبەندەکانی جیهانی ئیسلامیی‌دا کەوتنە خزمەتی موسڵمانان..

زیاد دوای بەسەر بردنی سەردانەکەی ماوەی لە خەلیفە خواست و بەوپەڕی ڕێز و سەربەرزییەوە ڕێگای کووفەی گرتە بەر تا لەوێ‌ بۆ خۆی بحەسێتەوە..

کە زیاد گەیشتە کووفە موغیرە ڕێزێکی چاکی لێگرت.. هەتا لە کاتی نوێژدا بۆ زیادەڕێزیی لە زیاد هەوڵی دا بیکاتە ئیمام، کەچیی زیاد نەچووە پێشەوە و وتی:

شتی وا ناکەم، لە شوێنی دەسەڵاتتدا لە من شایانتری بە ئیمامەتی نوێژ..[99]

[99] الطبري ج5 ص180..

# ئاژاوەی خەواریج

سێهەم ساڵی خەلافەتی موعاویە هاتە بەرەوە.. ناكۆكیی نێوان موسڵمانان ـ بە كۆمەكیی و یارمەتیی خوا ـ خەریك بوو ئاسەواری نەمێنیء. موعاویەش ـ خوا لێی رازیی بیء بە ئارام و دان بەخۆدا گرتنی هەموو گیروگرفتێكی چارەسەر دەكرد.. موسڵمانان رۆژ بە رۆژ دەبووژانەوە.. بەرە بەرە بەغیرەتانی خزمەتكردنی قورئان بیریان لە جیهاد دەكردەوە .. ئەمە چوار ساڵە، بگرە زیاتریشە موسڵمانان، لەبەر پەشۆكانیان بە جەنگ و هەرای نێوانیانەوە، دەست بەرداری جیهاد بوون!!

پاڵەوانەكانی ئیسلام ـ دوای رزگار بوونیان لە جەنگی ناوخۆ ـ دەستیان دایە شمشێرەكانیان بۆ تەمێكردنی كافران، تا بیر لە دەستدرێژیی لە موسڵمانان و خاكی ئیسلام نەكەنەوە..

لەو ماوەیەشدا موعاویە سەرنجی بیسری كوڕی ئەبوئەرگەئەی والیی بەصرەی دا دەبینی لەگەڵ خەڵكەكەدا زۆر توند و تیژە، بۆیە لە والێتیی خست و سەركردایەتیی سوپای پاراستنی سنوورەكانی ئیسلامی پێسپارد، تا ئەو توند و تیژییەی بەسەر تەوقە سەری كافرە دوژمنەكاندا بشكێنێتەوە..

بەڵام لەو ساڵەدا رووداوێكی زۆر گرنگ هاتە بەردەم موعاویە كە ئەویش كۆچی دوایی عەمری كوڕی عاص بوو كە رزگار كەر و دامەزرێنەری وڵاتی میصر بوو.. بۆیە خێرا بەوپەڕی وەفاوە عەبدوڵلای كوڕی عەمری زۆر بەتەقوا و خواناسی خستەوە جێی باوكی و كردیە والیی میصر..

لە بارەی كۆچی دوایی عەمری كوڕی عاصەوە ـ خوا لێی رازیی بیء ـ ئیمام ئەحمەد لە عەبدورڕەحمانی كوڕی شەماسەوە دەگێڕێتەوە:

كاتێك كە عەمر كەوتە سەرەمەرگ دەستی بەگریان كرد.. عەبدوڵلای كوڕی لێی پرسیی: بۆچ دەگریی؟ ئایا لە ترسی مەرگ؟

وتی: نا بەخوا، لەوەی كە دوای مردن دێت دەترسم.

عەبدوڵلا وتی: تۆ لە سەر خێر و چاكە بوویت.. جا دەستی كرد بە باسكردنی ئەوە كە هاوەڵی پێغەمبەری خوا ρ بووە و شام و میصر بە دەستی ئەو فەتح كراوە..

عەمر ئەڵێت: چاكتر لەوە هەموویشیم بەجێهێشتووە: شەهادەتی ( لاإلە إلا ألله ).

پاشان عەمر دەستی كرد بە گێڕانەوەی هەر هەموو ژیانی:

من بە سێ قۆناغدا تێپەڕم كردووە كە لە هەر قۆناغێكدا خۆم ناسیوە:

یەكەم كافری قورەیش من بووم و، لە هەموو كەسیش زیاتر دژایەتیی پێغەمبەری خوام ρ دەكرد. جا ئەگەر ئەو كاتە بمردمایە ئەوا ئاگری دۆزەخ جێم دەبوو.

كاتێكیش كە بەیعەتم بە پێغەمبەری خوا ρ دا لە هەموو كەسێك زیاتر شەرمم لێدەكرد،

بەمە چاوم لە سەیركردنی پێغەمبەری خوا تێر نەبوون و، لە شەرمیشدا هەتا كۆچی دوایی كرد بۆ پێویستییەكی خۆم نەچوومە خزمەتی.. جا ئەگەر ئەو رۆژە بمردباماية ئەوا خەڵكیی دەیان وت: خۆشیی لە عەمر موسڵمان بوو و لەسەر چاكە مایەوە و لە سەریشی مرد و هیوادارین بەهەشت جێی بێت.

پاشان پێچرام بە سوڵتان و دەسەڵاتەوە، جا نازانم چاكەم بۆ نووسراوە یان خراپە.. جا كە مردم هیچ ئافرەتێك بۆم نەگری.. نە ستایش كەر و نە ئاگریشم نەخەنە دوا.. عەباكەشم چاك پێوە بپێچن چونكە دێنە سەرم و، بە پژاندن خۆڵم بەسەردا بكەن و، لای راستیشم لە لای چەپم شایان تر نیە بە خۆڵ داپۆشرێت.. نە دارو نە بەرد مەخەنە قەبرەكەمەوە و، كە بە گڵیشتان سپاردم ئەوەندەی ماوەی سەربڕینی چەند وشترێك لە لام دابنیشن چونكە دڵم پێتان دەكرێتەوە..

هەر لەو ساڵەدا گیر و گرفتێكی تر هاتە بەردەم دەوڵەتی خەلیفە موعاویە.. ئەویش ئەوە بوو كە خەواریج لە دەوڵەت هەڵ گەڕانەوە و دەستیان دایە چەك. بەڵام خەلیفە ترسێكی ئەوتۆی لەم ئاژاوەیە نەبوو، چونكە چاك دەیزانیی كە والیی كووفە، موغیرەی كوڕی شوعبە بۆ چارەسەریی هەر گیر و گرفتێك لیێهاتووە و، پەكی ناكەوێت.. موغیرەش كە هەواڵی هەڵگەڕاوانی زانی دای بە گوێی دانیشتوانی كووفەدا كە ئەو حەزی لەوەیە كۆمەڵی موسڵمانان سەلامەت و بێوەی بن. بەڵام لەوانەیە هەندیعسەفیهـ و نەزانكاریان ببنە هۆی ئازاردانی پیاو چاكەكانیشیان..[100]

لە بیرمان بێت، وەك لە پێشەوە باس كرا ، كە هەتا خەلیفە عومەری كوڕی خەگگاب گیری بە دەست دانیشتوانی كووفەوە خوارد بوو و هەر والیەیەكی بۆ دەناردن لیێی رازیی نەدەبوون، تا ئەوە بوو كە موغیرەی كوڕی شوعبەی كردە والییان وەك ئاو بەسەر ئاگردا بكەیت وەها دایمركاندنەوە.

لە سەردەمی موعاویەشدا بە هەمان شێوە موغیرە توانیی دانیشتوانی كووفە دابمركێنێتەوە، بەوەی كە هەستیان بە توند و تیژیی وتەكانی كرد، كە دەی وت:

( خەڵكینە! دەستی سەفیهـ و نەزانەكانتان بگرن، بەر لەوەی بەڵا هەمووتان بگرێتەوە.. بۆشم باس كراوە كە چەند پیاوێكتان دەیانەویعئاژاوە و دووبەرەكیی لە وڵاتدا بەرپا بكەن. دەی سوێندم بەخوا لە هەر گەڕەك و ئاوەدانیيەكی ئەم وڵاتەدا سەر دەربهێنن ئەوا ئەو ناوە لە ناو دەبەم و، دەیان كەمە پەند و ئامۆژگاریی بۆ دواییینەكانیان.. جا با هەموو كۆمەڵێك ، بەر لەوەی كە پەشیمان ببنەوە،سەرنجی حاڵی خۆیان بگرن و، منیش مەبەستم عوزر و بەڵگەیە وا ئەم ئاگاداریيەم كردن..)[101]

گەورەترین سەرداری كووفە، كە مەعقەلی كوڕی قەیسی ریاحیی بوو و، لە هەمان كاتیشدا لە بەرێزترین لایەنگرانی ئیمامی عەلیی بوو وتی:

ئەی ئەمیر! ئایا لەوانە ناوی هیچ كەست پیعدراوە؟ جا ئەگەر ناویانت پیعدراوە، ئەوا ئاگادارمان بكە كێن. ئەگەر لە ئێمە بوون خۆمان كۆڵیان پیعدەدەین و، گەر لە غەیری خۆشمان بوون، ئەوا فەرمان بە گوێڕایەڵانی وڵاتەكەمان دەدەم تا هەموو هۆزێك شێت و سەفیهی بێنێتە

---

[100] الطبري ج5 ص182، سنة 43هـ.

[101] الطبري ج5 ص182-183 ، سنة43هـ

بەردەستت.

موغیرە ئەڵێت: ناوی هیچ کەسیانم پێ‌نەدراوە، بەڵام پێم وتراوە کە کۆمەڵێك دەیانەوێ‌لە وڵاتدا ئاژاوە دروست بکەن.

مەعقەل وەڵامی دایەوە: خوا چاکت بۆ بکات.. من بە ناو قەومەکەمدا دەگەڕێم و، وازیان پێ‌دەهێنم. جا با هەموو سەروکێك واز بە قەومی خۆی بهێنێ..

موغیرە ئەمەی بە هەل زانی و، خێرا هاتە سەر ئەوە کە کۆبوونەوەیەکی داخراو بە سەرۆکەکانی کووفە بکات..

کە ناردی بە دوایانا و هەموو لەلای گلێر بوونەوە، هەستایە سەر پێ‌و دەستی بە وتاردان کرد:

کار بەم رادە گەیشتووە کە دەزانن و، ئەویش کە وتم بیستتان. جا هەر سەرۆکێکتان خراپەی قەومەکەیم لە کۆڵ بکاتەوە. ئەگینا بەو خوایەی کە جگە لە خۆی خوایەکی تر نیە لەوەوە کە بە چاکی دەزانن دەگوررێم بۆ ئەوەی بە خراپی دەزانن و، لەوەشەوە کە پێتان خۆشە بۆ ئەوەی کە پێتان ناخۆشە.. جا با هەموو کەسێك تەنها گلەیی لە خۆی بکات و، هەرکەسیش ئاگاداریی گەیاند گلەیی لەسەر نامێنیء.[102]

موغیرە ـ خوا لێی رازیی بێ‌ـ لە وتارەکەی بۆوە، بەڵام بە چاکیی غیرەتی لە دڵی سەرۆکەکەماندا رواند و، ئەوانیش روویان لە کەس و کارەکەیان ناو داوایان لێ‌کردن کە لەبەر خاتری خوا و ئیسلام هەرکەسێك ئەیەوێ‌ئاژاوە بەرپا بکات، یان لە کۆمەڵی موسڵمانان جیابێتەوە، با دەست نیشانی بکەن.

ئەم نەخشەیەی موغیرە زۆر بە چاکیی سەری گرت و، شێرە بەغیرەتەکانی ئیسلام دایانە نرکە و، بەوپەڕی حەماسەتەوە کەتیبەکان بەرەو مەیدانی جەنگ کەوتنە ڕێ‌هەروەك ئەمیری ئیمانداران ئیمامی عەلیی خۆی فەرماندەیان بێت..

صەعصەعەی کوڕی صەوحانی سەرۆکی هۆزی عەبدقەیسیش، کە خەواریج لە ناو ئەواندا خۆیان حەشار دابوو، دەستی دایە وتار بۆ قەومەکەی و وەبیری هێنانەوە کە خوای گەورە لە فەزڵ و پایەبەرزیی بەشی زۆر چاکی بەوان بەخشیوە، کاتێك کە بە دەم بانگەوازی ئایینی خواوە هاتن و هەتا کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا ρ بە چاکیی و پاکیی لە سەری مانەوە و، لە کاتی هەڵگەڕانەوە و پەشیمان بوونەوەی هۆزە عەرەبەکانی تریش‌دا ئەوان لەسەر رێبازی ئیمان دامەزران و، چوون بەگژ هەڵگەڕاوەکاندا تا ئاڵای ئیسلام بەرز بێتەوە و ستەمکاران تیا بچن.. هەروەها لە کاتی جیاوازیی و ناکۆکیی موسڵماناندا کە هەر کۆمەڵێکیان پشتیوانیی یەکێکیان دەکرد، ئەمان پشتیوانی ئەو ئال وبەیتە بوون کە یەکەمجار بە هۆی ئەوانەوە خوای گەورە نیعمەتی ئیمانی بەسەردا رژاندن..

---

102 الطبري ج5 ص182-183، سنة 43هـ.

DO NOT COPY-

# موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

دوای ئەوە تێی گەیاندن کە ئەمڕۆ خەواریج یەکەم دەستەیەکی گومڕان کە دوژمنترین کەسن بە ئال و بەیت و کۆمەڵی موسڵمانان، کە لە ئیمامی موسڵمانان جیا بوونەتەوە و، خوێنی موسڵمانانیان حەڵاڵ کردووە و شاهێدیی بە کافر بوونیشیان لەسەر دەدەن..

پاش ئەم ڕوون کردنەوەیە داوای لێ‌کردن هیچ کەس لە ماڵی خۆیدا جێیان نەکاتەوە و، نەیانشارێتەوە. کەواتە ناگونجێ‌هیچ هۆز و تیرەیەکی عەرەب لەمان زیاتر دوژمنی ئەو کۆمەڵە گومڕایە بێت..

سوێندیشی بۆ خواردن کە بیستوویەتی هەندێکیان وان لە لایەکی ئەم تیرەوە و پەنا دراون. جا ئەمیش بە دوایانا دەگەڕێ‌و هەواڵیان دەپرسێت. جا ئەگەر ئەوە ڕاست بوو ئەوا بە خوێنڕێژانی ئەوانە خۆی لە خوا نزیك ئەخاتەوە، چونکە بە ڕاستیی خوێنیان حەڵاڵە.

دوای ئەوەش ئامۆژگاریی کردن کە با ژێر بن و قسە و دەنگ و باسیان نەگاتە لای کاربەدستان و لەبەر دەمیاندا تاوانبار نەبن، لە پێناوی کۆمەڵێکی لە خوا یاخیی‌دا![103]

بەم ئامۆژگارییانە سەرۆکی عەبدقەیس توانیی ڕای سەرۆك عەشیرەتەکانی وەك ڕای خۆی لێ‌بکات، بۆیە هەر هەموو وتیان: بەر نەفرەتی خوا بکەون و خوا لێیان بەریی بێت. نا بە خوا جێیان ناکەینەوە و، گەر شوێنیشان بزانین ئاگادارت دەکەین..

هەموو ئەم بڕیارەیان دا جگە لە یەکێکیان کە ناوی سەلیمی کوڕی مەحدوج بوو و خەواریجەکانی لای خۆی حەشار دابوو..

دوای وتارەکەی صەعصەعە بە خەم و خەفەتێکی زۆرەوە گەڕایەوە ماڵەوە و خەواریجەکانیش بە دەم و چاویدا هەستیان بە ماتەمینیی کرد. ئەوانیش هەر ئەو شەوە لەوی‌مانەوە و بۆ سبەینیی ڕۆیشتن و دوورکەوتنەوە..[104]

وا چاك بوو سەلیم ئەو ئاژاوەچییانە بە دەستەوە بدات، تا بڵاوە نەکەن و زەرەر و زیان لە موسڵمانان نەکەوێت، بەڵام نەی‌توانیی ناپاکیی لەگەڵدا بکات لە کاتێکدا کە ئەوان متمانەی تەواویان بەو کردبوو..

کە ڕۆژ بوویەوە، صەعصەعەی کوڕی صەوحانی سەرۆکی عەبدقیس، چوو بۆ لای موغیرەی ئەمیر و، لەوەش دووشك بوو کە ئایا والیی دەی‌کاتە فەرماندەی ئەو هەڵمەتە کە دەکرێتە سەر خەواریج؟

زۆری بە لاوە سەربەرزیی و شانازیی بوو ئەگەر فەرماندەی ئەو سوپایە بێت کە دەست لەو ناپاکە هەڵ گەڕاوانە دەوەشێنێت..

صەعصەعە گەیشتە دیوانی ئەمیر و، چاوەڕانی ئەوە بوو کە ماوەی هەبێت ئامادەیی خۆی بۆ فەرماندەی ئەو هەڵمەتە دەر ببڕێت..

---

103 الطبري ج5 ص186.

104 الطبري ج5 ص187.

موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان

# موعـاويەی كوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

موغیرە كە دیتی وا سەرۆكەكان هەموو ئامادەن ، سوپاس و ستایشی خوای كرد و وتی: ئەو یاخیيانە نەگبەتیی و نەزانكاریی پاڵی پێوە نان و هەڵگەڕانەوە، ئێوە كیٚ بە چاك دەزانن بیٚنێرمە سەریان؟!

عەدیی كوڕی حاتەم ـ خوا لێی رازیی بیٚ ـ وتی: هەر هەموومان دوژمنیانین و راو بۆ چوونیان بەسەفاهەت دەزانین و، واین لە گوێڕایەڵییتدا، هەركامێنت بۆی بڕیان دەردەچێت..

مەعقەلی كوڕی قەیسیش وتی: لە پیاو ماقووڵانی وڵات ، هەرچی بە دەورتا دەبینی، هەركامیان بنێریتە سەریان ئەوا گوێڕایەڵ و فەرمانبەردارتە و، دژی ئەوانەیە و، حەزی بە تیا چوونیانە.

منیش وای دەبینم ـ خوا چاكت بۆ بكات ـ هیچ كەس نانێریتە سەریان لە من دوژمن تر و توند تر بێت بۆیان.. جا من بنێرە بۆیان و بە كۆمەكیی خوا لە كۆڵت دەكەمەوە..

دوای وتەو وێژێكی زۆر لەو كۆڕەدا موغیرەی ئەمیر بڕیاری دا كە مەعقەل بە ناوی خواوە فەرماندەی هەڵمەتەكە بێت و هێرشیان بكاتە سەر..

پاشان موغیرە فەرمانی بەسەر قەبیصەی كوڕی دەموونەدا ، كە ئەفسەرێكی متمانە پیٚ كراوی سوپا بوو، تا بكەوێتە گەڵ ئەو سوپایەی كە بە سەركردایەتیی مەعقەل بە گژ خەواریجدا دەچیٚ چونكە ئەمانە لە هەموو كەس زیاتر خوێن رشتنی ئەو هەڵگەڕاوانە بە حەڵاڵ دەزانن.

قەبیصە جیٚ متمانەی موغیرە بوو.. بۆیە ئازایانە لە سوارچاكە ئیمانداره دۆستەكانی ئیمامی عەلیی سوپایەكی سیٚ هەزار كەسیی پێكەوە نا و، مەعقەلیش هاتە لای موغیرە تا سەلامی لیٚ بكات و بە خوای بسپێریٚ

موغیرە پێی وت: ئەی مەعقەلی كوڕی قەیس وا سوارچاكانی وڵاتم لە گەڵتا ناردووە كە فەرمانم داوە هەڵیان بژاردوون. بەرەو ئەو كۆمەڵە جیابووەی كە كۆمەڵەكەمانیان بەجیٚ هێشتووە و، شاهێدیيان لەسەر كافربوونمان داوە، بكەوەرە ریٚ، لە پێشەوە بۆ تەوبە و هاتنەوە ناو ریزی كۆمەڵ بانگیان بكە. گەر بەگوێیان كردی ئەوا لێیان وەربگرە و دەستیان لیٚ مەدە، ئەگینا پشت بە خوا ببەستە و بچۆ بە گژیاندا..

مەعقەلیش بە حەماسەت و هۆشی تەواوەوە وتی:

بانگیان دەكەین و بیانوویان دەبڕین، سوێندم بە خوا وا نابینم ئەمە وەربگرن.. جا ئەگەر ئەوان حەقیان وەرنەگرت، ئێمەش ناڕەوا لەوان وەرناگرین..

سوپای خواناسان بە كۆمەكیی خوا كەوتە ریٚ، دوای جەنگێكی سەخت توانیی سوپای خەواریج تەفر و توونا بكات و فەرماندەكەشیان بكوژێت.. بەمە موسڵمانان، بە غیرەتی موغیرە و سەروماڵ بەختكردنی دۆستانی ئیمامی عەلیی ـ خوا لێی رازیی بیٚ ـ یەكیان گرتەوە و لە ئاژاوەی خەواریج رزگاریان بوو..

DO NOT COPY-ئەبوسوفیان

موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان--

# گیروگرفتی بەصرە

**کاتێك کە عومەری کوڕی خەگگاب ـ خوا لێی رازیی بیءـ خەلیفەی موسڵمانان بوو، بە دەست هەردوو شارە گرنگەکەی عیراقەوە، کووفە و بەصرە، گیری خواردبوو، چونکە بیانوویان بە کاربەدەستان دەگرت..**

**ئەوە بوو بە حیکمەت و ژیریی موغیرە دانیشتوانی کووفە گوێڕایەڵێیتەواویان بۆ خەلیفە موعاویە نواند، هەرچەندە نەیارە سیاسییەکانی دەوڵەتی ئومەویی بە پلەی یەکەم لە کووفەدا بوون.. هەتا ئەوەندە بە ژیرانە موغیرە هەڵس و کەوتی لەگەڵ دەکردن، هەموو هێز و توانایەکیانی بۆ لە ناوبردنی خەواریجە هەڵگەڕاوەکان خستە کار..**

**بەڵام بەصرە و دەوروبەری عەبدوڵڵای کوڕی عامیر کاربەدەستی بوو[105].. جا هەرچەندە عەبدوڵڵا لە هەڵمەتی رزگاریی‌خوازیی ئیسلامدا دەورێکی پاڵەوانانەی هەبوو و، لە مەیدانی جەنگی کافراندا بۆ خۆی نەرەشێرێکی بەهەڵمەت بوو، کەچیی لە هەڵسووڕاندنی کاروباری بەصرەدا نەرمییەکی زۆری دەنواند.. نەرمییەکەی ئەوەندە لە رادەبەدەر بوو جڵەوی کاروباری لە دەست سەنرابوو.. بەمە ئاژاوە پەرەی سەندبوو و، پیاوخراپان دەستیان دابووە دزیی و جەردەیی و، فەساد و خراپەش ئاسایشیان لە وڵاتا پێچابوویەوە و، لە ناو هەموو ناوچەکاندا ئاژاوە و پشێویی بەصرە دەنگیان دابوویەوە.. لە پێشەوە باسمان کرد کە زیاد بن أبیه دوای بەیعەت کردنی بە خەلیفە موعاویە چووە کووفە و لەوی‌غیشتەجی‌عوو.. وەك شێری کۆت و زنجیرکراو وابوو .. بە چاوی خۆی ئاژاوە و پشێویی دەبینی.. وڵات پڕلە جەردە و ری‌گر بوو بوو.. ترس و لەرز ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەی تاڵ کردبوو.. دەسەڵاتیشی لە دەستدا نەبوو تا چارەیەکی ئەو وەزعە نالەبارە بکات.**

**ئەوەبوو عەبدوڵڵای کوڕی عامیر دادی بارودۆخی خراپی بردە لای زیاد، بەڵکو چارەیەکی بۆ دەست نیشان بکات.**

**ئەویش وتی: شمشێریان لی‌عابکێشە!**

---

[105] عەبدوڵڵای کوڕی عامیر کوڕی کورەیزە کە خاڵۆزای خەلیفە عوثـمان بووە ـ خوا لێی رازیی بێ ـ و، دایکی عامیری باوکیشی (بیضاء)ی کچی عەبدولموطەللیبە. عەبدوڵڵا لە سەردەمی پێغەمبەردا ρ لە دایك بووە و کە هێناویانەتە خزمەتی تفی کردۆتەوە دەمی و خستۆتیە پەنای خواوە و، فەرموویە: (هذا شبيهنا) ئەمە لە ئێمە دەکات. ئەویش تفەکەی قووت داوە. لە ساڵی نۆزدەهەمی کۆچییدا، لە دوای ئەبوموساى ئەشعەریی، خەلیفە عوثـمان کردوویەتیە والیی بەصرە.. پاشان کاروباری وڵاتی فارسی پێ سپاردووە.. عەبدوڵڵا فەتحی هەموو خۆراسان و دەوربەری فارس و سەجستان و کرمان و شوێنی تری کردووە و لەسەردەمی ئەمیریی ئەمدا دوا پادشای ئێران کە یەزدی‌گورد بوو کوژرا.. خەلیفە موعاویەش ـ خوا لێی رازیی بێ ـ، دوای یەکێ دەنگیی خەڵکەکە، بۆ ماوەی سێ ساڵ کردیە والیی بەصرە. پاشان لە سەری لای دا و لە مەدینە نیشتەجێ بوو تا ئەوە بوو لە ساڵی پەنجاو حەوت یان هەشتدا کۆچی دوایی کرد. هەواڵێکی زۆری لە بارەی سەخاوەتەوە لێ دەگێڕنەوە. (الإصابة في تمييز الصحابة ج3 ص60).

DO NOT COPY

ئەمیر وتی: پێم ناخۆشە بە خراپکردنی نەفسی خۆم ئەوان چاك بکەم.

بەڵام کار لەوەدا نەوەستا.. ڕۆژ بە ڕۆژ خراپە پەرەی دەسەند.. بۆیە ژیر و خەمخۆران داوایان لە ئەمیر کرد کە بڕیارەکانی شەرع دەرهەق بە خراپ کاران بە توندیی جێبەجێ بکات..

عەبدوڵلا وتی: من پێم خۆشە دڵی خەڵکیی ڕابکێشم، جا چۆن سەیری پیاوێ بکەم کە دەستی باوك و براکەیم بڕێ بێ؟

دیارە ئەم نەرم و نیانیە هەرگیز شەریعەت ڕێی پێ نادا، چونکە وەك بە نەرم و نیانیی پەروەردەی پیاو چاکان دەکرێت بە زەبر و زەنگی تۆڵە و سزاش پیاوخراپان تەمێ دەکرێن.. کەواتە بەکارهێنانی سۆز و بەزەیی لەگەڵ پیاوخراپاندا ناپاکیە لەگەڵ ئەو سپاردەیەدا کە خراوەتە ئەستۆی کاربەدەستی موسڵمان..

موعاویەی خەلیفەش ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ ئەرکێکی زۆر گرانی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ئیسلامیی کەوتبووە سەرشانی، بە تایبەت دوای ئەوەی کە یەکەمین کۆمەك و یارمەتیدەری، کە عەمری کوڕی عاص بوو ـ خوا لێی ڕازیی بێ، کۆچی دوایی کرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە وردیی هەواڵی عێراقی دەپرسیی، بە تایبەت بەصرە کە ئاژاوە و پشێویی تیایا پەرەیان سەندبوو..

لە ئەنجامدا قەناعەتی هاتە سەر ئەوە کە عەبدوڵلای ئەمیر لاوازە.. جا هەرچەندە خاوەنی خزمەتێکی زۆرە لە جیهاددا، بەڵام هەرچۆن بێ ناچارە بیگۆڕێ، چونکە بەرژەوەندیی موسڵمانان وا پێویست دەکات و، جگە لە زیادیش کەسێك شك نابات ئەو ئاژاوەچیانە دابمرکێنێتەوە کە ماوەیەکە لەسەر دزیی و جەردەیی و خراپە ڕاهاتوون..

بۆ ئەمە خەلیفە موعاویە بە ژیرانە عەبدوڵلای کوڕی عامیری ئەمیری بەصرەی بانگ کرد بۆ سەردانی.. کە گەیشت بە شێوەی میوانێکی ئازیز ڕێز و حورمەتی شیاوی لێ گیرا و خەلیفە لەبارەی ئەمارەت و کاروباری بەصرەوە هیچی لێ نەپرسیی.. کاتێك کە ویستی خەلیفە بەجێ بهێڵێ خەلیفە خۆی ڕەوانەی کرد و، لە دواساتی جیابوونەوەیاندا خەلیفە هەلی بە دەست هێنا ، تا ئەوەی کە لەوەو پێش حەزی نەدەکرد بیدا لە ڕووی، پێی بڵێ چونکە ڕاگیرکردنی دڵی ئەوی خاوەن خزمەتی گەلی مەبەست بوو.. بۆیە ڕووی تێ کرد و، وتی:

داوای سێ شتت لێ دەکەم، تۆش بڵێ پێشکەشت بن.

عەبدوڵلا وتی: پێشکەشت بن، من کوڕی ئوم حەکیمم.

موعاویە: کارەکەم بۆ دەگێڕیتەوە و تووڕەش نابیت.

عەبدوڵلا: وا گێڕامەوە.

موعاویە: سامانەکەی عەرەفەتم پێشکەش دەکەیت.

عەبدوڵلا: وا پێشکەشم کردی.

موعاویە: خانووەکانی مەککەتم پێشکەش دەکەیت.

عەبدوڵلا: وا پێشکەشم کردی.

موعاویە: سیلەی رەحمت بەجی‌هێنا.
عەبدوڵڵا زانی کار لە کار ترازاوە، خێرا زیرەکیی خستە کار و بە خەلیفەی وت:
ئەی ئەمیری ئیمانداران! منیش داوای سی‌عشتت لی‌دەکەم، تۆش بڵێ پێشکەشت بن.
موعاویە: پێشکەشت بن ، منیش کوڕی هیندم.
عەبدوڵڵا: سامانەکەی عەرەفەمم بۆ بگێڕیتەوە.
موعاویە: وا گێڕامەوە بۆت.
عەبدوڵڵا: موحاسەبەی هیچ کاربەدەستێکم نەکەیت و چاودێریم لەسەر دانەنێیت .
موعاویە: ئەوەش ناکەم.
عەبدوڵڵا: هیندی کچتم لی‌عمارە بکەیت.
موعاویە: وا پێشکەشم کردیت.[106]

بەم شێوەیە موعاویە عەبدوڵڵای لە ئەمیریی بەصرە خست و نەشی‌هێشت دڵی گەرد بگرێت.
بەڵام راستەوخۆ زیادی نەکردە ئەمیری بەصرە، بەڵکو بۆ ماوەی چوار مانگ، لە ساڵی چل و پێنجەمی کۆچیدا، حاریی‌کوڕی عەبدوڵڵای ئەزدیی کردە والیی بەصرە، تا خەڵکییش و کەس و کاری خۆیشی لابردنی عەبدوڵلایان لە بیر بچێتەوە . ئەوسا والێتیی زیادی ئاشکرا کردو، خۆراسان و سەجستانیشی خستە سەر، هەروەها هیند و بەحرەین و عومانیش. بەمە خەلیفە بێخەمی ناوچەی خۆرهەڵاتی دەوڵەتەکەی بوو.
کە زیاد بووە والیی بەصرە، پاڵەوانانە توانیی دەسەڵاتی خۆی بنوێنێ‌و، هەموان تی‌بگەیەنێ کە ئیتر لەمرۆ بە دواوە کەس بۆی نیە بە سووکی سەیری توانا و لی‌هاتنی دەوڵەت بکات.
بۆ ئەمە با سەرێك لە مزگەوتی جومعەی بەصرە بدەین و گوی‌لە زیادی ئەمیر بگرین کاتێك کە بۆ یەکەم جار سەرکەوتە سەر مینبەری مزگەوتی گەورەی بەصرە. تا یەکەم وتاری پێشکەش بە موسڵمانان بکات ..
لەو وتارەی‌دا دەستی دایە گلەیی لە دانیشتوان، کەوا لەبەرچاویاندا هەندی‌نەفامیان چی کردەوەی ناشەرعیی بێت ئەنجامی دەدەن، کەچیی کەسێك دەستیان ناگرێت، هەروەك ئایەتی قورئانیان نەبیستبی‌و، دەنگ و باسی قیامەت شارەزا نەبن و، بەهەشت و دۆزەخیان بەرگوی نەکەوتبی. هەروەك دنیا هەتا هەتایی بێت، وا ئیسلامی ئازیزیان پشت گوی‌خستووە و، هەرکەسە خزمی خۆی دەشارێتەوە و، تاوانەکەی بۆ پینە دەکات.. نە ترسی حاکم و نە ترسی قیامەتیان بە بیردا نایەت.
دوای ئەوە هاتە سەر هەڕەشە:
( حرامٌ علیَّ الگعامُ و الشرابُ حتی أُسویها بالآرچ هدماً وإحراقاً، إنی رأیت ئخر هڎا الآمر لا یصلح إلا بما صلح أولە، لین فی غیر چعف، وشدە فی غیر جبریە و عنف).

[106] الطبري ج5 ص213 - 214.

DO NOT COPY--ئەبوسوفیان

نان و ئاوی لە خۆی حەرام کرد تا هەرچی خراپە هەیە لە ناوی بەریّت...

بەڵام دای بە گوێی خەڵکەکەدا کە هەرکەس تاوانێك بکات و هەڵ بێت، ئەو دەستە ئەژنۆ دانانیشێت بەڵکو نزیك ترین خزمی دەگرێت هەتا ئەو خۆی بە دەستەوە بدات..

لە یاسای ئیسلام دا تەنها تاوانبار بەرپرسیاری تاوانەکەیەتی و کەسیکە جیاتی کەسێکی تر موحاسەبە ناکرێت. بەڵام زیاد بۆ ئەو کۆمەڵە ناچار بوو ئەوە بەکار بهێنێ چونکە وەك لە پێشەوەی وتارەکەیدا دەری خستووە، هەر خێزانێك تاوانی کەسەکەی خۆیان دەپۆشن و بەرگریی لەو کەسە تاوانبارەیان دەکەن. جا ئەگەر ئەو تاوانبارە بزانیبە هەڵتنی خۆی کەسوکاری پێوە دەبن ، ئەوا بەو رادەیەش بە بێخەم تاوان ئەنجام نادات..

دوای ئەوە زیاد هەندیعەرەشەی کرد تا تۆڵە لە یاخیبوان و سەرپێچییکەران بسێنێت، کە تۆڵە سەندنەکە بە پێی حوکمی شەرع نەبوو، ئەمەش بۆ ترساندنی ئەو خەڵکەی کە ئەگەر جڵەوی بۆ شل بکەیت یا ترسی لە دڵ نەمێنێ چاك و خراپ ناپرسێتەوە.. چونکە ئەو خراپکارانەی کە رقیان لە عوپـمان بوو ـ خوا لێی رازیی بێ ـ بە هەمان شێوە، بەڵکو زیاتریش رقیان لە عومەر بوو ـ خوا لێی رازیی بێ ـ بەڵام ئەوەی بۆ عوپـمان وێرایان بیکەن بۆ عومەر نەیانوێرا!!

خەلیفە موعاویە ـ خوا لێی رازیی بێ ـ فەرموودەیەکی پێغەمبەری ρ بەرگوێکەوتبوو و هەمیشە دەترسا هەڕەشەکەی لەویشدا بێتە دیی.. بەوەی شتیعلێت و کەسێك نەوێرێوەلامی بداتەوە، یان رەخنەی لیبگرێ.

ئەبوقەبیل لە موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیانەوە ـ خوا لییان رازیی بێ ـ دەگێڕێتەوە کە موعاویە رۆژێکی جومعە سەردەکەوێتە سەر مینبەر و بۆ تاقییکردنەوەی موسڵمانان لە ناو وتارەکەدا ئەمەش ئەڵێت: سامان سامانی خۆمانە و، دەستکەوتیش دەستکەوتی خۆمانە.. بە هەر کەسمان ویست دەیدەینیێ، لە هەر کەسیشمان ویست قەدەغەی دەکەین. ئەمەی وت و هیچ کەس وەلامی نەدایەوە.

بۆ جومعەی داهاتوو وتەکەی دووبارە کردەوە و هیچ کەس وەلامی نەدایەوە..

کە جومعەی سیهەم هات بە هەمان شێوە وتەکەی دووبارە کردەوە. کە لیبوویەوە، لە ناو مزگەوتدا یەکیکە نوێژگەران هەڵسایە سەرپێ وەلامی دایەوە و وتی: نەخێر، سامان سامانی خۆمانە و، دەست کەوتیش دەست کەوتی خۆمانە. جا هەرکەس لێمانی دابڕ دەکات، ئەوا بەشمشێرەکانمان دیبەینە بەر دادگای خوا!!

خەلیفە لەسەر مینبەر دابەزیی و ناردی بە دوای کابرادا و بردیانە ژوورەوە لای .. لە خەڵکەکە وەها بوو ئەو وەلامەی کابرا یەکجار دڵی خەلیفەی نارەحەت کردووە. بۆیە هەموو کەسێك لە ئاستی خۆیەوە رای وابوو کە کابرا تیا چوو!!

پاشان خەڵکیی چوونە ژوورەوە لای خەلیفە دەبینن وا پیاوەکە لەسەر قەرەوێڵەکە لەگەڵ خەلیفەدا دانیشتووە.

# موعـاویەی کوڕی ئەبوســوفیــان (30)

که موعاویه سەرنجی دا خەڵکەکه سەریان سوورٍ دەمێنیء خێرا بەر لەوەی که ئەوان پرسیار بکەن خۆی هاته قسه:

ئەمه منی رزگار کرد، خوا رزگاری بکات. گوێم له پێغەمبەری خوا بووه ρ که فەرموویه: (سیكونُ بعدی أُمراوُ یقولونَ ولا یُرَدٌّ عَلَیهم، یتقاحمونَ فی النارِ كما تتقاحَمُ القردە). دەفەرموێ: دوای من کاربەدەستانێك دێن که هەر قسەیەك بکەن، وەڵامیان نادرێتەوه. واته کەس ناوێریءای راست، بەرامبەر بەو را خوارەی ئەوان دەر ببڕیء ئەوانه وەك مەیموون فڕێءەدرێنه ناو ئاگرەوه.

جا من جومعەی یەکەم که قسەم کرد و هیچ کەس وەڵامی نەدامەوه ترسام من یەکێك بم لەوانه. پاشان که جومعەی دووهەم باسەکەم کردەوه و، هیچ کەس وەڵامی نەدامەوه، له دڵی خۆمدا وتم: من لەوانەم. جا که له جومعەی سێهەمدا باسەکەم کردەوه، ئەم پیاوه هەستا و وەڵامی دامەوه و، رزگاری کردم. خوا رزگاری بکات.[107]

ئەمه ئەوپەڕی تەقوایه له دڵی موعاویەدا ـ خوا لێی رازیی بیءـ که وای به چاك زانیی به باسی پاره و سامان موسڵمانان تاقیی بکاتەوه که یەکەمجار بوو موعاویه له بارەی سامانەوه پێچەوانەی خەلیفەکانی پێش خۆی رای وەها دەر ببڕیء.

دیاره هاوەڵان و موسڵمانه پێشینەکان لەسەر راست وتن و راست کردن راهاتبوون، بۆیه لەسەر شتی نەشیاو بێءەنگ نەدەبوون.

ئەوه بوو موعاویه جارێکیان سامانی به سامانی خوا له قەڵەم دا، کەچیی ئەبوژەرری غیفاریی ـ خوا له هەردووکیان رازیی بیءـ دنیای هەڵ گرت و دانایەوه و نارەزایی له وتەکەی موعاویه دەربڕیی که وتوویه: سامان سامانی خوایه نەك هی موسڵمانان. کۆڵی نەدا هەتا موعاویه بەڵێنی پیءدا که به سامانی موسڵمانان ناوی بەرێت!!

ئەو رۆژەش که موعاویه لەسەر مینبەر دەیوت سامان سامانی خۆمانه و هیچ کەس وەڵامی نەدەدایەوه، ئەوه به دڵیدا دەهات که ئەو خەڵکه له ترسی ئەو ناوێرن وەڵام بدەنەوه.

ئەمەیه جیاوازیی نێوان کاربەدەستی قیامەتیی و کاربەدەستی دنیایی.. کاربەدەستی قیامەتیی ترسی لیءەنیشیءو دنیاییش فیز و دەمار دەیگریءکاتیءبینیءخەڵك لەبەر دەمیدا دەلەرزن..

ئەمەیه جیاوازیی نێوان ئیسلامی رزگارکەر و، نەفامیی به بەنده و کۆیلەکەر!!

له لایەکی ترەوه که زیاد هەرەشەی له دانیشتوانی بەصره کرد، کەسێك هەڵ نەستا رەخنەی لیءبگریء چونکه هەموو کەسێك بەش به حاڵی خۆی، خۆی به تاوانبار دەزانیء وا ئەو هەموو فەساد و خراپەیه له ناوچەکەیاندا پەرەی سەندووه و ئەوانیش هیچیان پیءنەکراوه...

بەڵام موسڵمانان له نوێژی جومعەی شاری دیمەشقی پایتەختدا، کاتێك که خەلیفه موعاویه

---

107 رواه الطبراني في الكبير والأوسط، وأبو يعلى، قال الهيثمي: ورجاله ثقات..

DO NOT COPY- ئەبوسوفیان

دەیەوی‌عـاماان بە جورێکی تر لە قەڵەم بدات، خۆیان بە تاوانبار نازانن، بۆیە نارەزایی لەو بڕیارە دەر دەبڕن..

لە لایەکی تریشەوە کە سەرنجی ناوچەی بەصرە دەدەین وا بۆ زیاد دادەمەزرێ و گوێ‌گایەڵیی بۆ عەبدوڵڵای کوڕی عامیر ناکەن، بە مەرجی‌عەبدوڵلا لاواز نەبووە، چونکە مێژووی ژیانی و جیهادە کەموێنەکەی شاهێدن لەسەر ئازایەتیی و چاونەترسیی و بەهێزیی‌یەکی کەموێنە . ئەوەمان دێتە یاد کە دانیشتوانی بەصرە ئەو کۆمەڵگا ئیسلامی‌یە نەبوون کە شیاوی ئەوە بن عەبدوڵڵای کوڕی عامیر بە پێی یاسای (عەدالەتی موگلەق) ، وەك سەردەمی خەلیفەکانی راشیدین، کاروباریان بەڕێوە ببات، بەڵکو شیاوی ئەوە بوون کە زیاد بە پێی روخصەی شەرعیی، بە پێی ( عەدالەتی نیسبیی) کاروباریان بەڕێوە ببات، چونکە عەزیمە بە کەڵکی ئەو کۆمەڵگایە نەدەهات، وەك عەبدوڵڵای کوڕی عامیر تاقیی کردەوە!![108]

با بێینەوە سەر باسی وتارەکەی زیاد کە لەسەر مینبەری مزگەوتی بەصرە دای بە گوێی دانیشتواندا..

لە کۆتایی وتارەکەیدا بەڵێنی دانی‌کە هەرچەندە کەم و کورتیی زۆر بێت ئەوا ناهێڵێ‌ئەو سیء شتدا کەم و کورتیی هەبیء

دەرگای لەسەر پشتە بۆ هەرکەسی‌ئەکە پێویستیی بەم هەبێت، ئەگەرچیی بە شەویشدا بێت. رزق و مووچە لە هیچ کەس ناگرێتەوە. ناهێڵێ هیچ سوپایەکیش لە خاکی دوژمندا لە چوار مانگ زیاتر بمێنێتەوە.[109]

لە پێشەوە وتمان کە ئەم شێوازە زیاد بە کاری هێنا بە پێی سروشتی ئەو کۆمەڵ بوو کە ڕێیان دابوو خراپکاران ئاسایشی ناوچەکە ژێر پێ بخەن، واتە خیلافەت دەکرێتە پادشایەتیی..

ئەمەش پێشتر پێغەمبەری ئازیزمان ρ هەواڵی دابوو کە ماوەی خەلافەت سیی ساڵە:

لە سەعیدی کوڕی جەمهانەوە، لە سەفینەوە ـ خوا لێی رازیی بیءـ دەگێڕنەوە وتوویە: پێغەمبەری خوا ρ فەرموویە:

( خلافه النبوه پلاپون سنه، پم یؤتی الله الملك من یشاو) ..... رواه الإمام احمد وأبوداود و الترمژی و النسائی و ابن حبان فی صحیحه والحاکم فی مستدرکه، واللفق لٔبی داود.

ئیبن کەپیر ئەڵێت : ماوەی خەلافەتی ئەبوبەکر ـ خوا لێی رازیی بیءـ دوو ساڵ و چوار مانگ دە شەو کەم و، ماوەی خەلافەتی عومەریش ـ خوا لێی رازیی بیءـ دە ساڵ و شەش مانگ و چوار

---

[108] مامۆستا (منیر محمد الغضبان) کە ژیانە تێر و تەسەلەکەی خەلیفە موعاویەی نووسیوە، یا خوا دەستەکانی هەرخۆش بن، بە داخەوە لەم بوارەدا ئاماژەی بۆ عەدالەتی موطلەق و عەدالەتی نیسبیی نەکردووە، بۆیە رەخنە لە هەڵوێستی زیاد دەگرێت کە هەڕەشەی لە ناوچەی بەصرە کردووە، کە لەوانەیە هەر ئەو هەڕەشانە بەس بوو بن بۆ لە بنهاتنی فەسادی ئەو ناوچەیە. بەڵام ناوچەی دیمەشق کە دامەزراو و بێ ئاژاوەیە ئەوەتا موعاویە خۆی لەسەر ئەوە رایان دەهێنێت کە با لەبەر دەم قسە و هەڵوێستی خواردا بێدەنگ نەبن.

[109] الطبري ج5 ص217-219.

ڕۆژ و، ماوەی خەلافەتی عوپـمانیش ـ خوا لێی ڕازیی بیء دوانزە ساڵ دوانزە ڕۆژ کەم و، ماوەی خەلافەتی عەلیی کوڕی ئەبوگالیبیش ـ خوا لێی ڕازیی بیء پێنج ساڵ دوومانگ کەم بوو. ئەڵێت: تەواوکردنی سیی ساڵەکەش بە ماوەی خەلافەتی حەسەنی کوڕی عەلیی ـ خوا لێیان ڕازیی بیء دەبێت. ئەوە بوو لە ڕەبیعی یەکەمی ساڵی چل و یەکەمیندا وازی لە خەلافەت هێنا بۆ موعاویە ـ خوا لێی ڕازیی بیء ، بەمە لە کۆچی دوایی پێغەمبەری خواوە ρ تا ئەو کاتە سیی ساڵی تەواو دەکات. چونکە پێغەمبەری خوا ρ لە ڕەبیعی یەکەمی ساڵی یانزەی کۆچییدا کۆچی دوایی کردووە. ئەمەش یەکێکە لە بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتیی ئەو.

هەروەها ئیبن کەپیر وتوویە: سوننەت وەهایە کە بە موعاویە ـ خوا لێی ڕازیی بیء بوترێء پادشا و، پێی نەوترێءخەلیفە، بە بۆنەی ئەو فەرموودەیەی سەفینەوە ـ خوا لێی ڕازیی بیء.

لە پێشەوە باسی ئەوەمان کرد کە زیاد لە فارس کەناری گرتبوو و بەیعەتی بە موعاویە ـ خوا لێی ڕازیی بیء نەدەدا و، ئەبوبەکرەی براشی لە دایکیەوە لای موعاویە دادی کرد کە دەست لە منالەکانی زیاد نەدرێت و ئەمانیش بە خۆی بدات. موعاویەش خۆی ئاسا ڕێزێکی کەموێنەی لە ئەبوبەکرەی هاوەڵ گرت. بەڵام ئەبوبەکرە بۆ دەربڕینی ڕاستیی هەتا باکی لە موعاویەی کاربەدەستیش نەبوو.

عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکرە ئەگێڕێتەوە:

لەگەڵ زیاد و ئەبوبەکرەدا ـ خوا لێی ڕازیی بیء بە نوێنەریی چووینە خزمەتی موعاویە. کە چووینە ژوورەوە، موعاویە ـ خوا لێی ڕازیی بیء پێی وت: فەرموودەیەکمان بۆ بگێڕەرەوە کە لە پێغەمبەری خوات ρ بیستبیء بەڵکو خوا پێی بەهرەمەندمان بکات.

وتی: بەڵیء. پێغەمبەری خوا ρ خەوی چاکی پیءخۆش بوو و پرسیاری بۆ دەکرد. ئەوە بوو پێغەمبەری خوا ρ فەرمووی: ( أيكم رأى رؤيا ؟) فەرمووی:

کامتان خەوتان بینیوە؟

پیاوێك وتی: من، ئەی پێغەمبەری خوا! خەوێکم دیوە: لە خەومدا ترازوویەکم دیی کە لە ئاسمانەوە شۆڕ کرابوویەوە، تۆ و ئەبوبەکر کێشانە کران ـ تۆ لە ئەبوبەکر قورس تر بوویت.. پاشان ئەبوبەکر و عومەر کێشانە کران، ئەبوبەکر لە عومەر قورس تر بوو.. پاشان عومەر و عوپـمان کێشانە کران، عومەر قورس تر بوو، پاشان ترازووە کە بەرز کرایەوە. پێغەمبەری خوا ρ ئەمەی پیءناخۆش بوو و، پاشان فەرمووی:

(خلافه نبوه پم يؤتى الله الملك من يشاو).

فەرمووی: ئەوە خەلافەتی پێغەمبەرایەتییە، پاش ئەوە خوای گەورە ویستی بۆ هەرکەس لە سەر بێت دەسەڵاتی پیءدەبەخشێت.

بەمە موعاویە توورە دەبێت و دەدا بە پشتیاناو و دەیانکاتە دەرەوە .

زیاد بە ئەبوبەکرە ئەڵێت: ئایا لە ناو فەرموودەکانی پێغەمبەری خوادا ρ جگە لەم

DO NOT COPY - ئەبوسوفیان

## موعــاويه‌ی كوڕی ئه‌بوســوفیــان (30)

فه‌رمووده‌یه‌ فه‌رمووده‌ی ترت نه‌دۆزییه‌وه‌ تا بۆی بگێڕیته‌وه‌؟

وتی: به‌خوا هه‌تا ده‌مرم جگه‌ له‌م فه‌رمووده‌یه‌ هیچی تری بۆ ناگێڕمه‌وه‌.

عه‌بدوڕڕه‌حمان ئه‌ڵێت: زیاد هه‌رخه‌ریك بوو داوای ماوه‌ی ده‌كرد، هه‌ركه‌ ماوه‌مان درا و، چووینه‌وه‌ ژووره‌وه‌ لای. موعاویه‌ وتی: ئه‌بوبه‌كره‌! فه‌رمووده‌یه‌كمان بۆ بگێڕه‌ره‌وه‌ كه‌ له‌ پێغه‌مبه‌ری خوات ρ بیستبێ، به‌ڵكو خوا پێی به‌هره‌مه‌ندمان بكات..

ئه‌ڵێت: دیسان فه‌رمووده‌كه‌ی یه‌كه‌مجاری بۆ گێڕایه‌وه‌ و، موعاویه‌ش پێی وت: ده‌ی باشه‌ برا، هه‌واڵی ئه‌وه‌مان ده‌ده‌یتێ كه‌ ئێمه‌ پادشاین.. ئه‌وا ره‌زامه‌ندیی‌مان له‌سه‌ر ئه‌وه‌ نواند كه‌ پادشا بین.[110]

به‌ڵێ، زیاد كاربه‌ده‌ستیی به‌صره‌ی گرته‌ ده‌ست و هه‌ر له‌ یه‌كه‌م رۆژدا خه‌ڵكه‌كه‌ی تێگه‌یاند ئیتر كه‌س بۆی نیه‌ ئاژاوه‌ به‌رپا بكات و ئه‌من و ئاسایش له‌ موسڵمانان تێك بدات...

ترسێكی زۆر چووه‌ دڵی خه‌ڵكه‌وه‌.. تێگه‌یشتن له‌مرۆ به‌ دواوه‌ كه‌س توانای یاخیی بوون و دزیی و جه‌رده‌یی نیه‌.. دوای ئه‌وه‌ی كه‌ له‌ ئه‌من و ئاسایش بێ‌خه‌م بوو، ده‌ی وت:

( ئه‌گه‌ر لێره‌وه‌ تا خۆراسان په‌ته‌ گوریسێك ون ببێ، ده‌زانم كێ‌هه‌ڵی گرتووه‌! ).

دیاره‌ دانیشتوانیش فه‌رمانده‌ و ئه‌میری لێهاتوویان خۆش ده‌وێت و به‌ چاكییش یارمه‌تیی ده‌ده‌ن. بۆیه‌ به‌و ترساندنه‌ بارودۆخی دامه‌زراند و ئازاریش به‌كه‌س نه‌گه‌یشت.

له‌یادمان بێت كه‌ زیاد ژیرانه‌ له‌ هه‌ندی‌هاوه‌ڵی پێغه‌مبه‌ری خوا ρ داوای كۆمه‌كیی كرد كه‌ ئه‌مانه‌ بوون: عیمرانی كوڕی حوصه‌ینی خوزاعیی كه‌ كردیه‌ قازیی به‌صره‌ و، حه‌كه‌می كوڕی عه‌مری غیفاریی‌كه‌ كاروباری خۆراسانی پی‌سپاردو، سه‌موره‌ی كوڕی جوندوب و، ئه‌نه‌سی كوڕی مالیك و، عه‌بدوڕڕه‌حمانی كوڕی سه‌موره‌.. ئه‌وه‌ بوو عیمران داوای لابردنی خۆی كرد و زیادیش عه‌بدوڵلای كوڕی فوچاله‌ی له‌یپیی خسته‌ شوێنی و، پاشان عاصیمی كوڕی فوچاله‌ی برای و، پاشان زوراره‌ی كوڕی ئه‌وفای جه‌ره‌شیی ، كه‌ لوبابه‌ی خوشكی هاوسه‌ری زیاد بوو.

---

[110] رواه الامام أحمد، و الطيالسي. و رواه أبوداود مختصراً دون الوفادة على معاوية، وهو حديث حسن. وقد رواه مختصراً كذلك الترمذي وقال: حديث حسن صحيح، ورواه الحاكم و قال: صحيح على شرط الشيخين.

موعاويه‌ی كوڕی ئه‌بوسوفیان

# ڕێزگرتنی موعاویە لە نەوەی هاشیم

لە ڕاستییدا موعایە ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ زۆر خەمخۆری موسڵمانان و دەوڵەتی ئیسلام بوو.. بۆیە هەموو ڕێگایەکی بۆ بەهێزکردنی دەوڵەت و یەکبوونی ڕیزی موسڵمانان دەگرتە بەر .. جا خزم و کەسوکار هەمیشە هەوڵ دەدەن لە سایەی دەسەڵاتی ئەو کەسەیاندا بحەسێنەوە و پارووی چەوریان دەست بکەوێ. نەیار و ناحەزانیش بە هەموو شێوەیەك پاشقول دەگرن و بۆ هەلێك دەگەڕێن کە تۆڵەی خۆیان بسێننەوە..

داخۆ موعاویە لەبەردەم ئەو دوو لایەنەدا چی کردبێ؟

لایەنی یەکەم کە نەوەی ئومەییەن، ئەوەیان لە موعاویە دەویست کە دەسەڵاتی کاروباریان بداتە دەست و بە ئارەزووی خۆیان هەڵس و کەوت بکەن. بەڵام موعاویە ماوەی ئەوەی پێ نەدەدان، بەڵکو کاروباری بەوانە دەسپارد کە لە کاردا درێغیی ناکەن، چونکە دەی زانیی جڵەو شلکردن بۆ ئەهلی دنیا دەبێتە مایەی بەرپا بوونی زوڵم و زۆر و، لە ئەنجام دا موسڵمانە دڵسۆزەکان زویر دەبن و، پشتیوانی دڵسۆز و خەم خۆری کەم دەبنەوە..

لایەنی دووهەمیش کە نەوەی هاشیم بوون، موعاویە بە پێچەوانەی نەیارانەوە لە گەڵیاندا هەڵس و کەوتی دەکرد، چونکە هەموو دەسەڵاتدارێك هەوڵی لە بنهێنان و ڕیشەکەنکردنی نەیارانی دەدات، بۆ ئەوەی کەسێك نەبێ بەرهەڵستیی بکات..

بەڵێ موعاویە دەسەڵاتدار بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی خاوەنی پەروەردەیەکی ئیمانیی کەموێنە بوو شیاوی ئەو دەسەڵاتە بوو.. کورتەکەی بڵێین، نزاکەی پێغەمبەری خوا ρ کە دەربارەی ئەو کردی گیرابوو ، کە دەیفەرموو:

( اللهم علّم معاويه الكتاب و الحساب، وقه العذاب).[111]

یان کە دەی فەرموو:

(اللهم اهده بالهدى، وجنّبه الردى ، واغفرله في الآخرة والأولى).[112]

بۆیە زۆر و ستەمی بەکار نەهێنا، بەڵکو ژیرانە دڵی هەموانی خۆش کرد و بۆ ماوەی بیست ساڵ کەسی نەبوو ململانێی لەگەڵدا بکات.. بە ڕاستیی نەخشەی موعاویە لە نەخشەی پاك و بێگەردی پێغەمبەرایەتییەوە نزیك بوو.. چونکە دڵەکانی کەمەندکێش کردبوون..

لە هەموو کەسی زیاتر نەوەی هاشیم نەیاری موعاویە بوون، چونکە چوار ساڵی ڕەبەق جەنگی خوێناوییان لەگەڵدا کرد، کەچیی بە سەلیقەی ئیمانداری خەمخۆر توانیی دڵیان بە لای خۆی دا رابکێشێت.

---

111 أخرجه الإمام أحمد عن العرباض بن سارية رضي الله عنه و البزار.

112 رواه الطبراني في الأوسط..

DO NOT COPY - ئەبوسوفیان

# موعـاويەی کوڕی ئەبوسـوفيـان ( 30 )

یەکەم کەس لە نەوەی هاشیم دا ئیمام حەسەن بووــ خوا لێی رازیی بیٛ . ئەوە بوو کە وازی لە خەلافەت هێنا لەگەڵ حوسەینی برای و براکانی تریان و عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەری ئامۆزایان عیراقیان بەجیٛهێشت و گەڕانەوە مەدینە.[113] لەویٛخەریکی خواپەرستیی بوو.. موعاویەش ساڵانە خەڵاتی دەکرد. جاری وا دەبوو بە چوارصەد هەزار دیرهەم خەڵاتی دەکرد و مووچەی ساڵانەشی صەد هەزار دیرهەم بوو.. ساڵێکیان سەری لە موعاویە نەدا و، کاتی وەرگرتنی مووچەکەشی هاتبووە بەرەوە و، حەسەنیش پێویستیی پێی هەبوو ـ چونکە لە هەموو کەسێك سەخیٛتر بوو ـ ، بۆ ئەمە ویستی نامە بۆ موعاویە بنووسێت تا مووچەکەی بۆ بنێریٛ کە ئەو شەوە خەوت لە خەویا پێغەمبەری خوای ρ بینی و پێی فەرموو: کوڕە شیرینەکەم! ئایا ئیحتیاجی خۆت بۆ لای بەدیٛهێنراوێك دەنووسیی؟! جا دوعایەکی پیشان دا تا پێی بپارێتەوە . ئیتر ئیمام حەسەن وازی لە نامەنووسین هێنا. بە فەرمانی خوا موعاویە ئیمام حەسەنی بیر دەکەوێتەوە و هەواڵی دەپرسێت.. بۆیە ئەڵێت:

دووصەد هەزاری بۆ بنێرن، چونکە لەوانەیە کارێکی پێویست لە سەردامان دوای خستبیٛ. بەمە بەبیٛداواکردن مووچەکەی بە دەست گەیشت..

هەروەها ئیمام حوسەینیش دوای ئیمام حەسەن ـ خوا لێیان رازیی بیٛ بووە سەرۆکی نەیارانی دەوڵەت، کەچیی دەوڵەت وەك جاران رەفتی لەگەڵ ئەویش‌دا دەکرد.

عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسیش هات و چۆی موعاویەی دەکرد و، بە دڵ و دەروونێکی پاکەوە خزمەتی خۆی پێشکەش دەکرد.. چونکە بە راستیی ئیبن عەبباسیش بە بۆنەی زانست و خواناسیٛیەکەیەوە سەرکردایەتیی ئوممەتی ئیسلامی دەکرد و، ئامادەی وەڵام دانەوەی هەموو پرسیارێك بوو، لە هەموو بوارە زانستیٛیە جۆراو جۆرەکاندا.[114]

یووسفی کوڕی میهران لە ئیبن عەبباسەوە دەگێڕێتەوە کە پادشای رۆم دەنووسیٛبۆ موعاویە و پرسیاری لیٛدەکا کە خۆشەویستترین وتە بە لای خواوە کامەیە و، بەرێزترین بەندە بەلای خواوە کیٛیەو، بەرێز ترین ئافرەت بەلای خواوە کیٛیە و، ئەو چوارەش کە گیانیان لەبەردا بووەو لە دایکیش نەبوون کامانەن و، ئەوەش کە قەبرەکەی پێوەی بەرێوە دەچوو کیٛیە و، ئەو شوێنەش لەسەر زەوییٛدا کە لە جارێك زیاتر خۆری بەر نەکەوتووە کامەیە و، پەلکە زێڕینە چییە و، کەشکەشانەش چییە؟

موعاویە وای بە چاك زانی ئەم پرسیارانە بنێرێتە خزمەتی ئیبن عەبباس، ئەویش وەڵامی دایەوە:

خۆشەویستترین وتە بە لای خواوە: ( سبحان الله والحمد لله ولا إله إلا الله والله أكبر، ولا حول ولا قوه إلا بالله)ەو ، بەرێزترین بەندەش بەلای خواوە: ئادەمە کە خوا بە دەستی قودرەتی خۆی

---

[113] البداية و النهاية لابن كثير ج8 ص20.

[114] البداية و النهاية ج8 / 305.

دروستی کرد و، گیانیشی کرد بە بەردیدا و، سەجدەی بە مەلائیکەتەکانی برد بۆی و، ناوی هەموو شتێکی فێرکرد و، بەرێزترین ئافرەتیش بەلای خواوە: مەریەمی کچی عیمرانە.. ئەو چوارەش کە گیانیان لەبەردا بووە و لە دایکیش نەبوون: ئادەم و حەوا و داردەستەکەی مووساو بەرانەکەی ئیبراهیمە کە لە بری ئیسماعیل کرایە قوربانیی ـ لە ریوایەتێکی تردا و شترەکەی صالیحە.. ئەو قەبرەش کە بە خاوەنەکەیەوە بەرێوە دەچوو نەهەنگەکەی یوونس بوو.. ئەو شوێنەش کە تەنها جارێك خۆری بەرکەوتووە بنی ئەو دەریایەیە کە جیا بوویەوە تا مووسا و نەوەی ئیسرائیل لێوەی پەڕینەوە.. پەلکە زێڕینەش پاراستنی دانیشتوانی سەر زەوییە لە خنکان.. کەشکەشانەش دەرگایەکە لە ئاسمانەوە، (لە ریوایەتێکی تردا هاتووە)کە لێی جویءدەبێتەوە.. عوبەیدوڵلای کوڕی عەبباسی کوڕی عەبدولموگەللیبیش بە راستیی خاوەنی رەوشت و خوویەکی زۆر بەرز بوو، بە تایبەت لە بواری سەخاوەتدا.. واتە لەگەڵ عەبدوڵلای برایدا خزمەتێکی چاکی مەدینەیان دەکرد، عەبدوڵلا بە زانست و عوبەیدوڵلاش بە سەخاوەت.. ئەمەش ڕووداوێکی ژیانیەتی:

عوبەیدوڵلا لەگەڵ بەندەیەکیدا لە یەکیءلە سەفەرەکانیدا لە بیاباندا رێیان دەکەوێتە لای عەرەبێکی دەشتەکیی زۆر هەژار و، لە ژێر چادرەکەیدا دەحەسێنەوە.. کە خاوەن ماڵ سەرنجی گرت بە پیاوێکی مەزن و پایەداری هاتە بەرچاو، چونکە سەر و سیمای پیءکەوتوو بوو. خاوەن ماڵ بە ژنەکەی وت: ژنەکە چیت لایە بۆ ئەم میوانەمان؟ وتی: هیچمان لا نیە جگە لەم مەڕە کە ژیانی کچەکەت بەسەر شیرەکەیەوەیە.. پیاوەکە وتی: مەگەر سەری بڕین.. وتی: ئایا کچەکەت دەکوژیی؟ وتی: ئەگەرچی بشمریء..

چەقۆی بە دەستەوە گرت و مەڕەکەی هێنا و سەری بڕیی و کەوڵی کرد و خەریکی وتنی شیعریش بوو.. پاشان بە چاك کراویی هێنایە خزمەتی عوبەیدوڵلا و بەندەکەی تا بیکەنە ژەمی ئێوارە. عوبەیدوڵلا گوێی لە وت و وێژی نێوان پیاوەکە و ژنەکەی بوو و، کاتێکیش کە ویستی بەجێیان بهێڵن بە بەندەکەی وت: چەند پارەت پیءماوە؟ وتی: پێنج صەد دینارم پیءماوە کە لە مەسرەفت ماوەتەوە.

وتی: بیدە بە کابرا. بەندەکە وتی: سبحان ا"! پێنج صەد دیناری( واتە پێنج صەد مسقاڵ زێڕ) دەدەیتیء کە مەڕێکی بۆ سەر بڕیوی کە بایی پێنج دیرهەمە؟ وتی: ماڵت کاوڵ بیءبەخوا ئەو لە ئێمە سەخیتر و سنگ فراوانترە. چونکە ئێمە هەندێکی ئەوەمان داوەتیءکە هەمانە، کەچیی ئەو هەرچیی هەبوو بە سەخاوەتەوە پێشکەشی ئێمەی کرد و، ئێمەی پێش خۆی و منداڵەکەی خست.

ئەم هەواڵە گەیشتە موعاویە و ئەویش وتی:

( لله درّ عبيدالله، من أيّ بيجه خرج؟ و من أيّ شيءو درج). [115]

---

[115] البداية والنهاية ج94/8.

DO NOT COPY

# موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەریش خاوەنی پایەیەکی بەرز بوو بە لای موعاویەوە ـ خوا لێی رازیی بیء. ئەوە بوو هەموو ساڵێك هەزار هەزاری بۆ دەنارد و صەد کاریشی بۆ ئەنجام دەدا..

ساڵێکیان عەبدوڵڵا دیءبۆ دیمەشق و مووچەکەی وەر دەگرێت و، نەوەد و نۆ پێویستیی بۆ جیء بەجیءدەکات و تەنها یەك پێویستیی دەمێنیء. لەوکاتەشدا سەرداری سەجستان دێت بۆ شام تا لە موعاویە داوا بکات کاری ناوچەکەی پیءبسپێریء بۆ ئەمە بەڵێنی دا هەرکەس ئەم کارەی بۆ ئەنجام بدات هەزار هەزاری بداتیء. بەسەر پیاوماقوولان و سەردارانی عیراق و شامدا کە لەگەڵ ئەحنەفی کوڕی قەیسدا هاتبوون، گەڕا، وتیان: بچۆ بۆ لای عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر.. کە چووە لای و پێی وت عەبدوڵڵا چوو بۆ لای موعاویە و ئەویش کارەکەی لە بریی پێویستی صەدهەمین بۆ ئەنجام دا و، فەرمانی بەسەر نووسەرەکەیدا دا تا پەیمانی بۆ بنووسێت. کە عەبدوڵڵا کارەکەی بۆ تەواوکرد، کابرا فەرمانی دا هەزار هەزارەکەیان بۆ هێناو سەجدەی بۆ عەبدوڵڵا برد.. عەبدوڵڵا پێی وت: سەجدە بۆ خوا ببە و، سامانەکەشت بەرەوە ، ئێمەی ئەهلی بەیت چاکە بە پارە نافرۆشین. کە ئەم هەواڵە گەیشتە موعاویە وتی: ئەگەر یەزید ئەوەی بکردایە لە هەموو خەراجی عیراق زیاتر پێم خۆش بوو.. نەوەی هاشیم جگە لە سەخاوەت و مەردایەتیی هیچیان لی غاوەشێتەوە!![116]

ئەمانە نموونەی پیاوانی نەوەی هاشیم بوون کە بە راستیی ئەستێرەی گەشی جیهانی ئیسلامیی بوون و، لە مەردایەتیی و پیاوەتییدا کەموێنە بوون.. ئەمان بە پاکیی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامدا دەژیان و موعاویەش بە چاکیی قەدری دەزانین و، دەشیءزانی بە دڵ و بە گیان بۆ کەڵك و قازانجی ئیسلام و موسڵمانان تیءدەکۆشن.. راستە کە وتوویانە: بە دەستێك چەپڵە ناکوتریء. بە راستیی هەردوو لا دڵسۆزی ئیسلام بوون، بۆیە ئاژاوە و ناکۆکیءیان بنە بڕ کرد و، ئاشتیی و هێمنیءیەکی سەرتاسەریءیان لە وڵاتدا بەرپا کرد..

---

[116] البداية و النهاية لابن كثير 140/8.

# هەڵوێستی لەگەڵ ناحەزانیدا

موعاویە ـ خوا لێی رازیی بیءـ ، وەك لە پێشەوە زانیمان ، زۆر بە حەكیمانە لەگەڵ نەوەی هاشیمدا هەڵس و كەوتی كرد.. جا هەروەك ئەوان مەرد و پاك بوون و بە ئیخلاصەوە خزمەتیان ئەكرد، ئەمیش مەردانە چاوی لیێان دەبوو و، هەڵوێستی مەردانەیانی لە بەرچاو بوو.. لە پاڵ ئەماندا چەندەها كەسایەتیی تر هەبوون كە خۆیان بە شیاوی خەلافەت و كاربەدەستیی دەزانی كە ئەوانیش دەكران بە دوو بەشەوە:

یەكەم قورەیشییەكان و، دووهەمیش سەرۆك و ناودارانی هۆزە عەرەبییەكان كە پاڵپشتی ئیمامی عەلیی بوون.. جا هەڵكردنی موعاویە لەو بارودۆخەدا و گونجان و رازییكردنی هەموو ئەمانە ئەوپەڕی لیهاتن و قابلییەتداریيە، كەوا ئاشتیی بچەسپێنیءـ هەمووانیش بە دڵ و بە گیان گوێڕایەڵیی بۆ بكەن و گورز و كوتەك و شمشێر بەكار نەهێنیءـ، هەتا سەربەستییەكی تەواو بە را دەربڕین بدات و، هەركەسیءچی وا لە دڵیدا بوێری بیدات بە گوێی ئەمیری ئیمانداراندا.

بەشی یەكەم كە قورەیشییەكان و رۆڵەكانیان بوون، بەو بۆنەوە كە دەبێت كاری خەلافەت لە دەست قورەیشدا بێت ، ئەوا بیریان لە خەلافەت دەكردەوە..

ئەوە بوو هەشت كەس لەو دە كەسە بەرێزەی كە بە پێی فەرموودەی صەحیح مژدەی بەهەشتیان پیءدرابوو، كۆچیان بۆ قیامەت كردبوو و، تەنها سەعد و سەعید لە ژیاندا مابوون. ئەوەبوو سەعدی كوڕی ئەبووەققاص بەشداریی جەنگی نێوان ئیمامی عەلیی و موعاویەی نەكرد.

ئیبن عەساكیر ئەڵێت: هەندیءلە ئەهلی عیلم گێڕاویانەتەوە كە هاشیمی كوڕی عوتبەی كوڕی ئەبو وەققاصی برازای سەعد دێتە لای و ئەڵێت: مامەگیان! ئا لێرەدا صەد هەزار شمشێر ئامادەن و تۆ بە شیاوترین كەس دەزانن بۆ ئەم كارە..

وتی: لە ناو ئەو صەد هەزار شمشێرەدا تەنها یەك شمشێرم دەویءكە ئەگەر دات لە ئیماندار نەی بڕێ و، ئەگەر دات لە كافر بی بڕیءـ..

هەروەها لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە كە عومەری كوڕی دێتە لای سەعد كە بە لای وشترەكانیەوە كەناری گرتبوو و پێی وت: خەڵكیی لەسەر خەلافەت و دەسەڵات مشت و مڕیانە و تۆش وایت لێرەدا؟

وتی: كوڕی خۆم! من لە پێغەمبەری خوام ρ بیستووە كە فەرموویە: ( إن الله يحب العبد الغنى الخفى التقى)[117]

---

[117] البداية و النهاية لإبن كثير 75/8.

DO NOT COPY-ئەبوسوفیان

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

دەفەرمویء خوای گەورە بەندەیەکی دەوڵەمەندی نادیاری خاوەن تەقوای خۆش دەوێء.

بەمە سەعد دڵی موعاویەی بێخەم کرد کە ئەو بیر لە پاشقوڵدان و ململانێناکاتەوە.. کە هاوەڵانی تریش بەیعەتیان بە موعاویە دا ئەویش بەیعەتی پیءدا.. ئەوە بوو ـ خوا لێی رازیی بێء لە ساڵی پەنجا و پێنجی کۆچییدا کۆچی دوایی کرد..

سەعیدی کوڕی زەیدیش ، خەلیفە عومەر ـ خوا لێیان رازیی بێء لە نێوان شەش کەسەکەی ئەهلی شووڕادا ناوی نەهێنا، نەوەکو بە بۆنەی ئەوەی کە ئامۆزا و زاوای عومەرە خۆشیان بوێت و بۆ خەلافەت ئەو هەڵ ببژێرن، تا ئەوە بوو لە ساڵی پەنجاو یەك یان دوودا کۆچی دوایی کرد و هیچ کاروبارێکی بە دەستەوە نەگرت..[118]

عەبدوڵڵای کوڕی عومەریش ـ خوا لێیان رازیی بێء بە وێنەی سەعد لە فیتنە کەناری گرت و بەیعەتیشی بە موعاویە داو، بە وێنەی ئیبن عەبباس ئەمیش دەستی دایە پەخشانکردنی زانست و پەروەردەکردنی ڕۆڵەی موسڵمانان..

ئیمام مالیك ـ خوا لێی رازیی بێء ئەڵێت:

تەمەنی ئیبن عومەر گەیشتبووە هەشتا و شەش ساڵیی و، لە ئیسلامدا بۆ ماوەی شەست ساڵیش خاوەنی فەتوا بووە و، بەر لەوەش کە بمرێت هەزار بەندەی ئازاد کردووە و، لە یەك دانیشتندا سیی هەزاری کردووە بە صەدەقە و، تا هەتیوێك لە پاڵ دەستیدا نەبووبێت گۆشتی نەخواردووە.. جارێکیان موعاویە صەد هەزاری بۆ نارد و، کە ساڵی بە سەردا گەڕایەوە هیچی بەلاوە نەمابوو.. دەشی وت: داوای هیچ شتێك لە کەس ناکەم و، هەر رزقێکیش کە خوا بۆی ناردم نایگێڕمەوە دواوە..[119]

پیاوانی ئیسلام خاوەن سەخاوەتێکی بێوێنە بوون.. بە ڕاستیی دنیا باوەشی بۆ کردبوونەوە، کەچیی ئەوان خۆیان تەسلیم نەدەکرد.. چەندە پارە و سامان دەهاتە مشتیان ئەوان خێرا بەسەر هەژاراندا دەیان بەخشیەوە..

جارێکیان موعاویە صد هەزاری بۆ حەسەنی کوڕی ئیمام عەلیی نارد ئەویش خێرا دابەشی کرد بەسەر ئەوانەدا کە لەو دانیشتنەدا لەگەڵی دا بوون، کە دە کەس بوون و، یەکی دە هەزاریان بەر کەوت..

هەروەها صەد هەزاری نارد بۆ عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر و، فاگیمەی ژنی داوای لێکرد کە بیبەخشێءەوە، ئەویش پێی بەخشیی.. صەد هەزاریشی بۆ مەروانی کوڕی حەکەم نارد، ئەویش پەنجا هەزاری لێبەخشییەوە و پەنجا هەزاریشی لێهەڵ گرت..

هەروەها صەد هەزاریشی بۆ ئیبن عومەر نارد، ئەویش نەوەد هەزاری لێبەخشییەوە و دە هەزاری لێهەڵ گرت. موعاویە وتی: بە ڕاستیی دەست پێوەگرە و دەست پێوە گرتنیشی پیء

---

118 البداية و النهاية لإبن كثير 59/8.

119 البداية و النهاية لإبن كثير 6/9.

خۆشە.[120]

عەبدوڵڵا لە سەردەمی خەلافەتی موعاویە زۆر رازیی بوو، تەنها ئەوە نەبیءە شەهیدبوونی حیجری كوڕی عەدیی و هاوەڵانی، كە بە پیلانی ناحەزان نەخشەی بۆ كێشرا، نارەحەت بوو و، پرمەی گریان گرتی..

عەبدورڕەحمانی كوڕی ئەبوبەكریش ـ خوا لێیان رازیی بیءـ هەر چەندە بەیعەتی بە موعاویە دا، بەڵام لە كاروباری دەوڵەتەوە دوور بوو و، خاتوو عائیشەش ـ خوا لێی رازیی بیءـ زیاتر هانی بۆ خۆ ئەو دوورگرتنەی دەدا..

بەڵام عەبدوڵڵای كوڕی زوبەیر ـ خوا لێیان رازیی بیءـ لە هەموو كەس زیاتر موعاویە حیسابی بۆ دەكرد..

ئەصمەعیی دەگێڕێتەوە و، ئەڵێت : حەسەن و عەبدوڵڵای كوڕی زوبەیر سەرێك لە موعاویە دەدەن. ئەویش بە حەسەنی وت: (مرحباً وأهلاً بابن رسول الله) و فەرمانی دا سێصەد هەزاری بدەنیءە، بە عەبدوڵڵاشی وت: ( مرحباً وأهلاً بابن عمه رسول الله)و فەرمانی دا صەد هەزاری بدەنیءە

بەشی دووهەمیش كە سەرۆكی هۆزە عەرەبەكانی تر بوون، پیاوی زۆر ناوداریان، سەرداری نەوەی تەمیم، ئەحنەفی كوڕی قەیس بوو، كە بە تووڕەبوونی ئەو صەد هەزار شمشێر تووڕە دەبوون و، لە صیففیندا یەكەم سەركردەی لیهاتوو بوو كە پاڵی بە ئیمامی عەلیەوە دابوو.. كاتێكیش كە جەنگ و ئاژاوە نەما و، موسڵمانەكان رێك كەوتن، موعاویە ـ خوا لێی رازیی بیءـ قەدری ئەحنەفی چاك دەزانی و، رێزی لیءدەگرت و بۆ چارەسەریی گیرو گرفت راوێژی پیءدەكرد..

ئەحنەف بە ژیریی و سەلیقەی خۆی بوو بووە سەرداری قەومەكەی ئەگینا تەمەنی زۆر نەبوو، بەڵام خوا بۆی كرد و پێغەمبەری خوا ρ نزای بۆ كرد..

لە حەسەنی بەصرییەوە ئەگێڕنەوە، وتوویە: ئەحنەفی كوڕی قەیس وتی: لە سەردەمی عوپـمانی كوڕی عەففاندا گەوافی ماڵی خوام دەكرد، پیاوێكی نەوەی (لەیپ) دەستمی گرت و وتی: مژدەت نەدەمیءـ وتم: بەڵیءـ وتی: لە یادتە كە پێغەمبەری خوا ρ ناردمی بۆ ناو نەوەی سەعدی قەومت، تا ئیسلامیان بۆ باس بكەم و بانگیان بكەم بۆ سەری، تۆش دووجار وتت: ئەمە بۆ بەهەشت بانگ دەكات و، فەرمان بە چاكە دەدات.. كە ئەمە گەیشتە پێغەمبەر ρ فەرمووی: ( اللهم أغفر لڵحنف). فەرمووی: خوایە لە ئەحنەف خۆش ببە.

جا هەموو جارێك ئەحنەف دەی وت: كردەوەم نیە لەمە زیاتر بە هیوای بم.[121]

زیادی والیی بەصرەش زۆر چاك قەدری ئەحنەفی دەزانی، چونكە هەردووكیان پێكەوە لە ناو

120 البداية و النهاية لابن كثير 140/8.

121 المعرفة و التأريخ للفسوي230/1.

DO NOT COPY- ئەبوسوفیان

## موعـاويەی کوڕی ئەبوســوفیــان ( 30 )

سوپای ئیمامی عەلیىدا دەوری کاریگەریان هەبوو.. زیاد لەوەی کە ئەحنەف سەردارێکی بیء وێسنەی ناوچەی بەصرە بوو. بۆیە ڕێزی چاکی لیءەگرت..

بەڵام بەرەی تازە پیءگەیشتوو بەو پلە و پایانە ئاشنا نەبوو و نەیدەزانی کیءخاوەنی ڕێز و قەدرە.. بۆیە کە زیاد کۆچی دوایی کرد و، بە فەرمانی موعاویە عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد بووە والیی بەصرە، پایەو پلەی ئەحنەفی نەدەزانی.

عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد لەگەڵ پیاوماقوڵانی عیراق و بەصرەدا سەردانێکی موعاویەیان کرد. بۆ ئەمە عوبەیدوڵڵا یەك بە یەك بە پێی پایە و پلە و ڕێز ماوەی چوونەژوورەوەی بۆ ئەو پیاوانە خواست کە لەگەڵیدا هاتبوون.. جا بە نەزانکاریی خۆی دوای هەموان ماوەی بۆ چوونەژوورەوەی ئەحنەف خواست ، چونکە ڕێزێکی ئەوتۆی بۆ دانەئەنا.. کاتێك کە موعاویە ئەحنەفی بینی خێرا پێشوازییەکی چاکی لیءکرد و پایە و ڕێزی شیاوی خۆی بۆ دانا و لەسەر شوێنی دانیشتنەکەی خۆی لەگەڵ خۆیدا دای نیشاند و، پاشان خەڵکەکە دەستیان کرد بە ستایشی عوبەیدوڵڵا و ئەحنەفیش بیءدەنگ دانیشتبوو..

موعاویە پرسیی: ئەحنەف! چیتە قسە ناکەی؟

وتی: ئەگەر قسە بکەم قسەکانم پێچەوانەی قسەی دانیشتوان دەبن. موعاویە بە خەڵکەکەی وت: هەستن وا لە والیێتییتانم خست و، بەدڵی خۆتان والیی بدۆزنەوە.

چەند ڕۆژێك مانەوە و هاتوچۆی پیاوماقووڵانی نەوەی ئومەییەیان دەکرد و، داوایان لە یەك بە یەکیان دەکرد تا یەکێکیان ببێتە والییان، کەچیی هیچ کەسیان ئەوەی لیءوەرنەدەگرتن.

پاشان موعاویە کۆی کردنەوە و وتی: کێتان هەڵ بژارد؟ هەر یەکەیان شتێکی دەوت و ئەحنەفیش بیءدەنگ بوو.. موعاویە پێی وت: بۆچ قسە ناکەی؟

ئەحنەف وتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران! ئەگەر لە خزم و نەوەی خۆت دەکەیتە والیمان، ئەوا ئێمە جگە لە عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد هیچ کەسمان ناوێت .. خۆ ئەگەر کەسێکی تریش دەکەیتە والیی، ئەوا خۆت بۆمان بدۆزەرەوە..

موعاویە وتی: وا گێڕامەوە بۆتان.. پاشان ئامۆژگاریی عوبەیدوڵڵای کرد تا هەڵس و کەوتی لەگەڵ ئەحنەفدا چاك بێت و، گلەییشی لیءکرد لەسەر ئەوەی کە قەدری ئەحنەفی نەزانیوە و، تێیشی گەیاند ئەحنەف ئەو پیاوەیە کە لە کارکەوتنی بە بیءدەنگیی ئەو و، چوونەوە سەر کاریشی هەر بە بیءدەنگیی ئەو بووە.

بەمە موعاویە کوڕی زیادی لە پایە و پلەی بەرز و ڕێزی تایبەتیی ئەحنەفی کوڕی قەیس تیء گەیاند و، ئەویش بڕیاری دا مافی تەواو بە ئەحنەف بدات و، ڕێزی شیاوی لیءبگرێت..[122]

ئێستەش با بێینە سەر باسی یەکەم ناحەزی موعاویە، کە ئەویش قەیسی کوڕی سەعدی

---

[122] البداية و النهاية 98/8 و 332.

ئەنصارییە ـ خوا لێیان رازیی بێ ـ . ئەو قەیسەی کە پێغەمبەری خوا ρ زۆر لێی رازیی بوو و، بە لایشیەوە لە باوکی ـ کە سەعدی کوڕی عوبادەی سەرداری خەزرەج بوو ـ سەنگینتر بوو و موعاویەش چاك قەدری قەیسی دەزانی و، ئەو رۆژەی کە قەیس پاڵی بە ئیمامی عەلیەوە دا موعاویە ئاواتی دەخواست کە خۆزگە صەد هەزار جەنگاوەر پاڵیان بە عەلییەوە بدایە، نەك قەیس بە تاقی تەنیا پاڵی پێوە بدایە!![123]

لە صەحیحی بوخارییشدا لە ئەنەسەوە دەگێڕنەوە کە وتوویە: ( كان قيس بن سعد من النبى النبی ρ بمنزله صاحب الشرگه من الآمير).

ئەم ریوایەتە دەری دەخا کە قەیس چەندە جێی متمانەی پێغەمبەری خوا ρ بووە.

قەیس لەگەڵ ئیمامی عەلیدا بەشداری جەنگی صیففین و نەهرەوانی کردو لەگەڵیا مایەوە هەتا ئیمام شەهید کرا و، دوای ئەوەش لەگەڵ حەسەندا بوو و، پێشەنگی سوپاکەی بوو.. جا کە حەسەن رێك کەوت و بەیعەتی بە موعاویە دا قەیس ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بوو.[124]

کاتێکیش کە هات و بەیعەتی بە موعاویە دا وت و وێژێکی توند بە نێوانیاندا چوو و، بە هیچ شێوەیەك زەلیلیی قبووڵ نەکرد و، موعاویە رێزێکی چاکی لێ گرت و بووە خاوەنی رێز و پایە بە لایەوە.[125]

لە بارەی سەخاوەتیشەوە هەتا باسی بکەین هێشتا کەمە... چونکە لە ناو هەموو عەرەبدا لەو سەردەمەدا سەخاوەتی قەیس باس دەکرا. ئەوە بوو سێ کەس لە پەنای کەعبەدا رای خۆیان دەر دەبڕیی: یەکێکیان دەی وت: عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر و، یەکێکی تریان دەی وت: قەیسی کوڕی سەعد و، ئەوی تریشیان دەی وت: عەڕڕابەی ئەوسیی یەکەم سەخاوەتمەندی ئەو سەردەمەن، بە رادەیەك کە لە پەنای کەعبەدا دەنگیان بەرز کردەوە...[126]

لە ریوایەتێکی تردا پادشای رۆم دوو پیاوی سوپاکەی دەنێرێ بۆ لای موعاویە و هەواڵیشی دەداتێ کە ئەمانە یەکێکیان بە هێزترین پیاوی رۆمە و ئەوی تریشیان بالآبەرزترین پیاویانە.. جا بگەڕێ بزانە لە ناو قەومەکەتا کەسێ هەیە لەمەیان بەهێزتر و لەوەشیان بالآبەرز تر بێت؟ جا ئەگەر کەسێ هەبوو لەمان زیاتر بێت ئەوا ئەوەندە و ئەوەندە دیلت بۆ بەردەدەم و، ئەوەندە و ئەوەندەش دیارییت بۆ دەنێرم. ئەگەر لە ناو سوپاکەشتدا لەمانە بەهێزتر و بالآبەرز ترت نەبوو ئەوا بۆ ماوەی سێ ساڵ جەنگم لەگەڵدا بووەستێنە..

کاتێ هاتنە لای موعاویە وتی: بۆ بەزاندنی ئەم بەهێزەیان کێ باشە ؟ وتیان: مەگەر تەنها یەکێ لەم دوو پیاوە: یان موحەممەدی کوڕی حەنەفییە ( واتە کوڕی ئیمامی عەلیی) یان عەبدوڵڵای

---

[123] الطبري 70/5.

[124] البداية و النهاية 104/8.

[125] البداية و النهاية 105/8.

[126] البداية و النهاية 104/8.

DO NOT COPY

کوڕی زوبەیر.

موحەممەدی کوڕی حەنەفییەیان بۆ بانگ کرد.. دوای ئەوەی کە خەڵك لە لای موعاویە کۆ بوویەوە، موعاویە بە موحەممەدی وت: ئایا دەزانی بۆچ ناردوومە بە دواتدا؟ وتی: نەخێر. موعاویە باسی ئازایەتیی و پاڵەوانیی سەربازە رۆمییەکەی بۆ کرد. موحەممەد بە رۆمییەکەی وت: یان بۆم دابنیشە یان بۆت دابنیشم ئەوسا دەستت بدەیتە دەستم یان دەستم بدەمە دەستت، جا کێمان توانی بەرامبەرەکەی هەڵسێنێتەوە ئەوا سەرکەوتووە، گەر نەشی توانی ئەوا ژێرکەوتووە، وتی: چیت پی‌خۆشە؟ دائەنیشی یا دابنیشم؟

رۆمییەکە وتی: تۆ دابنیشە.

موحەممەدی کوڕی حەنەفییە دانیشت و دەستی دا بە دەست رۆمییەکەوە، ئەویش بە هەموو هێزێکیەوە هەوڵی دا لە جێی خۆی بی جووڵێنیءیان هەڵی بستێنیء کەچیی نەی توانی و هیچی بۆ نەکرا... بەمە رۆمییەکە ژێر کەوت و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون بە چاوی خۆیان دۆڕانی هاوەڵەکەیان دیت.

پاشان موحەممەد هەستا و بەرۆمییەکەی وت: دابنیشە. ئەویش دەستی دا بە دەستی موحەممەدەوە و، بە یەك تەکان هەڵیساند و لە هەوادا بەرزی کردەوە و پاشان دای بە زەوییدا و موعاویە ئەمەی زۆر زۆر پی‌خۆش بوو..

لە کاتێکدا کە قەیسی کوڕی سەعدیش لەگەڵ نوێنەراندا لەلای موعاویە بوو، نامەی پادشای رۆم گەیشتە لای ئەمیری ئیمانداران کە تیایدا هاتبوو: شەروالی بالآبەرزترین پیاوی موسڵمانم بۆ بنێرە .

موعاویە بە قەیسی وت: وا بزانم پێویستییمان بە شەرواڵەکانت دەبێت. چونکە قەیس ئەوەندە بالآبەرز بوو کە بالآبەرزترین پیاو نەدەگیشتە سنگی.. قەیس هەستا و رووی کرد بەو لاوە شەرواڵەکەی داکەند و دای بە موعاویە. موعاویەش فەرمانی بەسەر پیاوە بالآبەرزەکەی رۆمدا دا تا سەری شەرواڵەکە لە لووتی خۆیەوە پێوانە بکات دەبینیءوا شەرواڵەکان ئەوەندە درێژن دەگەنە زەویی. بەمە رۆمییەکە ئەوی تریشیان دانی بە دۆڕاویی خۆیدا نا و، پادشاشیان بەڵێنەکانی خۆی بردە سەر..[127]

بەم شێوەیە لە سایەی بەرنامەی قورئاندا و بۆ خزمەتی ئیسلام و موسڵمانان هەموو وزە و هێزێکی ئیسلام یەکی گرتبوو، دوای ئەوەی کە هەر هەموو نییەتیان هێنابوو تا بە ئیخلاصەوە بۆ خوا کار بکەن.. ئەوانەی کە لە پێش هەمووانەوە نەیاری سەرسەختی موعاویە و دەوڵەتی ئومەویی بوون عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر و موحەممەدی کوڕی ئیمامی عەلیی و قەیسی کوڕی سەعد بوون ـ خوا لە هەموویان رازیی بیء ـ کەچیی چونکە بڕیاریان دابوو سەربازی دڵسۆزی ئیسلام بن، لە هەموو کەسێك زیاتر دڵی موعاویەی ئەمیری ئیمانداریانیان خۆش دەکرد..

---

[127] البداية و النهاية 8/105 - 106.

## موعـاويەی كوڕی ئەبوسـوفيـان (30)

موعاويە چاك دەیزانی كە خەڵكێكی زۆر رقيان لێيەتی، كەچيی بە هەموو رێگايەك هەوڵی دەدا ئەو رقە لە نێو دڵەكاندا دەربهێنێ‌و، ئەو توانا و لێهاتنانە بخاتە خزمەتی ئيسلامەوە.. هەتا رێزی تايبەتيی لەوانە دەگرت كە بە دڵ ئيمامی عەلیيان خۆش دەويست، چونكە بە خاوەنی وەفا و مەردايەتيی دەزانين:

ئەوە بوو يەكێك لە نەيارە ناودارەكانی، كە ئەبو گوفەيل عاميری كوڕی واثيلەی كەنانيی، شاعيری كەنانە و يەكێك لە سوارچاك و سەردارەكانی بوو، هاتە لای موعاويە.

موعاويە پێی وت: تۆش يەكێك نيت لە بكوژانی عوپـمان؟

وتی: نەخێر ، بەڵام يەكێك بووم لەوانەی كە لەوێ ئامادەبوون و لەسەريان نەكردەوە.

وتی: جا بۆچ لە سەرت نەكردەوە؟

وتی: موهاجيرو ئەنصار لە سەريان نەكردەوە.

موعاويە وتی: مافی بە سەريانەوە هەبوو و، دەبوا لە سەريان بكردايەتەوە. پرسيی : ئەی تۆ ، ئەی ئەميری ئيمانداران! بۆچ لە سەرت نەكردەوە، كە ئەهلی شاميشت لەگەڵدا بوون.

وتی: ئەی كە من داوای خوێنەكەی دەكەم، ئەوە لەسەركردنەوەی نيە؟

ئەبوگوفەيل دەستی بە پێكەنين كرد و دێرە شيعری شاعيرێكی بۆ خوێندەوە كە گلەيی لە دۆستەكەی دەكات وا لە ژيانیدا فريای نەكەوت، ئيتر دوای مردن ئەوی بۆ چیيە؟

موعاويە وتی: ئەبوگوفەيل؟ جەرگ سووتانت بۆ عەليی چۆنە؟

ئەڵێ وەك جەرگ سووتانی ئەو پيرەژن و پيرە پياوەی كە تەنها ئەو لە دەست چووەيان بوو بێت و وەجاخيان كوێر بووبێتەوە..

پرسيی: ئەی خۆشەوستييت بۆی چۆنە؟

وتی: وەك خۆش ويستنی مووسا لە لايەن دايكيەوە.. ئيتر دادی كەم و كوڕييش بۆ لای خوا دەبەم.[تی‌يێرتر]

موعاويە چاك دەیزانيی كە هەر دڵێك لە خۆشەويستی عەليی پڕ بوو بێت، ئەوا بە هيچ شێوەيەك هيچ خۆشەويستیيەكی ئەوی تێدا نيە، بەڵكو يەكجار رقی لێی دەبێتەوە.. كەچيی بە حيلم و ژيريی خۆی ماوەی وتنی هەموو وتەيەكی دەدا و لە كەسيش زوير نەدەبوو و سزای كەسيشی نەدەدا..

بە راستيی موعاويە خاوەنی دڵێكی فراوان بوو.. هەتا ئەوەندە سنگ فراوان بوو حەزی دەكرد ئەوانە بدوێنێ كە ئيمامی عەلیيان خۆش ويستووە تا بە گوێی خۆی ستايش و رێزی ئەوانە بۆ ئيمام ببيستێ

ئيمامی شەعبيی دەگێڕێتەوە كە شەوێكيان موعاويە لەگەڵ عەمر و سەعيد و عوتبە و وەليددا دەگەڕان، باسی زەرقائی كچی عەديی كوڕی قەيسی هەمدانیيان كرد، كە بەشداريی

---

128 الموفقيات للزبير بن بكار ص154 - 155.

DO NOT COPY

جەنگی صیففین ی بۆ کۆمەکیی ئیمامی عەلیی کردبوو، موعاویە پرسیی: کامتان قسەکانی ئەوی لەبەرە؟
هەندێکیان وتیان: ئەی ئەمیری ئیمانداران! ئێمە لەبەرمانن. موعاویە وتی: دەی پێم بڵێن چی لێ‌بکەم؟
هەندێکیان وتیان: دەڵێین بیکوژە.
موعاویە وتی: رایەکی خراپتان خستە بەردەمم. ئایا بۆ کەسێکی وەك من جوانە خەڵك باسم بکەن کە ئافرەتێکم دەستگیر کردووە و پاشان کوشتوومە؟!
بۆ ئەمە نامەیەکی بۆ کاربەدەستی کووفە نووسیی کە ئەو ئافرەتە لەگەڵ چەند خزمێکی مەحرەم و چەند سوارچاکێکی قەومەکەیدا، بە سواریی وڵاغێکی نەرم و شل و، داپۆشینێکی رێك و پێك و، مەسرەفێکی چاکەوە رەوانە بکات بۆ لای، والییش چوو نامەکەی خەلیفەی بۆ ئافرەتەکە خوێندەوە و، ئەویش وتی:
ئەگەر ئەمیری ئیمانداران ئەو گەشتەی داوەتە دەست من ئەوا من ناچم بۆ لای ، بەڵام ئەگەر رۆیشتنەکەمی کردووە بە کارێکی حەتمیی لەسەرم، ئەوا گوێ رایەڵیی لە هەموو شتێك چاکترە..
بەو شێوەی کە موعاویە فەرمانی دا بوو ئافرەتەیان خستە ڕیی‌ و گەیشتە پایتەختی دەوڵەتی ئیسلام.. کە گەیشتە لای موعاویە هەواڵی رێز و ئیحتیرام و حەسانەوەی ڕێگای لێ‌پرسیی و زەرقائیش ڕەزامەندیی دەربڕیی.
موعاویە وتی: بەوشێوە فەرمانمان بەسەردا داون ، ئایا دەزانی بۆچ ناردوومە بە دواتدا؟
وتی: شتێك نەزانم لە کوێ‌بیزانم؟
وتی: تۆ سواری سەر پشتی وشترە سوورەکە نەبوویت! کە لە صیففیندا لە نێوان هەردوو سوپاکەدا وەستا بوویت و هانی خەڵکەکەت بۆ کوشتار دەدا و جەنگت هەڵ دەگیرساند، چی وای لێ‌کردبوویت ئەوە ئەنجام بدەیت؟
وتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران! سەر مرد و کلکیش شوێنی نەما و، هەرچییش رۆی ناگەڕێتەوە. زەمانە پڕە لە پەند و، هەر کەسیش بیری کردەوە چاوساغ دەبێت و، هەموو کارێکیش کاری تری بە دوادا دێت. موعاویە پێی وت: وتەکانی ئەو رۆژەتت لە بیرە؟ وتی: نا بەخوا لە بیرم نین، لە بیرم چوونەتەوە. موعاویە پێی وت کە ئەو وتەکانی لە یادە و هەمووی بۆ گێڕایەوە. پاشان پێی وت:
بەخوا زەرقاو! هەرچی خوێنێك عەلیی رشتی تۆش لەگەڵیدا هاوبەشی.
وتی: خوا مژدەی خێرت بداتیء ئەی ئەمیری ئیمانداران! تۆ لەو کەسە دەکەیت کە مژدەی بەخێر دابیء هاوکۆڕی شادمان کردبیء.
پرسیی: گوایە بەوە شادمان دەبیت؟
وتی: بەڵێ، بەخوا بە هەواڵەکە شادمان بووم، جا کوا بە کردەوەش بە راست دەرچوایە بۆم؟
موعاویە دەستی بە پێکەنین کردو وتی: بەخوا وەفاتان بۆی دوای مردنیشی، لە خۆشویستنی

## موعـاويەی كوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

ئەو كاتەی كە لە ژیاندا بوو سەیرتر و گرنگ ترە. چیت پێویستە بیلێ.
وتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران! بڕیارم داوە هەرگیز داوا لە هیچ ئەمیرێك نەكەم كە لە دژی وەستابم. پیاوی وەكو تۆش بی‌داواكردن بەخششت بەخشیوە..
وتی: ڕاست دەكەی . فەرمانی دا دیاریی و پۆشاك بە خۆی و بە هەموو ئەوانەی كە لە گەڵیدا هاتوون پێشكەش بكرێت.[129]
بە ڕاستیی تەنها زەرقاو بەڵكو هەمدان هەرهەموویان لە خۆشویستنی ئیمامی عەلیی ـ خوا لێی ڕازیی بی‌ـ و وەفادارییدا بۆی خەریك بوو بتوێنەوە.. هەتا ئیمام ئەوەندە دڵخۆش بوو بە وەفاو قوربانییدانیان، ئاواتی دەخواست كە خۆزگە دەرگاوانی بەهەشت بوایە تا هەموو هەمدانی بكردایەتە ژوورەوە ، وەك لەم شیعرەیدا ئەڵێت:
ولوكنت بوّاباً على باب الجنة لقلت لهمدان ادخلوا بسلام
بە ڕاستیی چاونەترسیی زەرقائیش لەبەر دەم موعاویەدا و شانازییكردنی بەوەی كە بەشداری هەموو ئەو خوێنە بێت كە ئیمامی عەلیی ڕشتوویەتی، یەكەم ئەوە دەگەیەنی‌كە ئیمامی لەسەر حەق زانیوە و، ئەو ڕایەشی هەرگیز ناگۆڕێت . دووهەم ئەوەش دەردەخات كە هەر دڵێك پڕ لە ئیمان بوو، ئەوا لە هیچ هێزێك سڵ ناكاتەوە.. سی‌هەم ئەوەش دەگەیەنی‌كە بە ڕاستیی موعاویە سەربەستییەكی تەواوی بە موسڵمانان دابوو و، حەزیشی بەوە بوو كە موسڵمانان لە هیچ هێزێك نەترسن.. با موسڵمان بن.. با چاونەترس بن.. با خزمەتگوزار بن.. بەڵام بەرەو ئاژاوە و جیاوازیی و خوێنڕێژان و كاول كاریی هەنگاو هەڵ نەگرن!!
خوای گەورە لە موعاویەی هاوەڵ ڕازیی بی‌!
موعاویە ـ خوا لێی ڕازیی بی‌ـ وتەیەكی زۆر جوانی هەیە كە وتوویە: ( إني لّستحى أن أظلم من لا يجد عليّ ناصراً إلا الله).
شەرم دەكا ستەم لە كەسی‌بكات كە جگە لە خوا كەسێكی نەبێت بگاتە فریای..
ئەمە نموونەی مەردایەتییە!
ئەوە بوو لە جەنگی صیففیندا دیلێكی ئەهلی عیراقیان هێنایە بەر دەستی. بە دیلەكەی وت: سوپاس بۆ ئەو خوایەی كە تۆی دەست خستم . وتی: وا مەڵی‌ موعاویە، ئەوە لی‌قەومانە!
وتی: جا نیعمەت كوا لەوە گەورە تر بێت كە خوای گەورە پیاوێكی دەست خستووم كە لە یەك سەعاتدا كۆمەڵێك لە هاوەڵانی كوشتووە؟ كوڕە! بدە لە ملی .
دیلەكە وتی: خوایە! تۆ شاهێد بە كە موعاویە لە پێناوی تۆدا نامكوژی‌، لەبەر ئەوەش نیە كە تۆ بە كوشتنم ڕازیی بی. بەڵكو بۆ زاڵ بوون و، لەسەر شت و مەكی ئەم دنیایە دەمكوژێ. جا ئەگەر ئەنجامی دا، ئەوا ئەوەی پی‌بكە كە شیاویەتی و، گەر ئەنجامیشی نەدا، ئەوا ئەوەی پی‌ بكە كە خۆت شیاویتی.

---

129 العقد الفريد331/1.

DO NOT COPY-ئاپتۆ سورفیان

# موعــاویەی کوڕی ئەبوســوفیــان (30)

موعاویە پێی وت: ماڵت کاول بیء بە راستیی ئەوپەڕی جنێوت دا و دوعای چاکیشت کرد.

کوڕە! بەری بدەن..[130]

شتێکی زۆر گرنگ هەیە دەبێت لە بیرمان نەچێت، ئەویش پارێزگاریی‌لە عەقیدە.. لە بیروباوەڕ.. لە یاسا و دەستوورێك کە پیاوی مەرد بڕوای پی‌ءهەبیء..

موعاویەش بە راستیی مەردە!!

چۆن؟ بەوەی کە بە هاوەڵێتیی ئازیز شەرەفمەند بووە! مەردیی لەوەدا دەردەکەویءنایەویء خەڵك بە کوێرانە شوێن هەنگاوەکانی بکەوی!!

نایەویءموسڵمان بە هەق و ناهەق بکێشیءبە تەختی ملیدا!!

دەی کەواتە تەنها پیاوی عەقیدە لە لای ئەم جێی دەبێتەوە..

کەواتە چەورە و مونافیق و زمانلووسان جیءیان نابێتەوە.

بۆ ئەمە با سەیری دوو نموونە بکەین..

عەبدورڕەحمانی کوڕی خالیدی کوڕی وەلید ـ خوا لە هەردووکیان رازیی بیءـ یەکێکە لەو کەسە زۆر دیارانەی کە پاڵیان بە موعاویەوە داوە، کەچیی کە جارێکیان موعاویە دەیکاتە فەرمانەدەی سوپایەکی هاوینە، لێی دەپرسێت: عەبدورڕەحمان! چیی بە عەهد و پەیمانەکەم دەکەی؟

ئەڵێت: دەیکەمە پێشەوا و لێی لا نادەم.

موعاویە ئەڵێت: دەی عەهدەکەم بۆ بگێڕەرەوە!

پاشان موعاویە ئەڵێت: سوفیانی کوڕی عەوفی غامیدییم بۆ بانگ بکەن. کە هات عەهدی بۆ نووسیی و پاشان وتی: سوفیان! چیی بە عەهد و پەیمانەکەم دەکەی؟

ئەڵێت: هەتا لەگەڵ حەقدا بێت دەیکەمە پێشەوا و کە لای دا لێی منیش لێی لا دەدەم.

هەڵەی عەبدورڕەحمان ئەوە بوو وای دانا بوو کە لە هەموو حاڵێکدا گویءڕایەڵیی موعاویە دروستە. بەڵام یاسای ئیسلامیی دامەزراو ئەمەیە: (لا گاعە لمخلوق فی معصیە الخالق). بۆیە موعاویە لە هەڵوێستی عەبدورڕەحمان ناڕازیی بوو. خۆ دیارە عەبدورڕەحمانیش ـ وەك هاوەڵێکی عەقیدە پاك رای بەو شێوەیە، بەڵام بە پەلە وەڵامی دایەوە و، موعاویە پێی رازیی نەبوو!!

هەرچۆن بێت موعاویە پێی خۆش بوو موسڵمانان خاوەنی عەقیدەی پاك بن.. فەرمانی خەلیفە بە فەرمانی خوا نەزانن، چونکە فەرمانی خەلیفە دەگونجیءشەرعیی بیء، دەشگونجیءناشەرعیی بێت..

بەڵیءدوای ئەوەی بارودۆخی دەوڵەتی ئیسلامیی هێور بوویەوە و ناکۆکیی نەما، موسڵمانەکان روویان لە سنوورەکانی ئیسلام نا تا ئاڵای جیهاد بەرز بکەنەوە .. عەبدورڕەحمانی کوڕی خالیدیش باوکی ئاسا ئاڵای بەرز کردەوە و شار و دیءهاتی بە نووری قورئان رووناك کردەوە..

وەك ئەبوبەکر ـ خوا لێی رازیی بیءـ دەی فەرموو: بە خالیدی کوڕی وەلید وەسوەسەی شەیتان

---

130 العقد الفرید 44/2.

لە بيری رۆم دەبەمەوە، ئەوا بە عەبدوڕڕەحمانی كوڕی خاليديش موعاويە توانيی وەسوەسەی شەيتان لە بيری رۆم بباتەوە..

بەڵام خاچپەرستە ترسنۆكەكان نەيانتوانی لە مەيدانی جەنگدا دەست لە عەبدوڕڕەحمان بوەشێنن، بۆيە پەنايان بردە بەر ناپاكيی و بە ژەهر شەهيديان كرد..

بەڵێ لە داخی هەڵمەت و ئازايەتيی ئاماژەيان بۆ كوڕی ئەپالی گاور كرد تا دەستی لێی بووەشێنێ ئەوە بوو ژەهری دەرخوارد دا و بەو ژەهرە كۆچی دوايی كرد.. ئەوە بوو خاليدی كوڕی عەبدوڕڕەحمانی كوڕی خاليد لە مەدينەوە هات و هەڵمەتی دا كوڕی ئەپالی گاوری لە خوێنی باوكيدا كوشتەوە..

شان بە شانی عەبدوڕڕەحمان پاڵەوانی تريش هەبوون كە سەركردايەتيی سوپای موسڵمانانيان دەكرد و ئاڵای جيهاديان روو بە رووی كافران بەرز كردبووەوە، وەك بيسری كوڕی ئەبوئەرگەئە و ماليكی كوڕی هوبەيرەی سكوونيی. بەڵام ساڵی چل و نۆی كۆچيی لە هەموو ساڵەكان زياتر جيهادی تێدا كرا، كە لە چەند قۆڵێكەوە، چەند سەركردەيەك هەڵمەتيان دا، بە تايبەت يەزيدی كوڕی موعاويەش بەرەو رووی رۆم هەڵمەتی دا هەتا گەيشتە شووراكانی شاری ئەستەنبوڵ و ماوەيەكيش گەمارووی دا. ئەم هەڵمەتەی يەزيد عەبدوڵلای كوڕی عەبباس و عەبدوڵلای كوڕی عومەر و عەبدوڵلای كوڕی زوبەير و ئەبوئەييووبی ئەنصاريی ـ خوا لێيان رازيی بێ ـ لەگەڵدا بوون[131] و لەم هەڵمەتەدا بوو كە ئەبوئەييووب كۆچی دوايی كرد و لەوێش نێژرا.. ئەم هەڵمەتەی يەزيد بۆ سەر پايتەختی گاوران، بە راستيی ئەوپەڕی يەكڕێزيی و تەبايی موسڵمانانی دەگەياند، كەوا ئەو چوار هاوەڵە ناودار و زانايە بچنە ژێر بەيداخی يەزيدەوە و لەو تەمەنەدا ، بە ئاواتی بەدیيهاتنی موعجيزەيەكی گەورەی پێغەمبەری خوا ρ بە رزگاركردنی ئەستەنبوڵ، شمشێری جيهاد بكەنە شان و، بە هەموو جيهانی بسەلمێنن كە هيچ جۆرە ناكۆكيیەك لە خاكی ئيسلامدا نەماوە...

جا لە پێغەمبەری خواوە ρ ريوايەت كراوە وەك بوخاريی ـ خوا لێی رازيی بێ ـ تەخريجی كردووە، كە فەرموويە: (أولُ جيشٍ يغزونَ مدينهَ قيصرَ مغفورٌ لهم).

ئەم هەڵمەتەی يەزيديش يەكەم هەڵمەتێك بوو كە كرايە سەر پايتەختی قەيصەر. بەڵام لە ريوايەتی ئەبوداوددا هاتووە كە يەكەم هەڵمەت بۆ سەر ئەستەنبوڵ لە پێش ساڵی چل و شەشی كۆچيیدا بووە بە سەركردايەتيی عەبدوڕڕەحمانی كوڕی خاليد كە ئەڵێت: ( غزونا من المدينه نريد القسگنگينيه ... و على الجماعه عبد الرحمن بن خالد). بەڵام ديار نيە گەيشبنە ئەستەنبووڵ يان نەو..

ئەم هەڵمەتەی يەزيد ئەوەی دەگەياند كە ئوممەتی ئيسلام يەكی گرتووە و، ئەم يەكگرتنەش

---

131 الطبري ج5 ص232. سنة تسع وأربعين..

DO NOT COPY

# موعـاويەی کوڕی ئەبوسـوفیـان ( 30 )

هێز و پێزێکی وەها بە موسڵمانان دەدات کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئیمپراتۆریەتی رۆمیی بێت بە چۆکدا و هەرکاتێك خوا کۆمەکیی کرد و هەلی رەخساند ئەوا پایتەختەکەی بۆ چەندەها صەدە ببێتە پایتەختی ئیسلام کە تەمەنی لە تەمەنی هەموو پایتەختەکانی تر درێژ تر و خزمەتیشی خزمەتێکی ناوازە بێت..

لە هەمان کاتدا بەم هەڵمەتە کەسێکی نوێ لە شێوەی پاڵەوانێکی زۆر لیهاتوودا، هاتە گۆڕەپانی جیهاد و سەرکردایەتیی موسڵمانانەوە، کە ئەویش یەزیدی کوڕی موعاویەیە تا لیهاتن و ئازایەتیی و زیرەکیی خۆی لە مەیداندا بسەلمێنیء کە لە هەمووی گرنگتر بەشداریکردنی هاوەڵە ناودارەکان بوو لە هەڵمەتی ئەستەنبوولدا.. ئەمەش ڕێخۆش کردنێك بوو بۆ ئەوە تا موعاویەی باوکی بیکاتە جێگری خۆی تا دوای خۆی ببێتە ئەمیری ئیمانداران.

بە راستیی ئەو کارەی یەزید گرنگترین لیپرسراویی بوو کە بە دەستی سپێررا و، ئەویش سەلماندی کە شیاوە بۆی..

هەر لەو ساڵەدا ئیمام حەسەنی کوڕی ئیمامی عەلیی و، سەرداری گەنجانی ئەهلی بەهەشت و، ئەو تاقە موسڵمانەی کە بە راستیی شیاو بوو نازناوی (سید ـ سەردار) ی پی‌ببەخشریء وەك پێغەمبەری خوا ρ ناوی لی‌نا ، کۆچی دوایی کرد.

بەڵام ـ خوا لێی رازیی بیء ـ کۆچی نەکرد هەتا بە چاوی خۆی بەرهەمی جوانی ئەو خۆنەویستیيەی لە یەکبوونی موسڵمانان دا بینی و، دیتی وا هەڵمەتی موسڵمانان گەیشتۆتە دەرگاکانی پایتەختی کافران .. ئەمەش بە بۆنەی ئەو دڵ پاکیی و خۆنەویستییيە کەموێنەیەوە کە دەستی لە موڵك و خەلافەتی دنیا هەڵگرت..

ئەوەتا بە جوانیی لە وتەیەکی شیرینیدا ئەمە دەردەخات کە ئەڵیء ( كانت جماجمُ العرب بيديَّ يسالمون مَن سالمتُ، ويُحاربون مَن حاربتُ. فتركتُها ـ أي الخلافة ـ ابتغاء وجه الله).

دەری دەبڕیء کە ئەو خەڵکە هەر هەموویان گوێڕایەڵی بوون و دەیتوانی دەستی خۆی بوەشێنیء بەڵام لەبەر رەزامەندیی خوا وازی لە خوێنڕێژان هێناوە..

هەروەها وتوویە: ﴿ ترسام رۆژی قیامەت حەفتا هەزار یان هەشتا هەزار یان زیاتر یان کەمتر بێن و هەموو گیانیان خوێنی لی‌بچۆڕیء هەر هەموویان لای خوا شکات بکەن و بپرسن: لە پێناوی چیدا خوێنیان رژاوە؟ ﴾.

هەروەها لەو ساڵەدا موغیرەی کوڕی شوعبە کۆچی دوایی کرد، بۆیە کاروباری کووفەش درایە دەست زیاد بن أبيه.

هەروەها لە قۆڵی خۆرئاواوە ئیمانداران بە تەقوا و شەرمی خواوە خەریکی بڵاوکردنەوەی ئیسلامی ئازیز بوون.. خۆ دیارە ئایینی خواش بە تەقوا بڵاو دەبێتەوە.. بە خواپەرستیی پاڵتە دڵەکان دەرگا بۆ نووری ئیمان دەخەنە سەر پشت..

بەڵی‌پاڵەوانی خواناس عوقبەی کوڕی نافیع ـ خوا لێی رازیی بیء ـ دەورێکی یەکجار مەزنی هەبوو بۆ فەتحی ئیفریقیە. ئەوەندە خواناس و کارپاك بوو دارو بەرد کۆمەکی بوون..

# موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

ئەوە بوو جارێکیان لە یەکێك لە دارستانە چڕ و پڕەکانی ئیفریقیەدا، کە پڕی بوو لە دڕندە و گیانداری زیان بەخش، ویستی چادری سەربازخانە هەڵ بدات.. بەڵام تا ئەو دڕندانە لەوێ بوونایە توانایان نەبوو سەربازخانە دروست بکەن. بۆ ئەمە عوقبە لەگەڵ چەند هاوەڵێکدا لە دڕندەکان نزیك بوونەوە و بە دەنگی بەرز بانگیان لیکردن و پێیان وتن:

ئەی مێروو و دڕندەکان، ئێمە هاوەڵانی پێغەمبەری خواین. ئێمە دێینە ئەم ناوچەیە، جا ئێوە کۆچ بکەن! لەمەو دوا هەرچی گیاندارێك ببینین دەیکوژین.

وەك بڵێن : ئێوەش بە شاهێد بن کە ئێمە بۆ ئەنجامدانی ئەرکی پیرۆز گەیشتووینەتە ئێرە، جا یەکەم ئێوەش بە شاهێد بن کە ئێمە وا خەریکی ئەنجامدانی کاری پیرۆزین و، دووهەم کۆمەکییمان بکەن و ناوچەکەمان بۆ چۆڵ بکەن..

دوای چەند چرکەیەك ئەم ئاگاداریە گەیشت بە هەر هەموو ئەو گیاندارانە و، هەر یەکە بێچووی خۆی هەڵگرت و گواستیانەوە بۆ ناوچەیەکی تر.[132]

جا هەروەك خۆرهەڵاتی ئیسلامیی بە دەست زیادەوە بوو هەتا کۆچی دوایی کرد، ئەوا موعاویەی ئەمیری ئیمانداران خۆرئاوای ئیسلامیشی ـ واتە میصر و بەرقە و ئیفریقیە و گهرابولس ـ دایە دەست مەسلەمەی کوڕی موخەللەد و هەتا موعاویە کۆچی دوایی کرد هەر بە دەستیەوە بوو.

کە وڵاتی موسڵمانان پڕ لە هێمنیی و ئاسایش بوو بوو، دوژمنان جەرگیان بڕرا بوو، بە تایبەتیی ڕۆم ، چونکە ئەوان چاوەڕوان بوون کە بارودۆخی دەوڵەتی ئیسلامیی بەرەو خراپتر بڕوا و ئەوانیش هێرشی بکەنە سەر و بیڕووخێنن. هەتا ئەوە بوو کە پادشای ڕۆم دیتی وا موعاویە بە جەنگی ئیمامی عەلیەوە پەشۆکاوە سوپایەکی زۆری نزیك ناوچە ئیسلامیەکان خستەوە و کەوتە تەماعی ئەوەوە کە هێرش بکاتە سەر خاکی ئیسلام. خێرا موعاویە بۆی نووسیی:

بەخوا ئەگەر واز نەهێنی و نەگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت، لەعنەتیی! ئەوا لەگەڵ ئامۆزاکەمدا لە دژت ڕێك دەکەوین و، لە هەموو وڵاتەکەتدا دەرت دەپەڕێنم و، ئەو زەویە پان و پۆڕەت لیء دێنمەوە یەك. بەمە پادشا ترسی لیءنیشت و پیاوی نارد بۆ صوڵح و ڕێککەوتن.

هەرواش بوو کە موعاویە وڵاتی پڕ لە ئاسایش کردەوە، ئەوسا دەستی دایە سوپا کۆکردنەوە تا خەو لە کافران بزڕێنیء لە ماڵی خۆیاندا تەنگیان پیءهەڵ بچنێت..

سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیز ئەڵێت: لەو ڕۆژەوە کە عوپـمانی تێدا شەهید کرا هەتا ساڵی (جەماعەت) ـ ئەو ساڵەی کە ئیمام حەسەن وازی لە خەلافەت هێنا بۆ موعاویە ـ موسڵمانان بۆ هیچ غەزایەك دەرنەچوون . دوای ئەوە موعاویە شانزە جار ، بۆ ناوچەی ڕۆم، غەزای بە موسڵمانان کرد.. سریەیەك لە هاویندا دەردەچوون و زستانیان لە ناوچەی ڕۆمدا تەواو دەکرد، پاشان دەگەڕانەوە و، سریەیەکی تر بە دوایاندا دەڕۆی.. یەکیءلەوانەش کە ناردنی بۆ غەزا ویەزیدی کوڕی بوو کە زۆرێك لە هاوەڵانی لەگەڵدا بوون. ئەوە بوو کەنداوی پیءبڕین و لە

---

[132] عن كتاب : (أسباب سعادة المسلمين) ص 59 طبعة دار القلم، دمشق.

DO NOT COPY

دەرگاکانی قوسگەنگەنییەدا کوشتاری دانیشتوانیان کرد..[133]

بە سەلیقەیەکی کەم وێنەوە موعاویە دڵی ناحەزە زۆر و زەبەندەکانی بۆ لای خۆی راکێشا، چونکە خۆی دەیزانیی کاروباری وڵات وەك سەردەمی خەلیفەکانی راشیدین بەرێوە ناچیء بۆیە وای بە چاك زانیی راستەوخۆ بە ئومەتی ئیسلام و فەرماندەکانی رابگەیەنیءکە هەوڵی لەگەڵ نەفسی خۆیدا داوە تا هەڵس و کەوتی بە وێنەی هەڵس و کەوتنی ئەبوبەکر بێت ، کەچیی نەیتوانیی شان بداتە ژێر ئەو بارە و، هەوڵیشی لەگەڵدا داوە تا بە وێنەی عومەر رەفتار بکات، کەچیی زۆر بە توندیی ملی بادا و لێی هەڵ هات و، هەوڵیشی لەگەڵ دا داوە تا رەفتاری عوپمان ئەنجام بدات، کەچیی بۆ ئەویش هەر ملی با داوە، چونکە هیچ کەس نابێت بەوان و کەسیش ناتوانیءشوێن پێی ئەوان هەڵ بگرێت..

ئەمە ئەوە دەردەخات کە سەردەمی خەلافەت رۆیشت و سەردەمی پادشایەتیی سەری هەڵ داوە... وەك بڵێءگلەییم لیءمەکەن ئەمرۆ لەوە چاکتر ئەنجام نادرێت.. یان من لەوە زیاترم لیء نایەت..

موعاویە خۆی فەرز نەدەکرد و، رازیی بوو موسڵمانان کەسانی تر لەو بە چاکتر بزانن، بۆیە دەیوت: ئەگەر من بە چاکترینتان نەزانن، ئەوا من چاکم بۆتان..

هەروەها هەڵوێستی ئاشتیی‌یانەی خۆی بەوە دەردەبڕیّ کە هەرکەس شمشێر بە دەستەوە نەگرێت ئەو شمشێری بۆ بەرز ناکاتەوە و، هەرچیش ببیستیءشتگوێی دەخات..

ئەمانەی پێشەوە لەو وتارەدا دەری بڕیون کە لە مەدینە پێشکەشی موسڵمانانی کردووە..

موعاویە وەك موسڵمانێکی شەیدای راستیی دانی بە حەقدا دەنا.

ئەوە بوو لە سەردانەکەیدا بۆ مەدینە چاوی بە سەعدی کوڕی ئەبووەققاص کەوت، کە لە دە مژدەپیءدراوەکە تەنها ئەو لە ژیاندا مابوو. لێی پرسیی: بۆچی لە گەڵماندا جەنگت نەکرد؟

سەعد وەڵامی دایەوە: رەشەبایەکی تاریك هەڵی کرد و منیش وتم: ئەڵێ، ئەڵێ .. خێرا وشترەکەم چۆك پیءدا هەتا رەشەباکە نیشتەوە، پاشان رێگاکەم بۆ دەرکەوتەوە و کەوتمە ریء

موعاویە وتی: لە قورئاندا ئەڵێ، ئەڵێ ، نیە بەڵکو خوای گەورە فەرموویە: ( وإن گائفتان من المؤمنین اقتتلوا فأصلحوا بینهما، فإن بغت إحداهما علی الآخری فقاتلوا التی تبغی حتی تفیءو إلی أمر الله...)،دە بەخوا تۆ نە لەگەڵ ستەمکارەکەدا بوویت دژی دادپەروەرەکە و، نە لەگەڵ دادپەروەرەکەدا بوویت دژی ستەمکارەکە.

وتی: هەرگیز لە دژی پیاوێك ناجەنگم کە پێغەمبەری خوا ρ پێی فەرموو بێت: ( أنت منی بمنزلە هارون من موسی غیر أنە لانبیَّ بعدی!!).

لەم فەرموودەیەدا ئەوە دەسەلمێنیءکە پلەو پایەی ئیمامی عەلیی بۆ پلە و پایەی پێغەمبەری خوا ρ وەك پلە و پایەی هاروون وەهایە بۆ پلەو پایەی مووسا ـ سەلامی خوایان لیّ بێت ـ.

موعاویە پرسیی: کیءلەگەڵتدا ئەمەی بیست؟

وتی: فلان و فلان و ئوم سەلەمە.

موعاویە وتی: ئەگەر من ئەمەم لە پێغەمبەری خواوە ρ ببیستایە، لەگەڵ عەلیدا

---

[133] البدایة و النهایة لابن کثیر ج8 ص133.

## موعـاويەی كوڕی ئەبوســوفيــان (30)

نەدەجەنگییم... [ﺷﻤﺴﺘﺮ]

وەنەبی تەنها موعاویە ئەم ئینصافەی بوو بیء بەڵكو ئەو بەرە پاك و خاوێنە هەر هەموویان وەها بوون..

كاتێكیش كە ئیمامی عەلیی و زوبەیر بەرامبەر بە یەك وەستابوون بۆ جەنگ، ئیمام پێی وت:

ئایا زوبەیر لە یادت نیە كە پێغەمبەری خوا ρ پێتی فەرمووە:

( إنك ستقاتل علياً وأنت ظالم له)؟! فەرمووی: تۆ لەگەڵ عەلییدا دەجەنگیی و ستەمیشی لیء دەكەیت.

زوبەیر وتی: ئەگەر ئەوەم لە یاد بوایە ئەوا بەرامبەرت نەدەوەستام. ئیتر بەمە وازی لە جەنگ هێنا و كشایە دواوە.

بە راستیی ئەو بەرەیە بۆ خوا دەژیان.. هەموو گیانیان هەر ئیمان بوو.. لەبەر خوا خۆیان لە هەموو خراپەیەك لا دەدا.. خوا لە هەموویان رازیی بێت.. بەو شێوە بوون كە قورئان ستایشی دەكردن:

(محمد رسول الله و الزين معه أشداو على الكفار رحماو بينهم...) ( أزلة على المؤمنين، أعزه على الكافرين...).

بە راستیی نموونەی مرۆڤی رەوشتبەرز و ئیمان دامەزراو بوون ، كە لە سەرانسەری مێژووی مرۆڤایەتییدا وێنەیان نەبوو..

---

[134] البداية و النهاية ج8 ص77.

DO NOT COPY--ئەبوسوفیان

# بەیعەتی یەزید

ساڵ و مانگ تێەپەڕین و دەوڵەتی ئیسلامییش ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەکردندا بوو.. بە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا ئیسلامی بێگەرد بڵاو دەکرایەوە.. ئاڵای خواناسیی بە هیممەت و غیرەتی موجاهیدان بەسەر لووتکە بەرزەکانەوە هەڵ دەکرا، تا بە شەماڵی عەدالەتی قورئان هەر بشەکێتەوە و، هەر بشەکێتەوە..

لە هەمان کاتدا، مزگەوتەکانی سەرانسەری جیهانی ئیسلامیی پڕبوون لە قوتابیانی زانیاریی شەریعەت تا لەدەم مامۆستایانی خواناس زانیاریی وەربگرن و، یەك لە دوای یەك ئەوانیش بەرەو ناوچە دوورەکان بکەونە ڕێ تا قورئان و حەدیییان پێشکەش بکەن...

خواناسانیش، ئەوانەی کە دەستیان دابووە خواپەرستیی و قورئان و حەدیپ لەبەرکردن هەموو مزگەوتەکانیان پڕ کردبوو..

موعاویەش ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ سەروکاریی ئەم کارە مەزنەی دەکرد.. هۆیەکی کاریگەر بوو تا ئەم هەموو خزمەتە پێشکەش بە مرۆڤایەتیی بکرێت.. بیست ساڵ بە والێتیی و بیست ساڵیش بە خەلیفایەتیی تەمەنی بەسەر برد، تا بەو سەلیقە و حیکمەتەوە کە لە قورئانی وەرگرتبوو، هێمنیی و ئاسایشێکی کەموێنە پەخشانی خاکی ئیسلام بکات.

بەرە بەرە پیریی بە پیریەوە دەهات.. تەمەنی بەرەو حەفتا دەرۆیشت.. بیری لەوە دەکردەوە هاکا مەرگ یەخەی پێ‌ئەگرت.. داخۆ حاڵی موسڵمانان دوای خۆی بە کوێ‌ئەگات؟ وا کاربەدەستە لێهاتووەکانیشی بەرە بەرە کۆچ دەکەن، یان پیریی یەخەیان پێ‌ئەگرێت..

بە تایبەت زیادیش کۆچی دوایی کرد. پێویستە بەرەیەکی گەنج بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری ئیسلام پەروەردە بکرێت..

لەو کاتەوە کە سەری لە مەدینە دا و، بە خزمەتی دایکی ئیمانداران خاتوو عائیشە ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ گەیشت، دڵی زیاتر بەرەو کاری قیامەتیی کەمەندکێش دەبوو.. زیاتر لە جاران حەزی لەوە بوو شوێن هەنگاوەکانی پێغەمبەری ئازیزی ρ هەڵ بگرێت.. بۆیە ناردی بۆ لای خاتوو عائیشە ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ تا ئەنبەجانیە و مووەکانی پێغەمبەری خوای ρ بۆ بنێرێت..

راویی ئەڵێت : ( عائیشە ) بە مندا ناردی و منیش هەڵم گرت هەتا پێوەی چوومە ژوورەوە لای ( واتە موعاویە). دەستی دایە ئەنبەجانیەکەو لەبەری کرد و، دەستیشی دایە مووەکانی و داوای ئاوی کرد و مووەکانی پی‌ئەشۆرد و لە ئاوەکەی خواردەوە و کردیشی بە لاشەیدا و [135]، پاشان مووەکانی لە لای خۆی هەڵ گرتن..

---

[135] البداية و النهاية ج8 ص132.

موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان-

## موعــاویەی کوڕی ئەبوســوفیــان (30)

موعاویە ـ خوا لێی رازیی بێ ـ نەی دەهێشت هیچ هەلێکی لە کیس بچیءبۆ بە خزمەت گەیشتنی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ρ ، تا پرسیاریان لیءبکات و، راوێژیان پیءبکات و، کەڵك لە ئامۆژگارییەکانیان وەربگرێت..

بۆ نموونە: جارێکیان میسوەری کوڕی مەخرەمە ـ خوا لێی رازیی بیءـ دێتە لای موعاویە . موعاویەش چاك دەی زانیی کە میسوەر هەموو رەخنەیەکی خەلیفە و والیءیەکانی دەخاتە روو و باکی لەکەس نیە، کەچیی هەر پێی خۆش بوو وتو وێژی لەگەڵدا بکات..

رووی تیءکرد تا بزانیءچ رەخنەیەکی پیءیە، کەچیی میسوەر حەزی دەکرد واز لەو باسە بهێنیء بەڵام خەلیفە کۆڵی نەدا و هەوڵی دا رای بزانێت..

میسوەر ئەڵێت: هەرچییم شك دەبرد لە کەم و کورِیی و ناتەواویی هەموویم پیءوت.. ماوەیەك بیءدەنگیی باڵی کێشا بەسەر دانیشتنەکەیاندا. پاشان موعاویە سەری بەرز کردەوە و بەوپەڕی متمانەوە هەردوو چاوی تیءبڕیی و پێی وت:

ئەی ئایا تۆش گوناهی وەهات هەن کە ئەگەر خوا چاوپۆشییت لیءنەکات بترسیت تیا بچیت؟

وەڵامی دایەوە: بەڵێءگوناهی وەهام هەن کە ئەگەر خوا چاوپۆشیءیان لیءنەکات بە هۆیانەوە تیا بچم.

کە میسوەر وەڵامی دەدایەوە خێرا هەستی کرد وا بەزێنرا.. بەڵام هەر چاوی برِی بووە موعاویە و ئەویش پێی دەوت: باشە دەی چۆن خۆت لە من بە شیاوتر دەزانی تا خوا چاوپۆشییت لیء بکات؟

میسوەر وەڵامی نەبوو. بەڵام خۆی بەوپەڕی گەرمیی و شەوقەوە وەڵامی دایەوە:

دە بەخوا ئەو کارانەی کە ئەنجامم داون لەسەروکاریی رەعیەت و، جیءبەجیءکردنی حدوودی شەرع و، رێکخستنی خەڵك و، جیهاد لە پێناوی خوادا و، ئەو کارە گەورانەش کە جگە لە خوا بەکەس ناژمێرێن و، بە تۆش ناژمێررێن، هەموو ئەمانە لەو عەیب و تاوانانە زۆرترن کە تۆ هەڵیان دەدەیت.

میسوەر سەری داخستبوو و بە وردیی بیری دەکردەوە و، موعاویەش لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

منیش لەسەر دینێکم کە خوای گەورە چاکەکان وەردەگرێت و، چاوپۆشییش لە خراپەکان دەکات.. دە بەخوا هەر کە ئیختیارم درابێتیءبۆ بەگویءکردنی خوا یان غەیری خوا، هەمیشە خوام هەڵبژاردووە..

لەوکاتەدا موغیرە ماوەی خواست و هاتە ژوورەوە و میسوەریش بە وتەکانی موعاویە تەنگی پیءهەڵ چنرا بوو، بۆیە لەوە زیاتر نەیءدەتوانی لە لای بمێنێتەوە، بۆیە هەڵسا و چووە دەرەوە..

میسوەر ـ خوا لێی رازیی بیءـ لە باسی ئەو وتو وێژەدا لەگەڵ موعاویە ئەڵێت:

کاتێك کە ئەوەی پیءوتم بیرم کردەوە و، بۆم دەرکەوت کە بەزاندوومی..

ئیتر لەوە و دوا هەرچی میسوەر ناوی موعاویەی بېردایە دوعای خێری بۆ دەکرد..[136]

---

[136] البداية و النهاية ج8 ص133.

DO NOT COPY - ئەبوسوفیان

## موعـاويەی کوڕی ئەبوسـوفيـان ( 30 )

لەو سەردەمەدا هاوەڵێك ئەگەر خۆی نەچێت و موعاويە تاقيی نەکاتەوە نازانێت چ پياوێکە..
ئيتر ئێمەی ئەم چەرخانەی دواوە، لەگەڵ ئەم هەموو پاگاندە نەشياوانەدا چۆن بتوانين لەو چەرخانە تێبگەين؟ بە تايبەت دوای ئەو بێدەستيی و بێکەسيیەی کە بەسەر موسڵمانانندا هاتووە، کە ئەوەتا زۆربەی موسڵمانان لە ئيسلام و لە قورئان تەوەلا کراون..

ئەوەی کە گرێی دڵی موعاويە بوو و هەميشە بيری لێدەکردەوە ئەوە بوو کە کێ بکاتە خەليفەی دوای خۆی؟.

کە سەرنجی سەرکردە و فەرماندە لێهاتووەکانی ساحەی ئيسلاميی دەدا، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و، عەبدوڵڵای کوڕی زوبەير و، حوسەينی کوڕی عەليی و، عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر و، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسی دەهاتنە پێش چاو.

ئەمانە پياوچاك و خواناس و زانا و دڵسۆزی ئيسلامن.. بەڵام کە سەرنجی دەدا کاروباری سەرانسەری خاکی ئيسلام بە هيچ کاميان، بەبێگيروگرفت بەرێوە ناچێت و، لەوانەيە جارێکی تر ئومەتی ئيسلام بکەوێتەوە ناو گێژاوی فيتنە و ئاشوب و، خوێنی يەکتريی برێژن..

سەرنجيشی دەدا يەزيدی کوڕی، بەڵێ لە دين و تەقوادا هاوشانی ئەوانە نيە، بەڵام لە هەڵسوڕاندنی کاروباری وڵاتدا لێهاتنی چاکی پێوە دەبينیی بە تايبەت لە دوا دوای تەمەنی موعاويەدا، کە چەند تاقیکارییەك هاتبوونە بەردەم يەزيد، وەك ئەو هەڵمەتەی کە بردييە سەر شاری ئەستەنبوڵی پايتەختی ئەو رۆژەی رۆم، کە گەورە پياوانی هاوەڵان لەگەڵ سوپاکەيدا بوون و، لێهاتوويی و گورج و گۆڵيی بۆ هەموان سەلما..

بەڵام ئەگەر يەزيد بکاتە جێگری خۆی ئەوا ياسايەکی تازە دێتە کايەوە. يەکەم لە ژيانی خۆيدا وەليی عەهد دياريی دەکرێت و دووهەميش کوڕی خۆی دەبێت..

بۆ ئەمە پێی خۆش بوو پرس بە هاوەڵان بکا تا رايان لەم بارەوە بزانێت.. بۆيە ناردی بۆ لای واليی مەدينە کە هەر هاوەڵێك پێی خۆشە با سەری لێبدا..

ئەوە بوو عەمری کوڕی حەزمی ئەنصاریيش ـ خوا لێی رازيی بێ ـ لەگەڵ کۆمەڵێکدا سەردانی ئەميری ئيمانداارانی کرد و، داوای مۆڵەتی لە دەرگەوان کرد. دەرگەوانيش هاتە لای موعاويە و ئاگاداری کردو وتی:

ئەمە عەمرە هاتووە و ماوەی هاتنە ژوورەوە دەخوازێت.. موعاويە سەری سوڕما و پرسيی: بۆچيی هاتوون؟

وتی: ئەی ئەميری ئيمانداران! بۆ ئەوە هاتووە دەستی يارمەتيی بۆ درێژ بکەيت.

موعاويە وتی: ئەگەر راست دەکات با بۆم بنووسێت و هەرچی داوا دەکات بێدەمیی بەڵام نەيبينم!

دەرگەوان چووە دەرەوە و پرسيی: پێويستييت چيیە؟ ( هەرچييت پێخۆشە بينووسە).

عەمر تووڕە بوو و پێی وت: سبحان الله! دێمە دەرگای ئەميری ئيمانداران و، ماوە نادرێت

بیبینم.. پێم خۆشە پێی بگەم و بیدوێنم.

موعاویە وتی: بەڵێنی فلانە ڕۆژی بدەری جا کە نوێژی نیوەڕۆی کرد با بێت..

بەم دوا خستنە عەمر زۆر نارازیی بوو و، بەخەفەتەوە دەرگای موعاویەی بەجیهێشت.. ئەوەندە نارەحەت بوو خەریك بوو واز بێنیتەوە بۆ مەدینە.. بەڵام چونکە قسەی پیبوو وای بە چاك زانی بمێنیتەوە و ئامۆژگارییەکی خەلیفە بکات..

ئەو ماوەیە زۆر بە نارەحەتیی لە عەمر ـ خوا لێی رازیی بێـ ڕۆیشت ، بەڵام بە تەمای پاداشتی خوا بوو. تا ئەوە بوو کاتی نوێژی نیوەڕۆ هات.

کە موعاویە نوێژی نیوەڕۆی بەجیهێنا، فەرمانی دا قەڵەوێرەکەی بۆ بهێننە هەیوان و کەسی لەلا نەمێنیی، تەنها یەك کورسیی بۆ دانیشتنی عەمر لەویبهێڵنەوە.

کە هات سەلامی کرد و دانیشت و موعاویەش پرسیی : پێویستییت چییە؟

عەمر سوپاس و ستایشی خوای گەورەی کرد و پاشان هاتە سەر باسی یەزید تا موعاویە تیی بگەیەنی‌کە یەزید بۆ ئەوە ناشێت ببێتە خەلیفەی موسڵمانان. بۆیە وتی: لە پێغەمبەری خوام ρ بیستووە کە فەرموویە: ( إن الله تعالی لم یسترع عبداً رعیه إلا وهو سائله عنها یوم القیامه، کیف صنع فیها ؟).

دەفەرمویی هەرکەسێك کاروباری موسڵمانانی پیسپێررا، ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە پرسیاری لیدەکا کە چۆن کاروباری بەڕێوە بردن..

منیش، ئەی موعاویە! لە بەڕێوەبردنی کاروباری ئوممەتی موحەممەددا ρ خوات بیر دەخەمەوە کە بزانە کاروباری بە کیدەسپێری.

عەمر قسەکانی تەواو کردن و، سەیرێکی موعاویەی کرد بزانیچی دەکات، بیئەوەی باکی لە هیچ هەبێت..

ماوەیەك موعاویە بیدەنگ بوو، پاشان کە سەری بەرز کردەوە هەناسەیەکی وەها قووڵی هەڵ کێشا کە خەریك بوو لە هۆشی خۆی بچێت و تەنگە نەفەسیی داگیری کرد و عەرەقێکی زۆری کرد و لەسەر خۆ عەرەقەکەی دەسڕی، پاشان هاتەوە سەر خۆی..

لە ڕاستییدا موعاویە ـ خوا لێی رازیی بێـ دوای سەرنج و لیکۆڵینەوەیەکی زۆر بۆ بەرژەوەندیی موسڵمانان رای هاتبووە سەر هەڵبژاردنی یەزید.. وەك خەمخۆرێکی موسڵمانان تا ئاژاوە هەڵ نەداتەوە ئەو رایەی لە لا پەسەند بوو. بۆیە سوپاس و ستایشی خوای کرد و پاشان وتی: تۆ پیاوێکی ئامۆژگارییکەری و، رای خۆتت دەربڕیی..

لە ڕاستییدا موعاویە ئازایەتیی و غیرەتی عەمری زۆر پیخۆش بوو وا پەروەردگاری یاد خستەوە..

پاشان وتی: تەنها کوڕەکەی من و کوڕەکانی ئەوان ماون جا کوڕەکەی من شیاوترە لە کوڕەکانی

DO NOT COPY-ئەبوسوفیان

# موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

ئەوان ........ بی‌سمتر

ئا لێرەدا با سەرنج بگرین و بە بۆچوونی کۆمەڵ و واقیعی خۆمان ئەو وشانە لێك نەدەینەوە.. چونکە موعاویە ـ خوا لێی رازیی بیء هاوەڵێکی بەرێز و پایەداری پێغەمبەرەρ ..

لە راستییدا عەبدورڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر و، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و، حوسەینی کوڕی عەلیی و، عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر و، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ـ خوا لە هەموویان رازیی بێت ـ زیاتر لە یەزید شیاوی خەلافەت بوون.. ئەوان خاوەنی ئیمان و زانست و تەقوا بوون. بەلام ئەو بارودۆخە بە یەزید راگیر دەکرا و بەوان نەدەکرا لەبەر ئەوە نا کە ئەوان توانای بەرێوەبردنی کاروباری موسڵمانانیان نیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە ئەو کۆمەڵە نەما بوو کە شیاو بێت ئەوانی هاوەڵانی کوڕانی هاوەڵان سەرکردەی بن..

ئەو کۆمەڵە گوێڕایەڵە نەمابوو کە ئەوان بە شەریعەتی پاڵفتە حوکمی بکەن . بەڵکو ئەو رۆژە کۆمەڵێك لە ئارادا بوو کە بە ترساندن دایبمرکێننەوە. وەك لە پێشەوە بۆمان دەرکەوت کە دانیشتوانی شاری بەصرە خەریکی ئاژاوە و پشێویی بوون کاتێك کە عەبدوڵڵای کوڕی عامیری خواناس دەیویست بە نەرم و نیانیی و موسڵمانانە کاروباریان بەرێوە ببات.. کەچیی هەر ئەو خەڵکە بە هەڕەشەیەکی سەر مینبەری زیاد کۆڵیان لە خراپە دا و بۆ خۆیان دامرکانەوە..

بەڵیءەو کۆمەڵە بە خەلافەتی هەر یەکێك لەو خواناسانە کاروباریان دانەدەمەزرا، بەڵام بە هەڕەشەی یەزید دادەمەزرا. بەمە موعاویە چاکی پێکا بوو.. جا وەك ئەم کارە پێویستە ئەنجام بدرێت ، ئەوا دیارە بەرهەڵستییشی لیءەکرێت.. لە هەمان کاتدا نابێت ببێتە مایەی ئاژاوە، چونکە مەبەستی موعاویە ئەوەیە موسڵمانان تووشی خوێن رێژان نەبنەوە. ئەوانەش کە بەرهەڵستیی لیءەکەن بەو پەلە تیءاگەن و، شوێنی بەرهەڵستییش مەدینەیە.. بۆ ئەمە وای بە چاك زانیی خۆی سەر لە مەدینە بدات تا بەیعەت وەربگرێت..

ئەوە بوو بە نیازی ئەنجامدانی حەج بەرەو مەککەی پیرۆز کەوتە ریء نزیکەی هەزار پیاوی لەگەڵدا بوون.. کە نزیکی مەدینە کەوتەوە، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و کوڕی زوبەیر و عەبدورڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر ـ خوا لیءان رازیی بیء شاریان بەجیءهێشت.

کە موعاویە گەیشتە مەدینە، چووە سەر مینبەر و دوای سوپاس و ستایشی خوای گەورە باسی یەزیدی کرد و، پاشان بەرەو مەککە کەوتە ریءو، لەویءگهوافی کرد.. دوای ئەوە چووەماڵەوە و ناردی بە دوای عەبدوڵڵای کوڕی عومەردا.. کە هات موعاویە شایەتمانی هێنا و دای بە گوێی عەبدوڵڵادا کە نەکا دووبەرەکیی بخاتە نێوان موسڵمانانەوە و، تێکیان بدات..

دوای ئەوە عەبدوڵڵا سوپاسی و ستایشی خوای گەورەی کرد و موعاویەی تیءگەیاند کە خەلیفەکانی تریش کوڕیان بووە و لە کوڕەکەی ئەمیش چاکتر بوون، کەچیی کوڕەکانی خۆیانیان

---

[137] مجمع الزوائد عن ابن سيربن ج4.

نەكردۆتە خەليفە، بەڵكو كێ شياو بێت ئەوەيان هەڵ بژاردووە.
دوای ئەم حەقە كە دەری خست دای  بە گوێی موعاويەدا كە ئەو پياوی دووبەرەكيی و ئاژاوە نيە و، لەبەر ئەوەی خۆی بە يەكێك لە موسڵمانان دەژمێرێ، ئەوا هەركەی بەيعەتيان بە كەسێك دا ئەميش وا لەگەڵيانددا.
بەمە دەردەكەوێ كە عەبدوڵلا هەميشە بۆچوونێكی نەرم و نيانی بووە.
بە هەمان شێوە لەگەڵ عەبدوڕڕەحمانی كوڕی ئەبوبەكر و عەبدوڵلای كوڕی زوبەيردا وت و وێژی كرد و ئەوانيش نارەزاييان دەربڕی..
موعاويە ـ خوا لێی رازيی بێ ـ دەبوا يەكێ لەم دوو رێگايە بگرێتە بەر:
بە زۆر بەيعەت بەو پياوانە بكات، كە لەوانەيە ببێتە مايەی تياچوونی ئەو پياوە پاك و بەرێزانە كە هەرگيز حەزی لە كاری وەها نيە، يان ئەو پياوانە واز لێ بهێنێ و بەيعەت نەدەن و دواييش دووبەرەكيی دروست ببێت و ئاژاوە سەر هەڵبداتەوە.
بۆ ئەمە وای بە چاك زانی ئەو ناودارانە بێدەنگ بكات، نە ياخيی بن و، نە بە زەليلييش بەيعەت بدەن. بۆيە لەسەر مينبەر جاڕی دا كە كوڕانی ئەبوبەكر و عومەر و زوبەير بەيعەتيان داوە و گوێڕايەڵيان كردووە..
دانيشتوانی شام، كە لەگەڵ موعاويەدا هاتبوون، وتيان: نابەخوا، رازيی نابين هەتا لە بەردەم خەڵكيیدا بەيعەت بدەن، ئەگينا لە گەردنيان دەدەين.
موعاويە تووڕە بوو و وتی: مە، سبحان الله! خەڵك چۆن خێرا بەرامبەر بە قوڕەيش بە خراپە دەجووڵێنەوە.. لەمڕۆ بە دواوە ئەو قسەيە لە دەمی هيچ كەس نەبيستم.. پاشان دابەزيی. خەڵك دەيان وت بەيعەتيان كردووە و، ئەوانيش دەيان وت: نا بەخوا بەيعەتمان نەكردووە.. موعاويەش گەڕايەوە بۆ شام.[138]
لە راستييدا بەيعەتدان بە يەزيد يەكێكە لە ناونيشانەكانی پادشايەتيی  نەك خەلافەت..
جا بۆ ئەوەی كە   موعاويە دڵی بێخەم بێ لەوەی كە دوای خۆی موسڵمانەكان سەريان لێ ناشێوێ و پارچە پارچە نابن، ئەوا خراپ نەبوو بەيعەت بە يەكێ لە سەركردەكانی ئيسلام بدرێت، چونكە ئەم كارە لە پێش ئەمەوە پياوی لەم چاكتر ئەنجامی داوە، وەك دياريی كردنی عومەر لە لايەن ئەبوبەكرەوە ـ خوا لێيان رازيی بێ ـ . هەروەها خراپ نەبوو واز لە موسڵمانەكان بهێنێ تا خۆيان خەليفە هەڵ ببژێرن، وەك پێغەمبەری خوا ρ دوای خۆی كەسی دياريی نەكرد..
هەروەها خراپ نەبوو چەند سەركردەيەكی موسڵمان دياريی بكات، تا موسڵمانان خۆيان دوای مردنی ئەو يەكێكيان هەڵ ببژێرن، وەك خەليفە عومەر  شەش پياوی هەڵبژارد.
بەڵام بەيعەت بۆ كوڕەكەی دوای خۆی و، هەر لە ژيانيشيدا ئەو بەيعەتە بدرێت، ئەوە شتێكی

---

[138] تأريخ  خليفة بن خياط، عن وهب بن جرير.

DO NOT COPY- بێتوسيفان

تازە بوو.. ئا لەوێوە پادشایەتیی دەست پێ‌دەکات و خەلافەت دەپێچرێتەوە..

جا با هۆیەکانی ئەم هەڵوێستە بخەینە ڕوو:

لەبەر ئەوەی کە موسڵمانان تووشی فیتنەی پارچە پارچە بوو بوون و، لە ناو موسڵماناندا سەرکردەی هاوتا زۆر بوون، ئەوا بۆ موسڵمانان ڕێك نەدەکەوت لە دەوری یەك خەلیفە جەم بن، بەڵکو کوشتار و ناکۆکیی سەریان هەڵ دەدایەوە..

جا وا بیست ساڵێکە موسڵمانان لە سایەی یەك سەرکردایەتییدا پشوویەکیان داوە و، نێوانیان خۆش بووە و، هەموو هێز و وزەیەکیان بۆ تێکشکاندنی هێزی کافران خراوەتە کار، بۆیە وا چاکە ئەم نموونە چاکە هەر بەردەوام بێت.

هەروەها شام ، بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری موسڵمانان، توانا و لێهاتنێکی چاکی پێوە شك دەبرێت و، نەوەی ئومەییەش لێهاتنێکی چاکیان سەلماندووە و، چ میللەت و چ سوپا سەرگەرمی کارن و ئەوپەڕی دڵسۆزییان بۆ موعاویە نواندووە. جا هەر کە ئەمە ئاڵ و گۆڕی بەسەردا بێت لەوانەیە ئاژاوە هەڵ بداتەوە.

یەزیدیش ، بە حوکمی ئەوەی کە کوڕی موعاویەیە، بۆتە خاوەنی لێهاتن و زانین و شارەزاییەکی چاك، بە تایبەت لە سەرکردایەتیی سوپا و هێرش کردنە سەر دوژمن.

موعاویە زۆر چاك قەناعەتی بەمانەی پێشەوە هەبوو، ئەوەتا لێوەی دەگێڕنەوە کە وتوویە:

خەڵکینە! من چاکترینی ئێوە نیم و، لە ناوتاندا هی وا هەیە لە من چاکترە.. عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و، عەبدوڵڵای کوڕی عەمر (ی کوڕی عاص ) و، غەیری ئەوانیش لە پیاوانی پایەدار . بەڵام بەشکوم من لەهەڵسووڕاندنی کاروباردا لە هەمووتان کەڵکم زیاتر بێت و، لە هەمووتان زیاتر دوژمن بە چۆکدا بێنم و، لە هەمووتان زیاتر شیر و کەڵك ببەخشم..[139]

جا کە موعاویە لە هەردوو عەبدوڵڵا و بگرە لەوانی تریش خۆی بە کەمتر بزانێت، دیارە بە هیچ شێوەیەك لە تەقوا و خواناسییدا یەزید بە هاوتاو هاوشانی ئەوان نازانێت . بەڵام خۆیشی و یەزیدیش بە شیاوتر دەزانیءبۆ ئەمیریی، چونکە دەیزانیی کە بەڕێوەبردنی کاروباری موسڵمانان زیاتر بە پیاوی دنیایی دەبێت، نەك بە پیاوی قیامەتیی ، لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵەکە وەك کۆمەڵی سەردەمی پێشوو نەمابۆوە!![140]

هێشتا سەلیقە و وریایی موعاویە بوو ئەگینا نەوەی ئومەییە دەیانویست لێی هەڵ گەڕێنەوە، لەسەر ئەوەی بە چاکیی مافیان بەرچاو نەگیراوە!! دیارە ئەو کۆمەڵە بە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و کوڕی عەمر بەڕێوە ناچێت..

ئەو ڕۆژە ڕۆژێك بوو و ئەو ڕۆژەش کە ئیمامی عەلیی بە دەستی خەواریج زامدار کرابوو ڕۆژێکی تر بوو، کە ئەوە بوو پرسیار لە ئیمام کرا: ئایا حەسەن لە شوێنت بکەینە خەلیفە؟

---

139 البداية و النهاية ج8 ص134.

140 البداية و النهاية ج8 ص80

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

فەرمووی: نە فەرمانتان بەسەردا دەدەم و نە قەدەغەشتان دەکەم.

بە مەرجیءئیمام لە لیهاتوویی حەسەن رازیی بوو، بەڵام دەیویست بە ویستی موسڵمانان خەلیفە هەڵ ببژێررێ. ئەم بیرکردنەوەیەی ئیمام بۆ کۆمەڵی خەلافەتە و، ئەو رایەی موعاویەش بۆ سەردەمی کۆمەڵێکە کە پادشایان زیاتر بۆ شیاوە نەك خەلیفە!!

کەواتە هەردووکیان راستیان کرد..

ئیمام راستی کرد با کار بە شوورا بەڕێوە بچێت و..

موعاویەش چاکی پێکا کە ترسی هەبوو موسڵمانان بکەونەوە ناو گێژاوی فیتنە و دووبەرەکیی و خوێن رێژان. ئەوە بوو بە عەبدوڵڵای کوڕی عومەری وت:

دەترسم موسڵمانان هەروا بەجیءبهێڵم، دوای من وەك رانەمەڕی بیءشوانیان لیءدەرچیء..

بە راستیی هەرواش بوو و، چاکیشی پێکا!!

دوای مردنی یەزید چیی رووی دا؟

عیراق و حیجاز کەوتنە دەست عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر و، شامیش کەوتە دەست عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان و، هەرچەندە هەردووکیان زانا و خواناس و دڵسۆزی راستەقینەی موسڵمانان بوون و، شیاوی فەرماندەیی موسڵمانان بوون، رووباری خوێن لە نێوانیاندا هەڵسا، هەتا ئەوە بوو عەبدولمەلیك بەسەر کوڕی زوبەیردا سەرکەوت!!

ئەمە بۆ چوونەکەی موعاویە بوو..

ئەو کەسەش کە رەخنە لە هاوەڵێکی وەها پایەدار دەگرێت، دیارە خۆی زۆر بە پاکتر دەزانێت و، ئێمەش چاوەڕوانی هیممەتی ئەوانەین تاواز لە پادشایەتیی بهێنن و خەلافەت بێننەوە کایە!! ترشتر

ئەوەندە کە دانیشتوانی شام دڵسۆزی موعاویە و یەزید بوون، دانیشتوانی عیراق وەها دڵسۆزی ئیمامی عەلیی و حەسەن و حوسەین نەبوون!

ئەوە بوو دانیشتوانی عیراق حوسەینیان هەڵ نا تا دژی یەزید بوەستێت، کەچیی پشتیشیان بەردا.. نەك بۆ ئەم بەڵکو بۆ ئیمامیش وەفای تەواویان نەبوو.. بگرە لێی هەڵ دەگەڕانەوە و، دەست خەڕۆیان دەکرد، بە رادەیەك کە ئیمام لە خوا دەپاڕایەوە تا لە دانیشتوانی عیراق و پشت هەڵ کردنیان رزگاری بکات.. ئەوە بوو حەسەنی کوڕیشی بە هەمان شێوە ناپاکیی و نامەردیی بەدیی دەکرد.. ئەمانە هەموو ناونیشانن کە لە دوای سەردەمی ئیمامی عەلیءیەوە کۆمەڵەکە بە خەلافەت کاروباری بەڕێوە ناچێت!

بەڵیءموعاویە بە ئاشکرا و لەسەر مینبەر لە خوا دەپاڕایەوە کە ئەگەر ئەم کوڕەی لەبەر

---

[141] لە ساڵی 1992دا لەگەڵ برایەکی ئیمانییمدا هەندێ وت و وێژمان دەربارەی کاروباری ئەمڕۆی موسڵمانان دەکرد.. لە نێو قسەکاندا من وتم: ئەی حەددی ئەفغانستان نەبێت بتوانێت دەوڵەتێک وەک دەوڵەتی ئومەویی بەرپا بکات، نەک سەردەمی موعاویە، بەڵکو سەردەمەکانی تری ئومەویی!!

DO NOT COPY-ئەبوسوفیان

ئەوە هەڵبژاردووە كە شیاوی بەڕێوەبردنی كاروباری موسڵمانانە ئەوا خوا بۆی ڕێك بخات .. خۆ ئەگەر لەبەر ئەوەی كە كوڕیەتی و خۆشی دەویحەڵیبژاردووە خوا بۆی ڕێك نەخات ، وەك ئیبن كەپیر لە موعاویەوە دەی گێڕێتەوە كە ئەڵێت:

( اللهم إن كنت تعلم انی ولیتە لٲنە فیما أراە أهلاً لڑلك؛ فأتمم لە ما ولیتە . وإن كنتُ ولیتە لٲنی أحبە؛ فلا تتمم لە ما ولیتە).

ئەم دەقەش بۆچوونی موعاویەمان پیشان دەدات!! واتە لە خوا دەپاڕێتەوە كەچیی چاكە بۆ موسڵمانان ئەوە هەڵ ببژێریٴ

تا ئیمام حەسەن مابوو موعاویە بە تەمای بوو دوای خۆی بتوانیعكاروباری موسڵمانان ، وەك چەندەها فەرماندەی تر، هەڵ بسوورێنیٴ بەلاّم كە ئەو كۆچی دوایی كرد لە كۆتایی تەمەنی دا رای هاتە سەر یەزید..

قەبیصەی كوڕی جابیر ئەڵێت:

بۆ ئەنجامدانی كارێك زیاد ناردمی بۆ لای موعاویە. كە لە كارەكانم بوومەوە وتم: ئەی ئەمیری ئیمانداران! دوای تۆ كار بە كیعسپێرریێت چاكە؟

ماوەیەك بیعدەنگ بوو و پاشان وتی:

بە یەكیعلەمانە: یان خاوەن سەخاوەتی قورەیش سەعیدی كوڕی عاص، یان گەنجی پڕ لە حەیاو زیرەكیی و سەخاوەتی قورەیش عەبدوڵلای كوڕی عامیر ، یان حەسەنی كوڕی عەلیی كە پیاوێكی سەرداری بەڕێز و سنگ گوشادە، یان قورئان خوێنی شارەزا و فەقیهـ لە دینی خوادا و زۆر پارێزگار بۆ سنوور و ئەحكامی خوا مەروانی كوڕی حەكەم ، یان پیاوی شارەزای دین عەبدوڵلای كوڕی عومەر، یان .... عەبدوڵلای كوڕی زوبەیر.[142]

هەروا دەرچوو دوای یەزید كاركەوتە دەست مەروانی كوڕی حەكەمی قورئان خوێنی فەقیە و زۆر دڵسۆز بۆ سنوور و ئەحكامی خوا!!

ئەو كەسەی لێرەوە ، بە نەزانیی ، گوژم دەخواتەوە، ئەوە لە نرلإ و بەهای ئەو پیاوانە شارەزا نیە و، خۆیشی زۆر بە تەواو و ڕێك و پێك دەزانێت!!

سوپاس بۆ خوا موسڵمانان خاوەن شەریعەتێكی پاك و بیعگەرد و، مێژوویەكی پڕ لە جوامێریی و مەردایەتیین..

ئەوە ماوە ڕوونی بكەینەوە كە لەوكاتەدا لە ناو دانیشتوانی مەدینەدا وەها بڵاو بووبوویەوە كە یەزید خەریكی ئارەزووبازیی و مەیخواردنەوە بووە:

لە ڕاستییدا هیچ ڕیوایەتێكی صەحیح نیە لە بارەی ڕەوشتی خراپی یەزیدەوە و حاشا موعاویەی هاوەڵ و نووسەری وحیی ـ خوا لێی ڕازیی بیٴ ـ بەیعەت بە پیاوی وەها بدات. ئەمە تەنها بوختانی ناحەزانە كە نەك یەزید و موعاویە ، بەڵكو ئەبوبەكر و عومەر و عوسمانیش بە

[142] إبن‌كثير ، البداية و النهاية ج8 ص85.

موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان

## موعـاویەی کوڕی ئەبوســوفیــان (30)

لایانەوە زیاتر تاوان بارن. چونکە لەو ڕۆژەدا گەورەترین و پایەدارترین هاوەڵ لە مەدینەدا کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بووە پشتگیریی ئەو بوختانانەی نەکردووە..

ئیمام ئەحمەد لە نافیعی مەولای ئیبن عومەرەوە دەگێڕێتەوە کە ئەڵێت:

کاتێك کە خەڵکیی بەیعەتەکەی یەزیدیان هەڵ وەشاندەوە، ئیبن عومەر کوڕەکانی و کەس وکاری کۆ کردەوە و، دوای شایەتمان وتی: أما بعد... ئێمە لەسەر بەیعەتی خواو پێغەمبەرەکەی بەیعەتمان بەم پیاوە داوە و، منیش گوێم لە پێغەمبەری خوا ρ بووە کە دەی فەرموو: ( إنَّ الغادِرَ يُنصَبُ لهُ لِواءٌ يومَ القيامَةِ يُقالُ : هذِهِ غَدْرَه فلانٍ، وَ إنَّ مِن أعظَمِ الغدرِ ـ إلا أن يكون الإشراكُ باللهِ ـ أن يبايع رجل رجلاً على بيع الله و رسوله ثم ينكث بيعته)[143] جا کەستان بەیعەتی یەزید هەڵ نەوەشێنێتەوە و، کەسیشتان لەو کارەدا زیادە ڕەویی نەکات، تا بەو بۆنەوە من و ئەو لە یەك نەپچڕێین. رواه مسلم و الترمذي.

ئەمە فتوای گەورەترین هاوەڵی ئەو ڕۆژەیە!!

ئەمە وتەی یەکەم خاوەنی بانگی ئیسلامە لەو ڕۆژەدا!!

کێ ئەتوانێ لە بەرامبەریدا بکۆکێت؟!

با سەرێکیش لە ناحەزترین بنەماڵە بدەین و بزانین هەڵوێستی ئەوان چۆنە؟

کاتێك کە دانیشتوانی مەدینە لە لای یەزید گەڕانەوە ، عەبدوڵڵای کوڕی موگیع و هاوەڵانی چوون بۆ لای موحەممەدی کوڕی حەنەفییە و، ویستیان ئەویش هەڵ بنێن کە بەیعەتی یەزید هەڵ بوەشێنێتەوە. کەچیی بەگوێیی نەکردن..

کوڕی موگیع وتی: یەزید عەرەق دەخواتەوە و، وازی لە نوێژ هێناوە و بە گوێی قورئان ناکات.

موحەممەد پێی وتن: ئەوەی ئێوە باسی دەکەن من پێمەوە نەدیوە. بە مەرجی چوومەتە لای و لە لای ماومەتەوە. دیومە بە چاکیی نوێژ بەجێ دەهێنیێ، بە دوای چاکەدا دەگەڕێ، لە بارەی فیقهەوە پرسیار دەکات و، دەست بە سوننەتەوە دەگرێت.

وتیان: ئەوە لەبەر دڵی تۆ وەهای کردووە.

وتی: چ ترسێکی لە من هەیە، یان بە تەمای چیمە تا خشووع دەربڕێت؟! ئایا بە دیار ئێوەوە عەرەقی خواردۆتەوە؟! ئەگەر بە چاوی خۆتان ئەوەتان دیوە ئەوا ئێوەش هاوبەشی ئەون و، گەر بە چاویشەوە نەبوون ئەوا بۆتان حەڵاڵ نیە شاهێدیی لەسەر شتێك بدەن کە نەتان دیوە!!

وتیان : بە لامانەوە ڕاستە ئەگەر چی نەشمان دیبێ.

پێی وتن: خوای گەورە ئەوەی بۆ شاهێدان ڕێ پێ نەداوە؛ ئەوەتا دەفەرمویێ ﴿ إلا من شهد بالحق وهم يعلمون﴾. ئیتر من کارێکم بەسەرتانەوە نیە.

وتیان: ڕەنگە پێت ناخۆش بێت جگە لە خۆت کەسێکی تر کار بگرێتە دەست، دەی ئێمە

---

[143] دەفەرمویێ: ئەو کەسەی کە غەدر دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا ئاڵایەکی بۆ دادەکوترێت و دەوترێت ئەمە غەدر و ناپاکیی فڵانەکەسە. گەورەترین غەدریش ئەوەیە ـ مەگەر شەریك بۆ خوا بڕیار درابێت ـ کەسێك بەیعەت بە کەسێك بدات و دواییش لەو بەیعەتە پاشگەز ببێتەوە..

DO NOT COPY - ئەبوسوفیان

كارمان دەسپێرین پێت..

وتی: شوێن كەوتووم یان شوێنم كەوتن بۆ ئەم كارەی كە داوام لێ‌ئەكەن جەنگ و كوشتار بە حەڵاڵ نازانم. وتیان: خۆ تۆ لەگەڵ باوكتدا بوویت و دەجەنگایت.

وتی: كەسێكی وەك باوكمم بۆ بهێنن تا لەسەر وێنەی ئەوەی كە ئەو لە سەری دەجەنگا منیش بجەنگێم.[144]

ئەمەش هەڵوێستی موحەممەدی كوڕی ئیمامی عەلیی بوو ـ خوا لێیان ڕازیی بێت ـ ئیتر نازانم بۆچ ئێمە بە دەستی خۆمان مێژووی پرشنگدارمان لەكەدار بكەین؟

هەر تەنها موسڵمانان خاوەنی مێژووی وەها ڕێك و پێكن كە بەسەری بەرزەوە باسی بكەن.. ئەگەر كەسێكی وەكو یەزید بە لامانەوە ڕێك و پێك نەبێت، ئەوا باچاك بزانین لە مێژووی مرۆڤایەتییدا یەكەم پیاوی چاكیان ناگات بە تۆزی پێی یەزیددا.. كەچیی ئەوان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و بۆ پەروەردەی بەرەكانی دواوە بایەخێكی چاك بە گەورەكانیان دەدەن و، چیرۆكی دەست هەڵ بەستیان لە بارەوە دەگێڕنەوە..

بەڵام هەندێك لای ئێمەش وا دەزانن ئازایەتیی دەكەن ئەگەر لەكەیەكی بچكۆلەی مێژووی پرشنگدار گەورە بكەن..

بۆ پەروەردە ئەوەندە بەسە كردار و گوفتار چاك و پەسەند بخەینە بەردەم نەوەكانمان. ئیتر پێویست ناكات كەسانێك موحاسەبە بكەین كەوان لە بارەگای خوادا، چونكە نەوەكانمان تووشی ڕەش بینیی و بێ‌متمانەیی دەبن.. زیاد لەوەی كە دەگوتجێ‌ ئەو كەسانە، كە بە ڕواڵەت هەندێ‌ خراپەیان هەیە، بەر لە مردنیان تەوبە و پەشیمانیییان دەربڕیی بێ‌ یان بە هۆی هەندێ‌كردەوەی چاكەوە خوای گەورە لێیان خۆش بوو بێت .

نەبێ‌تەنها موحاسەبەی موعاویە كرا بێ‌ ئەی گوایا لۆمەی خەلیفەی بەشەرم و حەیا ناكرێت و ڕەخنە لەو هەڵوێستە مەزنەی ناگیرێت كە بە فەرمانی پێغەمبەری ئازیزی ρ ئەنجامی داوە، كە هەم لە ژیانیدا فەرمانی پێ‌دابوو و، هەم بە شێوەیەكی مەعنەویی لە شەوی ئەو ڕۆژەدا كە شەهید كرا لە خەویدا ئاگاداری كرد بوو؟!

ئەوانەی موحاسەبەی موعاویە دەكەن، كەسانێكن لە واقیعی موسڵمانان نەگەیشتوون و لە سەرچاوەی متمانە پێ‌نەكراوەوە زانیارییان هەڵ گۆزیوە.. ئەگینا با یەكێك لە ئیمامان و گەورە پیاوانی ئیسلام باسێكی موعاویەی بە خراپە كردبێ‌[145]

پێش هەموان پێغەمبەری ئازیزمان ρ دوعای خێری بۆ دەكات ، وەك لە پێشەوە ئاماژەی بۆ كرا، كە دەفەرموێ:

( اللهم علِّم مُعاويةَ الكِتابَ و الحساب، وَقِهِ العَذاب).

---

[144] البداية و النهاية 233/8.

[145] سەیرێكی پەڕاوی (معاوية بن أبي سفيان ) ل 406 ـ 411 ی نووسینی مامۆستا منير محمد الغضبان بكە.

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

( اللهم اجعلهُ هادياً مَهديّاً واهدِ بِهِ).

دوای ئەم دوو فەرموودەیە هەرکەسێك گلەیی لە موعاویە بکات جگە لە بێئەدەبیی لە خزمەت فەرمایشتی پێغەمبەردا ρ هیچی تری بۆ نامێنێتەوە!

سەیری عومەری کوڕی خەتتابیش ـ خوا لێی رازیی بێ ـ بکەن چۆن باسی موعاویە دەکات:

( دعوا فتى قريش وابن سيدها، إنه لمن يضحك عند الغضب، ولا ينال منه إلا على الرضا، ومن لا يأخذ من فوق رأسه إلا من تحت قدميه).

( هذا كسرى العرب، تذكرون كسرى و قيصر و دهاوهما، و عندكم معاويه ؟!).

دەردەکەوێت کە موعاویە ئەو گەنجەیە کە کوڕی سەرداری قورەیشە و، لە کاتی تووڕەبووندا پێدەکەنێت، بە رەزامەندیی خۆی نەبێت کەس چاری ناکات .. هەروەها موعاویە دەتوانێت زیرەکیی و لێهاتنی کیسرا و قەیصەر بداتە دواوە!

با سەرنجێکی ئیمامی عەلییش بگرین ـ خوا لێی رازیی بێ ـ کە لە جەنگی صیففین دەگەڕێتەوە بزانین چۆن گرنگیی و بایەخ بە ئەمیریی موعاویە دەدا و، دەری دەبڕێت کە ئەگەر موعاویە لە دەست دەرچێت ئەوا کوشتارێکی زۆر روو دەدا، کە ئەڵێت:

( أيها الناس! لا تكرهوا إمارةَ معاويةَ فإنكم لو فقدتُموهُ رأيتُم الرؤوسَ تندرُ عن كواهلها كأنها الحنظل ).

سەعدی کوڕی ئەبو وەققاصییش ـ خوا لێی رازیی بێ ـ دەری دەبڕێت کە دوای عوسمان ـ خوا لێی رازیی بێ ـ کەسێکی نەدیوە ئەوەندەی موعاویە بە حەق و راستیی بجوڵێتەوە:

( ما رأيتُ أحداً بعدَ عثمان أقضى بحقٍ من صاحبِ هذا الباب ـ يعني معاويه ـ).

هەروەها قەبیصەی کوڕی جابیریش باسی حیلم و سەرداریی و لەسەرخۆیی و نەرم و نیانیی و چاکەخوازیی و نهێنیی پاکیی موعاویە دەکا کە ئەڵێت:

( ما رأيت أحداً أعظمَ حلماً، ولا أكثرَ سؤدداً، ولا أبعدَ أناةً، ولا ألينَ مخرجاً، ولا أرحبَ باعاً بالمعروفِ، ولا أشبهَ سريرهَ بعلانيهِ من معاويه).

عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسیش ـ خوا لێیان رازیی بێ ـ باسی زیرەکیی و سەلیقەی موعاویە دەکا کە چۆن توانیویەتی دڵی هەموان رازیی بکات کە ئەڵێت:

( قد علمتُ بمَ غلبَ معاويه الناسَ: كانَ إذا طاروا وقعَ، وإذا وقعوا طارَ!!).

جارێکیان موعاویە دوای نوێژی عیشا یەك رەکعەت نوێژی وەتری بەجێ هێنا و مەولایەکی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسیشی بەلاوە بوو. کە هاتەوە بۆ لای ئیبن عەبباس وتی: موعاویە دوای نوێژی عیشا یەك رەکعەت نوێژی بەجێهێنا! وتی: وازی لێبێنە، ئەو خۆی هاوەڵێتیی پێغەمبەری خوای ρ کردووە. پێکاویەتی، ئەو خۆی فەقیهە. موحەممەدی کوڕی سیرینیش باسی ئەوە دەکات کە کەسی نەبووە فەرموودەیەك بداتە دواوە کە موعاویە لە پێغەمبەری خواوە ρ گێڕابێتیەوە..

DO NOT COPY

ئەعمەشیش لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویە: ئەگەر موعاویەتان بدیایە، دەتان وت: ئەمە مەهدییە. ئەمەش دوورنیە ، چونکە پێغەمبەر ρ دوعای بۆ کردووە وەك لە پێشەوە باس کرا..

عەبدوڵڵای کوڕی عەمریش ئەڵێت: کەسم نەدیوە لە موعاویە زیاتر سەرداریی و دەسەڵاتی لی بیء. راویی ئەڵێت: وتم: هەتا عومەریش؟ وتی: عومەر لەو چاکتر بوو، موعاویەش لەو سەردارتر بوو!!

عەووامی کوڕی حەوشەبیش ئەڵێت: دوای پێغەمبەری خوا ρ کەسم نەدیوە لە موعاویە زیاتر سەرداریی و دەسەڵاتی لی بیء. وترا: هەتا ئەبوبەکریش؟ وتی: ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان لەو چاکتر بوون و ئەویش سەردارتر بوو.

ئەبولجوهەمیش لەم شیعرەیدا دەری دەخات کە ئەوەندەی منداڵ ناز بەسەر باوکیا دەکات ئەمانیش لەگەڵ موعاویەدا وەها بوون و چەند ئەم دیو و ئەو دیویان کردبیء موعاویە هەر سەخاوەت و نەرم ونیانیی لیءەرکەوتووە، کە ئەڵێت:

نمیلُ علی جوانبهِ کأنّا نمیلُ إذا نمیلُ علی أبینا
نقلبه لنخبر حالتیه فنخبر منهما کرماً و لینا

خۆشەویستییەکی زۆر سەیر لە نێوان موعاویە و ئال و بەیتدا بووە، کە مرۆڤ دەیبیستیء مووچرکە بە لاشەیا دێت..

ئەوەتا لە دوای کۆچی ئیمام حەسەن موعاویە سەرەخۆشیی لە ئیبن عەبباس دەکات ـ خوا لە هەموویان رازیی بیءـ و پێی ئەڵێت: ( لایسۆوك الله ولا یحزنك فی الحسن بن علی).

ئیبن عەبباسیش بە موعاویە ئەڵێت: ( لا یحزننیی الله ولا یسوۆنی ما أبقی الله أمیر المؤمنین ).

ئەڵێت: هەتا خوا ئەمیری ئیمانداراغان بۆ بهێڵیءئەوا خوا نەخەفەتی پیءاوم و نەناخۆشییشم دیوە!!

سەعیدی کوڕی موسەییەبیش ـ رەحمەتی خوای لی بیءـ ئەڵێت: هەرکەسیءمردوو ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلیی خۆش دەویستن و داوای رەحمەت بارانی موعاویەشی دەکرد، ئەوە مافی خۆیەتی کە خوا هیچ موحاسەبەیەکی نەکات!

عەبدوڵڵای کوڕی موبارەکیش ئەڵێت: خۆڵی ناو لووتی موعاویە لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز چاکترە!!

پرسیار لە موعافای کوڕی عیمران کرا: کامیان چاکترن: موعاویە یان عومەری کوڕی عەبدولعەزیز؟ توورە بوو و بە پرسیارکەرەکەی وت: هاوەڵێك دەکەیتە هاوشانی پیاوێکی تابیعیی؟ موعاویە بۆ پێغەمبەری خوا هاوەڵ و خەزوور و نووسەر و ئەمینداری وەحیی خوا بوو.

رەبیعی کوڕی نافیعیش ئەڵێت: موعاویە پەردەیە بۆ هاوەڵانی موحەممەد ρ، جا ئەگەر

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان ( 30 )

کەسێك ئەو پەردەیەی لادا ئەوا بۆ لەوەو دوایش سامی دەشكێت و جورئەتی دەستدرێژیی بۆ پەیدا دەبێت.. ئیبراهیمی کوڕی مەیسەرە ئەڵێت: هەرگیز نەمدیوە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لە کەسێك بدات جگە لە پیاوێك کە جنێوی بە موعاویە دابوو.. چەند قامچییەکی لێدا..

ئیبن کەپیریش ئەڵێت: ( وکان حلیماً وقوراً، رئیساً سیداً فی الناس عادلاً شهماً).

سوفیانی کوڕی لەیل ئەڵێت: بە حەسەنی کوڕی عەلییم وت، کاتێك کە لە کووفەوە گەڕایەوە بۆ مەدینە: ئەی زەلیلکەری ئیمانداران! وتی: ئەوە مەڵێ. گوێم لە پێغەمبەری خوا بووە ρ کە دەی فەرموو: ( لا تڎهب الّیام و اللیالی حتی یملك معاویه). دەفەرموێت : دەبێت ڕۆژێك بێت کە موعاویە دەسەڵات وەربگرێت!

موعاویە ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ خۆیشی بەخۆی ئەڵێت: من یەکەم پادشا و دوا خەلیفەم!!

DO NOT COPY--ئەبوسوفیان

# كۆچى ماڵئاوايى

سه‌رانسه‌رى خه‌لافه‌تى موعاويه ـ خوا لێى رازيى بىء ـ پڕ له‌ ئاسايش و هێمنيى بوو.. موسڵمانان سه‌رگه‌رمى كاروكاسپيى و خزمه‌ت و وه‌رگرتنى زانياريى و په‌روه‌رده‌ى رۆڵه‌كانيان و جيهادى كافره‌ دوژمنه‌كان بوون.. له‌ سه‌رانسه‌رى خه‌لافه‌ته‌ پيرۆزه‌كه‌يدا كارى جيهاد وه‌ستانى بۆ نه‌بووه‌..

خێرا خێرا سوپاى ئيمان ده‌كه‌وته‌ رىءتا كافران تىءبگه‌يه‌نىءكه‌ هه‌ڵگرانى قورئان پاسه‌وانى گيانفيداى خاكى ئيسلامن و، موسڵمانان هه‌رده‌م خزمه‌تگوزارى حه‌قن و، بۆ گه‌ياندنى حه‌ق به‌ مرۆڤه‌كان و روونكردنه‌وه‌ى رێبازى خواناسيى گيانيان خستۆته‌ سه‌ر له‌پى ده‌ستيان..

به‌ره‌ به‌ره‌ موعاويه‌ خواحافيزيى له‌ به‌ره‌ى يه‌كه‌م ده‌كرد.. ئه‌وانه‌ش كه‌ تا كۆتايى ته‌مه‌نى مابوون يه‌ك له‌ دواى يه‌ك كۆچيان كرد.. عائيشه‌ و سه‌عد و عه‌بدوڵلاى كوڕى عامير و سه‌عيدى كوڕى عاص و زياد و عه‌بدوڕڕه‌حمانى كوڕى ئه‌بوبه‌كر ـ خوا له‌ هه‌موويان رازيى بىء ـ كۆچيان كرد.. ئێش و ئازاريش به‌ره‌ به‌ره‌ روويان كرده‌ لاشه‌ى موعاويه‌ و ته‌مه‌نيشى له‌ حه‌فتا ساڵيى تێپه‌ڕى كردبوو..

رۆژێكيان سه‌رنجى دا ده‌بينىءوا لاشه‌ى قورسه‌.. هه‌نگاوى به‌ زه‌حمه‌ت بۆ ده‌نرێن.. هه‌رچۆن بوو هاته‌ ده‌ره‌وه‌ بۆ ناو خه‌ڵكه‌كه‌.. به‌ ناڕه‌حه‌تيى سه‌ركه‌وته‌ سه‌ر مينبه‌ر و موسڵمانه‌كانيش سه‌رنجيان ده‌گرت و، هه‌ستيشيان ده‌كرد كه‌ ماندوويى و كه‌متوانايى له‌ ده‌م و چاوى ئه‌ميرى ئيمانداراندا دياره‌.. بۆيه‌ خه‌م و خه‌فه‌ت داىگرتنه‌وه‌.

خه‌ليفه‌ دواى سوپاس و ستايشى خوا هاته‌ باسى كۆچى دوايى خۆى و وتى:

خه‌ڵكينه‌! هه‌ركه‌سێك ده‌غڵ و دان بكات، ئه‌وا رۆژى دره‌ويشى دێته‌ به‌ره‌وه‌. من كاربه‌ده‌ستيى ئێوه‌م كرد و، دواى منيش له‌ من چاكتر كاربه‌ده‌ستييتان ناكات.[146]، به‌ڵكو له‌ من خراپتر كاروبارتان ده‌گرنه‌ ده‌ست به‌ پێى ئه‌وه‌ى هه‌رچى له‌ پێش منه‌وه‌ كاربه‌ده‌ستتان بوون هه‌موويان له‌ من چاكتر بوون..

يه‌زيد رۆڵه‌! كه‌ ئه‌جه‌لم هاته‌ به‌ره‌وه‌ شۆرييينم به‌ پياوێكى ژير بسپێره‌. چونكه‌ پياوى ژير به‌لاى خواوه‌ پايه‌داره‌!

دڵى موسڵمانان هاته‌ كوڵ و چاوه‌كانيان پڕ له‌ فرمێسك بوون، هه‌روه‌ك ئه‌مه‌ دواباسى ئه‌ميرى ئيمانداران بێت له‌ ناوياندا.. هه‌ر هه‌موو بيريان له‌و خزمه‌ت و خواناسيى و ئاسايش و هێمنىيه‌ ده‌كرده‌وه‌ كه‌ موعاويه‌ى فه‌قيهـ و خواناس ، له‌ ماوه‌ى چل ساڵدا ، به‌وپه‌ڕى سه‌خاوه‌ت و حيلم و دانبه‌خۆدا گرتنه‌وه‌ پێشكه‌شى ئيسلام و موسڵمانانى كرد..

موعاويه‌ى پێشه‌وا ـ خوا لێى رازيى بىء ـ له‌سه‌ر وته‌كانى به‌رده‌وام بوو:

با به‌ چاكيى بم شوا و، به‌ ده‌نگى به‌رزيش ( أللّه أكبر) بڵێت. پاشان بچۆ ئه‌و بوخچه‌يه‌ى كه‌وا له‌ ناو

---

[146] زۆر راسته‌ ، چونكه‌ دوا خه‌ليفه‌ى موسڵمانانه‌ كه‌ هاوه‌ڵ بێت و ، پله‌ى گه‌وره‌ترين خواناسيش ناگاته‌ پله‌ى بچووكترين هاوه‌ڵ..

گەنجینەكەدایە، كراسێك لە جل و بەرگەكانی پێغەمبەری خوا ρ و چەند تاڵێك لە مووەكانی سەری و نینۆكەكانی تێدایە بی هێنە...

دانیشتوانی مزگەوت هەر هەموو پرمەی گریان گرتنی و، بە خوڕەم فرمێسك لە چاوەكانیان دەباریی، بە تایبەت كە ناوی سەرداری خۆشەویستان ، موحەممەدی ρ بردو باسی كراس و موو و نینۆكەكانی كرد.. لەو كاتەوە كە ئیسلام هاتووە.. سەردەمی مەككە و، جیهادی مەدینە و، فتووحاتی سەردەمی خەلیفەكانی راشیدین و، بەرفراوانبوونی دەوڵەتی قورئان، ئەم ماوەیە هەر هەمووی حەفتا ساڵ زیاترە... بیرەوەرییەكانی ئەم هەمووە ساڵە دەهاتنەوە یادی یەك بە یەكی موسڵمانانی مزگەوت و، كۆچی دوایی خۆشەویستان و ئازیزانیان بیر كەوتەوە و، ئەوەشیان چووە دڵەوە كە لەوانەیە ئەمە دوا بە یەك گەیشتنی خەلیفەی ئازیزیان بێت ... موعاویەش لەسەر وتەكانی بەردەوام بوو:

جا مووەكان بخەرە لووت و دەم و گوێی چاومەوە.. كە خستمتانە ناو كفنەكەمەوە و، بە قەبرەكەمتان سپاردم، ئەوا موعاویە بدەنە دەست ( ارحم الراحمین)..

موعاویە لە مزگەوت گەڕایەوە ماڵەوە.. ئەمە دوا بە یەك گەیشتنی بوو لەگەڵ موسڵماناندا .. كە گەیشتەوە ماڵەوە هەستی بە سەرما دەكرد، بۆیە بەرگێكی ئەستووری پۆشیی.. ئەجەلی پادشای مجاهید نزیك كەوتەوە..

سەرنجی تەمەنی دوور و درێژی ، زیاتر لە حەفتا ساڵی گرت، دیتی وا دنیا هیچی تیا بەستە نیە، بۆیە وتی: داوەشێی چ خانەیەكی .. چل ساڵ موڵكی من بووی، بیستی بە ئەمیریی و، بیستیشی بە خەلیفایەتیی ، كەچیی ئەمە حاڵمە و ئەمەش چارەنووسمە لەگەڵتا!!

پاشان هەناسەیەكی هەڵ كێشا و بە دەنگێكی پچڕ پچڕ وتی:

داوەشێین بۆ دنیا و بۆ خۆشەویستانی!!

دوای ئەوە، بۆ ئەوەی وەسیەت بكا بۆ جێنشینەكەی، كە خەمێكی زۆری دوای خۆی هەیە، نەوەكو موسڵمانەكان بكەونەوە ناو ئاژاوەوە، بانگی كردە سەركردەی پۆلیس: چەححاكی كوڕی قەیسی فیهریی و تایبەتترین راوێژكاری: موسلیمی كوڕی عوقبەی موررِّیی تا وەسیەتیان بە لاوە بكات و، بۆ یەزیدی بەجی‌بهێڵیء چونكە لەوكاتەدا یەزید ئامادە نەبوو..

فەرمانی بەسەردا دا چاوی لە موسڵمانان بێت و تا دەتوانیءئاسایشی وڵاتی ئیسلام بپارێزێت..

بی‌شتر

هەروا لەبەردەستی كەس و كاریدا بوو، تا ئەوەبوو فرمێسكێك لە چاویەوە هاتە دەرەوە و بەسەر كوڵمیدا شۆڕ بوویەوە..

وەسیەتی بۆ كەس و كارەكەی كرد:

وەسیەتی كرد نیوەی ماڵ و سامانی بگێڕێتەوە بۆ ( بیت المال) . ئەمەش شوێن پی‌هەڵگرتنی

[147] الطبري ج 5 ص 323 عن هشام عن عوانة..

DO NOT COPY

## موعـاويەی كوڕی ئەبوســوفیــان (30)

خەلیفە عومەر بوو كە نیوەی ماڵ و سامانی لە والیەكانی دەسەندەوە، كە بە مەرجیءكەس لە وەرەع و تەقوایان گومانی نەدەبوو.. هەروەك موعاویە ئێستەش والیەك بێت لە والیەكانی خەلیفە عومەر، بە وێنەی ئەو رۆژەی كە بە والیێتیی ناردیە ولآتی شام..

ماوەیەك بیءدەنگ بوو.. دەوروبەریشی هەر هەموو بیءدەنگ بوون.. بیءدەنگیی و كش و ماتیی باڵیكێشا بەسەر هەمواندا..

پاشان چاوی كردەوە و لە دوا ساتەكانی ژیانیدا دوا وتەی دا بە گوییاندا:

خۆزگە پیاوێكی قوڕەیشیی بوومایە لە ( ژی گوی) و ئەم كاربەدەستییەم نەكردایە..

ئەمەشی لە هەڵوێستەكەی خەلیفە عومەر دەچێت كاتێك كە لە سەرەمەرگدا بوو و موسڵمانەكان حەزیان دەكرد عەبدوڵلای كوڕی بكاتە خەلیفە و ئەویش وتی: ئالی عومەر ئەوەندەیان بەسە كە پیاوێكیان موحاسەبە بكرێت. ئەگەر لە دنیا سەربەسەر دەرچم، واتە: چاكەم نەبێت و هیچیشم لەسەر نەبێت، ئەوا من بەختەوەرم!!

ئا لەم چەند ساتانەی كۆتایی تەمەندا، گوناهەكان دێنەوە یاد و، خۆشیی و لەزەتی دنیا نامێنن و، مەگەر تەنها ( رب العالمین) لەو ساتانەدا فریا بكەوێت..

ئەوەتا كەس و كار و خۆشەویستانی هەر هەموو دەورەیان لیءداوە.. ئەویش بە چ حاڵە حاڵەیەك هەناسە هەڵ دەمژێت.. كەچیی هانا بۆ لای پەروەردگار دەبات!! وا گیانكێشان لێی نزیك دەبێتەوە و، جگە لە خوای پەروەردگاریش كەسێك نیە فریای بكەوێت..

بەسەر نوێنەكەیەوە ئەم دیو و ئەو دیوی دەكرد.. كوڵمی دەخستە زەویی و پاشان دەم و چاوی وەردەگێڕا و كوڵمەكەی تریشی دەخستە زەویی و دەگریا و دەی وت:

خوایە ! لە قورئانەكەتدا فەرمووتە: ﴿ إن الله لا یغفر أن یشرك به، ویغفر ما دون ذلك لمن یشاء ﴾. دەی خوایە بە یەكیءلەوانەم بگێڕی كە ویستت لەسەر بەخشینیان هەیە.

خۆی لەبەردەم مەرگدا دەبینیەوە و تواناشی نەبوو لێی هەڵ بیءلا جا بۆكوی ءهەڵ بیء!؟

پاشان وتی:

خوایە! لە هەڵەم خۆش ببە و، لە لادانم چاوپۆشیی بكە و، بە حیلمی خۆت لە نەزانیی كەسێك ببورە كە جگە لە خۆت بە تەمای كەس نیە.. چونكە خۆت خاوەنی چاوپۆشیی فراوانی و، هیچ خاوەن هەڵەیەكیش. بۆ لای خۆت نەبێت شوێن نیە بۆی هەڵ بێت..

پاشان لە هۆش خۆی چوو.. كە هەستان و دەستیان لە دەستی كرد دەبینن هێشتا دڵی لیء دەدات و گیانی تەسلیم نەكردووە.

دوای ماوەیەك لە بیءهۆشیی چاوەكانی كردنەوە و، دوا وەسیەتی بۆ كەس و كاری كرد:

شەرمی خوای گەورە بكەن، چونكە هەركەس تەقوای خوای لە دڵدا بێت ئەوا ئەی پارێزێت و، هەركەسیش تەقوای خوای لە دڵدا نەبێت پارێزگاری نیە.

دوای چەند ساتێكی كەم موعاویە ـ خوا لێی رازیی بیءـ گیانی بە دەستەوە دا و، هەموو ئاواتێكی ئەوە بوو كە خوای گەورە لێی خۆش ببیء.

## موعـاویەی کوڕی ئەبوسـوفیـان (30)

ئەوە بوو وەسیەتیشی کرد:

پێغەمبەری خوا ρ کراسێکی کردە بەرم، منیش هەڵم گرتووە و، ڕۆژێکیشیان نینۆکی دەکرد منیش نینۆکە بڕاوەکەم هەڵ گرت و خستمە شووشەیەکەوە. جا کە مردم ئەو کراسەم لەبەر بکەن و، نینۆکەکەش وردەکەن و بیهاڕنەوە و بیکەنە چاوم و دەممەوە. بەشکوم خوا بە بەرەکەتی ئەو نینۆکەی ڕەحمم پێبکات![148]

ڕەحمەت و سۆزی بەلێشاوی خوا ببارێتە سەرگیانی پاکت دوا خەلیفە و یەکەم پادشای ئیسلام .

سوپاس بۆ خوا هەر لە پێغەمبەری خواوە ρ هەتا بچوکترین موسڵمان، هەر هەموویان هەردەم ستایشیان کردیت و ڕێزیان لێ‌ئایت و بە چاکە ناویان بردیت. ئەوانەش کە دژت دوان ناهەقییان کرد و، ئەو لێدوانەیان بۆ خوا نەبوو، ئەگینا لە تۆ خراپتر زۆر هەبوون ئەوان لێیان نەدوان..

ئەوانەی لە تۆ دوان، لە تۆ چاکتریشیان تاوان بار کرد. خوای گەورە ئێمەش و ئەوانیش بخاتە سەر ڕێگای ڕاست و سەرشۆڕی بازاڕی قیامەتمان نەکات، لەبەر خاتری قورئانی پیرۆز و خۆشەویستیی پێغەمبەری نازادار ρ .

خوا لە هەموومان خۆش ببێت.

ئامین و الحمد لله رب العالمین و الصلاه و السلام علی سید المرسلین محمد و علی ئالە وصحبە أجمعین.

سلێمانیی

چوارشەممە /28/ زولحججە /1419 ك

14/نیسان /1999ز

148 خوای گەورە پاداشتی مامۆستا منیر محمد الغضبان بە چاکە بداتەوە، بەراستیی کەڵکێکی یەکجار زۆرم لە نووسراوەکەی: (معاویة ابن أبي سفیان) وەرگرت . خوای گەورە ڕەحمەت بارانی بکات.

DO NOT COPY--ئەبوسوفیان

## ناوەڕۆک


| بـــابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشکەش | 3 |
| پێشەکیی | 4 |
| سەرۆکی قورەیش | 6 |
| موعاویەو قوتابخانەی ئیسلام | 21 |
| ڕۆژی پاڵەوانێتیی | 29 |
| موعاویە و ئەمیریی | 37 |
| هەورە تاڵەکان | 48 |
| هەوڵی لەناوبردنی ئاژاوە | 52 |
| عەلیی دەبێتە ئەمیری ئیمانداران | 62 |
| کارەساتی دڵتەزێنی صیففین | 66 |
| موعاویەی ئەمیری ئیمانداران | 77 |
| سی‌علیمەتی لێهاتوو | 84 |
| ئاژاوەی خەواریج | 94 |
| گیروگرفتی بەصرە | 100 |
| ڕێزگرتنی موعاویە لە نەوەی هاشیم | 109 |
| هەڵوێستی لەگەڵ ناحەزانیدا | 113 |
| بەیعەتی یەزید | 129 |
| کۆچی ماڵئاوایی | 143 |
| ناوەڕۆک | 147 |


موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان

لەگەڵ سڵاو وڕێزی مەڵبەندی کۆمپیوتەری سۆز

DO NOT COPY--ئەبوسوفیان

# لەم کتێبەدا

لە راستییدا هیچ ریوایەتێکی صەحیح نیە لە بارەی رەوشتی خراپی یەزیدەوە و حاشا موعاویەی هاوەڵ و نووسەری وەحیی - خوا لێی رازیی بێ - بەیعەت بە پیاوی وەها بدات. ئەمە تەنها بوختانی ناحەزانە کە نەك یەزید و موعاویە ، بەڵکو ئەبوبەکر و عومەر و عوثمانیش بە لایانەوە زیاتر تاوان بارن. چونکە لەو رۆژەدا گەورەترین و پایەدارترین هاوەڵ لە مەدینەدا کە عەبدوڵڵای کوری عومەر بووە پشتگیریی ئەو بوختانانەی نەکردووە..

ئیمام ئەحمەد لە نافیعی مەولای ئیبن عومەرەوە دەگێرێتەوە کە ئەڵێت:

کاتێك کە خەڵکیی بەیعەتەکەی یەزیدیان هەڵ وەشاندەوە، ئیبن عومەر کورەکانی و کەس وکاری کۆ کردەوە و، دوای شایەتمان وتی: أما بعد.. ئێمە لەسەر بەیعەتی خواو پێغەمبەرەکەی بەیعەتمان بەم پیاوە داوە و، منیش گوێم لە پێغەمبەری خوا ρ بووە کە دەی فەرموو: ( إنَّ الغادِرَ يُنصَبُ لهُ لِواءٌ يومَ القيامَةِ يُقالُ : هذِهِ غَدرَةَ فلانٍ، وَ إِنَّ مِن أَعظَمِ الغدْرِ - إلا أن يكون الإشراكُ باللهِ - أن يبايع رجل رجلاً على بيع الله و رسوله ثم ينكث بيعته) .[دەفەرموێ: ئەو کەسەی کە غەدر دەکات لە رۆژی قیامەتدا ئاڵایەکی بۆ دادەکوترێت و دەوترێت ئەمە غەدر و ناپاکیی فڵانەکەسە. گەورەترین غەدریش ئەوەیە - مەگەر شەریك بۆ خوا بریار دابێت - کەسێك بەیعەت بە کەسێك بدات و دواییش لەو بەیعەتە پاشگەز ببێتەوە].. جا کەستان بەیعەتی یەزید هەڵ نەوەشێنێتەوە و، کەسیشتان لەو کارەدا زیادە رەویی نەکات، تا بەو بۆنەوە من و ئەو لە یەك نەپچرێین. رواه مسلم و الترمذي .

ئەمە فتوای گەورەترین هاوەڵی ئەو رۆژەیە!!

ئەمە وتەی یەکەم خاوەنی بانگی ئیسلامە لەو رۆژەدا!!

کێ ئەتوانێ لە بەرامبەریدا بکۆکێت؟!

**لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سـۆز لە سلێمانیی**

ژمارەی سپاردنی ( 238 ) ساڵی 1999 ی زایینی دراوەتێ

نرخی ( ) دیناره